


سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- خالید عەزیزی لە پارلمانی ئۆسترالیا: هەتا کۆماری ئیسلامی مابێت لە پەرەدان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی و نانەوەی شەڕ و ناسەقامگیری بەردەوام دەبێت............................................................................... ٥

٢- دەرکەی دیپلۆماسی بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا داخراوە.......................................... هەردی سەلیمی ..... ٩

٣- شەڕەنگێزێکی بەژنکورت.................................................................ئەیووب شەهابیڕاد ..... ١١

٤- ئێمە ناژین، هەوڵ دەدەین نەمرین!.................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٤

٥- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید باباشێخ حوسێنی)................................................ برایم چووکەڵی ..... ١٨

٦- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر..................... ٢١

٧- دوورەدیمەنی گرژی و ئاڵۆزییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل................................ عومەر باڵەکی ..... ٢٤

٨- سیاسەتیش هەر لە تەماتە جوانە.............................................................................. دارسمە ..... ٢٨

٩- گۆڕانکارییە خێرا و گرینگەکانی ناوچە، دەرفەتی زێڕین بۆ بزووتنەوەی جەماوەری.......... ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ٣١

١٠- ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل لە سایەی هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترامپدا... حەسەن قارەمانی ... ٣٦

١١- ژنان، پێشەنگی خەبات و بەرخۆدان لە کوردستان.............................................. ڕەزا دانشجوو ..... ٤٠

١٢- ڕیئالیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا.................................................... ئەلبورز ڕوئینتەن ..... ٤٤

١٣- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا.................
......................................................................................................... فواد خاکیبەیگی ..... ٤٩

١٤- سەیران مەنووچێهری: حیزبە کوردییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبووە.......................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٥٥

١٥- ئاگربڕێکی پێویست، بەڵام لەق.................................................................. سمایل شەرەفی ..... ٥٩

١٦- ئایا حیزبوڵڵا دەتوانێ هەستێتەوە؟......................................................... هەردی سەلیمی ..... ٦٢

١٧- دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان و دەرکردنی نامیلکەی "ئاوارە"........................................ ئەحمەد حوسێنی ..... ٦٥

١٨- خەڵاتێک بۆ سوورخەڵاتان................................................................... عەلی بداغی ..... ٦٩

١٩- لە ڤییەنەوە بۆ ژنێڤ، لە تێرۆرەوە بۆ مووشەک و بۆمبی ئەتوم.................................... عەلی بداغی ..... ٧٣

٢٠- تراویلکەی "قوڵایی ئیستراتژیک"ی کۆماری ئیسلامیی ئێران.............................................. سمایل شەرەفی ..... ٧٦



سەرچاوە
Serchawe

سەرماوەزی ٢٧٢٤


٢١- کۆچی دوایی ڕووحانییەکی نیشتمانپەروەر.............................................. کوردستان میدیا .... ٧٩
٢٢- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەمئەندامان..... ٨١
٢٣- لە ئامێزگرتنی گڕکان................................................................ کەریم پەرویزی ..... ٨٤
٢٤- ئاتەش (بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند کاک برایمی قادری).................................. تاهیر قاسمی ..... ٨٦
٢٥- هەڵبژاردنی مایک واڵتز، ڕەخنەگری توندی سازش لەگەڵ ئێرن بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەلایەن ترامپەوە............................................................................ و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٩١
٢٦- ناکۆکییەکی نەبوو!.......................................................................ئاسۆ مینبەری ..... ٩٦
٢٧- ڕۆژی ئەرک و وەرزی ئەمەگ.......................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٩٩
٢٨- فەریبا بەلووچ: ڕەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات پێویستە ژیرانە لەهەمبەر ئەو ناکۆکییانەدا مامەڵە بکەن کە ڕێژیم دەیانئێتەوە............................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٠٢
٢٩- ڕێژیمی دۆڕاو و مایەپووچ ................................................................. عەلی بداغی ..... ١٠٨
٣٠- یاسای حیجاب و ئەگەرەکانی.......................................................... هەردی سەلیمی ..... ١١١
٣١- فڕێدانی تۆپەکە ئەوەندەش ئاسان نییە.................................................. دارسمە ..... ١١٤
٣٢- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید خەلیل مەحموودی)................................. برایم چووکەڵی ..... ١١٧
٣٣- بەرگریی ڕەوا، ناسنامەی خەبات سیاسی لە ڕۆژهەڵات............................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٢٠
٣٤- تیئۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان................................. ئەلبورز ڕوویینتەن ..... ١٢٥
٣٥- شکا "ئەستۆندەکی تاوڵی مراد"ی کۆماری ئیسلامی!......................................... سمایل شەرەفی ..... ١٣٤
٣٦- پێشینەی تۆڕە کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان................................. فواد خاکیبەیگی ..... ١٣٧
٣٧- ڕاڤەی فتوا و دەوری قورئان لە ستراتێژی کۆماری ئیسلامیدا بۆ لەنێوبردنی کورد و جوولەکە..........
.................................................................................. شاڕوخ حەسەنزادە ..... ١٤٣
٣٨- خۆکوژی چییەتی و هۆکار؟.............................................................. شاهۆ مەتین ..... ١٤٨
٣٩- پرسیاری بێوەڵام!....................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٥٤
٤٠- ڕوانگەی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لەبارەی ڕووداوەکانی سووریە.............. کوردستان میدیا ..... ١٥٧
٤١- مۆسیقای کوردی ناخ دەهەژێنێ.......................................................... مەجید حەقی ..... ١٦٠
٤٢- سووریە و هاوسەنگی جیهانی، چی لە دوای ئەوە دێت؟............................... حەسەن قارەمانی ..... ١٦٣
٤٣- جەژنی خاوەنکار و هەنار، لە هەورامانەوە تا بۆتان.................................... ئیسماعیل شەمس ..... ١٦٨
٤٤- ڕووخانی دەسەڵاتە تیرۆریست و دیکتاتۆرەکان............................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٧٠

سەرماوەزی ٢٧٢٤

٤٥- قسەکانی خامنەیی؛ درۆ، دروشم، ترس و هەڕەشە.......................................... هەردی سەلیمی ..... ١٧٣
٤٦- پەیامی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگە............ کوردستان میدیا ..... ١٧٧
٤٧- ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو گێژاوی قەیرانەکاندا................................ فەتاح ڕەسووڵی ..... ١٨٠
٤٨- پشتوپەنای سەنگەر.................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٨٤
٤٩- خالید عەزیزی لە پارلمانی سویس: چاوەڕوانیی ئەوەمان هەیە پشتیوان و داکۆکیکەری مافە ڕەواکانی کورد لە ئێران بن.................................................................................. کوردستان میدیا ..... ١٨٧



# خالید عەزیزی لە پاڕلمانی ئۆستراڵیا: هەتا کۆماری ئیسلامی مابێت لە پەرەدان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی و نانەوەی شەڕ و ناسەقامگیری بەردەوام دەبێت



بەڕێزان!

سەناتۆرە بەڕێزەکان!

ئەندامانی پاڕلمان!

نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردییەکان!

کۆبوونەوەی ئێمە لێرە لە کاتێکدایە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان چەقی ململانێ و گۆڕانکارییەکانە و، لە هەموو ئەو هاوکێشە ئەمنی و ناسەقامگیرییانەشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوری سەرەکی دەبینێت. ئەم دۆخە بەرهەم و لێکەوتەی سیاسەت و مامەڵەی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەموو پرسە سیاسی و ئالەنگارییەکانی ئەم ڕێژیمەیان لە پەروەندەی ئەتومی و هەوڵەکانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیدا قەتیس کردبوو. ئەمەش ئەم دەستئاوەڵاییەی بۆ کۆماری ئیسلامی دروست کرد کەیسە ئەتومییەکەی بکاتە کارتێکی گوشار بۆ ئەوەی لەلایەک خەڵکی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پێ بەبارمتە وەربگرێ و، لەلایەکی دیکەش بە سەرکوتی توندوتیژی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات و پەرەپێدانی تێرۆریزمی دەوڵەتی، دەستێوەردانی

دەرەکی و نانەوەی شەڕ و قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات ناسەقامگیری لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەرە پێبدات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتییدا دژی ڕەوتی ئاشتیی و بەها و بایەخە جیهانی و نێودەوڵەتیەکان جووڵاوەتەوە. لە نێوخۆی وڵاتدا هەرچەشنە دەنگێکی مافخوازی و ناڕەزایەتییەکی مەدەنیی بەتوندی سەرکوت کردوە و بە گرتن و ئەشکەنجەدان و ئێعدام کەشێکی تەواو پۆلیسی و پڕ ترس و ئەمنیەتیی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ کردوە. لە دەرەوەی وڵاتیش دەیان چالاکی سیاسیی دژبەری خۆی تێرۆر کرد کە پێوەندیدار بە کورد دەتوانین ئاماژە بە تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن، پێتەختی ئۆتریش و هەروەها تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری دواتری حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٩٩٢ لە بێرلین، پێتەختی ئاڵمان بکەین. بێگومان سیاسەتی هەڵکردن و موماشاتی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بتوانن لە هەر جێیەکی بیانەوێ دەست لە نەیارەکانیان بوەشێنن و لە کردەوە تێرۆریستییەکانیان بەردەوام بن. وەک چۆن ئێمە پێمانوایە ئەگەر وڵاتی ئۆتریش لە پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوودا شێلگیری و بەرپرسایەتیی سیاسی و یاسایی خۆی بەجێ هێنابا و لەبری ناردنەوەی تێرۆریستەکان بۆ تاران، ئەوانی لە دادگایەکی یاساییدا بە ئاکامی کردەوە تێرۆریستییەکانیان گەیاندبا؛ لەوانەبوو بەدوای ئەودا تێرۆری میکونووس ڕووی نەدابا. هەروەها ئەگەر وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی بەوەخت و لە کاتی خۆیدا لەبری سازان و نەرمینواندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر سیاسەتی دەستدرێژکارانە و قەیرانخوڵێنیی ڕێژیم لە وڵاتانی ناوچە و پاڵپشتیی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی هەڵوێست و کاردانەوەی گونجاو و وەڵامدەریان هەبا و لێپرسینەوەیان لێکردبا، ئێستا ڕێژیم نەیدەتوانی بەمشێوەیە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاگری شەڕ و ململانیی خوێناوی و ناسەقامگیریی سیاسیی بەربدات.

بەشدارانی بەڕێز!

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆی وڵات بە درێژایی تەمەنی خۆی بەرەوڕووی بزووتنەوەی مافخوازیی نەتەوەکان و ناڕەزایەتیی بەردەوامی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بووەتەوە. ئەم ناڕەزایەتییانە لە بزووتنەوەی ژینا-مەهسا (ژن، ژیان، ئازادی)دا وێنایەکی تەواو ڕوون و ئاشکرای لە کەلێنی قووڵ و بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا پێشان دایەوە. بەڵام هەروەک بینیمان ڕێژیم بە کوشتنی سەدان و بریندارکردنی هەزاران کەس لەسەر شەقامەکان، گرتن و زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس و ئێعدامی زۆر و بەربڵاوی بەندییە سیاسی و زیندانییەکانی دیکە بەگژ ئەم بزووتنەوە مافخوازانەیەدا هاتەوە.

لە بزووتنەوە جەماوەرییەکەی پاییز و زستانی ٢٠٢٢دا کوردستان پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری جووڵانەوەکە بوو. لەڕاستیدا کوردستان ٤٦ ساڵی بەردوامە مەیدانی شەڕێکی هەمەلایەنەیە کە کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورددا سەپاندوویەتی. بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتاوە هەتا ئێستا خەبات و تێکۆشانەکەی بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران و وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد لەو وڵاتەدا بووە. حیزبی دێموکرات ئەندامی ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستە و پێوەندیی سیاسیی زۆرباشی لەگەڵ وڵاتانی دێموکراتیک و حیزب و لایەنە سیاسییەکانیان هەیە. حیزبی ئێمە باوەڕی قووڵی بە بەها و بایەخە جیهانییەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ هەیە و بەکردەوەش لە پێناو جێگیرکردنی ئەو بایەخانەدا خەبات دەکات. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕێکی قووڵ و پتەوی بە چارەسەری پرسە سیاسییەکان بە ئاشتی و دیالۆگ هەبوو، و ئەو باوەڕەشی لە حیزبی دێموکراتدا نەهادینە کردوە. د. قاسملوو لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ و بە دەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامیدا وەک وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد هەوڵی زۆر و بێوچانی دا بۆ ئەوەی پێش بە شەڕخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی بگرێ و پرسی کورد بە ڕێگای ئاشتین، دیالۆگ و لێکتێگەیشتنەوە چارەسەر ببێت. دواجاریش ئەم ڕێبەرە بلیمەتەی کورد هەر لەسەر مێزی وتووێژ بۆ چارەسەری پرسی کورد لەلایەن بەناو دیپلۆمات، بەڵام لەڕاستیدا تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێرۆر کرا.

**ئامادەبووانی ڕێزدار!**

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و جۆراوجۆریی ئێتنیکی و ئایینیی تێدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی وایە چارەسەری پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران و هەروەها نەهێشتنی هەڵاواردن و قەیرانەکانی ئەم وڵاتە دێموکراسییە و ئەو دێموکراسییەش کاتێک سەقامگیر دەبێ کە نیزامی سیاسیی داهاتووی ئێران لەسەر بنەمای هاوبەشی و بەشداریی نەتەوەکان و هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتە بنیات نرابێ. هەروەها یاسای بنەڕەتیی وڵات وێڕای دانانی بە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و فرەچەشنییەکانی، دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بکات و ڕەنگدانەوەی دێموکراسیی تەوافوقی لەسەر بنچینەی بنەما دێموکراتیکەکان بۆ هاوبەشیی سیاسیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئێران بێت.

خەڵکی ئێران دەیان ساڵە بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان، بۆ بەدیهێنانی دێموکراسی لە وڵات، بۆ کۆتایی‌هێنان بە

دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و بۆ بنیاتنانەوەی ئێرانی نوێ لەسەر بنەمای مافی وەکیەک خەبات دەکەن. لەو خەباتە گشتییەدا گەلی کورد بە بەردەوامی و بە شێلگیرییەوە، سەرەڕای تێچووی زۆر و قورسی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی لە سەرشەقام و لە بەستێنە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکەدا تێدەکۆشێت. حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەپێناو ئەو دێموکراسییە تێدەکۆشێ و هەوڵ دەدات ئاڵترناتیوێکی دێموکرات بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست ببێت، بەدیلێک کە هەم لە ئاستی نێوخۆدا پێبەندی دابینکردنی ژیان و مافە دێموکراتیکەکانی خەڵک بێت و، هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نیزامێکی سیاسیی دەروەست و بەرپرسیار بێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو گەلانی ئێران چاوەڕوانیی ئەوەیان لە ئۆستralیا وەک وڵاتێکی دێموکراتیک و هەموو کۆمەڵگەی جیهانی هەیە پتر پشتیوانی لە خەبات و بزووتنەوە مافخوازانەکەیان بکەن. گەلانی ئێران هیوادارن و ئەو چاوەڕوانییە بەحەقەیان لە لە ئۆستralیا و بەرەی دێموکراتیکی دنیا لە تەواوەتیی خۆیدا هەیە کە بە سەرنجدان بە ئەزموونی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و جۆری مامەڵەی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە کە وەها دۆخێکی پڕقەیران و شەڕ و ناسەقامگیریی لێ کەوتۆتەوە، ڕوانگە و ستراتیژییەکانی دیکەیان لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبێت. بێگومان هەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران مابێت لە هەوڵەکانی خۆی بۆ دووجەمسەریکردنی دنیا، پەرەدان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی و نانەوەی شەڕ و ناسەقامگیری بەردەوام دەبێت، بۆیە پێویستە دەوڵەتی ئۆستralیا لەگەڵ وڵاتانی دیکەی بەرەی دێموکراسی لە دنیادا بە بەکارهێنانی هەموو زەرفییەتە سیاسی و دیپلۆماسییەکان هەوڵ بۆ وەستاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەن و پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئەم وڵاتە بکەن.

**بەدڵنیاییەوە بەبێ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمووان دنیایەکی ئارامتر و سەقامگیرییەکی پترمان دەبێت.**

**دیسان سڵاو لە ئێوە و سپاس بۆ گوێگرتنتان.**

**٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# دەرکەی دیپلۆماسی بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا داخراوە




هەردی سەلیمی

لەدوای چاوەڕوانییەکان و سەرەڕای هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لە بەرامبەریشدا بەڵێنی کەمکردنەوەی ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، بەڵام شۆڕای حۆککامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی شەوی پێنجشەممە لەسەر جومعەی حەوتووی ڕابردوو، لە دژی بەرنامەی ناوکیی ئێران بڕیارنامەیەکی پەسند کرد. ئێران پێشتر چەندین جار بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی گۆڕینی دوکتورینی بەرنامەی ناوکیی کردبوو، هەروەها پێش لە پەسندکرانی ئەم بڕیارنامەیەش سەرەڕای هەوڵەکانی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی چواردەیەم واتە "عراقچی" کە لەگەڵ چەندین وڵاتی وەک ئافریقای باشوور، بەنگلادش و برزیل و ئەلجەزایر و... قسەی کردبوو بۆ ئەوەی پاشگەزیان بکاتەوە لە پەسندکردنی ئەو بڕیارنامە پێشنیارکراوە، بەڵام وەک زۆربەی هەوڵە بێدەرەنجامە دیپلۆماتیکەکانی ئەم ماوەیان، ئەم هەوڵەش بێئاکام بوو و بڕیارنامەکە بە زۆرینەی دەنگ لەدژی ئێران پەسند کرا.

لەم بڕیارنامەدا هاتووە کە ئێران دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ دوو شوێن کەوا لەوێدا پیتاندنی ئۆرانیۆم بەشاراوەیی کراوە، ڕوونکردنەوە بدات و هەموو بەڵگە و شوێنەکان بنێتە ئیختیار بازڕەس و لێکۆڵەرەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی،

سەرماوەزی ٢٧٢٤


هەروەها داوا لە ئێران کراوە ڕوونکردنەوەیەک بدات لەو بارەوە کە بۆچی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە خەستیی زۆرەوە لە "تورقوزآباد" و "ورامین" کراوە، بەڵام وەزارەتی دەرەوە و ڕێکخراوی وزەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی لە وڵامدا لە ڕاگەیەنراوێکدا ئەم هەنگاوەی شۆڕای حۆککامی بە "سیاسی" و "نابەرپرسیارانە" و "نابەجێ" و "ڕووخێنەر" هەڵسەنگاندووە و لە بەرامبەریشدا داوا کراوە کۆمەڵێک سانتریفیووژی نوێ و پێشکەوتووی دیکە وەکار بکەون.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی ئەو وڵاتانە بەتایبەت بریتانیا و فەڕانسە و ئاڵمان بەوە تاوانبار دەکات کە دەیانهەوێ لە ڕێگەی ئەم بڕیارنامەوە بوار بۆ "سنەپبەک" یا هێنانەوەی مکانیزمی ماشە خۆش بکەن. ئەم مکانیزمە ئەو گەمارۆیانەی وا ساڵی ٢٠١٨ لەسەر ئێران لابراون، دێنێتەوە سەر جێی خۆی، کە کۆماری ئیسلامی لەمە ترساوە و لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە هەوڵی داوە لەگەڵ ئاژانس و ئەو سێ وڵاتە ئورووپاییەی ئەندامی ئەو شۆڕایە ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ پێشگرتن لە هاتنەوەی گەمارۆکان بە ئەنجام بگەیەنن. جگە لە بابەتی وزەی ناوکیی ئێران، هەر لەم ماوەی ڕابردوودا چەندین بەرکەوتنی دیکە لە نێوان ئێران و ئەو چەند وڵاتە ئورووپاییەدا ڕووی داوە کە نیشان لە ئاڵۆزیی پێوەندییەکانیان هەتا ئاستێکی بەرفرەوان دەدات: پاڵپشتیی یەکیەتیی ئورووپا لە ئیمارات لەسەر پرسی ئەو سێ دوورگەی باشووری ئێران و ناوهێنانی ئێران وەک وڵاتێکی داگیرکەر، ئابلۆقەی بەشی کەشتی و فڕۆکەی ئێران، داخرانی کۆنسوولی ئێران لە ئاڵمان، پرسی هاوکاریی ڕووسیە لە شەڕی ئۆکراین لەلایەن ئێرانەوە ئەمانە چەندین بەرەوڕووبوونەوەی تری ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی بووە کە هەموو لەدژی ئێران شکاوەتەوە.

سەرەڕای گرتنەپێشی هاوکاتی سیاسەتی هەڕەشە و سازان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، وا دەردەکەوێ هیچ کام لە ویستەکانی بەرەو ئەنجامێکی دڵخواز ناچن. گەیشتنە لووتکەی شەڕ و ناکۆکییەکانی لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل و چەندین گەمارۆ و پەسندکرانی ئەم بڕیارنامەیە و ئەگەری گەڕانەوەی مکانیزمی ماشە و هەروەها هەڵبژێرانەوەی ترامپ، بەتەواوی نیشان لە ئاسۆی تاککەوتنی کۆماری ئیسلامییە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و شکستهێنانی دیپلۆماسیی ئەو ڕێژیمە؛ بۆیە دەبێ لەو ڕووەوە چاوەڕێی گوشاری زیاتر و ڕۆژانێکی ئەستەمتر بکەین بۆ کۆماری ئیسلامی. گەر بێت و کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری زیاتربوونی گوشارەکان وەک پێشتر گوتوویانە ڕوو لە گۆڕینی دوکتورینی ناوکیی بەرنامەکەیان بکەن، بە هاتنەوەی ترامپ وا وێدەچێ ئامریکا کێشەیەکی لەگەڵ لێدانی دامەزراوە نەوتی و ناوکییەکانی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە نەبێ؛ کە ئەمەش هێندەی دیکە دۆخەکە لە کۆماری ئیسلامی ئاڵۆزتر دەکات.

٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# شەڕەنگێزێکی بەژنکورت




**ئەیووب شەهابیڕاد**

**هۆکار و سەرچاوەی زۆرێک لە قەیران و گرژییە ناوچەیی و جیهانییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لەسەر بەستێنی "هیلالی شیعە – هێڵی مقاومەت" دوکتورینی سیاسی و ستراتیژیی خۆی دارشتبوو. ئێستا ئەم ستراتیژییە نەک هەر تووشی پاشەکشەیەکی بێگەڕانەوە بووە، بەڵکوو لە بازنەی سنووری چارەڕەشیی خۆیدا دەخولێتەوە. ئەوەی کە ئێستا ناوچەکە و هەموو جیهان گیرۆدەی کۆماری ئیسلامی بوون،**

**دەگەڕێتەوە دوو هۆکار:**

**یەکەم**: **لاوازیی لانیکەم دژکردەوەیی دەوڵەتانی ناوچەکە.**

**دووهەم**: **سیاسەتی سازان و بەرژەوەندخوازانەی وڵاتانی ڕۆژاوایی لە بەرانبەر ئەم ڕێژیمەدا.**

**پوتانسێلەکانی هێز (ڕەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی - ئابووری و نیزامی)ی ئەم ڕێژیمە هیچ کات لە ئاستی ئەم گشتە لە**

لاوازیی ناوچەیی و سازانی وڵاتانی ڕۆژاواییدا نەبووە و نییە. هەنووکە و دوای زیاتر لە چوار دەیە ئامریکا تێگەیشتوە کە ڕێژیمی ئێران چلۆن سووکایەتی بە باڵوێزخانەی وڵاتەکەی لە تاران کرد و داگیری کرد.

ڕێژیم کە بناغەی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتدارەتیی خۆی نە لەسەر خواست و مەیلی گشتی بەڵکوو لەسەر دەسبەسەرداگرتنی دەسکەوتەکانی شۆڕشێکی ڕاستەقینە دامەزراندووە، چۆن دەیتوانی بەبێ ڕەوایی نێوخۆیی، لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی خۆی دەربخات و ڕەوایی نێودەوڵەتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بەڵام دوالیزمی سیاسیی شەرماویی و بەرژەوەندخوازانەی ئەم وڵاتانە بوو ڕێژیمی بردە نێو کۆمەڵگەی باوی جیهانی.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕێژیمە، نموونەگەلێکی بەرچاومان لە پاڵپشتیی ئەم وڵاتانە لە کۆماری ئیسلامی و، لە قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەکانی خەباتی نەتەوەکانی ئێراندا بۆ وێنا دەکا. پشتیوانیگەلێک بە ڕواڵەتێکی ڕیئاڵپۆلەتیکی کۆنەپەرەستانە و بەتاڵ لە هەر چەشنە نێوەرۆکێکی ماف و بەها مرۆڤایەتییەکان.

دوای شەڕی ٧ی ئۆکتۆبر، گەرچی هێشتاش جیهان سیاسەتی تا ڕادەیەک سازانتەوەر لە بەرانبەر ئەم ڕێژیمەدا ڕەچاو دەکا، بەڵام بە ڕووتبوونەوەی زیاتری ڕووی ڕاستەقینەی تێرۆریستیی ڕێژیم، ئیتر لانیکەم بۆ ڕای گشتیی جیهان چیتر جێی پەسند نییە. هەر ئەو تێڕوانینەی کە کاریگەری بەرچاوی لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی فرەڕەهەند لە ئامریکادا هەبوو.

**ئەم تێڕوانینە نوێیە هەڵگری دوو پەیامی سەرەکییە:**

**یەکەم**: زۆرترین گوشار بۆ دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانیان، بە مەبەستی گۆڕینی سیاسەتیان لە بەرامبەر ڕێژیم.

**دووهەم**: دەستپێکی خستنە پەراوێز، گەمارۆ، دەرکردنی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و شەڕێکی چاوەڕوان کراو بۆ ڕێژیم.گوتنەوەی دروشمگەلێکی فریودەرانە و مانۆڕی هێز لەسەر بنەماگەلێکی ئیدئۆلۆژیی وەهمینەی وەک: "وەلایەتمەداری"، "جەهادگەرایی" و "مێحوەری مقاومەت"، بەر لەوەی دەرخەری هێزێکی ڕاستەقینە بن، وێنایەکی گەورەترن لە ترسێکی گەورەی مەرگهێنەر بۆ ڕێژیم.

کۆی پازڵی قەیرانە ڕووخێنەر و کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵگەی ئێران کە ئەم وڵاتەیان گەیاندۆتە ئاستی داڕمانێکی ترسناک،



سەرچاوە
Serchawe

سەرماوەزی ٢٧٢٤

ئیتر هیچ دەرفەتێکیان بۆ بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانی شۆوێنیست و سیاسەتی سازشکارانە و شەرمێونانەی ڕۆژئاوا و ناوچەکە نەهێشتۆتەوە.

هێرشی ڕۆژانەی ترسە کەڵەکەبووەکان بۆ سەر ئەم ڕێژیمە کورتە باڵایە، ئیتر دەرفەتی هەرجۆرە ڕیزبەندی و دژکردەوەیەکی عەقڵانی لێ وەرگرتۆتەوە. ئاماژە بە قسە بێ بنەماکانی خامنەیی پێوەندیدار بە بەڕێوەبەریی فەزای سایبەری، حیجابی ژنان و بەرەی مقاومەتی دۆڕاوە.

شەڕی ڕەوانی و بڵاوکردنەوەی وەهمی وەرگیراو لە تاکتیکی دوژمنی خەیاڵی، بەردەوام بەشێکی جیانەکراوە بوون لە بەرنامە و ڕەفتاری ناوەندە میدیایی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران و بە تایبەتی بزووتنەوە مافخوازانەکەی. واتە سیاسەتی دوورخستنەوەی ترس لە خۆی و گرێدانی هەر چەشنە گرفتێک ڕوو بە دەرەوەی وڵات، بەردەوام پیشەی ڕێژیم بووە. بەڵام دەبێ ڕیشەی سەرەکیی ترسی ڕێژیم لە ئیرادەی پۆڵایین و کۆڵنەدەرانەی خەباتکارانی کورد، نەتەوەکانی تری ئێران و هاواری ڕۆژانەی سەر شەقام کە درێژەدەری شۆڕشی ژینان، ببینین و بدۆزینەوە. ئەوکاتەی "وەعدەی سادقی ١ و ٢"، هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو، ئەمجارە هەڕەشە و هوتاڤ کێشانەکانی ئەنجامدانی "وەعدەی سادقی ٣"ی گۆڕاوە بۆ ئەگەری هێرشی مووشەکی بۆ سەر شوێن و لایەنی دیکەی پەیوەست بە خەڵک.

ئەوە لە حاڵێکدایە وڵامدانەوە بەم هێرشانە بۆسەر ئەو لایەنانەی کە ڕیشەیان لە دڵی خەڵک و کۆمەڵگەدا هەیە موشەکەکانی ئیسرائیلی نین کە تەنیا ناوەندە نیزامییەکانی ڕێژیم تێکبشکێنن، بەڵکوو شەپۆلی خرۆشاوی بزووتنەوەیەکی جەماوەرین کە "نیشتمان" لە ئاسەواری ئەم ڕێژیمە تێرۆریستە پاک دەکاتەوە.

٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئێمە ناژین، هەوڵ دەدەین نەمرین!



**شەماڵ تەرغیبی**

مانگی خەزەڵوەر بۆ خەڵکی ئێران مانگێکی کارەساتبارە؛ ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی خەڵکانی ئێران لە ڕۆژەکانی ٢٤ هەتا ٣٠ خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی لە زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران و کوردستان، وەکوو بریسکەیەک بوو بە سەر ئاسمانی تەمگرتووی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ، کە بووە هۆی ئەوەی شەپۆلی خرۆشانی خەڵک وێڕای ڕق و بێزارییەکی کەڵەکەبوو لە ماوەی ٤٠ ساڵ ستەم، هەڵاواردن، بێ مافی، کوشتار، بەتاڵان بردن و ...دا لە ناخی کۆمەڵگەوە سەر هەڵبدات و خەڵکی زۆربەی شارەکان بێنێتە سەرشەقام.

چەخماخەی ئەم خرۆشانە گرانکردنی کوتوپڕی سێ هیندەی جارانی نرخی بێنزین بوو کە ژیانی ٨٠ لەسەدی خەڵکی لەگەڵ تەنگەژەیەکی جیددی ڕووبەروو کرد؛ پرسێک کە پاش ٥ ساڵ هێشتا یەکێکە لەو دەیان هۆکارەیە ئەگەری سەرهەڵدانی دیکەی لە ئێراندا لێ چاوەڕوان دەکرێ.

تەوژم و خێرایی خرۆشانی خەڵک بە ڕادەیەک لەناکاو بوو کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە کۆکردنەوەی فەرماندەکانی سپای

پاسداران و بەسیج پەشۆکاوانە و لە ترسی ڕووخانی ڕێژیمەیان، فەرمانی دا بە هەرشێوەیەک بۆیان دەلوێ خەڵکی ئازادیخواز سەرکوت بکەن و شەقامەکانیان پێ چۆڵ بکەن. بەپێی ئەو فەرمانە هێزە سەرکوتکەرەکان پێکهاتوو لە سپای پاسداران، بەسیج و هێزە ئەمنیەتی و لیباس شەخسییەکان کە لەلایەن سپای پاسدارانەوە بۆ سەرکوتی خۆپیشاندان ڕێک خرابوون بە چەکوچۆڵێک کە بەکارهێنانیان لەلایەن کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکانەوە قەدەغە کرابوون، کەوتنە گیانی خەڵکی بێ دیفاع و لە نێوان ٥ ڕۆژدا هەزاران کەسیان لە شەقامەکان، زیندانەکان، چۆم و بەنداوەکان و قامیشەڵانەکاندا کوشتوبڕ کرد کە لە نێوانیاندا منداڵیش وەبەرچاو دەکەوت.

بەکارهێنانی تیربار، بەکارهێنانی قەناسە بۆ سیلەگرتنی سەر و دڵی لاوەکان، تفەنگی ساچمەیی، تیکەڵ بوون لە نێو خەڵک و کوشتنی چالاکانی نێو خۆپیشاندانەکان، کوشتنی دەستبەسەرکراوان لە زیندانەکان لە ڕێگای ئەشکەنجە و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لە زیندانەکان، خنکاندنی نارازییان لە بەنداو و ڕووبارەکان، هێرش بۆ سەر دوکانەکان و شکاندنی دەرک و پەنجەرەکان، زیان گەیاندن بە ماشینی خەڵک، ئاگرتێبەردانی بانکەکان و بەگشتی دەستبردن بۆ هەر چەشنە جینایەت و کاری ناڕەوا بۆ کپکردنی دەنگی مافخوازانەی خەڵک ڕێگەپێدراو بوو.

ئەوان لەو ڕۆژانەدا نیشانیان دا کە لە هەر هەستێکی مرۆڤانە بەدوورن؛ بەو پێیە توانیان دەنگی بەرحەقی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بۆ ماوەیەک کپ بکەن، بەڵام بە یارمەتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەزاران فیلم و وێنە لە خۆپیشاندانی ڕەوای خەڵک، ئازادیخوازان دیمەنی دڵتەزێنی ئەو سەرکوتە دڕندانەیان تۆمار کرد و پڕۆپاگەندە و تەبلیغاتی فریودەرانەی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانیان کردە بڵقی سەر ئاو و ناوەڕۆکی زۆرێک لەو کەسانەی کە بە دەمامکی ڕیفۆرمخوازی کە ئەمرۆ ڕانتخۆری ڕێژیمن بۆ خەڵک ئاشکرا بوو.

لە خرۆشانەکانی مانگی خەزەڵوەری ٩٨دا توێژی خوارەوی کۆمەڵگە کە ئێستا لەگەڵ هەژاری و چارەڕەشی دەستەویەخەن، هەروەها توێژەکانی دیکەی وەکوو مامۆستایان، بازارییان و خوێندکاران و شۆفیرەکان و... کە ئێستا وەزاڵە هاتوون بەشدارییان هەبوو، دروشمەکانی ئەو خۆپیشاندانانە دەری خست کە خەڵک وێڕای ئەوەیکە بە چەخماخەی گرانبوونی نرخی بێنزین هاتنە نێو گۆڕەپانەوە بەڵام دەسبەجێ تەواویەتی ڕێژیم، کە هۆکاری چارەڕەشی و تێکشکاندنی کەرامەتی مرۆڤە، نیشانە گرتووە و نەمانی ڕێژیمیان دەویست.

پێوەندیدار بە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ ناکرێ ئاماژە بە دادخوازی و وەرێکەوتنی دادگای نێونەتەوەیی ئابان نەکەین. لە دادگای نێونەتەوەیی خەڵکیی ئابان کە ئەزموونێکی نوێ لە دادخوازی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بوو و لە

لەندەن بەڕێوە چوو، پاش نزیک بە دوو ساڵ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە سەر بەڵگە و دێکۆمێنتەکانی زیاتر لە ٢٥٠ شایەتحاڵ و، لە درێژەی دوو دانیشتنی دادڕەسی، شەش مافناسی دیاری نێودەوڵەتی ڕاگەیەندرا کە دەوڵەت و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئێران (پێکهاتوو لە وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم، شورای باڵای ئەمنییەتی نەتەوەیی، شورای تەئمینی پارێزگاکان، هێزی ئینتیزامی، سپای پاسداران، بەسیج، وەزارەتی ئیتلاعات، هێزە لیباس شەخسییەکان و هێزی دادوەری) بە مەبەستی سەرکوتی نارەزایەتییەکان و دیزەبەدەرخۆنەکردنی جینایەتەکان، بە داڕشتنی گەلاڵە و بەڕێوەبردنی پیلان جینایەت دژ بە مرۆڤایەتییان خوڵقاندوە. ئەم جینایەتانەش بریتین لە کوشتن، شوێنبزرکردنی زۆرەملێ، ئەشکەنجە لەوانە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەستدرێژی و دەسبەسەرکردنی نایاسایی لە درێژەی سەرکوتی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨. لە بریاریدا دادگادا خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم، فەرماندەکانی سپای پاسداران و هێزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامیی بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی مەحکووم کران.

خۆپیشاندانی سەرتاسەری خەزەڵوەری ٩٨ بە پەنابردن بە خوێناویترین هەڵسوکەوت و بە هێنانە مەیدانی هەموو ئیمکانات و هێزی سەرکوتکەر بە شێوەی کاتی سەرکوت کرا؛ بەڵام چەندین ئەزمون و وانەی بۆ خەڵک بەدواوە بوو کە دواتر ئێمە لە سەرهەڵدانەکانی وەک بزووتنەوەی ژینادا بینیمان؛

**ئەوانیش بریتی بوون لە:**

١- زۆرینەی تەواوی خەڵک لەباری زێهنی و عەینییەوە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیون و ڕێژیم هیچ مەشروعیەتێکی نییە و تەنیا بە پەنابردن بۆ سەرکوت دەتوانێ خۆی ڕابگرێت.
٢- ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ چەشنە پۆتانسییەلێکی دێموکراتیکی بۆ ڕاگواستنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خەڵک نییە و مانەوەی ڕێژیم تەنیا ڕێژەی قوربانیان و وێرانییەکان زیادتر دەکات.
٣- حزووری خەڵک لە شەقامەکان، دەبێ بە سازماندەهی و ڕێکخستن و لەڕاستای ستراتیژی سیاسیدا بێت و لەگەڵ حیزبەکان هاوئاهەنگ بن.
٤- دەبێ بۆ کەموکورییەکانی نێوان دوو بابەتی فەزای مەجازی و فەزای ڕاستەقینە چارەیەک بدۆزرێتەوە، چوونکە ئەو هەماهەنگییە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوەکان لە کورتخایەنەوە ببنە درێژخایەن، بەو هۆیەیە کە ڕێژیم لە خۆپیشاندانەکان خێرا هێڵی ئینتێرنێت دەپچڕێنێت.
٥- دووفاقی دروست کردن لە نێوان خەڵک و حیزبەکان لە دەرەوەی ئێران، تەنیا بە قازانجی ڕێژیمە و هەر بۆیە ڕێژیم ئێستاش لە هەوڵدایە لە ڕێگای تێرۆری کەسانی چالاک و کاریگەر لە دەرەوەی ئێران ورەی خەڵک دابەزێنێت.

سەرماوەزی ٢٧٢٤

جیاواز لەم پۆلێنکردنە ڕاستییەک کە دەبێ پێی پێمل بین، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا و بەهۆی پلاندانان بۆ داڕووخاندنی دەروونیی مرۆڤەکان لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تووشی چەشنێک لە بێدەرەتانی و بێدەسەڵاتی ئاوێتەبوو بە خەمی تاڵانچییەتی و تاوانکاری! بووە.


لە وڵاتێکدا کە ڕێژە و ئاستی سەرچاوەکانی داهات بێئەژمارە و پۆتانسیەل و وزەی کارکردن و گەشەکردن و پێشکەوتن لە لووتکەی خۆیدایە؛ لە وڵاتێکدا کە ژیان دەبێ مانا پەیدا بکات و ببێتە ئۆلگوو بۆ وڵاتانی تر؛ لە وڵاتێکدا کە سەدان و هەزاران کانزا، سامانی ژێرزەوینی و بانزەوینی بوونی هەیە؛ لە وڵاتێکدا کە هێزی کاری پسپۆڕ بە فرتوفراوانی هەیە دەبینین کە نان دەس ناکەویت، هەژاری و بێدەرەتانی بەربینگی زۆرینەیەکی ڕەهای کۆمەڵگای گرتووە، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، کڵاولەسەریەکنان و شەڕفرۆشی و دوورکەوتنەوە لە ڕەوشت و ئەخلاق بووەتە میکانیزم و مێتۆدێکی باو.

ئەم ڕاستییە تاڵە بۆ ئەو کەسانەی لەو کۆمەڵگە پڕ لە کێشمەکێش و ئاڵۆزەدا دەژین زۆر ساناتر هەست پێ دەکرێ؛ کاتێک کە منداڵێکی ساوای ٧ ڕۆژە لەگەڵ دایکی لە بێسەرپەناییدا ڕوو لە کەلاوەیەک دەکەن یان ئەو کاتەی کە بنەماڵەیەک ناچار دەبن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان ڕوو لە فرۆشتنی گورچیلە، جەرگ، مۆخی ئێسک و لەوانەش خراپتر بەکرێدانی منداڵدانیان بکەن یان منداڵە لەدایکنەبووەکەیان پێشفرۆش بکەن و ئەگەر بۆیان نەکرا منداڵەکەیان بدەن بە کرێ تاکوو سواڵ بکات و کار بۆ باندەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران بکەن تاکوو بتوانن بڕەپارەیەک وەدەست بێنن! ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە ژیان لەم وڵاتەدا چەندە لە مانای ڕاستەقینەی خۆی دوور کەوتووەتەوە. بۆیە سرووشتی دێتە بەرچاو کاتێ مرۆڤەکانی نیشتەجێ لەم وڵاتە بڵێن: ئێمە ژیان ناکەین بەڵکوو هەوڵ دەدەین نەمرین!

بەڵام بە هەموو ئەو تاڵییانەشەوە ئەزموونی بزووتنەوەی ژینا دەری خست بۆمان کە خەڵک سەرباری هەموو زەخت و گوشارەکان نەک لە پێ نەکەوتوون بەڵکوو هیوادار بە داهاتوو لە مەیداندان و لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆ خۆ دەربازکردن لە دۆخی داسەپاو؛ هەر ئەمەشە کە وا دەکات بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان ببێتە چقڵی چاوی جەماران و لە هەمان کاتیشدا نوختەی هیوا و هومێد بۆ خەڵک.

٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

## "هەگبەی شاخ و شۆڕش" (شەهید باباشێخ حیسامی)




**برایم چووکەڵی**

**خوێنی سەر دەنگت کە ئێستاش پڕ گوڵی داوودییە**
**زەمزەمەی ئەو سەنگەرەن من کاتی تەنگانەی دەژیم**

"هەگبەی شاخ و شۆڕش" ئەمجارە یاد و ناوی شەهیدێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکرات و نیشتمان بەرز ڕادەگرێ کە کەسایەتییەکی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی ناوچەی سەقز بوو، شەهید بابەشێخ حیسامی.

شەهید بابەشێخ حیسامی لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی لە کاتێکدا بەرە بەرە حیزبی دیموکرات چەکەرەی دەکرد و ڕیشەی بە نێو خەڵکدا دادەکوتا، لە بنەماڵەیەکی ئایینیی خانەقای نەقشبەندییەکان چاوی بە دنیای ڕوون کردۆتەوە. تەنیا مانگێگ بوو چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری کردبۆوە، لە سۆزی باوکایەتی بێبەری بوو و باوکی (شێخ عارف) بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێ کردن.

باوکی شەهید بابەشیخ لەسەر داوای مامی کە شێخ حیسامەدینی باخەکۆن بوو، زێدی خۆی واتە گوڵپی سەر بە خورماڵ و شارەزوور لە باشووری کوردستان بەجێ هێشت و لە گوندی زاناوا سەر بە ئێرانشای شاری سەقز گیرسایەوە. پاش ماوەیەک ڕوو لە گوندی خۆشێنان لە ناوچەی خوڕخورەی سەقز کرد و جگە لە کاری ئایینی وەرزێرییش بوو بە بەشیک لە ژیانی بنەماڵە بۆ دابینکردنی بژێوی بنەماڵە. عەلیخانی تەخت وەک خاڵێکی دڵسۆز یارمەتیی بابە شێخ حیسامی دا هەتا ئاستی خوێندنی باڵا بخوێنێ و بەردەوام پشتیوانی بوو. بابا شیخ حسامی هەر زوو تێکەڵ بە سیاسەت بوو. لە سەردەمی پاشایەتیدا چەند جار خرایە بەندیخانە و تەنانەت سزای دوورخراوەتەوەی بەسەردا سەپێندرا.

بابەشێخ حیسامی قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو کرد و پاشان لە پەروەردەی مامۆستایان درێژەی بە خوێندن دا و لە شاری مەریوان وەک چاودێری مامۆستایان لە ئاموزش و پەروەرش دامەزرا. پاش ماوەیەک ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و بەرهەمی ئەو ژیانە ٣ منداڵ بوو.

ساڵی ١٣٤٦ لە سەروبەندی خەباتی چەکداری ڕووی کرە شاری سنە، بەڵام زۆری پێ نەچوو ساڵی ١٣٤٨ پاش سەرکوتکردنی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ لەلایەن ساواکەوە بۆ گەڕووس لە شاری بیجار تەبعید کرا. پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە شاری تەورێز کرد و ئەدەبیاتی زمانی فارسیی لە زانکۆی ئازەرئابادگانی تەورێز تەواو کرد.

ساڵی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ بەرپرسایەتیی زۆر کاری تەشکیلاتیی گرتەئەستۆ و کاری نەهێنیی حیزبیی بە بەردەوامی بەڕیوە برد. لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ڕێکخستنی خەڵکدا ڕۆڵی سەرەکیی گیڕا و دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات لە شاری سەقز لە یەکەم کەسەکان بوو خەڵکی لە دەوری ئالا و ڕێبازی حیزبی دیموکرات کۆ کردەوە؛ هەربۆیە وەک بەرپرسی سیاسی و نیزامیی شار دیاری کرا.

شەهید باباشێخ حسامی یەکێک لە بەشدارانی لە کۆنگەری ٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو و دوای گەرانەوە لە کۆنگرە وەک بەرپرسی سیاسی لە شاری سەقز کاری دەکرد، ئەو لە لادانی کۆمەڵیک لە لایەنگرانی حیزبی توودە لەدوای کۆنگرە زۆر بەتوندی دژیان وەستایەوە و وەک قەڵایەکی خۆڕاگر پاڵپشتی حیزبەکەی بوو.

شەهید باباشیخ حسامی کاتی فیتوای جیهاد لەدژی کورد لەلایەن خومەینی ڕاگەیەندرا، لەگەڵ ئەوەدا کە بەرپرسێکی سیاسی بوو، بەڵام وەک پێشمەرگەیەکی فیداکار شانبەشانی هاوسەنگەرانی بە گژ داکیرکەراندا چۆوە و لە شەڕەکانی نێو

شاری سەقزدا بەشدار بوو.

باباشێخ له باری کۆمەڵایەتی لەنێو شاری سەقز کەسایەتیکی بەرز بوو. خۆشناوبوو و زمانی ئیقناعی هەبوو، بۆیە هەموو کۆبوونەوەکانی لەگەڵ خەلک به ڕەزامەندی کۆتایی دەهات. له باس و ئاخاوتنەکانیدا هەمیشه باس له سەروەری کوردستان هەبوو و سەربەخۆیی حیزبەکەی پێ له هەموو شتێک گرینگتر بوو، هەر بۆیەش بۆ ئازادیی نەتەوەکەی هەموو نرخێکی به هەرزان دەزانی.

ڕۆژی ٧ی بانەمەری ساڵی ١٣٥٩ هەتاوی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی نێو شاری سەقزی به چەکی قورس ئاورباران کرد. لەو هێرشەدا بابا شێخ حیسامی بەسەختی بریندار بوو و بەرەو نەخۆشخانەی بۆکان کە ئەوکات بەدەست هێزی پێشمەرگەوە بوو ڕەوانە کرا و دواتر نێردرایە نەخۆشخانەی مەهاباد. ئەو کە شارەزای زمانی ئینگلیزی بوو، بریندار و به جەستەی خوێناوییەوە لێدوانی بۆ کاناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ نموونە ڕادیۆ BBC دەدا و هەڵوێستەکانی حیزبەکەی ڕوون دەکردەوە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ڕیسوا دەکرد. مخابن ڕۆژی ٩ی بانەمەری ساڵی ١٣٥٩ بەهۆی سەختیی برینەکەی له نەخۆشخانەی مەهاباد دڵی له لێدوان کەوت و چووە نێو کاروانی نەمرانەوە و لەسەر وەسیەتی خۆی له شاری پێشەوا و له نزیک شەهید عەزیز یوسفی بەخاک سپێردرا.

شەهیدی کاک بابەشێخ حیسامی سیاسەتوان و ئەدیبێکی بەتوانا بوو، کۆمەڵێک نووسراوە و کتێبی ئامادەی چاپی هەبوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەردا گرت.

**شەهید کاک باباشێخ له شێعرێکی سەردەمی لاوەتیی خۆیدا دەڵێ:**

ئەگەر وەک هەڵۆ دوو ساڵ بمێنێ
ڕۆژێ خۆت له بن شاخان بمێنێ

باشترە له ژینی سەد ساڵەی قاڵاو
خوراکی موردار ئاوخۆر له گەنکاو

٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب: کۆماری ئیسلامی توندوتیژی دژی ژنانی، یاسایی کردوە و وڵاتی ئێرانی کردۆتە زیندانێکی گەورە بۆ ژنان




**(پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر)**

٢٥ی نۆڤامبر لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کراوە و ساڵانە چالاکیی جۆراوجۆر لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵگەکان و وشیارکردنەوەیان سەبارەت بەو توندوتیژییانە بەڕێوە دەچێ کە چ لە چوارچێوەی خێزان و چ لە لایەن کۆمەڵگە و بەتایبەت بە شێوەی سیستماتیک لە لایەن دامەزراوەکانی دەسەڵات دژی ژنان ئەنجام دەدرێن.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پەنا ناودێر کردنی ٢٥ی نۆڤامبر بە ڕۆژی نێونەتەوەیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کۆمەڵێک کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پەسند کردوە بۆ ئەوەی دەوڵەتان هان بدا لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا و مۆبیلیزە کردنی ڕای گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی مێژوویی بەرانبەر ژنان، بەرەنگاری هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان ببنەوە. زۆربەی وڵاتانی جیهان و بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تێگەیشتن لە گرینگیی ڕۆڵی ژنان لە



سەرچاوە
Serchawe

پەرەپێدانی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا، هەنگاوی گەورەیان بەرەو سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان بڕیوە و وێڕای پابەندبوون بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی ژنان، بەستێنە هزری و پراکتیکییەکانی وشیاریی کۆمەڵایەتی و لاوازکردنی بیری پیاوسالارییان ڕەخساندووە و ئامارەکانی توندوتیژی دژی ژنانیان بە لانیکەمی خۆی گەیاندوە.

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی مێژووییە کە لە هەموو وڵاتانی جیهان بە ڕێژەی جیاواز دەبینرێ و بەرهەمی پیاوسالارییە لە حەوزە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. واتە تا ئەو کاتەی هاوسەنگییەک لە ناوەندی بڕیاردان لە کۆی کایە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا بە ئاراستەی یەکسانیی ڕەگەزی ڕوو نەدا، ناتوانین چاوەڕوانی کۆتایی هێنان بە توندوتیژی دژی ژنان بین.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەڵاواردنی ڕەگەزی وەک یەکێک لە بنەما گرینگەکانی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم پەیڕەو کراوە و سەرەڕای بانگەشەی پابەندبوون بە بەشێک لە ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ کە تیایاندا مافەکانی ژنانیش گونجێنراوە، دۆخی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر ڕۆیشتوە. کۆماری ئیسلامی توندوتیژی دژی ژنانی، یاسایی کردوە و وڵاتی ئێرانی کردۆتە زیندانێکی گەورە بۆ ژنان، کە تێیدا سەرەتایی ترین مافەکانیان پێشێل دەکرێن و توندوتیژیی سیستماتیک دژی ژنان وەک بنەمایەکی عەقیدەتی لێی دەڕوانرێ و ئۆرگانی جێبەجێکاری بۆ دامەزرێنراوە.

سەرەڕای هەموو ئەو گوشارانە، ژنانی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ئەو ڕێژیمەوە بێدەنگ نەبوون و بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتییان بەرامبەر دامەزراوە سەرکوتکارییەکانی دەوڵەت و دابونەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە و بنەماڵە وەڕێخستوە. شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لوتکەی بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان بوو کە بە گەورەترین و جیددیترین ڕاپەڕینی جەماوەری لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا دادەنرێت. بەشداریی بەربڵاویی ژنان لەو بزووتنەوەیەدا، دژوەستانێکی شۆڕشگێڕانە بوو دژی دەسەڵاتی پیاوسالاری لە بنەماڵە و لە کۆمەڵگەدا و بووە هۆی پێکهاتنی گۆڕانکاریی گەورە لە پێگەی ژناندا. بەشێوەیەک کە سەرکوتی بێ بەزەییانەی دەزگا سەرکوتکارەکانی ڕێژیم، نە تەنیا نەیتوانی ژنان لە خەباتی مافخوازانەیان بوەستێنێ، بەڵکوو مکوڕتر لە پێشوو سەرجەم شەقام و شوێنە گشتییەکانیان کردە گۆڕەپانی ژێرپێنانی سیاسەتی دژەژنی ئەو ڕێژیمە. ڕەتکردنەوەی یاسا دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ژنانەوە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا کە بەرهەمی خودئاگایی ژنانە لە ماف و ئەرکەکانیان، خاڵێکی وەرچەرخانە لە بزووتنەوەی مافویستیی ژنان و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ پێش بەو شەپۆلە ڕادیکاڵە بگرێ کە موژدەی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنانی



سەرچاوە
Serchawe

هەڵگرتوە.

ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، وێڕای خەبات لە سەنگەری یەکسانی خوازیی ڕەگەزیدا، دەورێکی کاریگەر و کەموێنەیان لە مافویستیی سیاسی و نەتەوەییدا گێڕا و بە گرێدانی ستەمی ڕەگەزی و نەتەوەیی، بەرەنگاری دەسەڵاتی دژە ژن و دژەکوردی کۆماری ئیسلامی بوونەوە و لەو پێناوەدا بە دەیان کەس شەهید و بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆریش دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان کران. ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مێژوویەکی دەوڵەمەندی لە نەریتی ڕێکخستن و حیزبایەتیدا هەیە، بە کردەوە بوو بە پێشەنگی ئەو ڕاپەڕینە و ژنانی کورد خۆڕاگری و بوێریی بێ وێنەیان لە گۆڕەپان و شەقامەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تۆمار کرد.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ڕێزگرتن لە ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان، پابەندبوونی خۆی بە سەرجەم ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی ژنان دووپات دەکاتەوە و کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی ژمارە یەکی مافەکانی ژنان دەزانێ و پێیوایە ڕزگاریی ژنان لە توندوتیژی بە هەمو جۆرەکانییەوە، بە ڕووخان و نەمانی ئەو ڕێژیمەدا تێدەپەڕێ. حیزبی دیموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە خەباتی ژنانی لە وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و کۆمەلایەتییەکان بەرز نرخاندوەو لەو پێناوەشدا هەوڵی داوە ژنان بۆ بەدواداچوونی مافەکانیان ڕێک بخا. بەشداریی بەرچاوی ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی ئەو حیزبەدا و لە بەشە جیاوازەکاندا، دەرخەری ئەو واقعیەتەیە کە ژنانی کوردستان بە دروستی لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە ڕزگاریی ژنان و ڕزگاریی نەتەوایەتی هاوتەریب لە حیزبی دیموکراتدا بایەخیان پێ دەدرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی

٢٤ی نۆڤامبری ٢٠٢٤ (٤ی سەرماوەزی ١٤٠٣ی هەتاوی)

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# دوورەدیمەنی گرژی و ئاڵۆزییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل




**عومەر باڵەکی**

بەدەر لە مێژووی دروستبوونی وڵاتێک بە ناوی ئیسرائیل لەنێو دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرهەڵدانی کێشەی نێوان فەڵەستینییەکان و دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ ئێسرائیل، ئەوەی لە ئێستادا سەرنجی دەوڵەتان و بیروڕای گشتیی خەڵکی ناوچەکەی بە خۆیەوە خەریک کردوە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و ئیسرائیلە. پرسیار ئەوەیە دوژمنایەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل لەسەر چییە؟ ئەو دژایەتیکردنە لە پێناو چ ئامانج و ستراتیژییەکی کۆماری ئیسلامیدایە؟ دەسکەوتی ئیسرائیل لەو شەڕە چ دەبێ؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارانە پێشەکی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەڵومەرجی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کاتێک گەلانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و سەردمیانە، پاراستنی بایەخە ئینسانییەکان و، وەدەستخستنی ئازادییەکانی تاک و گشتی حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوییان ڕووخاند، قەت بە بیریاندا نەدەهات بەرهەمی ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی چەندین ساڵەیان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی تەنیا ئەو چەند مانگ ئازادییەی

سەرەتای سەرکەوتنی شۆرش بێت. کاتێک حکوومەتی نویْ لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە بە دوو چەمکی دژ بە یەک لەژێر ناوی کۆماری و ئیسلامی ڕاگەیەندرا، هەر زۆر زوو بۆ هەموو لایەک چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران دەرکەوت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پینەیەکی ناجۆرە بە سیستمی حوکمرانی جیهانییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لایەک هەوڵیان دەدا بە پارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن. چونکە لە لایەک دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە نوێیە باسیان لە دەسەڵاتی خەڵک لە حوکمڕانیدا دەکرد و لە لایەکی دیکەوە بە قانوونەکانی یەک دین و یەک مەزهەب هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێراندا دەکرد.

زۆری نەخایاند لەنێو کۆمەڵگەی ئێران بە تایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دەنگی نارەزایەتی لەو شێوە حوکمڕانییە بەرز بۆوە. لە هەمان کاتدا دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامییش باش دەیانزانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و بیروڕای گشتیی جیهانیش بە تێگەیشتن لە ماهییەتی ڕێژیم زوو لێی وەدەنگ دێن و لەدژی دەوەستنەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی پێش بەو ڕووداوە بگرن هەر لە سەرەتاوە لە نێوخۆی ئێران دەستیان کرد بە سەرکوتی بێڕەحمانەی دژبەر و جیابیران و ماشێنی گرتن و بەندکردن و کوشتار و ئێعدامیان لە سەراسەری ئێران وەڕێ خست. مەبەست لەوەش چاوترسێنکردنی کۆمەڵانی خەڵک و لە پێخستنی جووڵە و نارەزایەتییەکان بوو.

دامەزرێنەرانی ئەو ڕێژیمە نوێیە ڕوو بە دنیای دەرەوەش بێکار دانەنیشتن و بە داگیرکردنی باڵوێزخانە ئەمریکا (١٣ی خەزڵوەری ١٣٥٨) و هەڕەشەی کوشتنی بارمەتەکان ڕوخساری شەڕئەنگێزیی خۆیان زیاتر بە دنیای دەرەوە نیشان دا. ئەوە لە حاڵێکدا بوو پاراستن باڵوێزخانەی هەر وڵاتێک لە ئەستۆی خانەخوێیە و بەپێی قانوون و عورفە نێودەوڵەتییەکان هێرشکردن بۆ سەر باڵوێزخانەی هەر وڵاتێک بارتەقای هێرشکردنە سەر خاکی ئەو وڵاتەیە. بەداخەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەوڵیان نەدا بە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دژی ئەمجۆرە ڕەفتار و سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوەستەوە. هەر بۆیە دوای ٤٤٤ ڕۆژ لەو یارییەدا دەسەڵاتدارانی تاران سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و ئەوە بوو بە سەرەتای ڕێگاخۆشکەری هەموو ئەو کردەوە تێرۆریستیانەی ئەو ڕێژیمە و پەرەپێدانی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران.

بە دوای ئەو ڕووداوەدا شەڕی بێئاکامی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق بە هۆی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ملهوری سەدام حوسێن لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە هەڵگیرسا. بەپێی ئایدۆلۆژیای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی "شەڕ نیعمەتی خوا"یە. چونکە ئەو شەڕە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبوو لەسەر درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا شوعاری "هەموو شتێک بۆ بەرەکانی شەڕ" هەلی بۆ دەسەڵاتدارانی تاران خوڵقاند لە نێوخۆی وڵات زیاتر لە

پێشوو دەستیان ئاوەڵە بێ بۆ سەرکوتی هەر نارەزایەتییەکی گەلانی ئێران. لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش ئەو شەڕە یارمەتیی دا بە ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و دەستئاوەڵایی زیاتری دا بە دەزگای پروپاگەندەی ڕێژیم کە لە هەستی مەزهەبیی خەڵکی شیعە مەزهەب بە قازانجی پرۆژەکانی ڕێژیم کەڵک وەربگرێ. بەتایبەتی لە گەرماوگەرمی ئەو شەڕەدا بەرزکردنەوەی شوعاری "ڕێگای گەیشتن بە قودس بە کربەلادا تێدەپەڕێ" دەرخستنی کێشەی "فەلەستین و ئیسرائیل" بوو کە دەسەڵاتدارانی تاران لەو ڕێگایەوە هەوڵیان دەدا سۆز و پشتیوانیی نەتەوەی عەرەب بە تایبەتی فەلەستینیەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە حاڵێکدا ئەو وڵاتە -واتە عیراق کە لەگەڵ ئێران لەشەردا بوون- بە پێی شوعار و کردەوەکانیشی هەڵگری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و پشتیوانی سەرەکیی پرسی فەلەستینییەکان بوو.

دوای شەڕی ئێران - عێراق و ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسین و دیسانەکە نەرمینواندنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ئەو هەلە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران ڕەخسا لە ڕێگای دروستکردنی گرووپی جۆراوجۆر لە عیراق و یەمەنەوە بگرە هەتا لوبنان و فەلەستین هێزێکی بەهێز لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان دروست بکەن. مەبەست لەوەش پاراستنی بەرژەوەندییە ژێئۆپۆلۆتیکییەکانیان لە ڕێگای ئەم هێزانە و دوورخستنەوەی شەڕ لە سنوورەکانی خۆیان بوو کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ڕێگای ئەو گرووپە نیابەتییانەوە توانییان هەم زیان بە ئازادیخوازان و ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە تایبەتی جووڵانەوەی مافخوازانەی کوردستان بگەیەنن و هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان لە کاروباری وڵاتانی دراوسیی خۆیان وەردا. بەڵام بە هێرشی بەرنامە بۆدارێژراوی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل و دژکردەوەی خێرا و توندی ئیسرائیل هەموو ڕیسەکەی حکوومەتی تارانی کە لە ماوەی ٤٥ساڵی ڕابردوودا بە تێچووی زۆری ماددی و ئینسانی لە سامانی گەلانی ئێران ڕستبووی، لێ بووە بە خوری.

هێرشی ڕێکخراوی حماس بۆ سەر ئیسرائیل بە پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک دەسکەوتی سیاسی وئەمنییەتیی بۆ فەلەستینییەکان بەدواوە نەبوو، بەڵکوو ستراتیژی پەلهاویشتن و خۆقایمکردنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە لەژێر ناوی پشتیوانی لە پرسی فەلەستین و لەنێوبردنی ئیسرائیلی تووشی شکانێکی چاوەڕواننەکراو کرد. لە هەمان کاتدا بیانووی ئەوەی بە دەوڵەتی ئیسرائیل دا لە پێناو پاراستنی ئەمنییەتی خاک و خەڵکی خۆیاندا و لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیانێکی گەورەی ماددی و ئینسانی بە خەڵکی بێدیفاعی فەلەستین لە کەرەتی غەزە بگەیەنن؛ لە هەمان کاتدا بە بیانووی بوونی ڕێکخراوی حیزبوڵڵا زیانێکی زۆریش لە وڵات و خەڵکی لوبنان بدەن.
لە دوای هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە و لوبنان لە لایەک فەلەستینییەکان چاوەڕوان بوون کۆماری ئیسلامی پشتیوانییان لێ بکا و لە لایەکی دیکەوە بیروڕای گشتیی دنیا بەتایبەتی گەلانی ناوچەکە بە نیگەرانییەوە دەیانڕوانییە دژکردەوەی کۆماری کە نەکا ببێتە هۆکار بۆ دەستپێکی شەڕێکی گەورە لە ناوچەکەدا. بەڵام هەموو لایەک بۆیان



سەرچاوە
Serchawe

دەرکەوت ڕێژیمی تاران نە ئەو توانا نیزامی و ئابوورییەی هەیە و نە وەک سەردەمی شەڕی ئێران-عێراق خەڵکی ئێران پشتی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان دەگرن. بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران بە هەستکردن بەو ڕاستییانە لە خۆیان ڕانابینن بێنە مەیدانی ئەو شەڕە و دەبێ تەنیا شاهیدی ئەوە بن ڕۆژانە هێزی نیزامیی دەوڵەتی ئیسرائیل لقوپۆپی هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی داپاچی و بڕستیان لێ ببڕێت.

ئەو شەرە کە لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ بە هاندان و پشتیوانی سیاسی و چەکوچۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ڕێکخراوی حماسەوە دژی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیەندرا و ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بۆتە هۆکاری نائارامی ناوچەکە، لە ئێستادا ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ بەدی ناکرێ، مەگەر ئەوەی لایەنەکانی شەڕ لەسەر کۆمەڵێک پرس بگەنە ئەنجامێک کە سازان و ڕاگرتنی شەڕی لێ بکەوێتەوە؛ بە چەشنێک کە ئەمنییەتی هەر دوولایەنی شەڕەکە دەستەبەر بێ. بەڵام ئەوەی لە ئاسۆی ئەو شەڕەوە دیارە چ لایەنەکانی شەڕ بگەنە ئاوربەس و سازان و چ شەڕەکە بەردەوام بێ، ئەوەی دۆڕاوە هەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. چونکە هەم گرووپە نیابەتیەکانی ئێران لە بواری سەربازی و تەنانەت پێگەی سیاسی و خەڵکییەوە لاواز کراون، هەم خەڵک و دەوڵەتەکانی وەک سورییە، لوبنان و عیراق لە قسە و پەیامەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوی دژی ئەوەن کۆماری ئیسلامی دەست لە کاروباریان وەر بدات و ئەمە سەرەتایەک بۆ کۆتاییهاتنی هێژمونیی کۆماری ئیسلامی بە سەر ناوچە و گەڕاندنەوەی بۆ نێو سنوورەکانی ئێرانە. ئەوەش دەستپێکی قۆناخێکی نوێ دەبێت بۆ تەریککەوتنەوەی زیاتری ئێران لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا.

بە پێی ئەو باردۆخە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ دوو سناریۆ بەرەوڕوویە. یا هەوڵ بدا بە جۆرێک لە جۆرەکان قەبوولی شکستی ستراتیژی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکان بکا و لەو ڕێگایەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر بنەماکانی یاساوڕیسای نێودەوڵەتی ڕێک بخاتەوە؛ یان هەوڵی بدا هەر بە پێودانگی ٤٥ ساڵی ڕابرووی بەرەوڕووی ڕووداوەکان بێتەوە. لە هەردوو ئەو سناریۆیەدا بە ڕوونی ئاسۆی سەرکەوتنی دەنگی ئازدیخوازی گەلانی ئێران دەبیندرێ، بەو مانایە ئەگەر دەسەڵاتدارانی تاران بۆ ڕزگاریی ڕێژیمەکەیان دەستی تەبایی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی درێژ بکەن، زۆر سروشتییە بەو هەڵسوکەوتەی ئێستایان ناتوانن لەگەڵ پرسەکانی کۆمەڵگەی ئێران بجوڵێنەوە و ئەگەر تێکەڵ بە نەزمی جیهانییش نەبن، دەرنگ یا زوو گەلانی ناڕازیی ئێران دێنەوە سەر شەقامی شارەکان و ناڕەزایەتییەکان دەبێتە لافاوێکی بەربەرین و تۆماری کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ و ئەو ڕێژیمەش دەبێتە بەشێک لە مێژوو.

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەتیش هەر لە تەماتە جوانە




**دارسمە**

"تەماتەوڕۆن"، "خیاروتەماتە"، "شۆرباوتەماتە"، "تەماتەی برژاو"، "ئۆملێت" یان "هێلکەوتەماتە" و ئەمانە و چندین چێشت و خواردەمەنیی دیکە بەرهەمی بەردەوامبوون و خۆراگریی تەماتەی سوور و جوان و خۆپێشاندانی لە سەر خوانی دەوڵەمەند و هەژارانە.

ئەوەندەی من و خوێنەری بەڕێزی ئەم دێڕۆکانە لەبیرمانە، تەماتە بەردەوام خەباتی کردوە و تێکەڵێ هەمووجۆرە چێشت و خواردەمەنییەک بووە و ئیزنی نەداوە هەژاران بە برسیەتی سەر بنێنەوە و دەوڵەمەند و خواپێداوانیش لە کاتی خواردنەوەدا لە سالاد و مەززە بێبەری بن.

هەمووتان ئاگادارن تەماتە چۆن بە پارچەکراوی وەک دەروێشی بەئەمەگی زەرگوەشێن دوای ئەوەی ئەم سیخە تیژە بە سینەی دادەکرێت، وەک هاوڕێی گیانی بە گیانیی کەباب و دونگ، خۆی داوێتە سەر پۆلوو و پشکۆ و پەنگران و لە پێناو

تێرکردنی مرۆڤی پاشای مەخلووقاتدا هەڵدەکرووزێت. ئەمە ڕاستە و لە کەس شاراوە نییە تەماتە ئەوکاتەی لەسەر پۆلووی ئاگر شان بە شانی گۆشت و چەوری دەبرژێت، بۆنی لەژێر هەیمەنە و دەستەڵاتی بۆنی بەز و گۆشت و دونگ و چەورییەکانی دیکەدا ون دەبێت و ئەم بۆنانە بەتەواوی بۆنی ئەو دادەپۆشن، بەڵام کەبابیش بێ تەماتە وەک هەتیوێکی بێکەسە و ئەگەر سماق فریای نەکەوێت، دەبێتە هۆی داتەپینی دڵ و گەدەی مرۆڤی برسیش.

هەر ئەم تەماتەیە ئەوەندە بۆ مرۆڤ بەوەفایە، لە ترسی ئەوەی لە وەرزی سەرما و لە کاتی پێویستدا دەستی مرۆڤی پێ ڕانەگات، خۆی دەخاتە سەر ئاگر و ئەوندە لەسەر ئەم ئاگرە دەمێنێەوە، وەک پارچە خوێنێکی خەستی لێ دێت و مرۆڤی ئەمەگنەناسیش ناوی "ڕوب" و "ئاوە تەماتە"ی بەسەر دادەبڕێت و جارێکی دیکە دەیکاتەوە ئاوێتەی هەموو ئەو جۆرە خۆراکانەی خۆی حەزی لێیانە.

ئەم خەڵکە وادەزانن تەماتە تەنیا خواردنێکە و هیچ عەقڵ و تێگەیشتنی نییە. ئاخر بەمجۆرەی لەسەروە باسمان کرد، کەم خواردن هەیە تەماتە لە خۆشکردنی تام و چێژیدا کاریگەر نەبێت. هەر ئەم تەماتەیە لە جیهانی سیاسەت و دونیای پڕلە کێبرکێی ئەم سەردەمەشدا وەک سیاسەتوان و پەرژینی لێقەوماوانی سیاسی دەور و کاریگەریی خۆی هەیە. منی نەزانۆکە و ئێوەی خوێنەریش بە زانا و کەمزان و نەزانەوە، لەم دواییانەدا ئاگاداری بارودۆخی سیاسیی جیهان و ناوچە هەن. ئاگادارن چۆن زایۆنی مەیدانیان بە فەلەستین و لوبنان و سووریە و ئەم ئێرانەش تەسک کردووەتەوە. ئاگادارن لەنێو سەرسوڕمانی ئەم هەموو چاودێر و ماودێر و سیاسی و میاسیانەدا چۆن دۆناڵد ترامپ زۆر بە چاوەڕواننەکراوی دەنگی هەرەزۆری خەڵکی ئەمریکای بۆخۆی برد و جارێکی دیکە بۆوە بە سەرۆککۆمار. ئاگاداریشن کۆماری ئیسلامیی خۆمان چۆن حوکمی کوشتنی ترامپی دەرکردبوو و ئێستاش چۆن دەڵێت ئێمە ئەم ناماقوڵییەمان نەکردوە.! لە نێو وڵاتیشدا ئاگادارن چۆن خوێندکارێکی زانکۆیەکی تاران بە ستیان و تنۆکەیەکەوە بە ڕۆژی ڕوون هەرامەی پێشانی بەرپرسان دا و تەقەی سەریشی نەهات. دەبێت ئاگاداریش بن چۆن "مەلانیا ترامپ" خانمی یەکەمی ئەمریکا بە تووڕەییەوە دەگەڵ شووە لە هەڵبژاردن سەرکەوتووەکەیدا نەڕۆیشتە کۆشکی سپی و ئەو گلەییەی کرد کاتی خۆی پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکا لە کاتی گەڕانی ماڵیان چەنگیان ناوەتە نێو جلەکانی و دەستیان لە تنۆکە و شتی لەم جۆرەی داوە.

خۆ هەر نەبێت ئاگاداری ئەم هەواڵانەن دوای ئاخرین هێرشی دەوڵەتی جوولەکان بۆ سەر ئێران سەبارەت بە لێدانی بنکەی ئەتۆمی و مەتۆمی بڵاو دەبنەوە و ئاگاداری ئەمەشن چۆن ئێران هەڕەشەی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم و هێرشی سێهەم بۆ سەر ئیسرائیل دەکات و ئەم گڕوسی و مرووسی و شتەش وەک دێن و بە ئێراندا دەخولێنەوە و بیانووی پێتاندنی زیادەی یۆرانیۆم و هێندێک شتی دیکەی پێ دەگرن. خۆ ئەگەر ئاگاداری ڕووداوی وەک خۆدزینەوەی ئێران لە تۆڵەسەندنەوەی ئاخرین هێرشی

سەرماوەزی ٢٧٢٤

ئیسرائیل بن، بێگومان ئاگاتان لە خەبات و بەرخۆدانی تەماتەشە.

تەماتە، ئەو تەماتەیەی لە سەرەوە باسمان کرد، چۆن لەنێو "تەماتەوڕۆن" و "ئۆملێت" و "شۆرباو تەماتە" و بە برژاوی دەگەڵ کەباب لە پێناو مرۆڤدا خۆی بەخت دەکات، ئێستا لەنێو ئەم هەموو ڕووداوە سیاسییانەدا شانی داوەتە بەر سیاسەتیش. ئێستا تەماتە خۆی کردوە بە کەسایەتیی سیاسی و ئابووری و وەباڵ بە ملم لێشی دەوەشێتەوە و ئەم سیاسەتە هەر لەخۆی جوانە.

لە کاتێکدا نرخی دۆلارێکی ئەمریکایی بۆ نزیکەی حەفتا هەزار تمەن فڕیوە و بەهۆی تەنگژەی ئابووری و بردنەوەی ترامپ لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و هێرش و هەڕەشەی ئیسرائیلەوە ئێران تووشی کێشەی زۆر گەورە هاتوە و بەناچاری جاروبار خۆی لە وڵامدانەوەی ئیسرائیل دەزێتەوە، ئەمە تەماتەیە پشتی کردووەتە "تاوە" و "مەنجەڵ" و "قابلەمە" و "مەنقەڵی کەبابرژاندن" و یکسەر خۆی فڕێداوەتە نێو دونیای سیاسەت و لەنێو سەرسوڕمانی پسپۆڕانی بواری سیاسەت وئابووری و تەنانەت ئایینیشدا خۆی کردووەتە سەر هێڵی هەواڵان و ملی داوەتە بەر لەبیربردنەوەی هەموو ئەم شتانە.

بە هەموو لێهاتوویی و چازانیی تەماتەوە، دەبێت بڵێین سیاسەتیش هەر لە خۆی جوانە. ئەی ئەوە نییە سەروبنی پرسیاران ئەمەیە ئەریّ نرخی تەماتە دانەبەزی؟ دیارە کەسایەتییەکی سیاسیی وەک تەماتە ئەگەر نرخی لە بەرانبەر پارەی هیچ و پووچیشدا داشبەزێت، لە نرخە سیاسییەکەی کەم نابێتەوە .

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# گۆڕانکارییە خێرا و گرینگەکانی ناوچە، دەرفەت بۆ بزووتنەوەی جەماوەری



**ناسر سالحی‌ئەسڵ**

لایەنە سیاسیی و مەدەنییەکانی گەلانی ئێران، لە بارودۆخی ئیستادا دەبێ لێکدانەوە هەمەلایەنەیان بۆ دەرفەت، بەربەست و کاریگەرییەکانی بزووتنەو جەماوەرییەکان هەبێت. هەروەها دەبێ مانیفیستێک بۆ ڕاپەرینی جەماوەری گەلانی ئێران لە سەر بنەمای ئازادی و مافە سیاسیی و نەتەوایەتی گەلانی ئێران گەڵاڵە کرابێ کە دواتر کۆمەڵگەیەکی پلورالٚ و دێموکراتیکی فرەنەتەوە لە سەر ئەو بنەمایە دروست بکرێت. هەر وەها لایەنە سیاسییەکان و چالاکانی بوارەکانی فەرهەنگی و مەدەنی دەبی لە ڕەوتی خەباتی جەماوەری هەمەلایەنەی خۆیاندا بۆ هەر گۆڕانکارییەک، بەردەوام ئاڵوگۆڕ لە شێوە و جۆری خەباتی جەماوەری خۆیاندا پێک بێنن و ئەو گۆڕانکاریانە پێویستە لە هەڵویست و بەرنامەی کاری و سیستەمی ڕێکخستن لە هەلومەرجی ئیستادا بکرێ و خۆی لە گەڵ سەردەم بگونجێنێت. دەبێ کێشە و گرفتە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕژیم، ببێتە دینامۆی بزاڤێکی بەرین و ڕادیکالٚ بە دژی چەوسانەوە و ستەمی نەتەوەیی و سیاسی، نابەرابەری ڕەگەزی_ئایینی، لەپەراویزخستن و هەڵاواردنی گەلانی ئێران، لە شار و شەقامدا.

لە ئیستادا ململانێی دوو کولتوور و ڕەفتاری سیاسی "کولتووری سیاسیی ئەستوونی و کولتووری سیاسی ئاسۆیی"ی جیاواز لە

نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەلانی ئێران لە ئارادایە. کولتووری سیاسی ئەستوونی ڕێژیم، کولتوورێکی داخراو، فەرمانبەرانە، کۆنەپەرستانە، ملکەچی و گوێڕایەڵانەیە. بەڵام کولتوور و ڕەفتاری سیاسیی ئاسۆیی گەلانی ئێران، کولتوورێکی کراوە، خەڵکی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، مرۆڤتەوەرانە، تۆلێرانس و وشیاری سیاسییە. بەپێی ئەو جیاوازییانە لە نێوان ڕێژیم و گەلدا خەباتی جەماوەریی گەلانی ئێران لە لایەک دەیهەوێ گۆڕانکاریی بنچینەیی لە سیستەم و پێکهاتەی سیاسی و بەڕێوەبەری لە ئێراندا پێک بێنێت، لە لایەکی دیکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی جێگیر بکات. کەوابوو بە سەرنجدان بە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێران و زەرووڕەتی پێداچوونەوە بە چونیەتی و درێژەدان بە بزووتنەوەی ژینا، پێویستیمان بە شکڵێکی نوێ لە خەباتی جەماوەرییە کە لەگەڵ دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی گەلانی ئێران تەبا بێت.

لێرەدا دەمانهەوێ بوونی هەلومەرجێک بخەینە بەر باس کە هەڵگری هەموو ئەو تایبەتمەندیی و دەرفەتانەیە، وەک لەبارببوونی هەلومەرجی ڕاپەڕین و جووڵەی جەماوەریی؛ واتا باسی کەشوهەوایەک دەکەین هەموو فاکتەرەکانی دەربازبوون لە سیاسەتی چاوەڕوانیی لەگەڵدایە.

## دارمانی وێنای بەرگری – نیزامی – ئەمنییەتیی ڕێژیم

یەکێک لە لێکەوتەکانی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ڕێژیم و لاوازبوونی ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ زیاتری حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان دەرخستنی سیستەمی بەرگری نیزامی و ئەمنییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو. چونکە پێشتر زۆر کەس و لایەن لەو باوەڕەدا بوون سیستەمی موشکی و بەرگری و هەروەها دەزگای هەوڵگری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەهێزە! بەڵام دەرکەوت کە توانا سەربازی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم سنووردارن. ئەم وێنایە وایکردبوو هەیمەنەیەکی درۆیین لە ڕێژیم دروست بکرێ کە کۆسپ بوو لە بەردەم هێنانەبەرباس یان خستنەڕووی هەر چەشنە خەباتێکی جەماوەریی سەرشەقام. کەوابوو ڕووخانی ئەم وێنایە دەکرێ بۆ گەلانی ئێران هەڵگری دەرفەتێکی زێڕین بێ و بوار بۆ ڕێکخستنەوەی بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە ئاستی گەلانی ئێراندا خۆش دەکا.

زۆربەی شارەزایانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کۆڵەکەی سەرەکیی پارێزەری کۆماری ئیسلامی سیستەمی بەرگری- نیزامی- ئەمنییەتیی ئەو ڕێژیمەیە کە دەستی ڕێژیمی بۆ میلیشیاسازی و تەڕاتێن لە ناوچە و دوورخستنەوەی شەڕ لە خاک و سنووری خۆیدا ئاوەڵا کردبوو. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو توانا نیزامی - ئەمنییەتییەی باس دەکرا لە تراویلکەیە زیاتر نەبوو.

بە گشتی ڕووخانی وێنای بەرگری - نیزامی - ئەمنییەتیی ڕێژیم یەکێک لە پارامێترە سەرەکییەکانی ئەم باسەیە و دەتوانی دەسپێکی هەموارکردنی هەر پرۆسە و پرۆژەیەکی ڕاپەرینی جەماوەری گەلانی ئێران بێت.

## دووهەم: زۆرتربوونی تێچووە نیزامییەکانی ڕێژیم

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە پانتاییەکی فراواندا خەریکی هەناردەکردنی ئیدئولوژیی بەناو شۆرش و چالاکییە نیزامییەکان بووە. چالاکبوون لە پانتاییەکی فراوانی جموجۆڵە نیزامییەکان و هەناردەکردنی ئیدئولوژیی خومەینی، پێویستی بە ئیمکاناتی زۆری ماڵی هەبوو. لە نێوەدا بواری نیزامی زۆرترین بودجە و ئیمکاناتی ماددیی دەوێ، بەڵام تێچووی کۆک و پۆشتەکردنی گرووپە پرۆکسییەکان، پەرەدان بە سەنعەتی موشکی و درۆنسازیی و بنکەکانی ناوەکی، زۆر زیاترە لە ڕادەی توانا و ئیمکانات و ژێرخانی ماددیی ڕێژیم. بە گشتی زیادبوونی تێچووی نیزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە تێچووی شەڕی لوبنان، غەززە، یەمەن، سووریا و عێراق و ئەگەری تێوەگلانی ڕاستەوخۆی ئێران لە شەر لەگەڵ ئیسرائیل وا دەکا تواناکان و ئیمکانات و ژێرخانی ماڵیی ڕێژیم پتر و پتر کەم ببێتەوە. ڕەنگە پرسیار بێ کە ئەم بوارە چون دەتوانی یارمەتیدەری گەلانی ئێران بێت؟ بە زیادبوونی تێچووە نیزامییەکانی ڕێژیم و کەمبوونەوەی تواناکان و ئیمکاناتی ماڵی، ڕێژیم توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی گەلانی ئێرانی نابێت. لەو کاتەدا دەبێ گەلانی ئێران بە ڕاپەرین و خەباتی جەماوەری ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە و بەوە دەروازەیەکی نوێ خەباتی جەماوەریی بە ڕووی گەلانی ئێراندا بکرێتەوە.

## تۆخبوونەوەی پرسی شوناسی نەتەوەکانی ئێران!

دیارە تۆخبوونەوەی پرسی شوناسی نەتەوەکان، ئەتنیک و ئایینزاکانی گەلانی ئێران بابەتێکی تازە نییە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە زۆر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بووەتە ڕۆژەڤی باس و خواستی نەتەوەکانی ئێران. بە مانایەکی دی کەڵەکەبوونی ویست و داخوازیی شوناسخوازانەی نەتەوەکانی ئێران و نەبوونی وەڵامێکی کردەیی لە چوارچێوەی یاسایی و سیاسی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە وایکردوە ویست و داخوازیی نەتەوەیی و شوناسخوازی گەلانی ئێران زەقتر و دیارتر دەربکەوێت. ببێتەوە. ئەم بەرجەستەبوونە بە مانای کاڵبوونەوەی شوناسی نەتەوەی باڵادەست و پەیوەستبوونی زۆرتر بە شوناسی نەتەوە بندەست و پەراوێزخراوەکان دێت. بۆیە دەتوانین ئەمە وەک ئامادەبوونی بەستێنی باشتر خەبات بۆ مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان ببینین، چونکە ڕێژە و ڕادەی پاڵنەرەکان لە زیادبوون و ڕادەی وەڵامدانەوەی یاسایی و سیاسیی ڕێژیمی ئێران لە کەمترین و نەزمترین ئاستی خۆیدایە.



سەرچاوە
Serchawe

لە تەنیشت فاکتەرە نێوخۆییەکان هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی بەرەو ئاقاریک دەڕوا پرسە نەتەوەیی، ئیتنیک و ئایینزاکان ببێتە یەکیک لە باسە گرینگەکانی نێونەتەوەیی. لە وەها بارودۆخێکدا کە شوناسخوازانی گەلانی ئێران بە دوای ڕێگاچارەی ئاشتیانەدا دەگەڕێ، هەبوونی بەستێنێکی ئاوا وادەکات ڕاکێشانی سەرنجی شوناسخوازیی نەتەوەکان بگاتە بەرزترین ئاستی خۆی. چونکە بزووتنەوە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێران لە سەر بنەمای پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئێران ڕاوەستاوە. هەروەها لە ئێرانی ئەمڕۆدا هەموو گەلانی ئێران چاوەڕوانی هەل و دەرفەتن، کە دەتوانی هەلگری جووڵە و ڕاپەرینی جەماوەریی بێت. بۆیە ئەم هەلومەرجە دەتوانی هەوێنی سەرەکی بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە هەمبەر زاڵێتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێت.

## گەمارۆی ژئوپۆلیتیکیی کۆماری ئیسلامی!

گەمارۆی ژئوپۆلیتیکی بۆ هەموو سیستەم و وڵاتێک شتێکی نەخوازراوە. واتا هیچ نیزام و دەوڵەتێک چ دیموکراتیک و چ نادێموکراتیک ئەمەیان پێخوش نییە و کار بۆ ئەوە دەکەن ژینگە و جوگرافیای سیاسیی دەسەڵاتیان ئارام و دوور لە کێشە بێت و لە سنوورەکانی خۆیاندا هەست بە ئارامی و ئەمنییەت بکەن. ئەم سنوورانە بە مانای دراوسێکانی ئەو وڵاتانە دێت. ئەگەر سەیرێکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو ئەمنییەت و ئارامییە لە پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی هەستی پێ ناکرێت. بۆیە لە وەها هەلومەرجێکدا پێکهاتەی سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دڵەراوکێدا دەژی. ئەم ژیانە سیاسییە بۆ سیستەمی دەسەلاتداریی ڕێژیم لە کات و زەمەنێکی دیاریکراودا دەبێتە هۆی ئەوە هاوسەنگیی هێز تێک بچێت. بە گشتی ئەو هەلومەرجەی پاش شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس لە غەززە هاتووتە ئاراوە، ڕادەی نیگەرانییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە بواری گەمارۆی ژئێۆپۆلیتیکەوە زیاد کردوە. یان باشتر و ڕوونتر بڵێین گەمارۆی ژئوپولیتیک، ئەمنییەت و ئارامی لە ڕێژیم هەڵگرتوە. بۆیە نەبوونی ئەم ئەمنییەت و ئارامییە باشترین کاتە بۆ هەنگاونان بۆ بەرینتر کردنەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێران و تێکدانی زیاتر هاوسەنگی هێزەی ڕێژیم کە لە بەرژەوەندیی گەلانی ئێراندایە.

## ناکۆکیی نێو باڵەکانی ڕێژیم

لە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتوبری ٢٠٢٣ ململانێی نێوان هێزە پێکهێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی قووڵ بووەتەوە. قوڵبوونەوە تا ئەو ڕادەیە کە هاواری لە دەزگای نیزامی_ئەمنییەتیی ڕێژیم بەرز کردۆتەوە کە دەبێ پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانمان لە شەڕی ئیسرائیلدا بکەین. بۆیە ئەوەی لە لوبنان، غەززە و سووریا بە سەر هێزە پرۆکسییەکانی ڕێژیمی ئێراندا هات، لە

سەرماوەزی ٢٧٢٤

ناکۆکیی نێوان باڵەکان و باندە نیزامی - ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم ململانێیە لە نێوان باڵەکانی ڕێژیمدا جۆرێک لە بۆشایی ساز کردوە کە دواجار مەودا دەرەخسێنێت بۆ ڕاپەڕین و جووڵەی جەماوەری گەلانی ئێران. بۆیە ئێستا کە سپای پاسداران سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی لوبنان، غەززە،حووسییەکانی یەمەن، سووریا و عێراقی بەڕێوە دەبات، ڕووداوەکانی شەڕی گرووپە پرۆکسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلی کردۆتە گۆپاڵێک بۆ بێدەنگکردن، سەرکوتکردن و زاڵکردنی ترس و خەفەقانی زۆرتر بە سەر گەلانی ئێراندا. بۆیە لە وەها باردۆخێکدا نابێ لە ڕەوتی بزووتنەوە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێراندا کەلێن بکەویتە نێو ڕێزەکانی لایەنە سیاسییەکانی گەلانی ئێرانەوە. چونکە لە ئاکامی دروستبوونی کەلێن لە نێوان ئوپوزیسیونی کۆماری ئیسلامیدا دەستی دەزگای نیزامی_ ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بۆ لاوازکردنی بزووتنەوە جەماوەرییەکان کراوەتر دەبێت.

## ئاکامگیری:

دەگەڕێمەوە بۆ سەردێری بابەتەکە، "دەرفەتی زێڕین بۆ جووڵەی جەماوەری". بە سەرنجدان بەوەی باس کرا دەبێ ئێدی سیاسەتی چاوەڕوانی لە بیر بکەین و لەوە تێبگەین کە هەلومەرجی ئێران لەبارەبۆ ئەوەی ڕاپەڕین و جوڵەی جەماوەری بکرێت. جووڵە بەو مانایە خەمێکی دیکە بۆ خەمەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاد بکەین. جووڵە بەو مانایە گەلانی ئێران کە ئاستی خودئاگایی نەتەوەییان بەرزە و دەزانن مافیکیان بە ناوی مافی سیاسی و نەتەوەیی هەیە و دەبێ بەکردەوە بۆی تێبکۆشن. جووڵە بەو مانایەی نائارامییەک بۆ نائارمییە ژێئوپۆلیتیکییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاد بکەین و سەنگەری ناکۆکی باڵەکانی ڕێژیم بەرفراوانتر بکەینەوە.

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا لە سایەی هەڵبژاردنەوەی ترامپدا



حەسەن قارەمانی

هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ جاری دووهەم بە مانای قۆناغێکی نوێ لە ستراتیژیی "ئەوپەڕی زەخت" بۆ لاوازکردنی توانا سەربازی و ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێت. ترامپ لە دەوری یەکەمی سەرکۆمارییەکەیدا بە سەپاندنی سزای توند بە سەر ئێراندا، دابڕاندنی ئابووریی ئەو وڵاتە لە ئابووریی جیهانی و پێشگرتن بە پێشکەوتنی ئێران لە بەرنامە ئەتۆمییەکانی بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی بۆوە. هەر لەو قۆناغەدا ئەمریکای ترامپ پاڵپشتی خۆی بۆ ئیسرائیل بەهێزتر کرد و قودسی وەک پایتەختی ئەو وڵاتە بەفەرمی ناسی و باڵوێزخانەکەی بۆ ئەوێ ڕاگواست.

هەڵبژێرانەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ دەوری دووهەم لەگەڵ کاردانەوەی جۆراوجۆر، چ لە ئەمریکا و چ لە لە ئاستی جیهانیدا بەرەوڕوو بۆتەوە و باس لە زۆر ئەگەر و ئەمما لە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ئەمریکادا دەکەن. جاری پێشوو ترەمپ لە دەسەڵاتدا بە داڕشتنەوەی ڕیشەیی سیاسەتی ئەمریکا پێبەند بوو کە تیایدا گۆڕانکاری لە هەردوو نۆرمەکانی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەدا کرد. بەو شێوازە ڕاشکاوانە و زۆرجار بە جدی ئاڵەنگاریی بۆ دامەزراوەکان دروست دەکرد،

هاوپەیمانییە جیهانییەکانی دەخستە ژێر پرسیارەوە و ڕێوشوێنی ئابووریی وەهای دەگرتە بەر کە بازاڕەکانی دەهەژاند و بەگژ سیاسەتە بازرگانییە تەقلیدییەکاندا دەچۆوە کە پێدەچێت لە خولی دووەمیشدا، دۆناڵد ترامپ هەر لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بێت، بەڵام بە ئیرادەیەکی زیاترەوە.

لە ڕووی ئابوورییەوە، بەردەوامیی چاوەڕوانکراوی دۆناڵد ترامپ لە شەڕە بازرگانییەکان، باج و نەتەوەخوازی دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاریی گەورە بۆ بازاڕە جیهانییەکان و مەترسییەکانی ململانێ بازرگانییەکان زیاتر دەکات. بەم شێوەیە، سەرکۆماریی دۆناڵد ترامپ هەم دەرفەت و هەم مەترسیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە کە لێکەوتەی بەرچاوی بۆ ئەمریکا و بۆ داهاتووی ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش دەبێت.

پێوەندیدار بە ئێران، ترامپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا لە ڕێککەوتنی بەرجام هاتەدەرێ و سزای ئابووری توندی بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەپاند و هەڵبژێرانەوەی دووبارەی دەکرێ بە مانای قووڵبوونەوەی ئەو ململانێ و گرژییانە دابندرێت. ستراتیژیی ئەوپەڕی زەخت بەرانبەر ئێران و پاڵپشتیی بەهێز لە ئیسرائیل هۆکارگەلێکن کە دەکرێت لەسۆنگەی ئەوانەوە بەمجۆرە باس لە دینامیکی ئەمنی، ئابووری و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین:

## پاشخانی مێژوویی دۆناڵد ترامپ و ئێران و ڕێککەوتنی بەرجام

مەبەست و ئامانجی ترامپ لە کشانەوە لە ڕێککەوتنی بەرجام (٢٠١٨) سنووردارکردنی ئێران لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی بوو، ئەویش لە ڕێگای هێڵێکی توندی سزادان، گەمارۆ و سنووردارکردنی گشتگیرەوە. ئەم گەمارۆیانە ئێرانی لە بازاڕی دارایی جیهانی دابڕاند، هەناردەی نەوتی سنووردار کرد و گوشاری ئابووریی بەرچاوی لەسەر ئەو وڵاتە دروست کرد. ئامانجێکی دیکەی ئەمریکا لەو ستراتیژییە بریتی بوو لە لاوازکردنی توانا سەربازییەکانی ئێران لە هەمان کاتدا ڕێگریکردن لە پاڵپشتیکردنی میلیشیا و هێزە نیابەتییەکانی وەک حیزبوڵڵا، یاخیبووانی حوسی لە یەمەن و میلیشیاکانی دیکەی لە غەززە و عێراق کە هەمیشە بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل سەیر کراون.

## کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ستراتیژیی سیاسەتی ئەمنییەتیی خولی دووەمی دۆناڵد ترامپ پێدەچێت گرنگیدانێکی قووڵتر بە بەرەنگاربوونەوەی هێزە



سەرچاوە
Serchawe

نیابەتییەکان ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێت. ئەم گرووپانە کە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئێران هەیە و وەک چەکی درێژکراوەی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا کار دەکەن، بە هەڕەشە بۆ هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل دادەنرێن. پێدەچێت ستراتیژی کابینەی دووهەمی ترامپ بریتی بێت لە بەردەوامبوون یان زیادکردنی گوشارە ئابووری و سەربازییەکان بۆ سەر ئێران، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی ستراتیژی بە ئامانجی لاوازکردنی ئەو وڵاتە لە ڕێگەی لێدان و هەڵتەکاندنی ئەم هێزە نیابەتییانە. لە پراکتیکدا ستراتیژییەی لەم شێوەیە دەتوانێت بریتی بێت لە زیادکردنی سزاکان، چڕکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان و تەنانەت کردەوەی سەربازی دژی سەرکردەکان یان ژێرخانی پەیوەست بەو گرووپانە. ئیدارەی ترامپ بە گرنگیدان بە سنووردارکردنی توانای ئێران بۆ پاڵپشتی و تەیارکردنی هێزە نیابەتییەکانی، هیوادارە کاریگەریی ئەم وڵاتە لەسەر سیاسەتی ئەمنییەتیی ناوچەکە کەم بکاتەوە. گرینگیەکی تایبەت ڕاگرتنی ڕادەستکردنی چەک و پاڵپشتییە داراییەکان بۆ گرووپەکانی وەک حیزبوڵڵایە کە ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە کاریگەریی ئێران لە لوبناندا دەگێڕێ و هەڕەشەی ڕاستەوخۆش بۆ ئیسرائیل دروست دەکەن.

## کاریگەرییە ئابوورییەکانی

سزاکانی ترامپ دژی ئێران لێکەوتەی ئابووریی بەرچاوی هەبووە، نەک هەر بۆ خودی ئێران بەڵکوو بۆ هاوپەیمانەکانی و تەواوی ناوچەکەش. ئیدارەی ترامپ بە دووبارە سەپاندنەوە و بەهێزکردنی سزاکان دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی بەرجام ( ٢٠١٨) ئامانجی کەمکردنەوە لە داهاتی نەوت و گازی ئێران بوو کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ئابووریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەم گەمارۆیانە بوونە هۆی دابەزینی بەرچاوی هەناردەی نەوتی خاوی ئێران و کێشەی زۆر گەورەی بۆ بودجەی وڵات دروست کرد و کارتێکەریی زۆری لە هەڵاوسانی بەرز و ناسەقامگیری ئابووریی ئێراندا گێڕا. ئەمە بۆ خەڵکی ئێران بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان و کەمبوونەوەی دەستڕاگەیشتن بە هەردوو کەلوپەلی ڕۆژانە و دەرمانی گرینگ، کە بووەتە هۆی زیادبوونی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی و بەگژداچوونەوەی نیزامی سیاسیی وڵات. بۆ هاوپەیمانە ناوچەییەکانی ئێرانیش، وەک حیزبوڵڵا لە لوبنان و گرووپە میلیشیا جۆراوجۆرەکان لە عێراق و سووریە و فەلەستین، گەمارۆکان بە مانای قەیرانی ئابووری بۆ ئەوانیشە؛ چونکی ئەم گرووپانە تا ڕادەیەکی زۆر پشتیان بە بودجە و پشتیوانیی ئێران بەستوە.

لەسەر ئاستی جیهانییش، سزاکان کاریگەرییان لەسەر بازاڕەکانی وزە هەیە، بەو پێیەی کەمبوونەوەی ڕادەستکردنی نەوتی ئێران کاریگەریی لەسەر دابینکردنی نەوت و بەمەش نرخی نەوتی خاو هەیە. گەمارۆکان دەبنە هۆی ئەوەی چەند وڵاتێک بەتایبەتی لە ئاسیا پێویستییان بە دۆزینەوەی دابینکەری وزەی بەدیل هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان



سەرچاوە
Serchawe

و زیادبوونی کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە نەوتییەکان. لە هەمان کاتدا ئەمریکا سوودی لەوە وەرگرتوە بە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی و بوون بە فاکتەری گرنگتر لە بازاڕی وزەدا.

## ئاسۆی پەیوەندیی دیپلۆماسی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی


ئەگەر ئەم ستراتیژییە بۆ خولی دووەم بەردەوام بێت، گرژیی پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران زیاتر دەبن و ئەوەش کار دەکاتە سەر پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی. هەوڵی تاکلایەنەی دۆناڵد ترامپ لە قۆناغی یەکەمی سەرکۆمارییەکەیدا تا ڕادەیەک ئەمریکای بەهێزتر کرد و بووە هۆی باشکردنی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی کەنداو وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و سعودیە، کە ئەوانیش ئێران بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەبینن. بۆ ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام ڕەنگدانەوەی ئەم پێکهاتە نوێیەی هاوپەیمانێتییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیشان دەدات کە چۆن هەوڵی دوولایەنەی دۆناڵد ترامپ کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ناوچەکە هەبووە.

## ئەنجام:

خولی دووەم بۆ دۆناڵد ترامپ بە مانای قووڵبوونەوەی ئەو ململانێ و گرژییانە دەبێت کە تایبەتمەندیی خولی یەکەمی ترامپ بوون. دەوری دووهەمی سەرۆکایەتیی ترامپ دەتوانێت ئاڵنگاریی ئابووری هەم بۆ ئێران و هەم بۆ ناوچەکە بەگشتی بهێنێتە ئاراوە. سزاکانی ترامپ پێشتر کاریگەریی وێرانکەریان لەسەر ئابووری ئێران هەبووە و بووەتە هۆی هەڵاوسانی بەرز و لاوازبوونی تمەن و دروستکردنی ئاستەنگ بۆ ئێران بۆ هەناردەکردنی نەوت. بەڵام گوشارە ئابوورییەکان بۆ سەر ئێران دەتوانێت ئاکامێکی پێشبینینەکراویشی هەبێت، وەک زیادبوونی گرژییە نێوخۆییەکان و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی.

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# ژنان، پێشەنگی خەبات و بەرخۆدان لە کوردستان



**ڕەزا دانشجوو**

"فرانس فانۆن" نووسەری شۆڕشگێڕ و بەناوبانگ لە کتێبی "دۆزەخییەکان لەنێو جەهەننەمدا" باس لە ڕۆڵی جێگرەوەنەکراوی ژنان لە شۆڕش بە تایبەت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی ئەلجەزائیر دژی کۆلۆنیالیزمی فەرانسە دەکات و ڕۆڵی ژنان زۆر بە گرنگ و چارەنووسساز دەزانێت.

فەیلەسوفی بەڕازیلی "پالۆئو فریو" باس لە گرنگیی پەروەردە بۆ ژنان و ڕۆڵی کاریگەری ژنان لە سەرکەوتن لە خەباتدا دەکات.

ژنان لە کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی هەمیشە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە و گرینگیان لە خەباتی دژ بە داگیرکەران و گەیشتن بە ئازادیدا هەبووە. بێ گوێدانە بەو گرفت و ئاستەنگە زۆرانەی کە لەبەردەمیاندا بوون، ژنان لە کوردستاندا توانییان لە زۆر بواردا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕن. ئەم ڕۆڵە دەتوانرێت بۆ چەند بەشێکی جیاواز پۆلبەندی بکرێت.

## خەباتی چەکداری دژی داگیرکەران

له دەسپێکی قۆناغی بەرخۆدانی چەکداری دژ بە کۆماری ئیسلامی، ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جلوبەرگی شەڕیان لەبەر کردوە و شانبەشانی پیاوان وەک پێشمەرگە بەرگری لە ناسنامەی کوردایەتی خۆیان دەکەن. ئەم ڕۆڵە چارەنووسسازەی ژنان لە بەرەنگاربوونەوەی تاریکی و ستەمکاریدا لە هەموو ساڵانی شەڕی چەکداری لە دژی داگیرکەران بە ڕوونی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینرێت. چەندەها ها ژنی قارەمان و شۆڕشگێڕ کە لە قامەتی پێشمەرگەی کوردستان و بەو جلە پیرۆزە برینداریان شەهید بوون و وانەی خۆبەختکردن و خۆڕاگرییان فێری کۆمەڵگە کرد.

ڕەنگە خەباتی ئازایانەی ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە شەڕی هێزەکانی تاریکی داعشدا وەک وەرچەرخانێک لە مێژووی خەباتی ژنانی کورد لە دژی ستەمکاری و تاریکی باس بکرێت. ئەو کاتەی کە ژنانی کورد بە بەرخۆدانی قارەمانانە و ناوازە خۆیان جیهانیان سەرسام کرد و توانیان هێزەکانی تاریکی تێکشکێنن.

## هەوڵدان بۆ پاراستنی زمان و کولتووری کوردی

بێگومان هەوڵدان بۆ پاراستنی فەرهەنگ و زمانی کوردی دەتوانرێت بە یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی خەبات لە کوردستان دابندرێت. لەکاتێکدا کە داگیرکەرانی کوردستان ساڵانێکە بەپێی تێکۆشانێکی درێژخایەن و پلانداڕێژراو هەوڵی ئاسمیلەکردن و لەنێوبردنی کولتوری کوردی دەدەن و هەموو ئامرازێکیان لە کوردستاندا بەکارهێنا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە نامرۆڤانەیە لە گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافی شارەکانی کوردستانەوە تا هەوڵ بۆ سڕینەوە و لەنێوبردنی زمان و کولتووری کوردەواری. بەڵام ئەوەی جێی دەستخۆشی و جێی ڕێزە، هەوڵی شێرە ژنەکانی کوردە لەم لایەنە زۆر هەستیار و ژیانییەی خەبات دژ بە داگیرکەران. پێویست ناکات بڵێین زمان، وەک گرنگترین پێکهاتەی سروشتی زیندوو و دینامیکی کولتوورێک، ئەگەر لەبیر بکرێت، کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە. ژنانی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی زۆریان داوە بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی. پێویستە بگوترێت ناوی زەهرا محەممەدی وەک یەکێک لە ژنانی پێشەنگ و کۆڵنەدەر لەم بوارەدا دەدرەوشێتەوە و هەمیشە دەبینرێت. کەسێک کە چەندین جار لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کرا و تەنیا بە هۆی هەوڵە ماندوونەناسەکانی بۆ پاراستنی زمانی دایکی، سزای زیندان و دوورخستنەوەی لە کاروباری بەسەردا سەپێندرا، بەڵام هەرگیز لە ڕێبازی شکۆمەندی خەباتی خۆی پاشەکشەی نەکرد و بە ئاگادارییەوە درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا.



سەرچاوە
Serchawe

## خەباتی مەدەنی دژ بە دیکتاتۆر

بێگومان ژنانی کورد پێشەنگی خەباتی مەدەنی لە دژی دیکتاتۆر و داگیرکەرانی کوردستان بوون. ئەوانەی لە دیکتاتۆر و دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکانی ناوچەکە ناترسن، بە ئاگاییەوە ڕێگای مەترسیداری خەباتیان هەڵبژاردوە. "لەیلا زانا" سیاسەتمەداری دێرینی کورد لە باکووری کوردستان، ڕەنگە وەک یەکێک لە ژنە پێشەنگەکانی کورد لە شەڕی دژ بە ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەدا ناوببرێت، کە هەموو تەمەنی خۆی بە شەڕ دژی داگیرکەران و هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی کورد بەسەربردوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا ژنان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە پێشخستنی خەباتی دژ بە ستەمکاری و داگیرکاریدا بینیوە. دەیان حوکمی لەسێدارەدانی نامرۆڤانە و زیندانی درێژخایەن دەکرێ بڵێین دەرئەنجامی ئەم خەباتە ماندوونەناسانەی ژنانە.

"زەینەب جەلالیان" زیندانیی سیاسیی کورد کە ساڵانێکە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لەژێر سەختترین هەلومەرجدا خەبات دەکات، بێگومان یەکێک لە سیمبولەکانی ئەو خەباتە مەدەنییە. جگە لە ئەو دەتوانرێت ناوی دەیان تێکۆشەر و چالاکی سیاسیی دیکەی کورد کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا زیندانی کراون بهێنرێت.

دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بەسەر "پەخشان عەزیزی" و "وەریشە محەممەدی" دەتوانرێ وەک دوایین حوکمی دڕندانە لە دژی ژنانی شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەری کورد هەژمار بکرێت. شۆڕەژنانی قارەمان کە بێ ترس لە دیکتاتۆری و نیزامی چەپەڵی کۆماری ئیسلامی، لە کۆمەڵگایەکی چاوترساو لە زەبروزەنگی دیکتاتۆر، بە ئاگادارییەوە ڕێگای تێکۆشان لە پێناو مسۆگەرکردنی مافەکانی ژنانیان هەڵبژارد. ڕۆحی خەباتکارانەی ئەم ژنە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین وەک نموونەیەکی ناوازە لە هەوڵی ژنانی ئازادیخواز بۆ گەیشتن بە دیموکراسی نەک تەنیا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە جیهاندا وەسف بکرێت.

## بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"

وشەی "ئافرەت" لە زمانی کوردیدا لە وشەی "ئافراندن"ەوە هاتووە، لەم خوێندنەوەدا ژن ڕەمزی خوڵقاندن و دروستکردنە. ڕووداوەکانی شۆڕشی "ژن ,ژیان ,ئازادی" سەرەتای خوێندنەوەی دووبارەی ڕۆڵی ژن لە پرۆسەی داهێنان و ئافراندن بوو. وەرزی بووژانەوەی جوانی و دەسپێکی هاتنەوەی ژن وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە داڕشتنی ژیان لە کۆمەڵگەدا. زۆر دوور لە چوارچێوەی داسەپاو و بە زور چەسپێنراوی بیری تەسک و کۆنەپەرست و پاشکەوتووی هێزی سەرکوتگەری داگیرکەر، ژنانی

سەرماوەزی ٢٧٢٤

کورد توانیان بە دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی ژن لە گەشەکردنی کۆمەڵگادا، گیانێکی نوێ بە خەباتی دژی دیکتاتۆری وەلایەتی فەقیە ببەخشن و خوێنێکی تازە بن لە دەمارەکانی شوڕشدا. بێگومان ژنان گرنگترین و چارەنووسسازترین لایەنی بەشدار لە شۆڕشی ژینا دا بوون.

بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، ڕۆڵی ناوازەی ژن لە پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا نیشان دەدات. گرنگی ئەم پرسە لە جوغرافیایەک جێگای مشتومڕە کە پێی دەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شوێنێک کە ژنان ساڵانێکە لەژێر بیرکردنەوەی پیاوسالاری کۆمەڵگەدا مەحکوومن بە سەرکوتکردن و لە پەراوێزدا بوون. لە وەها بارودۆخێکدا ژنانی کورد پێشەنگ و سکاوتەکانی خەبات دژی دیکتاتۆری بوون.

خەباتی بەرفراوانی ژنانی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی چ لە شێوەی چالاکیی کۆمەڵایەتی و چ لە بوارەکانی سیاسیدا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ژنان و تێڕوانینی پێشکەوتنخوازانەی کورد بۆ ژنان نیشان دەدەن، هەرچەندە ئەم پرسە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک کێشەی کۆمەڵایەتیی و کەموکووڕی پەیوەست بە ژنان و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پشتگوێ بخرن ، بەڵام پێویستە ئەم ئاڵاهەڵگریی و پێشەنگایەتیی ژنان لە خەبات و بەرخۆدان دژی داگیرکەران کوردستان بخرێتە بەر باس و لێکدانەوەی زیاتری کۆمەڵگە.

٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

# تیئۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان



## (ڕیئالیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا)

ئەلبورز ڕوئین‌تەن

### دەستپێک

لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا بەشێکی گرینگ  لە ئاستی ئاکادیمیادا لەژێر ناوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی نۆزدەوە لە چوارچێوەی تیئۆریی جیاوازەوە شرۆڤە دەکرێت و دەخوێندرێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە سیاسەتی وڵاتان لە سەردەمی زۆر کەونارەوە جێگای سەرنج بووە و هزرمەندان و سیاسەتوانان بە دوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاردا دەگەڕێن، وەک: بۆچی لە نێوان دو وڵات، یا دو دەسەڵات یا پاشایەتی، یا دو ئیمپراتۆری، شەڕ ڕوو دەدات؟ بۆ ئاشتی هەیە؟ بۆ ڕێککەوتن و هاوکاری دەبێ هەبێت؟ بۆچی پەیوەندیی بازرگانی هەیە؟ کاریگەری شەڕ و ئاشتی لە سەر بازرگانی یا بە پێچەوانە چیە؟ ڕۆڵی ئایین لە سەر جۆری پەیوەندییەکان چیە؟ کولتووری هاوبەش و دژ بە یەک چ کاریگەریەکی بە یەک

هەیە؟ هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە چوارچێوەی تیئۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەوڵی تێگەیشتن و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەردێت. لێ ورد بوونەوە لەو تیئۆریانە دەتوانێ باشتر هۆکاری بڕیاری سیاستوانان لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا دەربخات.

## تیئۆری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان یا بابەتێکی تایبەت یا گشتی کەڵک لە تیئۆری وەردەگیرێ، واتە تیئۆری ئەو کۆمەڵە یا چوارچێوە یا پەرسپێکتیڤەیە کە لەگەڵ خۆی خەملێنراو یا هۆکار بۆ بابەتەکان دەهێنێ و هەوڵ دەدات بە دیاریکردنی چوارچێوەی دیاریکراو وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. لە زانستی کۆمەڵایەتیدا تیئۆری ڕوونکردنەوەیەکی سیستماتیکی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە. کۆمەڵێک بیرۆکە و گەلاڵەی بەیەکەوە گرێ دراون کە ئامانجیان ڕوونکردنەوەیە کە چۆن یان بۆچی بابەتەکان لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن. تیئۆرییەکان یارمەتیی زانایانی کۆمەڵایەتی دەدەن بۆ مانای ڕەفتار و کارلێک و پێکهاتە ئاڵۆزەکان لەنێو کۆمەڵگەکاندا. بە دابینکردنی چوارچێوەیەک، تیئۆرییەکان ڕێنمایی توێژینەوە دەکەن، گریمانەکان پێشنیار دەکەن و یارمەتیی لێکدانەوەی دۆزینەوەکان دەدەن. بۆ نموونە لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە وەڵامی پرسیاری بۆچی لە نێوان وڵاتاندا شەڕ ڕوودەدات یا بۆ کێبەرکێ لە سەر هێز هەیە، لە چوارچێوەی تیئۆری بەو شێوەی وەڵام دەدرێتەوە کە سەرەتا پێناسەیەک بۆ دونیا و ڕۆڵی وڵاتەکان و سروشتی سیاسەتی دەرەوە دەکرێ، دواتر بە هۆی ئەو پێناسە یا خەمڵاندنانە هەوڵی وەڵامی هۆکاری ڕوودانی شەڕەکان دەکرێ و بە چەسپاندنی ئەو تیئۆریە لەسەر دۆخی نێودەوڵەتی لە ڕابردوو یا ئێستا هەوڵی تێگەیشتن و شیکردنەوەی چۆنیەتی بڕیارەکان دەدرێت. بۆ نمونە ئێمە لە دوای شەڕی جیهانیی دووەم و بە تایبەتی شەڕی سارد ئێمە نەماندیوە یا زۆر بە کەمی دیومانە کە وڵاتە دێموکراتیکەکان شەڕی یەکتر بکەن. بەڵام بۆ ئەوەی لەو دیاردەیە باشتر تێبگەین کەڵک لە تیئۆری Democratic Peace Theory وەردەگرین، ئەو تیئۆرییە شی دەکاتەوە بۆچی یا دەبینین وڵاتەکان شەڕ بکەن و نەکەن ساڵانە بودجەی تایبەتی شەڕ و بەهێزکردنی توانای نیزامییان هەیە. باشە وڵاتێک کە بەتەمای شەڕ نییە و نایکات، بۆچی دەبێ میلیارد میلیارد دۆلار لە بودجەی لەشکریدا خەرج بکات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕێگەی تیئۆریی ڕیئالیزمدا دەدریتەوە کە دەڵێت دونیا گۆڕەپانی کێبەرکێی وڵاتانە بۆ ئەوەی زیاتر بەهێز بن و لەو ڕێگەیە ئاسایشی خۆیان دەستەبەر بکەن.

لە بەشی تیئۆرییەکانی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانیش چەندین تیئۆریی باو هەن کە چۆنیەتیی ڕووداو و بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان شی دەکەنەوە کە لە خوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

## ڕیئالیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان

یەکێک لە بە ناوبانگترین تیئۆری لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕیئالیزمە کە سەرچاوەکەی بۆ نووسینەکانی توسیدوسی خەڵکی ملینیا لە یونانی کەونار دەگەڕێنەوە و دواتر لە نووسینەکانی هابز، ماکیاولی و مورتینۆگۆ لە ئێستادا باسی لێوەکراوە. توسیدوس خەڵکی ملنیا بوو لە سەردەمی شەڕی پلوپێنزی کە لە نێوان سپارتا و ئاتن لە ئارادا بوو. ملنیا دەیهەویست بێلایەنی هەڵبژێرێ، بەڵام سپارتەکان لە ترسی ئەوەی ملنیا و ئاتن یەک نەگرن، ئەوانی بۆ نێو شەڕەکە ڕاکێشا و بیلایەنیی ملنیا ئەوانی لە شەڕ نەپارست و ئەوەش وای کرد توسیدوس ئەو ڕستە بە ناوبانگەکەی بە سەرچاوەی ڕیئالیزمیش دەزانرێ، بنووسێ. توسیدوس دەڵێ: "بەهێز مەحکوومە بە بەکارهێنانی هێز و لاوازیش ناچارە ئازار ببینێ و بچێژێ". بە وردبوونەوە لە ڕستەیە و بەراوردکردنی لەگەڵ زۆربەی ڕووداوەکانی ئێستای دونیای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە بۆچی ڕیئالیزم تا ئێستاش لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بەناوبانگە. بناغەی تێئۆریی ڕیئالیزم لەسەر چەند خەملێنراو دامەزراوە کە یەکەمینیان ئانارشیزم لە دونیادایە. واتە دونیا پێک هاتووە لە کۆمەڵێک یەکە یا ئەکتەر بە ناوی وڵات کە لە ڕووی هیرارشیەوە لە یەک ئاست و یەکسانن و نەبوونی ئەو هێرارشیە و یەکسانی یا وەک یەکییەی وڵاتەکان بە واتای ئانارشیزم دێت. ئەو ئانارشیزمە بە جورێکە هەر وڵاتێک بۆ ئەنجامی هەر کارێک پێویستی بە ئیزنی وڵاتێکی دیکە نییە، ئەوەش دونیایەکی مەترسیدار وێنا دەکات کە سەرچاوەی پاراستن تەنیا بە هێز دەبەستێتەوە. یا بە جورێکی دیکە ئەگەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بازار با، پارەی ئەو بازارە هێز دەبوو.

دووهەمین کۆڵەکەی بناغەی ڕیئالیزم دەڵێ ئەکتەری سەرەکی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وڵاتەکانن. ئەو شێوازە تێڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕیئاڵیزمدا ڕۆڵی دامەزراوە یا گرووپ یا ناوەندگەلی دیکە کەم ڕەنگ ببێتەوە و لەسەر ئەوە دەوەستێ کە وڵاتەکان بڕیاردەری سەرەکین. ئەو تێڕوانیە وا دەکات بڕیارەکانی وڵاتان جا بە ئەرێنی یا نەرێنی بە هەند وەربگیرێ و بە سەرچاوەی دیاریکردنی جۆری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دابندرێن. ئەو کۆڵەکە لە ڕیئاڵیزم وا دەکات هەڵسوکەوتی وڵاتەکان بە عەقڵانی بزانێت، واتە هەر بڕیارێکی کە وڵاتان دەیدەن لە ئاستێکدا و بە نیسبەت خۆیان بە عەقڵانی لێکدەدرێتەوە، تەنانەت بەجۆرێک شرۆڤەی ئەو بڕیارانە بە نیسبەت هەر وڵاتێک دەکرێ کە دەبا وا کرابا. بۆ نموونە لای ڕووسەکان هێرشکردنە سەر ئوکراین عەقڵانییە و بۆ ئوکراینیەکیش بەرگریکردن لە بەرانبەر ئەو هێرشە ڕەوا و عەقڵانییە و ئەگەر سبەی پێک بێن و ئاشتیش ببنەوە، هەر بەمجۆرەیە؛ چونکە ڕیئاڵیزم وڵاتەکان بە ئەکتەرێکی عەقڵانی دەزانێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەگوێرەی ڕیالیزمەکانیش ئەمنییەت پرسی سەرەکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. واتە هەر بڕیارێکی وڵاتان بۆ دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی خۆیەتی کە لە ڕێگەی بەهێزییەوە دەستەبەر دەکرێ و هەر بۆیەش کێبەڕکێیەکی توند لە سەر بەهێزبوون هەیە و تاکە فاکتەری ئاسایش و پاراستن بۆ ئەو بەهێزییە دەگەڕێتەوە. هەر بۆیەش لە ڕیالیزمدا گرینگییەکی زۆر بە فاکتەری هێز دەدرێت و هەروەها بە پێچەوانەکەی. هەر وەک توسیدوس دەڵێ لاواز ناچارە ڕەنج و ئازار بکێشێ و لە بەرانبەردا بەهێزەکان چونکی بەهێزن، ناچارن بە بەکارهێنانی هێز. دەتوانین کێبڕکێ لەسەر بەهێزی هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا بە ئەمڕۆ ببینین کە ئێستاش لەنێو وڵاتاندا بە میلیاردها دۆلار بۆ دابینکردنی چەک و چۆڵ یا کێبەڕکێی هەبوونی چەکی ئەتۆمی تەرخان دەکرێت.

دوایین لایەنی سەرەکیی بناغەی ڕیالیزم ئەوەیە شەڕ و کێبەڕکێی نێوان وڵاتەکان بە سروشتی دادەنرێت. واتە ئەوەی کە شەڕ ڕوو دەدات یا ئاشتی و کێبەڕکێ لەسەر هێز هەیە و ئەم ململانێیانە لە ناخ و سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوانە هەموو سروشتین. هەر لە بەر ئەو سروشتەی دونیاشە کە بەو شێوەیە لەنێو مرۆڤایەتی یا بە وتەی ڕیالیستەکان لەنێو وڵاتەکاندا شەڕ و ئاڵۆزی هەیە.

بەگوێرەی چوارچێوەی ڕیالیزم لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بەردەوام کۆمەڵێک چەمک دەکەونە بەر باس و لێکۆڵینەوە. یەکێک لەو چەمکانە بالانسی هێزە. ئەو دۆخە ڕۆژانە لەسەر دۆخی سیاسیی ناوچەکەی خۆمان -ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست- کە گۆڕەپانی کێبەڕکێی زلهێزانی دونیا و هێزە ناوچەییەکانە بەرچاو دەکەوێ و بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێت کە پێویستە بالانسێک لە نێوان هێزەکاندا هەبێ بۆ ئەوەی هەمووی هێز یا بەرژەوەندی بە لای یەک هێزدا نەشکێتەوە. یا باس لە هاوپەیمانی دەکرێ کە وڵاتەکان بۆ ئەوەی بتوانن بالانسی هێز بە سودی خۆیان بگۆڕنەوە کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەوەی لە شەڕی جیهانیی دووەمدا دیتمان نموونەی بەرچاوی ئەو هاوپەیمانیە بۆ پاراستن و سەرکەوتن بوو. لە دۆخێکی وەهادا چەمکی دووانەی ئەمنییەتی بەردەوام و سەقامگیر دەکەوێتە بەر باس. چونکە ئەمنییەت دوو ڕەهەندی هەیە و زۆر جار هەندێک وڵات بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتەکەی، ڕێک ئەمنییەتی خۆی دەخاتە مەترسی و ئەوەی لە شەڕی ڕووسیە و ئوکراییندا دەبینین نمونەی ئەو ڕاستییەیە کە بەردەوام لە نێوان وڵاتەکاندا ڕوو دەدات.

لە ڕیالیزمدا سوودی ڕێژەی بۆ ئەوەی پێش بە سوودی ڕەها بگرێ چەمکێکی گرینگە بۆ ئەوەی لە نێوان هێزەکاندا ئاشتی دروست بێت. هەروەها ناسیونالیزم بە یەکێک لە دینامیزمە گرینگەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دادەنرێت. ئەو گرینگیدانەی ڕیالیزم بە ناسیۆنالیزم بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی دەوڵەتەکان یا ئەکتەرە سەرەکییەکانی نێو پەیوەندییە نێونەتەوەییە لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمدان هەر بۆیە ناکرێ ئەو دینامیزمە گرینگە وەلا بنرێت.

سەرماوەزی ٢٧٢٤

ڕیئالیزم لە ئێستاشدا زۆر بەهێزە بۆ شرۆڤەی ڕووداوەکان. بۆ نموونە هۆکاری پشتیوانی‌نەکردنی ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکە لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بناغەی ڕیئالیزمە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا دەگەڕێنەوە کە وڵات بە ئەکتەری سەرەکی دەزانرێ و پاراستنی یەکیەتیی خاک و سنووری ئەو وڵاتانە بۆ پاراستنی ئەمنییەت بە گرینگ دادەنرێ؛ هەر بۆیەش تێکدانی ئەو سنوورانە ئەگەر زۆریش بەحەق و تەنانەت لە لایەن دۆستەکانیشەوە بێت، بەئاسانی قەبوڵ ناکرێ.

٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا



(پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان ٥-١)

فواد خاکیبەیگی

## پێشەکی

لە سەردەمی هاوچەرخدا، یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و تۆڕی پەیوەندییەکانە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێک لە ئامرازە گرینگەکانی پەیوەندیکردن بە تاکەکانە لە هەر کۆمەڵگە و وڵاتێکدا.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن شارەزایان و پسپۆرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە گرینگ دادەنرێن بۆ بەشداریکردن لە

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. لە دەیەی ڕابردوودا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕاوە لە چۆنیەتیی ڕێکخستنی خەڵک و بەشداریکردن لە ڕاپەڕین و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها شۆڕشەکاندا. ئەمە لە شۆڕشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی لە بەهاری عەرەبیدا بەدی کرا. لە ئەنجامدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانکاریی زۆریان بۆ خەڵک کردوە بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی چالاکیی جۆراوجۆر، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو کە ئایا دەبێت وەک بزوێنەر یان ئامرازێکی ئاسانکاریی ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیر بکرێن؟

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت توێژینەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی متمانەی بەکارهێنەران بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بەشداری خەڵک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەم توێژینەوەیەدا لەلایەن توێژەرەوە پێداچوونەوەیەکی تیئۆری بە توێژینەوەکانی پێشوو و ئەدەبیاتی توێژینەوەکە کراوە، پاشان بە وەرگرتنی داتا لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەیدانی شیکردنەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کراوە و ئەنجامەکانی خراونەتە ڕوو.

## ڕەگەز و چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

ئەمڕۆ یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ و تۆڕەکانی پەیوندیگرتنە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکان بتوانن بە ئاسانترین شێوە و بە کەمترین تێچوو لەگەڵ تاکەکانی دیکە لە هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک بن پەیوەندی دروست بکەن و تاکەکان لە هەر کوێ بن تەنها بە هۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە کەمترین ماوەدا ئاگاداری ڕووداوەکان بن و تەنانەت کاریگەریی بەرچاویان هەبێت.

لە جیهانی ئەمڕۆدا بە بۆچوونی توێژەران و شارەزایان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئامرازێکی یارمەتیدەر دادەنرێن لە بەشداریی خەڵک لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، یەک لەوان بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان و ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. هەر وەک لە ساڵانی ڕابردوودا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبوو لە سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشەکان، بە تایبەتی شۆڕشەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەرچاوترینیان شۆڕشی بەهاری عەرەبی بوو.



سەرچاوە
Serchawe

لە ئێرانی ئەمرۆدا، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ورد (سێنفی، ژنان و خوێندکاران) و کەڵان (بزووتنەوەی ناسراو بە ژن، ژیان، ئازادی) لە پەرەسەندندان، هاوکات بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لە دوو دەیەی ڕابردوودا گەشەیسەندوە و وا دەردەکەوێ کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت وەڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە کە بریتین لە: ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا لە چ ئاستێکدایە؟ تا چ ڕادەیەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئامادەن بەشداری بکەن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا؟ چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەیی خەڵک بۆ بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان؟ و گۆڕاوە دێمۆگرافییەکانی وەکو (ڕەگەز، تەمەن، و بڕوانامە) چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەبێت؟

## گرینگیی توێژینەوەکە

**ئەم توێژینەوەیە وەکو هەموو توێژینەوەیەکی دیکە لە دوو لایەنی تیئۆری و مەیداني گرینگیی تایبەت بەخۆی هەیە کە بە شێوەی خوارەوەیە:**

### یەکەم گرینگیی تیئۆری

لەڕووی تیئۆرییەوە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی زیادبوون و کەڵەکەبوونی زانیاری لە بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە بابەتگەلێکی گرینگ و هەنووکەیی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە.

### دووهەم لەڕووی پراکتیکییەوە

**لەڕووی پراکتیکییەوە ئەم توێژینەوەیە بەسوودە بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:**

١- ئۆپۆزیسیونی دێمۆکرات کە خوازیاری بەشداری خەڵکن لە بزووتنەوەکاندا.

٢- ناوەندەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی کە خوازیاری تێگەیشتنن لە دۆخی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن لە کوردستان و ئێران و ڕۆڵی سۆشیال میدیا لەم بوارەدا.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە

**ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و بەشداریی خەڵک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە دەتوانین لە چەند ئامانجێکی بچوکتردا وردی بکەینەوە:**

١- پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای بەشدارانی نموونەکە.

٢- پێوانەکردنی ئاستی ئامادەیی بەشدارانی نموونەکە بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- دەرخستنی ئاستی پەیوەندیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٤- دەستنیشان کردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، تەمەن و بڕوانامە) لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

## پێناسەی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media)

لە فەرهەنگی میریام - وێبستەر (Merriam-Webster) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە پێناسە کراون کە بریتییە لە: جۆرەکانی پەیوەندیکردن وەک (ماڵپەڕ، تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان و وێبلاگ) لەم ڕێگایەوە بەکارهێنەران کۆمەڵگەیەکی ئۆنلاین دروست دەکەن بەمەبەستی هاوبەشی کردنی زانیاری، بیرۆکە، پەیامی کەسی یا وێنە و ڤیدیۆ.

ڕۆن جۆنیز (Ron Jones) نووسەر و میدیاکاری ئەمریکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەم شێوە پێناسەی کردووە؛ "کۆمەڵێک لە میدیای ئۆنلاین کە تاکەکان بەشدارن، پێکەوە قسە و گفتوگۆ دەکەن، زانیارییەکانیان هاوبەشی پێ دەکەن و بە هۆیەوە تۆڕی پەیوەندی نێوانیان دروست دەکەن. زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاندەرن بۆ گفتوگۆ، دەربڕینی بیروڕا لە سەر یەکتر و کەسانی دیکە و هاوبەشی کردنی زانیارییە دڵخوازەکانیان". وەک جۆنیز ئاماژەی پێ دەکات "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گفتوگۆیەکی دوو لایەنەیە، ڕێگە بە خەڵک دەدات بە دروست کردنی پەیوەندی یا پەیوەست بوون بە ماڵپەڕ و سەرچاوەکانی زانیاری."

لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە تورە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە کۆی ئەو ئامرازە ئەلکترۆنیانەی کە تاکەکان بەکاری دێنن بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی سەرهێڵ.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشداریی خەڵک:(people's participation)

بەشداری هاوواتای وشەی ئینگلیسی(Participation) ـە لە دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەم وەکوو چەمکێکی سەرەکی لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر گرینگی پێدرا و توێژینەوەی لەبارەوە کرا. بانکی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٦ لە دووتوێی کتێبێک سەبارەت بە سەرچاوەکانی بەشداری بڵاوی کردۆتەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەشداری چەمکێکی فراوانە و بەم شێوەیە پێناسەی کردووە:" پڕۆسەیەکە تاکەکان یا لایەنە پەیوەندیدارەکان کاریگەرییان لە سەر دەستپێشخەرییەکانی پەرەسەندن، بڕیارەکان و سەرچاوەکان هەیە و بە هاوبەشی هەوڵی کونترۆڵی ئەو بارودۆخە دەدەن و لێی سودمەند دەبن.

بەشداری کردەیەکی بە کۆمەڵ، هۆشیارانە و خوازیارانەیە کە هەڵگری چالاکیی هاووڵاتییانە لە بابەتە گشتییەکان و ئاستە جیاوازەکانی بڕیاردان لە پڕۆسەکانی کارگێڕی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەو ناوەندانەی کە ژیانی تاکەکان پێوەی پەیوەستە. هەروەها چەمکی بەشداری بریتییە لە پێوە خەریک بوونی خەڵک لە ڕێکخراوە ئاییینیەکان، ئەنجومەنەکان و ئەو بزووتنەوانەی کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک هەیە، بەڵام ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دابەشبوونی هێز و دەسەڵات نییە. هەروەها ئەو بزووتنەوانەی کە کاریگەری لە سەر ژیانی تایبەتیی هاووڵاتیان هەیە.

ئەکادیمیست "منوچهر محسنی" پێناسەی کردووە بەوەی؛ بەشداری خەڵک بە واتای بەکارهێنانی سەرچاوە کەسییەکانە بە مەبەستی بەشداربوون لە کردەیەکی بەکۆمەڵ.

## بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان(Social Movement)

لە ڕوانگەی "ئانتۆنی گیدێنز" بزووتنەوە کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی ئامانجێکی هاوبەش یا گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش بە ڕێگای چالاکی لە دەرەوەی ناوەندە فەرمییەکان.

ئینسکلۆپیدیای ئاکسفۆرد بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەوت یا کۆمەڵێک کردە و هەوڵ دەزانێت لە لایەن کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو کە بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک بەردەوام بەرەو ئامانجێکی تایبەت هەنگاو دەنێن یا ئینتمایان بۆی هەیە.

سەرماوەزی ٢٧٢٤

"دیلیا و دیانی" بەم شێوەیە پێناسەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە کە: " بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئەکتەرێکی گرینگ لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لەبەر ئەوەی هەم دەستپێشخەری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکەن و هەم بە هۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبن. هەروەها لە لای (تیلی) بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان شەڕێکی درێژخایەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە نێوان نەیاران و خاوەن دەسەڵاتەکان پێک دێنن.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵێکی کەم یان زۆر، بەردەوام و ڕێکخراو لە لایەن ژمارەیەکی تا ڕادەیەک زۆری خەڵک، بە مەبەستی بەدیهێنانی گۆڕانکاری یا بەرگری کردن لە ڕوودانی گۆڕانکارییە.

لەم ڕوانگەی توێژەرەوە لەم توێژینەوەیەدا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە هەوڵێکی بە کۆمەڵ بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی گشتی لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکان.

٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# سەیران مەنووچێهری: حیزبە کوردییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەبووە



**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**٢٥ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە کە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی دنیا بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی ژن یادی ئەم ڕۆژە بە شکۆوە بەرز ڕادەگرن و دەیخەنە بەشێک لە بەرنامە و پرۆگرامی کاری خۆیان. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە ٢٥ی نۆڤەمبەر و پرسی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان وتوویژێکی لەگەڵ خاتوو سەیران مەنووچێهری، چالاکی بواری ژنان هێناوەتە بەر باس.**

**شەهرام سوبحانی: خاتوو سەیران سەرەتا سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا، پێمخۆشە بەم پرسیارە باسەکەمان دەست پێ بکەم کە، مێژووی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ و هۆکاری دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان چییە؟**



سەرچاوە Serchawe

**سەیران مەنووچێهری**: مێژووی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ یادکردنەوەی تیرۆرکردنی دڕندانەی خوشکەکانی "میرابال" لە کۆماری دۆمینیکان لە ساڵی ١٩٦٠، ٢٥ی نۆڤەمبەر وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کراوە. ئەم خوشکانە چالاکی سیاسی بوون دژی دیکتاتۆریی "ڕافایل تروخیلۆ" هەڵوێستی بوێرانە و ئازایانەیان نواندووە. کوشتنی ئەم دوو خوشکە بوو بە هێمای توندوتیژی و چەوساندنەوەی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا. ئەم ڕۆژە وەک بیرخستنەوەیەکی کاریگەر بۆ پرسی ژنان و بەتایبەت بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە هاندەرێکە تاکوو ژنان و چالاکی فێمێنیستی زیاتر و شێلگیرانەتر لەسەر داخوازی و مافەکانی خۆیان پێداگرتر بن.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا بەتەنیا بە دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێت بۆ ئەو بابەتە کیفایەت دەکا و چارەسەرە؟

**سەیران مەنووچێهری**: بێگومان نەخێر، ئەم ڕۆژە جیا لەوەی وەبیرهێنەرەوەی کارەساتێکی مێژوویی جیهانی دژی ژنانە، تەنیا ڕۆژێکی سیمبولیکە و دەتوانێت تیشکی زیاتر بخاتە سەر پرسی پێشێلکاریی مافەکانی ژنان و پرسی ژن بەگشتی. دەبێت هەوڵ بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر چڕتر بکرێتەوە و نابێت تەنیا لە یەک ڕۆژی ساڵدا قەتیس بکرێتەوە و هەروەها دەبێت ڕۆژانە کار لەسەر نەهێشتنی تاوانە جۆراوجۆرەکانی دژ بە ژنان بکەین وهەروەها ئەرکە و پێویستە کە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە و بەختەوەر و پێشکەوتوو بەشێکی گرنگ و سەرەکیی ئامانجەکانمان بێت.

**شەهرام سوبحانی**: بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی پێیان وایە کە هەتا پێناسەکانی کۆمەڵگە بە نیسبەت ژنان گۆڕانی بەسەردا نییە، ئەوا توندوتیژیش دژ بە ژنان هەر بەردەوام دەبێت، ئەو پێناسەگەلە چین؟ و چۆن دەکرێ بگۆڕدرێن؟

**سەیران مەنووچێهری**: لێرەدا گرنگە کە بزانین کۆمەڵگە و بەتایبەت دەسەڵاتدارانی حکوومەت ئەرکیان چییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان. من وەڵامی ئەم پرسیارەتان دابەش ئەکەم بەسەر دوو دەستەدا و بەکورتی ئەتوانین بڵێین:

**ئەلف ـ کۆمەڵگە:**

- دروستکردنی شوێنی سەلامەت: دروستکردنی شوێنی سەلامەت بۆ ژنان بەمەبەستی ڕاپۆرتدانی توندوتیژی و داوای یارمەتی.
- پاڵپشتی ڕێکخراوەکانی ژنان: پاڵپشتیکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کار دەکەن بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان.

- داکۆکی لە گۆڕانکاری: پاڵپشتیی یاسا و سیاسەتەکان دەکات کە ژنان دەپارێزن و تاوانباران لێپرسینەوە دەکەن.
- بەرەوپێشبردنی یەکسانی ڕەگەزی: بەرەوپێشبردنی یەکسانی ڕەگەزی لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەدا

ب . حکوومەتەکان:

- وەبەرهێنان لە بەرنامەکانی خۆپاراستن: وەبەرهێنان لەو بەرنامانەی کە ڕێگری لە توندوتیژی دژی ژنان دەکەن.
- جێبەجێکردنی یاساکان: جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە ژنان لە توندوتیژی دەپارێزن.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پاڵپشتی: پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پشتیوانی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی.
- کۆکردنەوەی زانیاری: کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توندوتیژی دژی ژنان بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتن و دیاریکردنی بوارەکان بۆ باشترکردن.

ئەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە ئێمە وەکوو ژنانی کوردستان و تاکی ژنی کوردستانی، ناتوانین لە چوارچێوەی حکوومەتێک کە نیشتمانمانی داگیر کردووە و ڕۆژانەش بەردەوام زوڵم لە خۆمان ئەکات، بە مافەکانمان بگەین؛ بۆیە ئێمە وەکوو ژنانی کوردستان دوو شۆڕشی گەورەمان لە بەردەمدایە و دەبێت هاوکات لەگەڵ یەک بڕواتە پێش کە یەکیان شۆڕشێکی هزریی کۆمەڵایەتی و کولتووریە و ئەوی تر شەڕ بۆ ڕزگاریی نیشتمان و سەربەخۆییی کوردستانی داگیرکەراومان و سەروەریی سیاسیی نەتەوەکەمانە.

**شەهرام سوبحانی**: هەر پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، ئایا شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" وەکوو پێویست توانی ئەو گۆڕانکارییە بەسەر ئەو پێناسەگەلەدا بێنێ؟

**سەیران مەنووچێهری**: تا ڕادەیەکی باش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبووە و بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە بووە کە بە شۆڕشێکی بەتەواوەتی ژنانە و یەکەمین شۆڕشی فێمێنیستیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، ئەتوانین بێژین ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردستانی گۆڕیوە و تەنانەت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کاریگەریی بەرچاوی هەبووە. بەڕاشکاوی و بەکورتی لە وەڵامی پرسیارەکەتاندا دەڵێم بەڵێ.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەرانبەر بە پرسی ژنان و داکۆکی لەسەر مافەکانی ژنان، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟



سەرچاوە
Serchawe

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

**سەیران مەنووچێهری**: ئەگەر باس لە سەردەمی نوێ بکەین و ئاوڕێک لە ڕابردوو نەدەینەوە کە تەنانەت ژنی سەرکردەی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستانی و هزرڤانی بەناوبانگ و تەنانەت دامەزرێنەری ڕێکخراوی فێمێنیستیی کوردستانیمان هەبووە، هەر لە سەرەتای دروستبوونی حیزب و ڕێکخراوی مۆدێڕنی سیاسی لە کوردستان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بووە، تەنانەت لەو سەردەمەشدا ئێمە حیزبی تایبەت بە ژنانمان هەبووە بۆ بەشداری لە پرس و کایە سیاسییەکان و لە هەمووی گرنگتر بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان وەک ژنان؛ هەر لەو کاتەوە تاکوو ئێستا حیزبە کوردستانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دواکەوتوودا بە هەوڵ و هیمەتی خودی ژنانی ئازا و تێکۆشەر و لێهاتوو، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان لەسەر بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان هەبووە کە بەم هۆیەشەوە کۆمەڵگەی کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخواز و یەکسانیخواز ناسراوە. بەڵام ڕەنگە ئێستە لە بەرەوپێشبردنی ئەم ئەرکە گرنگەدا تۆزێک کەمکاری بە حیزبەکانمانەوە دیار بێت، هیوادارم هەوڵ بۆ لابردن و نەهێشتنی ئەم کەمکارییە بدەن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەرکی چالاکوانان و خەباتکارانی سیاسی لەم پێوەندییەدا دەبێت چی بێت و چۆن دەکرێت کاریگەریی ئەرێنییان لەو پێوەندییەدا هەبێت؟

**سەیران مەنووچێهری**: چالاکان و خەباتکارانی سیاسی دەبێت زیاتر گرنگی بەم چەند خاڵەی خوارەوە بەدەن:

**بڵاوبوونەوەی هۆشیاری**

- هاندانی تاک، کۆمەڵگە، ڕێکخراو و حکوومەتەکان بۆ هەڵگرتنی هەنگاو بە مەبەستی ڕێگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

**داوای دادپەروەری**

پشتگیریکردن لە یەکسانیی ڕەگەزی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ژنان و چالاکی فێمێنیستی وەک پێشتر ئاماژەم پێ کردوون، دەبێت زیاتر و شێلگیرانەتر لەسەر داخوازی و مافەکانی خۆیان پێداگرتر بن.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو سەیران سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**سەیران مەنووچێهری**: سپاس بۆ بەڕێزتان، ئێوەش ماندوو نەبن.

٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# ئاگربڕێکی پێویست، بەڵام لەق



سمایل شەرەفی

لەگەڵ ئەوەی هەمیشە دەسپێکردنی شەڕ لە کۆتاییپێهێنانی ئاسانترە، بەڵام کەس خۆی لێ بەخاوەن ناکات و لایەنەکان هەوڵ دەدەن یەکتری پێ خەتابار بکەن. بەڵام کە دەگاتە قۆناغی ئاشتی و سوڵح و ئاگربڕ، لایەنەکانی شەڕ هەرکامە و خۆیان بە براوە و سەرکەوتوو دەزانن و خەسار و قوربانییەکانیش بە تێچوو و خەساری "پێویست" بۆ "سەرکەوتنەکەیان" لەقەڵەم دەدەن و پێداهەڵگوتن دەستپێدەکات. شەڕی یەکساڵی ڕابردووی نێوان ئیسرائیل و حەماس و حیزبوڵڵای لوبنانیش کە بە بێناوهێنانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناشێ باس بکرێ، بەهەمان ئاقاردا هات و ڕۆشت.

ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و لوبنان بۆ هەموو لایەنەکانی؛ ئەمریکا و ئێران، ئیسرائیل و حیزبوڵڵا و حەماس و تاقم و گرووپەکانی دیکەی نیابەتی، بۆ ڕووسیە و ئۆکراین و بۆ وڵاتانی عەرەبی و لە هەمووان گرینگتر خەڵکی بەڵالێدراوی غەززە، پێویست و زەروری بوو. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێدرا سرووشتیە کە لەم ئاگربەستەدا لایەنەکان هەرکامەو خۆی بە براوە و بەرانبەرەکەشی بە دۆڕاو دەزانێ. ناتانیاهۆ دەڵێ؛ ئێمە ئەوەی ویستمان وەدەستمان هێنا و لق و پۆپەکانی

ئۆختاپووستمان - کە مەبەستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە - ناکارا و فەلەج کرد و دوای ئەم سەرکەوتنە زیاتر سەرنجمان دەخەینە سەر بەرنامەی ناوکیی ئێران. کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا و هێزە نیابەتییەکانیش پێیان وایە "ئەوە هێزی بەرەی مقاومەت بوو کە ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی تووشی خەسار و پاشەکشە کرد و تەسلیمی ئاگربڕی کردن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت؛ لە کەس شاراوە نیە کە دۆڕاوی سەرەکیی ئەم شەڕە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە جیا لە بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی خەڵکی وڵاتەکە لە پێناو سیاسەتە شەڕئەنگێزەکانی خۆی، لایەنەکانی وەک حیزبوڵڵا و حەماس و حووسییەکان و لایەنی دیکەشی تووشی زیان و زەرەرێکی زۆری گیانی، ماڵی و تەسلیحاتی کرد، بە جۆرێک کە هەستانەوە و خۆگرتنەوەیان ئەستەمە. کۆماری ئیسلامی بە نانەوەی ئەم شەڕە و کارکردن بۆ بەرفراوانکردنەوەی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی لە فەلەستین و لوبنان کە تیایدا زیاتر لە پەنجا هەزار کەسی مەدەنی کوژراو و نزیک بە دووسەد هەزار کەس بریندرا و هەروەها سێ میلیۆن و نیو ئاوارەی لێ کەوتەوە.

وەک ئاماژەی پێدرا ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و لوبنان بۆ هەموو لایەنەکانی ئەم شەڕە پێویست بوو. بۆ ئەمریکا کە ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕا بەسەرنجدان مانەوەی دوو مانگ دەسەڵاتی بایدێن و هاتنە سەر کاری ترامپ لە کۆشی سپی پێویست بوو. جیا لە هاتنەوەی دۆناڵد ترامپ کە ڕوانین و سیاسەتی خۆی بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و جیهان هەیە و پێشبینی دەکرێ ڕێگەیەکی تا ڕادەیەک جیاوازتر لە بایدێن بگرێتەبەر، پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە کۆشکی سپی کە دەبێ تا دوو مانگی دیکە بەڕێوە بچێت، جۆرێک لە ئاسایش و سەقامگیریی پێویستە. بۆیە دێموکراتەکان پێش ئەوەی لە کۆشکی سپی بچنەدەر دەبوا کارێکی ئەرێنی بخەنە سەر کارنامەی پڕ لە کەموکووڕییان و جۆرێک سەقامگیری دابین بکەن. لەو بەری چۆمیشەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا بینەقاقا لە قەیرانگەلی جۆراوجۆری نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەییدا ڕۆچووە و بە هاتنەوەی ترامپیش هێندەی دیکە زراوی چووە، ملی بۆ ئەم ئاگربەستە ڕاکێشا. عەلی لاریجانی، ڕاوێژکاری خامنەیی لە سەردانەکەیدا بۆ لوبنان، سوریە و بینینی لایەنەکانی نزیکی خۆی لە عێراق، ڕاسپێردرابوو کارئاسانی بۆ ئەم ئاگربڕە بکات. دەوڵەتی ناتانیاهوش کە هەم بە هۆی ناڕوونیی چارەنووسی هاووڵاتیانی بەبارمەتەگیراو و ناکۆکییەکانی نێو کابینەکەی لەلایەن خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنەوە لەژێر گوشاردایە، ناچار نەیتوانی پێشنیاری ئەمریکا و فەڕانسە بۆ ئاگربڕ قبووڵ نەکات.

لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت سێ وڵاتی عەرەبستان، میسر و قەتەر کە لە ڕەوتی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا لە چاو ڕابردوو خەمساردییان هەڵبژارد، کە شەڕ کەوتە باشووری لوبنان هەوڵەکانیان لەسەر گەیشتن بەم ئاگربڕە چڕ کردەوە و بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێی وابوو بۆ هەمیشە پەیمانی ئیبراهیم، واتە ئاساییکردنەوەی پێوەندیی نێوان وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیلی لە گۆڕ ناوە، هیچ دوور نیە دوای دەستبەکاربوونی ترامپ لە کۆشکی سپی، ئەم پەیمانە بخرێتەوە گەڕ.

سەرماوەزی ٢٧٢٤

ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و لوبنان هەم بۆ حیزبوڵڵای لوبنان و هەم بۆ حەماس کە بە کوژرانی زۆرێک لە سەرکردە و ڕێبەرانیان و تێکڕمانی سەرخان و ژێرخانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازییان لە دۆخێکی شپرزەدان، دەرفەتێکە کە بتوانن بە خوێندنەوەی ڕۆحی سەردەم و تێگەیشتن لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەمیشە وەک کارتێک لە پێناو مەرامە ڕەشەکانی خۆیدا بەکاری هێناون، ڕێگایەکی درووست و لۆژیکی بگرنەبەر.

ئەوەی لە نێوان ئەم شەڕ و ئاگربڕ و ئالۆزییانەدا کەمترین ئاوڕی لێ ناردرێتەوە و تەنانەت لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی نێوان ئیسرائیل و لوبنانیشدا چووکەترین ئاماژەی پێ نەکراوە، پرسی مێژوویی فەلەستینییەکانە. پرسی گەلێک کە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە هەر لە غەززە تووشی گەورەترین کارەساتی مرۆیی کرا و ماڵ و حاڵیان لێ وێران بوو. ئەوە لە حاڵێکدایە هەموو ئەو شەڕ و ئاژاوە و پیلانگێڕیانە لەژێر ناوی "قەزییەی فەلەستین"ەوە دەکرێ، بەڵام ئێستا ئەوەی باسی لێوە ناکرێ قەزییەی فەلەستینە. خەڵکی مافخوازی فەلەستین دەبێ باش لەم دۆخە تێبگەن، دەبێ بزانن کە ئەوەی هەوڵی لەپەراوێزکەوتنی پرسە مێژووییەکەی ئەوانی داوە و "ئینتفازەی ڕاستەقینە"ی فەلەستینییەکانی بەو ئاقارەدا بردوە، تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بە پێچەوانەی هەموو ئەو درۆ و ئیدیعایانەی کە زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا کردوویەتی و دەیکات، کۆماری ئیسلامیی ئێران نە دۆست و پشتیوانی فەلەستینییەکانە و نە قەتیشی پێخۆشە فەلەستینییەکان بەو مافەنە بگەن کە دەیانهەوێ.

بەخۆشییەوە ئێستا هەم لەنێو فەلەستینییەکان و هەم لەنێو عەرەبەکانی لوبناندا کەم نین ئەو کەس و لایەنانەی کە بە درووستی لە سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتوون و وێدەچێ ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو زیاتر لە هەمیشە نێوەرۆک و ماهییەتی ئەم ڕێژیمەی بۆ گەلانی ناوچەکە ڕوون کردبێتەوە.
خاڵەکانی ئاگربڕی نێوان ئیسرائیل و لوبنان کە بە پێی ئەوەی بڕیارەکان شوێن و ئادرەسی دیکەیان هەیە، جۆرێک لە ناسەقامگیربوون یان بە واتایەکی دیکە تەمەنکورتیی پێوە دیارە کە لانیکەم تا دەستبەکاربوونی دۆنالد ترامپ لە کۆشکی سپی وێدەچێ درێژە بکێشێ. ئەوەی لەم پێوەندییەدا ڕوونە، ڕۆڵی شەڕئەنگێزانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە قەت جێی باوەڕ نیە. دانیشتنی ئورووپاییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەمەڕ پرسی ناوکیی ئێران لەم ڕۆژانەدا دەستپێدەکاتەوە کە ڕوانین و هەڵوێستی ئورووپاییەکان و بە گشتی هەڵوێستی کۆمەڵگەی جیهانی لەم پرسەدا ئەگەر لەسەر ڕەوتی پێشوویان بچێتە پێش، هیچ گومانی تێدا نیە ناتوانێ فاکتەرێک بێت بۆ لغاوکردنی کۆماری ئیسلامی و سەقامگیربوونی ئاسایش و ئەمنیەت لە ناوچەکە.

٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# ئایا حیزبوڵڵا دەتوانێ هەستێتەوە؟



**هەردی سەلیمی**

پاش گوشارەکانی ئەم دواییانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئاگربەس لە لوبنان و غەززە و ئیسرائیل، ئاگربەسێکی دوومانگە بۆ بەرەی شەڕی ئیسرائیل و لوبنان ڕاگەیەندرا. لەم ئاگربەسەدا کە ئامریکا و فەڕانسە پێشنیاریان کردووە، حیزبوڵڵا ناچار کراوە بەوەی حزووری چەکدارانەی لە باشووری لوبناندا نەبێ و هەتا باکووری ڕووباری لیتانی کە لە ٣٠ کیلۆمەتریی سنووردایە، هێزەکانی بکشێنێتەوە. پاراستنی ئەو سنوورەش کەوتووەتە ئەستۆی هێزەکانی ئەرتەشی لوبنان و هێزەکانی پاراستنی ئاشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئامریکا چاودێری بەسەر بەڕێوەچوونی ئاگربەسەکەدا دەکات.

بەدوای ڕاگەیاندنی ئەم ئاگربەسەدا لایەنگرانی حیزبوڵڵا شادییان دەربڕی و وەک سەرکەوتنێک پێناسەیان کرد، ئەمە لە کاتێکدایە کە شەڕی ئەمجارەی حیزبوڵڵا و ئیسرائیل بەپێچەوانەی شەڕی ساڵی ٢٠٠٦، زۆر پرتێچوو بوو بۆ ئەم ڕێکخراوەیە. جگە لە حیزبوڵڵا دەوڵەتی بایدێنیش پاش ساڵێک بەڵێنی ئاگربەس، ئەم ئاگربەسەی بە سەرکەوتنێکی

دیپلۆماتیک بۆ خۆی لەقەڵەم دا. بەڵام پاش زیاتر لە ساڵێک لەم شەڕە بۆمان دەردەکەوێ هیچکام لەم دوو لایەنە، بەتەواوی بەو ئامانج و ویستانەی وا پێش لە شەڕەکە دیارییان کردبوو، نەگەیشتوون. ئیسرائیل باسی لە چەککردن و بەجۆرێک لەنێوبردنی یەکجاریی حیزبوڵڵا دەکرد، لە بەرامبەریشدا حیزبوڵڵا بەڵێنی دابوو هەتا ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە غەززە لە هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی بۆ سەر خاکی ئیسرائیل بەردەوام دەبێ. هەرچەند ئەم ئاگربەسەش زۆر لەرزۆکە و هەر لەم سەرەتاوە لایەنەکان یەکتر بە ژێرپێنانی ڕێکەوتنەکە تاوانبار دەکەن، بەڵام دەبێ هەتا کۆتاییی مۆڵەتە دیاریکراوەکە چاوەڕوان بین بزانین چ ڕوو دەدات.

نەتانیاهوو سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە یەکەم دژکردەوەیدا ڕایگەیاند ئەم ئاگربەسە دەبێتە هۆی تەریکبوونی حەماس و هەروەها تەرکیزی زیاتری ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. لەگەڵ ئەوەش بەپێی قسەی کاربەدەستانی ئیسرائیل، ئەم وڵاتە لە ئەگەری هەستکردن بە مەترسی بۆی هەیە ڕێکەوتنەکە هەڵوەشێنێتەوە و هێرشەکان دەست پێبکاتەوە، کە ئەم ئیدعایە لەلایەن حیزبوڵڵاوە ڕەد کراوەتەوە؛ لە هەر حاڵدا لێرەدا بەخێرایی بەراوردێک لە نێوان پاش شەڕی ٣٣ ڕۆژە و پاش ئەم شەڕەی ئێستا دەکەین، بزانین حیزبوڵڵا لە چ دۆخێکدایە.

ساڵی ٢٠٠٦ حیزبوڵڵا خۆی وەک براوەی شەڕەکە ناساند و ڕەمزێکیان لە بەوتەی خۆیان خۆڕاگریی حیزبوڵڵا دروست کرد، هەروەها حەسەن نەسروڵڵا وەک ڕێبەری ئەم خۆڕاگرییە، دەرخواردی لایەنگرانیان درا کە کاریگەریش بوو. هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان وێرانییەکی زۆری لێکەوتەوە، ناوەندی چاککردنەوەی حیزبوڵڵا ناسراو بە "جهادالبنا" بە پێچەوانەی دەوڵەتی لوبنان زۆر بەخێرایی کاولکارییەکانی ئاوەدان کردەوە و توانیی ئاوارەکان جێگیر بکاتەوە، کە ئەمەش بووە هۆی سەرکەوتنێکی دیی ئەم حیزبە لەنێو خەڵک و لایەنگرانی. پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوی و لۆجیستیکیی سووریە و ئێران، بووە هۆی ئەوەی زۆر زوو بتوانن لە ڕووی چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی شەڕکەرەکانیان خۆیان بەهێز بکەن، بەجۆرێک کە بوونە خاوەنی ١٥٠ هەزار مووشەک. نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێز لەلایەن زلهێزانەوە بۆ بەرتەسککردنەوەی چالاکییەکانی ئەو بەرەیەی خۆیان بە بەرەی موقاوەمەت دەزانن، یارمەتیی حیزبوڵڵای دا زووتر خۆ ڕێک بخاتەوە و زیاتریش خۆی تەیار بکات. لەگەڵ ئەمەشدا لە کەمتر لە دوو ساڵ لەو شەڕە و هەر بەبۆنەی ئەو خۆ بەسەرکەوتوو ناساندنە توانیی پێگەی خۆی لە دەوڵەتی لوبناندا بەهێزتر بکات. کۆی ئەم هۆکار و فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی حیزبوڵڵا بەهێزتر بێت لەچاو ئەوکاتەی کە شەڕەکە ڕووی نەدابوو.

بە پێچەوانەی نزیک بە دوو دەیە لەمەوبەر ئێستا حیزبوڵڵا بۆ خۆبەهێزکردنەوە، لەمپەری زۆر جددیی لەبەردەم دایە: ڕەنگە لە هەمووی گرنگتر نەبوونی ڕێبەرییەکی بەهێز بێت، لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە ڕێبەری و کادری پلەسەری ئەم حیزبە



سەرچاوە
Serchawe

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

بەتەواوی توانای خۆڕێکخستنەوەی ئەم حیزبەی لاواز کردووە. ئەمجار تێزی "سەرکەوتن" دەرخواردی خەڵک نادرێ، چون نەتەنیا سەرکەوتنێکی تێدا نەبوو تەنانەت بە شەڕهەڵایسێنەریش دەزانرێ و لەو شەڕهەڵایسانەشدا ناچار بە دانی تێچووی زۆر و پاشەکشێی زیاتر بووە، کە ئەمەش تا ئێستا لە ڕوانگەی گشتیدا کاریگەریی نەرێنیی هەبووە. لە ڕووی نیزامییەوە زەبری کوشندەی لێکەوتووە و چەکوچۆڵ و سەکۆی مووشەکی و تونێلێکی زۆری بەتەواوی لەنێو چووە. ئامریکا و فەڕانسە بە پێچەوانەی جاری پێشوو دەیانهەوێ مووبەمووی بڕیارنامەی ١٧٠١ـی شۆڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە بچێت، کە ئەمەش بەربەستێکی جددیی ترە بۆ چالاکییەکانی حیزبوڵڵا. دەستێوەردانی حیزبوڵڵا لە شەڕی نێوخۆیی سووریە و هەروەها دەرکەوتنی زیاتری پرۆکسیبوونی، پێگەی ئەم ڕێکخراوەی پتر لە پێشووتر لەلای وڵاتە عەرەبییەکان دابەزاندووە و سەمپاتییەکییان بۆی نییە. یەکێکی دیکە لە لەمپەرە هەرە گرنگەکانی بەردەمی حیزبوڵڵا لە ئێستادا، دەستئاوەڵا نەبوونی کۆماری ئیسلامییە بۆ یارمەتیدان. کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لەژێر گوشاری نێودەوڵەتیدایە و هەروەها قەیرانی ئابووریی ئێرانیش کارێکی کردووە، ئێران نەتوانێ وەک پێشووتر یارمەتیی حیزبوڵڵا بدات. لەگەڵ ئەوەش شەڕی چەند ڕۆژی ڕابردووی سووریە و تواناییی نیزامیی ئەم وڵاتەی لاوازتر کردووە و کوریدۆری سووریە وەک جاران ناتوانێ فریای حیزبوڵڵا بکەوێ، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سووریە لە هەڕەشەکانی ئیسرائیلیش ترساوە و هەوڵ دەدات لە کۆماری ئیسلامییش دوورتر بکەوێتەوە.

هەرچەند ئەستەمە حیزبوڵڵا بە لەنێوچوو بزانین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هۆکار و فاکتەرانە بۆمان دەردەکەوێ هەستانەوەی ئەم ڕێکخراوە و خۆبەهێزکردنەوەی زۆر دوور لە چاوەڕوانییە. بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گرنگترین پرۆکسییەکانی لاواز بووە، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامییش لە ڕووی نیزامییەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی لاوازتر بووە، کە ئەمەش دەچێتە سەر دەفتەری حیسابی شکستەکانی ئەم دواییانەی ئەم ڕێژیمە.

**١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**

# دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان و دەرکردنی نامیلکەی "ئاوارە"



**ئەحمەد حوسێنی**

نازانم کامتان سەمفۆنی لوورەی خۆمپارە و شریخەی فانتۆم و ویزەی گوللە و تەقەی وەک برێشکەی قەنناسەتان لە بیرماوە؟ وەچەی ئێمە لە هەرەتی لاوەتیدا، پاش داگیرکرانی کوردستان دەگەلی ژیاین و شەوانە لە ژێرخانی خانووە قوڕینە بە عەرزا ڕۆچووەکانا دەگەڵ خزم و دراوسێکانا خۆمان حاشار دەدا و پادگان و بنکە سەربازییەکانی شار وەک سەرخۆشیکی جەزمبوو بێ پسانەوە شاریان دەکوتا.

شەوانی شار و هێرشی بێبەزییانەی سوپای هێرش بۆ سەرکوتی نەتەوەیەکی زولملێکراو و بێدەرەتان و بێکەس، ئێستاش لەزەینمدا ماوە و دەنگ و دیمەنەکانی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە.

پوور ئامینی دراوسێمان لە قوژبنێکی ژێرزەمینەکە خۆی مات دابوو و بە عەرەبی ئایەتەلکورسی و چەند دوعای‌تری بە سەر ژوورەکەدا دەخوێند. من نە شارەزای شەڕ بووم و نە لە ئایەتەلکورسی پوورئامین دەگەیشتم، بەڵام گوێم لە لەشکری تاران

بوو کە بەدەم " اللەاکبر" وتنەوە شاریان دەکوتا و خەڵکیان دەکوشت. دوعاکان جارجار بە دەنگی تەقەی خەست و تەقینەوە بەهێزەکانی خۆمپارە کپ دەبوون و نەدەبیستران. دیاربوو دەنگی چەک بە سەر دوعادا زاڵە. هەرچەند پوورئامین باوەڕی تەواوی بە کاریگەریی دوعاکانی هەبوو و منیش ئاواتم دەخواست وابێت و دوعاکان بتوانن پێش بەو خۆمپارەبارانە بگرن و لەو ترس و خۆف و دڵەخورپە ڕزگارمان بێت، بەڵام وا نەبوو و شەڕ بەردەوام بوو. ماڵ کاول دەبوون و مرۆڤی کورد دەکوژران.

شەو بەرەو بەیان دەخوشی و تەقە کەم دەبۆوە و من بیرم لە ئێستا و دواڕۆژ دەکردەوە. بە پشتیوانیی پەندی پێشینیان " تەنگانان بەریان کورتە"، دواڕۆژم گەش دەبینی و خۆشم لە قەرەی کات و چۆنیەتی گەیشتن بەو ڕووناکییە نەدەدا و نەشمدەزانی شەڕ چارەنووسمان بۆ کوێ دەبات. ئەو شەوە کۆمەڵێک پرسیار منیان ڕاچڵەکاند. ڕاچڵەکانێکی ئەوتۆ کە تا ئێستاش بەرز و نزمی شەپۆلی لێکەوتەکانی، ڕایەڵکەی فکر و سەربردە و بیرەوەرییەکانم دەجووڵێنن و وەک سازێکی جارجار ناساز ئاوێتەی چرکەکانی ژیانمن.

لاوێکی ساکار بووم و زانیاریم لە سەر چۆنیەتیی کەین و بەینی سیاسی و ژوورەکانی بڕیاری هەرێمی و گەردوونی نەبوو و پانتایی دەرئەنجامەکانی "شەڕ"یشم وەک واقع هەڵنەدەسەنگاند. بیستبووم؛ مادام شەڕ دەرگای پێ گرتی، مرۆڤ ناکرێت بێدەنگ و بێهەڵوێست بێت. بێدەنگبوون شەڕ ناوەستێنێت و تەنیا شەڕ و خۆراگری دەتوانێ کۆتایی بە شەڕ بێنێت. بیستبووم بۆ ئەوەی بتوانی شەڕ بکەی پێویستە " هێز"ت هەبێ و هێزیش لە یەکگرتوویی و ئیرادەدایە.

چێشتەنگاوێکی درەنگ بە پارێزەوە چوومە نێو شار. ئاسەواری تەقەی شەوی ڕابردوو بە ڕوخساری خەڵک و شارەوە دیار بوو. بریندار و کوژراو و ویرانبوونی ماڵ و حەوشە و دووکانی خەڵک بەرهەمی ئەم شەوە بوو. ڕستە و وشەکانی درووشم و تیۆری نێو کتێبەکان لە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون. لە هەواری ئەم ئەزموونە وچانم دەدا و فاکتی ئەویتریانم دەکردە پێوەر تا سەر لەو دۆخە دەربێنم. جێگە و شوێن و پێگەی زووربەی ئەو سەردانانەم نەدەزانی.

زوڵمی بەئاشکرا وایکرد بڕیار بدەم بێدەنگ نەبم و بە پێی توانا بە گژدابچمەوە. ئەم بڕیارم شارەزایانە بوو یان نا، بڕیارێکی ڕاست بوو یان نا؟! نازانم. بەڵام دەزانم بڕیارێکی بەجێ و بوێرانە بوو. تەقەی ئەو شەوە بێگوومان خەڵکێکی زۆری هەراسان کردبوو، بەڵام ئەوانەی ڕاچڵەکابوون زۆر نەبوون. دەبوو شتێک بکەین. کەوتمە شوێن دۆزینەوەی ئەم لاوانەی تەمای ڕابوونیان بوو و سەرئەنجام لە شەوێکی سامگرتووی پاییزدا کە بەرقی شاریان چراندبوو و کوێرانە بۆ ئیسپاتی وجوودی خۆیان تەقەیان لە ماڵان دەکرد، کۆبوونەوەی یەکەمی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتمان پێکهێنا. پاشان

کۆبوونەوەکان لە گەرەکەکانی بەردەقووچ و کەمەربەندی و تەربیەتبەدەنی بەردەوام بوون.

لاوەکان زوربەیان لە قۆناغی دواناوەندی دەیانخوێند و لە بنەماڵەیەکی هەژار گەورە ببوون. ساکار و کەم ئەزموون و دڵسۆز بوون. دەیانەویست کورد بن، ئازاد بن و لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و مێژووی ناوچەکەدا دەخیل بن. هیواکانیان وەک مرواری بێ غەل و غەش بوو و تەنیا ئومێدیان دەخواست باری گوزەرانی هەژاران باش کەن. وردە وردە خۆمان پتەو و ئامادە دەکرد و شەڕی سێمانگە دوایی هات و ڕەوتی وتووێژ دەستی پێکرد. بنکە و بارەگامان بەئاشکرا لە نێوشار دانا. کەم بووین بەڵام کاریگەربووین و وردە وردە ڕێژەی لایەنگرانمان زیادی کرد. کاری ڕێکخراوەیی بۆ فێربوونی بەیەکەوەبوون و پەروەردە بە گشتی و ڕوشەنگەری بەتایبەتی لە ریزی بەرنامەکانمان دابوون. بە هیمەتی پشتیوانی هێندێک خەڵک بە تایبەت بەڕێز "ساڵح"(١) کتێبخانەیەکمان دانا و لاوەکان دەیانتوانی کەڵکی لێوەرگرن.

کوردی نووسین و خوێندنەوە زۆر دەگمەن و لاواز و زانیاری سیاسی کەم بوو بۆیە بڕیارمان دا نامیلکەیەک بە کوردی لە سەر مەفهووم و دەستەواژەکانی سیاسی و نەتەوەیی بڵاو بکەینەوە تا ئاستی زانیاری ئەندامان بەرێتەسەر و هاوکات فێری کوردی نووسین بن. بەوشێوە نامیلکەی "ئاوارە" ئورگانی لاوانی سەردەشت لەدایک بوو.

زۆر سەخت و دژوارە کورە هەژار بی و لەگەڵ کۆمەڵێک هەژاریتر بە گژ کۆمەڵێک نەریت و لەمپەر و گاشەبەردی بێڕەزای ناو زەینی کۆمەڵگادا بچیەوە. نە ئەزموونی نووسینمان بوو نە کەرەسە و ئامرازی چاپی بڵاڤۆک و نامیلکە. ئەوانەیشی کە گۆیا لێزان و کارلێهاتوو بوون لە " زکری دەوڵەت نەخۆش دەبێ بەڵام نامرێ"دا، جەزم بوون و قەرەی ئیمە نەدەکەوتن.

نەسرین(٢) دەگەڵ دەستە خوشکەکەی کە خزمیشی بوو جارجار سەردانیان دەکردین و لە لاواندا بوون. کیژێکی نیشتمانپەروەر و ڕێکوپێک و چالاک بوو و لە دانشسەرای مقدماتی بۆ مامۆستایی دەیخوێند. داوام لێکرد بۆ تایپی نامیلکەی "ئاوارە" یارمەتیم بدەن. سەرئەنجام ئێواران بە دزی لە ئامرازی قوتابخانەی "خەدەمات" کەلکمان وەردەگرت و "ئاوارە"مان تایپ و پاشان چاپ و بڵاو دەکردەوە و ئەوەش بوو بە یەکەم نامیلکەی سیاسی و سەرەتای پرۆسەی کوردی نووسین(٣) لەو قۆناغەی مێژووی شارەکەمان. دیارە ئەم پرۆسەیە پاشانیش هەر لە لایەن ئەو لاوانەوە بە شێوازی جیاواز و لە قۆناغیتردا بەردەوام و بوو بە بناغەی گەشەی سیاسی و شوناسخوازی و پەرەگرتنی زمانی کوردی.

١- کاک ساڵح مرۆڤیکی خویندەوار و چەپ بوو و کتێبێکی زۆری پێشکەش کردین.



سەرچاوە
Serchawe


سەرماوەزی ٢٧٢٤

٢- نەسرین، مەبەست شەهید "نەسرین حەدداد"ە کە هەموو تەمەنی لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد خەباتی کرد و لە هێرشی مووشەکیی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوو

٣- قۆناغی دوای شار، کردنەوەی قوتابخانەکانی ناوچەکە بە کوردی بوو کە کوردی خویندن بوو بە شتێکی ئاسایی.

١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# خەڵاتێک بۆ سوورخەڵاتان




**عەلی بداغی**

بوێری لە مەیدان و ئازایەتی لە بڕیار وەک یەکێک لە خسڵەتەکانی بزووتنەوەی ژینا لەو کاتەوە دەرکەوت کە بنەماڵەی ژینای جوانەمەرگ و بەناحەق کوژراو نەچوونە ژێر باری گوشار و تەنانەت هەڕەشەی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و، ئامادە نەبوون بە دزی و دوور لە چاوی خەڵک تەرمی ژینای کوردان بینێژن. ئەم ئازایەتی و بوێرییە دواتر لەوەدا بەرجەستە بوو کە کچان و کوڕان و پیر و لاوی سەقز خاوەندارەتییان لە ڕۆڵە شەهیدەکەی شارەکەیان و نەتەوەکەیان کرد. بەڵام ئەمەش کۆتایی چیرۆکەکە نەبوو، شار و شەقامەکانی کوردستان خرۆشان و بە ئازایەتی کوڕان و کچانی بوێر ڕەنگڕێژ کرا و حەماسەیەک خوڵقا وێنەی نەبوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە کوردستانی بە دەروازەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دەبینی و زراوی لە پەلهاویشتنی شۆڕشەکە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران چووبوو، بێبەزەییانە کەوتە سەرکوتی خۆپێشاندەرانی کورد. بەمجۆرە بوو کە بە زەبری چەک و تەنانەت دەکارکردنی دۆشکا لەدژی مێرمنداڵانی ڕاپەڕیو، شەهیدکردنی زیاتر لە ١٤٠ کەس و گرتنی هەزاران



سەرچاوە
Serchawe

کەس لە خۆپیشاندەران شەقامەکانیان بێدەنگ کرد، بەڵام نەیانتوانی چۆک بە لاوانی ئازا و بوێری کورد دابدەن. فیداکاریی سەدان ڕۆڵەی بەوەجی کورد لەسەر شەقام و لە گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بەڵگەن بۆ ئازایەتی و گیانبازیی سوورخەڵاتانی نیشتمان لەپێناو سەروەریی سیاسی و مافی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا ژنان ڕچەشکێن و پێشەنگ بوون، کەم نەبوون ژمارەی ژنە تێکۆشەرانەی لە ڕیزەکانی ڕاپەڕیندا شەهید بوون، یان لە گرتنگەکانی ڕێژیمدا خرانە ژێر ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حەق وایە بڵێین ئەو بزووتنەوەیە سەرهەڵدانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو کە هەر کام بە چەشنێک ئاوات و ئارەزوو و داخوازی و مافەکانیان لە سایەی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا پێخوست کرابوو؛ سەرهەڵدانێک کە وەستانی بۆ نییە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە ئامانجەکانی نیزیک دەبێتەوە.

بزووتنەوەی ژینا خەباتی سیاسیی کوردی هەنگاوێکی دی بەرەوپێش برد، بەڵام خوێنبایی ئەو قەڵەمبازە هەروەک ئاماژەی پێ درا مایەدانانی سەدان لاوی سەوداسەری ئازادی لە گیان و ژیانیان بوو کە پێویستە ڕێزیان لێ بگرین. بێگومان زیندووهێشتنەوەی یاد و بیرەوەرییان و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان هەتا بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانیان کەمترین کار و بەرپرسایەتییە کە هەمووان دەبێ شانی وەبەربدەین. بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی "سوورخەڵاتان" کە ئامادەکارەکەی خاتوو سۆما ناسری، کادری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەوڵێکە لەو پێناوەدا؛ بەتایبەت کە دواتر چیرۆکی جوامێریی ئەم سوورخەڵاتانە لە کتێبێکی سێ بەرگیدا هەر بەو ناوە چاپ و بڵاو بووەتەوە. ئەم ئەرکوەخۆگری و ماندووبوونەی خاتوو سۆما بەم کارە بەنرخە کە وەک خەڵاتێک بۆ سوورخەڵاتانی نیشتمان وایە و بە نەمری هێشتنەوەی یاد و بیرەوەریی ئەم شەهیدانە بۆ گرینگە؟ ئەم نووسینە بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

لەنێو هەموو نەتەوە ئازاد و سەربەستەکاندا کە سەروەریی سیاسی و ڕزگاریی نەتەوەیی خۆیان قەرزباری گیانبازی و گیانبەختکردنی ڕۆڵەکانیانن، ڕێز لە یاد و بیرەوەریی شەهیدەکانیان دەگرن. ئەم ڕێزگرتنەش نوێنگەی ڕێز و پێزانین بۆ ئەو خۆنەویستی و فیداکاریی و بەخشندەییەکە بۆ سەربەستی و ڕزگاریی نەتەوەکەیان بوویانە. ئەم پێزانین و بەرزنرخاندنە بە چەندین شێوە دەکرێت:

**یەکەم**. بەڕێوەبردنی کۆڕیاد بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەهەر کات و بارودخێکدا یاد و بیروەریی شەهیدەکانی بەرز ڕابگرێت.

**دووهەم**. تۆمارکردنی ژیاننامەی شەهیدان و نووسینی زیاتر بۆ دەرخستنی لایەنە فرە ڕەهەندەکانی بەسەرهات و چیرۆکی ئازایەتی و لەخۆبوردوویان لە توێی کتێبدا بۆ ئەوەی نەوەکانی داوڕۆژی کۆمەڵگە خەون و خولیاکانی ئەوانیان بیر بمێنێت



سەرچاوە
Serchawe

و ئیلهامی لێ وەربگرن.

سێهەم. دانانی پەیکەرە، بەناوکردنی شەقام و خوێندنگە و بەڕێوەبردنی چالاکیی هونەری، کولتووری و وەرزشی بە ناو و یادی ئەو نەمرانە.

چوارەم. دروستکردنی فیلم، بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتسازی و خستنەڕووی لە بۆنە تایبەتەکاندا بۆ ئەوەی کۆمەڵگە باشتر، پتر و هەمەلایەنەتر بە گیانبازییەکانیان بزانێت.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕێزگرتن لە شەهیدانی خاک و وڵات و هەروەها سەربازە ونەکانی نیشتمان نەک هەر ئەکتێکی سیمبولیک، بەڵکوو بەرپرسایەتییەکی کۆمەڵایەتییە کە پێویستە بە بەردەوامی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا بێت و بچێت و بمێنێت؛ هاوکات ئەم ڕێزنان و پێزانینە یارمەتیدەری بەهێزکردنی هەست و ئینتیمای نیشتمانی و بایەخە مرۆییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەشە. ئەم ڕێزگرتنە هەستی باوەڕبەخۆبوون و وەرەی خۆڕاگری لە کۆمەڵگەدا پەرە پێ دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی لە هەموو دۆخێکدا ئیلهامدەری فیداکاری لەپێناو خاک و تێکۆشان بۆ ئامانجەکانی سەربەستی بێت. هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕەوایی دۆزێک کە لەپێناو چێبوونی دۆخێکدا کە دەستەبەری بنەڕەتیترین مافەکانی مرۆڤی ئەم هەرێمە بکات، ڕووبارێک خوێنی پێشکێش کردوە.

ئەم ڕێزگرتن و پێزانینە لەهەمبەر گیانبازیی شەهیدان هاندەر و پاڵنەری شکڵگرتنی شوناسێکی گشتی و هاوپێوەندیی نەتەوەییشە، چونکی دەتوانێت ئینتیمای زیاتر و بەهێزتری کۆمەڵگە و نەوەکانی دواڕۆژ بۆ بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەیی و ئامانجە بەرزەکانی دروست بکات. هاوکات گەیەنەر و هۆکاری گواستنەوەی پەیام و ڕیسالەتی خەباتی مرۆیی و نەتەوەیی شەهیدان بۆ نەوە دوای نەوە و لەو ڕێگەیەوە بەردەوامی و هەڵکشانی ئەم خەبات و ئامانجە بێت. دواجار تۆمارکردنی ژیاننامە و چیرۆکی خەبات و خۆڕاگریی نەمرانی گەل سەرچاوەیەکی بەنرخیشە بۆ توێژەران و مێژوونووسان و یارمەتییان دەدات باشتر لە بەستێنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی دۆخی شۆڕش و ڕاپەڕین بکۆڵنەوە. بەتایبەت بۆ نەتەوە بندەستەکان کە هێشتا لە قۆناغی ڕزگاری و خەبات بۆ سەربەستیی خاک و نیشتمانن، تۆمار و بەڵگەی گیانبەختکردنی تێکۆشەرانیان پرسێکە بۆ دادخوازی بۆوەی لە مەیدانی حقووقی و یاساییشدا بەرەنگاری ڕێژیمە داگیرکەرەکان ببنەوە.

"سوورخەڵاتان" هەوڵێکی بەنرخە لەپێناو هەموو ئەو ئامانجانەدا کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا و بەڵگەیەکی بەبایەخە لەپێناو دادخوازیی نەتەوەیەکی خەباتکاری مافپێشێلکراو، و هەروەها خەڵاتێکیشە بۆ سوورخەڵاتانی نیشتمان بۆوەی ناو و

سەرماوەزی ٢٧٢٤

یادیان بۆ هەمیشە بە نەمری بمێنێتەوە. لەم ڕووەوە ئەرکوەخۆگری و ماندووبوونی خاتوو سۆما ناسری و هاوکارەکانی بەو پرۆژە گرینگ و بەبایەخە جێگای سپاس و پێزانینە.

١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# لە ڤییەنەوە بۆ ژنێڤ، لە تیرۆرەوە بۆ مووشەک و بۆمبی ئەتوم



**عەلی بداغی**

لەمێژساڵە ڤییەن و وتووێژەکانی ڤییەن بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرفەتی بەهێزبوون و مانەوە لە دەسەڵاتی دەستەبەر کردوە. چ ئەوکاتەی لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨دا د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەسەر مێزی بەناو وتوویژ تیرۆر کرد؛ چ ئەوکاتەی هەر لە ڤییەن و لە ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤دا ڕێککەوتنامەی "بەرجام"ی لەگەڵ وڵاتانی (١+٥) ئیمزا کرد. ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لە بەناو دانوستانەکانی ڤییەندا هەموو کاتێک فریودان و لەخشتەبردن بووە، چ ئەوکات کە دەیویست بە لەداوخستنی د. قاسملوو بە ناوی وتوویژ و تیرۆکردنی، بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکرات تووشی نسکۆ بکات. چ ئەوکاتەی بەتەما بوو لە ڕێگای وتوویژەکان و بەرجامەوە بەسەر قەیرانە ئابوورییەکانیدا زاڵ ببێ و هەل و دەرفەتی زیاتری بۆ پەرەپێدان بە بەرنامەی ناوکی، پیشەسازیی مووشەکی و هەژمۆنی و باڵادەستیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەست بکەوێت. ڤییەن و ترۆئیکای ئورووپاش هەمووجارێ ئەو دەرفەتەیان بە کۆماری ئیسلامی داوە و دەستی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەیان بۆ تەڕاتێنی سیاسی و نیزامی لە ناوچە و جیهاندا ئاوەڵا کردوە.

تروئیکای ئورووپا ئەمجارەیان لە ژنێڤ و لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی نوقمی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانە و، لە دەرەوەی وڵات لەسۆنگەی بەبارمتەگرتنی ئەمنییەتی جیهانی و، لە نێوخۆی وڵاتیش لەسۆنگەی قەیرانە کەڵەکەبووەکانەوە بەرەورووی ئیرادەیەکی گشتی و بەگژداچوونەوەیەکی جدی بۆتەوە؛ دەرفەتی دیکەیان بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساندووە هەتا دیسان لەسەر مێزی دانوستانەوە بیەوێ دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت.

دانیشتنە سەرەتاییەکانی گەڕی نوێی دانوستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ تروئیکای ئورووپا -بەبێ بەشداریی ئەمریکا- لەکاتێکدا کران کە پێشتر یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە هاوکاریی سەربازیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕووسیە کۆمەڵە سزایەکی نوێی بەسەر ڕێژیمی ئێراندا سەپاندبوو؛ ئەوەش لە حاڵێکدا کە هەموو پەلەقاژەکانی ئێران بۆ ئەوەیە لە باری قورسی گوشار و سزاکانی سەر خۆی کەم بکاتەوە. هەروەها ئەو دانیشتنانە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە چوون کە حەوتووی پێشووتری بڕیارنامەی نوێی شوڕای حوککامی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتومی لەدژی ئێران دەرکرابوو کە ڕێگای بۆ چالاککردنەوەی میکانیزمی پەلاپیتکە (ماشە) بۆ گەڕاندنەوەی سزاکانی پێشووی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران ئاوەڵا کردوە. ئەوەش لەجێی خۆی کە ئەم بڕیارنامەیە یەکگری و هاوهەڵوێستیی ئورووپا و ئەمریکای لە پێوەندی لەگەڵ بەگژداچوونەوەی ئێراندا هەنگاوێک بەرەو پێش بردوە. ئێرانیش لە کاردانەوە بەو بڕیارە ڕایگەیاندووە هەزاران دەزگای نوێ و زۆر پێشکەوتووی سانتریفیوژی بۆ پیتاندنی ئورانیۆمی بە خەستیی زۆر وەگەڕ خستوە و بەوەش کۆمەڵگەی جیهانیی خستووەتە بەردەم بڕیارێکی یەکلاکەرەوە.

سەرکەوتنەکانی ئەم دانوستانە بۆ کۆماری ئیسلامی، یان ئورووپا و ئەمریکا پێوەندیی بە ئاستی پاشەکشە و ملدانەوانەی کۆماری ئیسلامی هەیە. بە ئەگەری زۆر تاران بیهەوێ بە پێدانی چەند ئیمتیازێک کات و زەمەنی زیاتر و باشتر بۆ بەهێزکردنەوەی خۆی بکڕێت، بەتایبەت کە لەو دواییانەدا هەم بەهۆی بەردەوامیی گەمارۆکان، هەم لەسۆنگەی ناسەقامگیریی ئابووری لە نێوخۆ و هەمیش بەهۆی هەڵتەکانی گرووپ و میلیشیا نیابەتییەکانی کەوتووەتە ئەوپەڕی لاوازییەوە. بەڵام وێدەچێ ئەمجارەیان ئەورووپا کە دەبینێ کۆماری ئیسلامی بەشداریی ڕاستەوخۆی لە شەڕی ئۆکراین لە بەرژەوەندیی ڕووسیەدا هەیە و لە هەموو کاتێک زیاتر لە دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتومی نیزیکترە و، هەروەها لەسۆنگەی نانەوەی شەڕ و قەیران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەمنییەتی جیهانیی بەبارمتە گرتوە، چیدی نەیهەوێ خۆی لە خەو بکا و ڕا بێت. بەتایبەت کە لە ئاماژەکاندا وا دەردەکەوێ ئورووپا قایل نییە وتووێژەکان تەنیا لەسەر بەرنامەی ئەتومیی ئێران بێت و ڕێککەوتن لە سیلەنیگای ئەوانەوە پێویستە گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی، نەهێشتنی مەترسیی بەرنامەی مووشەکیی ڕێژیم و هەڕەشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل بگرێتەوە. ئەوەش کە تاران هیوادارە ناکۆکییەکانی نێوان ئورووپا و ئەمریکا بەتایبەت دوای هاتنەوەی ترامپ بۆ کۆشکی سپی لە بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە و بە پێدانی هەندێک

ئیمتیاز گوشارە دیپلۆماتیکەکان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، بەندە بە ئاست و جۆری مامەڵە و پێوەندییەکانی ئورووپا و ئەمریکای دۆناڵد ترامپ.

وەزن و قورسایی ئورووپاش لە یەکلاکردنەوەی باسەکانی پێوەندیدار بە قەیرانی ئەتومیی ئێران و قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەوری سەرەکی دەبینێ. وەک چۆن کاتێک ئەمریکا دوو ساڵ دوای بەرجام لەو ڕێککەوتنە هاتەدەرێ، ئورووپا سوور بوو لەسەر ئەوەی بەبێ ئەمریکاش پێبەندی ڕێککەوتنەکە بمێنێتەوە. بەڵام بەهۆی گەمارۆکانی ئەمریکا لەدژی ئەو لایەنانەی مامەڵەی بازرگانی و ئابووریيان لەگەڵ ئێران هەبوو، لەوەدا ناکام مانەوە. ئێستاش ئورووپا بەبێ ئەمریکا لە توانایدا نییە نە ئیمتیاز بە ئێران بدا و نە هەنگاو بۆ کەمکردنەوەی گوشار و سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران هەڵگرێ و لەهەمبەر ئەوە کۆماری ئیسلامی ملکەچی ڕێککەوتنێکی سەقامگیر بکات.

پێوەندیدار بە بووژاندنەوەی بەرجام ئورووپا لە بەردەم ئەزموونێکی مێژووییە. بێتوو هەتا پاییزی ساڵی داهاتوو میکانیزمی ماشە کارا نەکرێتەوە، ماوەی دیاریکراوی گەمارۆ خستنەسەر پیشەسازیی مووشەکی و هەروەها مامەڵەی چەکوچۆڵی کۆماری ئیسلامی بەسەر دەچێ و ئەوەش تەواو لە بەرژەوەندیی ڕێژیمە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ ئورووپا و تەنانەت ئەمریکاش کۆتایی بە سیکلی دەرفەتدانەوەی بەردەوام بە کۆماری ئیسلامی دێنن، یان ستراتیژییەکی دیکە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگرنەبەر؟ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی دۆناڵد ترامپ بەفەرمی پێ دەنێتەوە کۆشکی سپی و، هەتا ئەودەم دەبێ چاوەڕوان بمێنینەوە.

١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# تراویلکەی "قوڵایی ئیستراتژیک"ی کۆماری ئیسلامیی ئێران



**سمایل شەرەفی**

دۆخی ئەمڕۆ و سێزدە ساڵی ڕابردووی خەڵک و وڵاتی سووریە، ڕوونترین وێنایە لە ئاکامی سیاسەتی حزووری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم وڵاتە. وڵاتێک کە سەرخان و ژێرخانی خاپوور بووە و هەر تیکە و بەشێکی لەژێر هێژموونی وڵاتانی دوور و نزیک دایە. وڵاتێک کە هێشتا نەیتوانیووە پشتی لەژێر هێرشەکانی داعش و شەڕی نێوخۆیی‌دا ڕاست بێتەوە، بۆ جارێکی دیکە تووشی پێکدادانێکی دیکەی نیوە نێوخۆیی و نیوە دەرەکی بۆتەوە کە هەودایەکی هەرە بنەڕەتیی لەم ئاژاوە و دەستێوەردان و بشێویانە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

کۆماری ئیسلامی بە بیانووی شەڕ لەگەڵ داعش سپای قودسی بە فەرماندەیی قاسم سلێمانی ڕەوانەی سووریە کرد کە بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ ڕووبەڕووی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد بوونەوە و بە هەزاران خەڵکی بێتاوانیان کوشت و هەر خەڵکی سووریە دەزانن قاسم سلێمانی و سپاکەی چ جەنایەتگەلێکیان لەم وڵاتە خوڵقاند.

پاساوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ حزووری لە سووریە ئەگەر لایەنێکی ئیدئۆلۆژیکی شیعەگەرایانەی بەناو "پاراستنی حەرەم"هەیە کە مەبەستیان شوێنی گڵکۆی زەینەبی کچی ئیمام عەلی واتە "مزگەوتی حەزرەتی زەینەب"ە، بەشە هەرە ئەساسییەکەی پێڕەویکردن لە سیاسەتی دیاریکردنی قووڵایی ئیستراتژیک بوو. لەو پێوەندییەدا هەم عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم و هەم زۆرێکی دیکە لە بە قەول بیرمەندان و تیئۆریسێنەکانی ڕێژیم دەیانگوت؛ ئەو شەڕەی لە حەڵەب و ڕەقا و دیمەشق دەیکەن بۆ ئەوەیە لە تاران و ئیسفەهان و تەوریز نەیکەن. بە واتایەکی دیکە ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە بەو حزورە سەربازییانەی بۆ نموونە لە سووریە و عێراق هەیانە، توانیویانە ئەمنیەتی وڵات بپارێزن. تەنانەت لە ڕووی تەبلیغی و میدیاییشەوە بە زەفکردنەوەی شەڕ و کاولکارییەکان لە عێراق و سوورییە کە هۆکاری هەرە بنەڕەتییان خودی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون و هەن، لەلایەک خۆیان ڕادەنا کە توانیویانە ئێران لە کەوتنە وەها دۆخێک بپارێزن و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی خەباتکار و بێزار لە ڕێژیمەکەیان لە نێوخۆی وڵات لە "بەسووریەیی‌بوون"ی ئێران بترسێنن.

لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا کە هێزە دژبەرەکانی بەشار ئەسەد و زەفتر لە هەمووان "تەحریر شام" توانیان لە ماوەی ٧٢ کاتژمێردا بەشێک لە شاری حەڵەب و دەوروبەری کە کاتی خۆی قاسم سلێمانی بە سپای قودسەوە بە ئەنجامدانی دەیان جینایەت و کوشتنی هەزاران کەسی بێ‌تاوان لێی جێگیر ببوو، لە هێزەکانی بەشار ئەسەد و موستەشارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاک بکەنەوە و سەفارەتی ڕێژیم لەو شارە بگرن، بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە سیاسەتی قووڵایی ئیستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی لەسەر چ بنەمایەکی بۆش بنیات نراوە.

ئەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و لەو گرینگتر وڵاتی سووریە خەریکە ئەم ڕۆژانە باجەکەی دەدات، دەستێکەڵکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و حزووری شەرئەنگێزانەی ئەم ڕێژیمە لەم وڵاتە دایە. بەشار ئەسەد کە گوێی لە داخوازییە دێموکراتیکەکانی خەڵکی وڵاتەکەی بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی خەواند و پێی وابوو دەتوانێ بە بێ گوێدان بە سەرنج و تێبینییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دوور و نزیک، لە دەستئاوەڵاهێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بێت، دەبوو چاوەڕوانی وەها ڕۆژگەلێکیش بکات.

ئێستا دۆخی ئاڵۆز و شەڕلێدراوی سووریە تەنیا بە دەوڵەتی بەشار ئەسەد و نەیارانی نێوخۆیی پێناسە ناکرێت، هەروەک چۆن ئەم وڵاتە زیاتر لە دە ساڵە هەر بەش و تیکەیەکی لەژێر دەسەڵات و هێژمونیی هێز و دەوڵەتانی دیکە دایە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەڵگرتنی ئاڵای "بەهێزکردنی بەرەی مقاومەت" لە ناوچەکە، جیا لە پەرەدان بە شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیی لە سووریە، بۆتە هۆی هاندان و تەحریکی ڕۆژئاواییەکان و وڵاتانی دەوروبەر کە لە بەرەو پێناسەی

سەرماوەزی ٢٧٢٤

جیاوازدا هێژموونیی ئەم ڕێژیمە لە سووریە قبووڵ ناکەن. لە ڕەوتی ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و لوبناندا سەرۆکوەزیری ئیسرائیل، نەتانیاهۆ ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە لەسەر جموجۆڵەکانی ئێران لە ناوچەکە چڕ دەبنەوە. بۆ وڵاتانی عەرەبیش هیچ گومانی تێدا نیە کە سووریە بۆ ئەوان باگڕاوەندێکی مێژوویی لە پشتە کە هێژموونیی بەرەی شیعە تیایدا جێی نابێتەوە. بۆ تورکیە کە نزیک بە دە ساڵە بە دەیان کیلۆمەتر هێزی لە بەشێک لە باکووری ئەم وڵاتەدا مۆڵ داوە و بە جۆرێک گومانی هاندانی نەیارانی بەشار ئەسەدیشی لەسەرە، تەڕاتێنی سپای قودسی لە سوورییە بە ئاسانی پێ قبووڵ ناکرێ.

ئەگەر لە چوارچێوەیەکی بەرینتری نێودەوڵەتی و جەمسەرە گەورەکانیشدا سەیری دۆخی سووریە بکەین، ڕووسیە بە کردنە ئامانجی هێزەکانی دژبەری بەشار ئەسەد لە ڕێگای هێزی ئاسمانییەوە و تۆمەتبارکردنی کۆشکی سپی بە هاندانی ئیسرائیل و بەرەی دژبەری ئەسەد، کار بۆ مانەوەی خۆی لەم وڵاتە دەکات. ئەمریکاش لەگەڵ ئەوەی بێبەرپرسیاری خۆی لە تەحریر شام ڕاگەیاند، حزووری هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێژموونی سیاسیی ئەم ڕێژیمەی لە سووریە بە هۆکاری ئەم دۆخە زانی کە ناتوانن پێی بێهەڵویست بن.

ئەوەی لەم نێوەدا بۆ هەر کوردێک زیاتر جێی سەرنج و گرینگیپێدانە، ڕۆژئاوای کوردستان و هەڵوێستی هێزی سیاسیی ئەم بەشە لە نیشتمانی کوردستان و وڵاتی سووریەیە. بەداخەوە ڕۆژاوای کوردستان بە گەلێک هۆکاری حەشیمەتی، ژێئۆپلۆتیکی و بڕێکیش بیرکردنەوەی ئیدئۆلۆژیکی هێزی باڵادەست و زۆر هۆکاری دیکە، بژاردەی دڵخوازی لەبەر دەستدا نیە. بۆیە ناچارە لەنێو بژاردە نادڵخواز و ناچارییەکاندا ئەویش بە شێوەی "مەقتەعی"(کاتی) و تاکتیکی بجوڵێتەوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران نە تەنیا نەیتوانی لە وڵاتانی دیکە و دوور لە سنوورەکانی خۆی بەسەر دوژمنانیدا زاڵ بێت و ئەمنیەت و ئاسایش بۆ خەڵک و وڵات بە دیاری بێنێ، بەڵکوو پێی خستبێتە سەر هەر شوێن و وڵاتێک، تووشی شەڕ و ماڵوێرانی و دارمانی کردوە. سەروەت و سامانی خەڵکی وڵاتی لەپێناو مەرامە ڕەشەکانی خۆی لە عێراق و سووریە و لوبنان و فەلەستین و یەمەندا بەفیڕو داو جیا لەوەی ئەم وڵاتانەی تووشی شەڕی نێوخۆی و ناوچەیی کرد، خەڵکی وڵاتیشی لە هەژاری و بێهیواییدا هێشتۆتەوە. بە جۆرێک کە لە هەموو ئاستە نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا تووشی دەیان قەیرانی نێوخۆیی بووە و لە چاو گەلانی ئێران و گەلانی ناوچەکەش وەک دیاردەیەکی بەدناو و بەدڕەفتار سەیر دەکرێ.

١٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# کۆچی دوایی ڕووحانییەکی نیشتمانپەروەر



بەداخەوە ئاگادار بووین کە ڕۆژی چوارشەممە ١٤ لەسەر ١٥ - ٠٩ - ١٤٠٣ (بەرامبەری ٤ لەسەر ٠٥ - ١٢ - ٢٠٢٤ی زایینی) زانای نیشتمانپەروەری ئایینی حاجی مەلا موحەممەدی شڵماشی لە شاری سلێمانیی هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کردوە و داخێکی گرانی لەسەر دڵی ئەندامانی بنەماڵەکەی و زانایانی ئایینی و هەموو دۆستان و ئاشنایانی بەجێ هێشتوە.

مامۆستا مەلا موحەممەد برا گەورەی تێکۆشەری بەناو بانگ مەلا ئاوارەی شەهید و تێکۆشەری ناسراوی دێموکڕات کاک مستەفای شڵماشی بوو ولە تەواوی ژیانیدا لەگەڵ ئامانجەکانی حیزب بوو و پەیوەندییەکی پتەو و نیزیکی لەگەڵ ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە هەبوو.

حاجی مامۆستا ماوەیەکی کەم دوای ئیعدامی مەلا ئاوارەی شەهید لەدەست ئەزیەت و ئازاری دەزگا جاسووسییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشت و لە شاری سلێمانی گیرسایەوە. ساڵانێکی زۆر وەک وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتەکانی ئەم شارە مایەوە و پێگەیەکی پتەوی لە نێو خەڵک و زانایانی و تێکڕای پیاوە ئایینییەکان هەبوو کە دەکرێ بڵێین هەموو زانایانی ئایینی ئەو شارە خۆشیاندەویست. لە ساڵەکانی دواتردا وەک پەنابەر لە وڵاتی فینلاند و دواتر

وڵاتینامەشی وەرگرت، بەڵام هەمیشە دڵی لە کوردستان بوو و تەنانەت ساڵانە زیاتر لە شەش مانگ هەر لە سلێمانی دەژیا.

مامۆستا شڵماشی جگە لە ئەرکە ئایینییەکانی خەریکی کاری ئەدەبییش بوو و چەندین کتێبی بە نووسین و وەرگێڕان بڵاو کردەوە کە پێشوازییەکی زۆریان لێکرا. هەرلەو بوارەدا دیوانە شێعرێکیشی بڵاو کردەوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ لەدەستدانی نیشتمانپەروەرێکی گەورەی وەک مامۆستا شڵماشی زۆر بەداخە و بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی بەتایبەتی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا شڵماشی دەکا و سەبووری و تەمەنی درێژ بۆ هەمووان بەئاوات دەخوازێ. ڕووحی مامۆستا شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

ناوەندی ئیداری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

١٥ - ٩ - ١٤٠٣ (٥ - ١٢ - ٢٠٢٤)

١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەمئەندامان




## ئەو ئازارەی لە ئێوەیە لە دڵی ئێمەشدایە

لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا، کەم نین ئەو پێشمەرگە قارەمان و تێکۆشەرانەی لە سەنگەری بەرگریدا، یان بە هۆکاری تێرۆر یان لە کاتی بۆمباران و هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەدا، بەداخەوە بە توندی بریندار بوون و بەشێک لە جەستەیان بەختی ڕێگا و ڕێبازی گەلەکەیان کردوە.

یەکێک لەو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشانەی کراوەتە نموونەیەک بۆ دیاریکردنی ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات، ڕووداوی تاڵی تێرۆری تێکۆشەری ناوداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مامۆستا مەلا حەسەنی شێوەسەڵییە کە لەو ڕۆژەدا بەڕێزیان لە ڕێگای چەند بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامییەوە و بەهۆی بۆمبێکی جێکراوە لە کتێبێکدا بەتوندی بریندار و چەند ئەندامێکی جەستەی لە دەست دا.

بێگومان ئەم ڕووداوە تاڵانە نەک نەیانتوانیوە پێش بە ورەی خەباتگێڕانی بەبیروباوەڕی حیزبی دێموکرات بگرن، بەڵکوو بەگوڕ و تینی زیاترەوە لە مەیدانی خەباتدا ماونەتەوە و ئەوەی لە دەستیان هاتووە بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلەکەیان لە پێناو ئازادی و ڕزگاریدا دریغییان نەکردوە. بۆیە جێی خۆیەتی لەم ڕۆژەدا لە بەرانبەر فیداکاری و گیانبازیی ئەو تێکۆشەرانەدا دەستی ڕێز بە سینگمانەوە بنێین و پێیان بڵێین: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە لە هەموو زەحمەتەکانتان دەڕوانێ و ئازارەکانتان بە ئازاری خۆی دەزانێ.

دیارە لە ڕۆژژمێری ڕێکخراوی نەتەیەکگرتووەکانیشدا ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی کەمئەندامان دیاری کراوە کە ئەوەش نیشانەی گرینگیدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو بەشەی کۆمەڵگەی مرۆییە، بەڵام جیاواز لە کەمئەندامانی ئاسایی کە ڕەنگە زگماک وابووبن، یان لە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوی دواتردا بەشێک لە جەستەیان لەدەست دابێ، بەداخەوە لەنێو گەلی ئێمەدا کەم نین ئەو کەسانەی بەدەستی ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا و لە ئاکامی شەڕی داسەپاو بەسەر کوردستان، یان تەقینەوەی مین و پاشماوەکانی شەڕدا، تووشی کەمئەندامی بوون، کە جێگای خۆیەتی لە هەموو بوارێکەوە ئاوڕی زیاتریان لێبدرێتەوە. بەڵام مخابن کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر ئاوڕ لەو بەشە لە کۆمەڵگەی زیاندیتووی کوردستان ناداتەوە، بەڵکوو سیستماتیک مافەکانیان پێشێل دەکات.

لەم چەند ساڵەی دواییدا و لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)شدا کۆمەڵێک لە لاوانی تێکۆشەری وڵاتەکەمان لە کاتی خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان یان لە گرتووخانە و زیندانەکان بە دەستی هێزە بەدناوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەشێک لە جەستەیان و بەتایبەتی چاویان لە دەست دا و بەختی ڕێگای ڕزگاریی گەل و وڵاتەکەیان کرد. ئەوانیش وێڕای هەڵگرتنی برینی قورس، بە شێوازی جۆراوجۆر و تایبەت درێژە بە کار و چالاکیی خۆیان دەدەن. بۆیە لەم ڕۆژەدا هەموومان ڕێز لە فیداکاری و ڕەنج و ئازارەکانی ئەوانیش دەگرین و پێیان دەڵێین برین و ئازاری ئێوەش بە ئێش و برینی خۆمان دەزانین، و پێکەوە و بە هاوکاری و یارمەتیی یەکتر خەباتەکەمان هەتا سەرکەوتنی یەکجاری درێژە پێ دەدەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕۆژەدا، -واتە ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەمئەندامان - بە تێکڕا، ڕێز لە فیداکاری و زەحمەتەکانتان دەگرێ. بێگومان خەبات و خۆڕاگریی ئێوەی ئازیز دەبێتە نموونە و سەرمەشقی لاوانی ئەمڕۆمان، و ئێوەش وەکوو ڕەمزی فیداکاری و خۆڕاگری و قەڵای لەگیران نەهاتووی گەلەکەمان.

بەو هیوایەی ئاکامی خەبات و تێکۆشان و هاوکات زەجر و زەحمەتەکانی ئێوەی خۆڕاگر، ئازادی و ڕزگاریی گەل و وڵاتەکەمان لە ژێردەستی بێ.



سەرچاوە
Serchawe

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٣ (٥ - ١٢ - ٢٠٢٤)**

**١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# لە ئامێزگرتنی گڕکان




**کەریم پەرویزی**

ڕەنگە پێش لە نووسینەوە هەر وەها بووبێ بەڵام لە یەکەم چرکەساتەکانی بەرەبەیانی مێژووەوە تاکوو ئێستا، پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان پڕ لە ئاڵۆزیی بووە کە لە نێوان پێویستی بە یەکتری و وەکوو دژبەر چاولێکردن لەیەک لە هاتووچوودا بووە!

لە لایەکەوە مرۆڤەکان پێویستییان بە یەک بوە بۆ بەردەوامبوون لە سەر مانەوە لە جوغرافیایەکی پڕ لە دڕندە و بوونەوەرەکان و کارەساتەکاندا و لە لایەکەوە هەموو کەرەستە و شتومەک و پێداویستیەکانی درێژەدان بە ژیان سنووردار بوون و بۆیە ژیانی مرۆڤێک بە مانای کەمکردنەوەی بەشی مرۆڤی دیکە بووە! ئەم دوو ڕەهەندییەی ژیانی مرۆڤ واتا پێویستی بەیەکتر و لەهەمانکاتدا وەکوو رکەبەر بینینی یەکتر مێژوویەکی سەیر و سەمەرەی لە خۆشەویستی و پێکەوەبوون و لەهەمان دەمدا پڕ لە تاوان و یەکتر لەنێو بردن دروست کردوە!

لەم گۆڕەپانە پڕ ئاڵۆزییەدا چەمکی جۆربەجۆر خولقاون و هەرکام بە شێوەیەک شیکردنەوەی دۆخێک و ئاواتێک و رقێک

بوون!

## یەکێک لە گرنگترین چەمکەکان بریتیە لە ئاسایش یان ئەمنیەت یان پارێزراوی!

ئاسایش لە ژیانی مرۆییدا بریتیە لە ئەرخایەن بوون بە بەردەوامی! جا ئەم ئەرخایەنبوونە دەتوانێ بواری تەندروستی بگرێتەوە تاکوو دەگاتە ئەرخایەنبوون لە دابینکردنی خۆراک تاکوو ئاسایشێ نەتەوەیی و نیشتمانی. لەهەموو رادە و ڕێژەکانیدا چ بگا بە ئەرخایەنبوون لە تەندروستیی زارۆکی بنەماڵەیەک و دابینکردنی شیری ئەو زارۆکەوە بگرە تاکوو ئاسایشی بۆ وێنە ناتۆ کە وڵاتانی زلهێزی تێدا هاوپەیمانن، هەموویان یەک شتیان دەوێ، دڵنیایی لە بەردەوامییان واتا لە سبەینێیان دڵنیا بن! بۆیە ئاسایش کردەوەی ئەمڕۆیە بۆ دڵنیابوون لە سبەینێ.

بەڵام هەر ئەم ئاسایشە دەتوانێ بە دژی خۆیشی کار بکاتەوە! بێنینە بەرچاومان لە ئەشکەوتە کۆنەکاندا مرۆڤە نێئاندارتاڵەکان ژیاون و لە دەمێکدا یەکێکیان بۆ تێرکردنی منداڵەکەی و دابینکردنی ئاسایشی منداڵەکەی پەلاماری مرۆڤی دراوسێی دەدا و خواردنەکەی لێ دەستێنێ تاکوو برسیەتیی منداڵەکەی پێ بڕەوێنێ. بەڵام دراوسێکەی هێرشی دەکاتە سەر و بە بەرد سەری منداڵەکەی پان دەکاتەوە!

## لەپێناوی دابینکردنی ئاسایشی منداڵەکەیدا ژیانی منداڵەکەی دۆڕاند!

ئەم چیرۆکە ئاشنایە بۆ ئێستاش، کاتێک دەبینین بۆ وێنە پووتین لە بەرامبەر بەقەولی خۆی زێدەخوازیی ناتۆدا هێرش دەکاتە سەر ئۆکراین و دەیەوێ ئاسایشی رووسیە دابین بکا! بەڵام لە شەڕێکەوە تێوە دەگلێ کە وەکوو گێژاوی نێو رووبار، هەمووشتی رووسیا هەڵدەلووشێ، بە ئابووری و ئەمنیەت و هێزی نیزامی و پێوەندییەوە و تەنانەت رووخانی هیوا و ئاواتەکانی دەیان میلیۆن خەڵکی رووسی!

ئاسایش بەتەنیا دابین ناکرێ و گرێدراوی چەمکێکی دیکەی مرۆڤایەتییە بەناوی مافی ژیانی ئەویتر. مرۆڤی نێئاندارتاڵ بە مەرگی منداڵەکەی تێ گەیشت کە ناتوانێ ئاسایشی خۆی لەسەر حیسابی وەمەترسی خستنی ژیانی ئەویترەوە دابین بکا. لە کۆمەڵگەی ئێستای مرۆڤایەتیدا ئەم چەمکە واتایەکی هەیە بە ناوی وەکیەکی یان بەرابەری. بەو مانایە کە مافی ژیانی ئەویتر کاتێک رێزی لێ دەگیرێ کە مافی وەک یەکی پێ بدەی. بەرابەری ئەو چەمکەیە کە باڵانسی شەڕ و نەبوونی ئاسایش رادەگرێ. بە بێ بەرابەری ئاسایشێک نایەتە ئاراوە و گەر ئاسایش لەسەر ئەساسی نابەرابەری دابمەزرێ، یانی

ستەمێکی قووڵ لە ئارادایە کە هەر ئانوسات دەتەقێتەوە و ژیانی کۆمەڵگە وەکوو گەردەلوول تووشی نەهامەتی دەکا.

لە دۆخێکدا کە ستەم بەرفەرارەو بەرابەری نیە، رەنگە مرۆڤەکان بۆ ماوەیەک بوەستێندرێن یان بە سەرکوت جۆرە بێدەنگییەک زاڵ بکرێ، بەڵام ئەمە بێدەنگییەکی دڵخواز و ئارامیهێنەر نیە.

بێدەنگییەک لە وڵاتێکی وەکوو وڵاتانی سکاندیناوی هەیە، لە جۆری ئارامییە کە دڵنیان لە سیستەمەکە کە مافیان دەپارێزێ، بەڵام بێدەنگیی لە جۆری وەکوو ئێران یان سووریە، بێدەنگییەکی داپڵۆسێنەرانەیە کە هەر ئان و ساتێک دەکرێ بشکێندرێ.

لە دۆخی ستەمی رووت و داپڵۆساندندا، مرۆڤەکان وەها دژی نەزمی داسەپاو دەوەستنەوە ونابەرابەریی داسەپاو وەها وەرەزی کردوون لە ژیان کە پەنا دەبەنە بەر هەر ئامرازێک بۆ وەلانانی ستەمکار و لە هەر دەرفەتێک کە بخولقێ بۆ بەگژداچوونەوەی ستەمکار ناپرینگێنەوە.

دۆخی نابەرابەریی داسەپاو وا لە کۆمەڵگەکان دەکا کە هەڵتەکاندنی سیستمی زاڵ دەبێتە گەورەترین ئاواتیان و هەر بۆیە لە شوێنێکی وەکوو سووریە کە زیاتر لە ٥ دەیەیە دەسەڵاتی کەمینەیەکی ملهوڕ، ستەم لە زۆرینەی خەڵک و نەتەوەکانی دیکەی نێو سووریەدەکا، خەڵکی وەزاڵە هاتوو باوەش بە گڕکاندا دەکەن!

شەڕی نێوخۆیی و کوشتار و ماڵوێرانی دڵخوازی مرۆڤە ئاساییەکانی نێو کۆمەڵگە نیە، بەڵام ستەم و بێدادی وەها وەزاڵەیان دێنێ کە بە پێشوازیی هەڵچوونەوە دەچن و باوەش بە گڕکاندا دەکەن تاکوو هەموو پێوەندی و رایەڵکە و ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی ستەمکاری پێ بسووتێنن.

**بەرەوپێشوازیچوونی گڕکان لەداخی ستەم و بێدادی، دۆخی هەنووکەیی سووریە و داهاتووی ئێرانیشە.**

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ئاتەش



## (بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند کاک برایمی قادری)

**تاهیر قاسمی**

شایەر بە گشتی پیاوێکی پێچ قیتی، کەواوپاتۆڵ شەقی، پشتێنند قەدی، کەوش بەرقی، سمێڵ ڕەشی، ڕدێن شەش تیخە کە دەسحێبێکی دەنک مامناوەندی نە زۆر درێژی لە دەست دایە و لە نێوەڕاستی گەڕی هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکدا ڕاوەستاوە، بەندان ڕێکدەخا، قامک لە بناگوێیان دەنێ و گۆرانییان دەڵێ. زۆر جار بە هەوای گۆرانییەکەی لەو سەری داوەتەوە بەرەو ئەوسەر لە هاتوچۆدایە و هەر کوڕێک تازە دۆی هاتبێتە دەستی، لێی نیزیک دەبێتەوە، بە بەندان پێیدا هەڵدەڵێ، دڵی خۆشتر دەکا و شاباشی لێ وەردەگرێ.

سەبارەت بە وشەی شایەر بۆچوونێک پێی وایە گۆڕدراوی وشەی شاعیرە و بیروڕای زاڵیش ئەوەیە لە تێکەڵاویی دوو وشەی "شایی گێر" پێکهاتووە. شایەران بە گشتی دەوری گرینگیان لە پەرەدان بە فەرهەنگ و هونەر و زمان و بەزم و خۆشیی خەڵکدا گێڕاوە. ئەوان لە زۆر بارەوە مۆدێل و سەرچڵی کۆمەڵگەکەی خۆیان بوون؛ لە شێوەی پۆشینی جلوبەرگ، لە



سەرچاوە
Serchawe

خوڵقانـدن و بەکارهێنـانی وشـە و زمـانی ڕەسـەنی کـوردی، لە پەرەدان بە ئـاواز و گـۆرانیی نەتەوەیـی، لە باسـکردن و بڵاوکردنەوەی شتە تـازەکان، لە پاراستنی داب و نەریت و فەرهەنگ و لە ڕازاندنەوەی جێژن و خۆشیی خەڵـک و زۆر بـواری دیکەشدا بۆ خەڵک سەرتۆپ و نموونە بوون.

لە سەردەمێکدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و ئەوانە پەیدا نەببوون، شایەران مێدیای بەهێز و زیندووی کۆمەڵگەی خۆیـان بـوون. وتەیـان دەبیسترا و قسـەیان بـرەوی هەبـوو. ئەو زەمـانەی کە گواستنەوە و هـاتوچۆ وەک ئەمرۆ نەبـوو، ئەوان بە هـۆی گەڕانـی زۆر بە شـار و گونـد و نـاوچەکـانی کوردسـتاندا، لە خەڵکـی ئاسـایی زۆر زیـاتریـان دەزانی، شارەزایی زیـاتریان لەسەر شوێن و خەڵک و زاراوە جۆراوجۆرەکان هەبوو و پردێکی گرینگی پێوەندیی نێوان شار و ناوچەکانی کوردستان بوون. هەواڵی نیزیکیان بۆ دوور و ڕووداوەکانی دووریان بۆ نیزیک دەهێناوە. بەوەش بێگومان دەورێکی گرینگیان لە هاوپێوەندیی نەتەوەییدا گێڕاوە.

لە بەنـد و گۆرانیـدا باسـی ڕووداو و دیـاردە و کەسـایەتییە بەناوبانگەکانیـان دەکـرد و بە خەڵکیـان دەناسـاندن. نـاو و ناوبـانگی کەسـانی ئـازا و بەتوانـا و ناوبەدەرەوەیـان بە هەمـوو شـوێناندا بڵاو دەکردەوە. ئەگەر نـاوی کەسێکیان بە بـاش هێنابا و پێیاندا هەڵگوتبا، وێڕای دڵخۆشکردنی کەسەکە، دەبوو بە هۆی ناوبـانگ دەرکردن و لە ڕاستیدا جۆرێک ڕێکلام و بانگەشە بۆ ئەو کەسە بوو. لەحاڵێکدا هیچ دامەزراوە و دەزگـایەک لەپشت هـونەر و هونەرمەنـدانەوە نەبـوو، وەک چۆن بە داخەوە ئێسـتاش هەر نییە، ئەوان کە خۆیـان بـۆ هونەرەکەیـان تەرخـان کردبـوو، نـاچـار بـوون لە ڕێگـای هونەرەکەشیانەوە بـژین و وێـڕای خـزمەت بە خەڵـک و بە هونەرەکەیـان، نانێکیشـی لـێ پەیـدا بـکەن. بەم جـۆرە دیـاردەی پێـداهەڵگوتن و شاباشدان و شاباشوەرگرتن پەیدا بوو.

موکریان لە دێرزەمـانەوە نـاوچەیەکی بە پیت و بەرەکەت بـووە. زەویـی هەراو و چەنـدان چـۆم و ڕووبـاری گەورە و، کـانی و ئـاوی زۆر هۆکـار بـوون بـۆ ئەوەی کشـتوکاڵ لەو دەڤەرە زیـاتر پەرە بسـتێنێ. بەتـایبەت ڕەعەمەڵهێنـانی گەنـم هەر لە دێرزەمـانەوە لەو هەرێمەدا ڕەمێنـی زۆر بـووە کە ئەوە هۆکـارێکی گرینگـی پەرەگرتنـی جۆرێـک شارسـتانییەتی مێژوویـی لەو ناوچەیە بووە. تا ئاستێک کە باسی گەنمی ماننـایی لە چەنـد هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە تەنـانەت لە تەوراتیشدا هـاتووە. ئەوانە وایـان کـردوە کە لەو نـاوچەیە دێـی قەوغـا و کەسـی دەسترۆیشـتوو پەیـدا بـن و خەڵـکە ئاسـاییەکەش وەک دەڵـێن دەستیان گەیشتۆتە دەمی خۆیان. بەو جۆرە خەڵک توانیویـانە لە مەجلیسـاندا خـزمەت بە هونەرمەنـدان بکەن و لە شـایی و زەماوەنـدانـدا شـاباش بە شـایەران بـدەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینین ئەو نـاوچەیە لە هـونەری هەڵـپەڕکێ، لە مـوزیکی فۆلکلۆر و لە گۆرانیی داوەت و شاییدا ناوچەیەکی یەکجار دەوڵەمەنـدە. هەر لە سـەدەی بیستەمدا نـاوی دەیـان هونەرمەنـدی

گەورە و دەنگخۆش لەو هەرێمە بەر گوێ دەکەوێ کە بە داخەوە زۆربەیان ئاسەواریان لێ نەماوە بەڵام هونەرمەندانی وەک کاک برایمی قادری چۆڕاوەی ئەو هەموو هونەرمەندە مەزنانەن.

هونەرمەندانی شاییگێڕ بە گشتی پیاوان و ژنانی لەبز شیرین، قسەخۆش، بۆشناخ و بە دەستوور بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە ڕازێنەرەوەی مەجلیس و گەڕی داوەت و هەڵپەڕکێ بوون بەڵام لە خۆشی و ناخۆشی، لە شایی و شیندا هاودەم و لەگەڵ خەڵکەکەیان بوون. لە گۆرانی و بەندەکانیاندا زۆر جار بە گڕ دیاردە دزێوەکاندا دەچوونەوە. زۆر دیاردەی باو بەڵام زیانبار، یان بابەتی هەستیار ئەگەر باسکردنیان لە کۆمەڵگەدا تابۆش با، شایەران دەیانتوانی بە شێوەیەکی هونەرمەندانە لە چوارچێوەی بەند و گۆرانیی خۆیاندا تانەیان لێ بدەن یان باسیان بکەن و کەسیش یەخەیان نەگرێ و ڕەخنەیان لێ نەگرێ. ئەوان لەو ڕێگایەوە دەبوون بە دەنگی چەوساوەی خەڵک. بە دەنگی ئەوانەی دەنگیان بە گوێی کەس نەدەگەیی.

لەم نێوەدا دوو توێژ ملۆزم و دژبەری شایەران و بە گشتی هونەرمەندانی نەتەوەیی بوون؛ یەکەم مەلای دەمارگرژی ئایینی و دووهەم خوێندەواری مەیلەو ئاسیمیلەی دەست فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست. یەکەمیان هەموو نرخ و بەها نەتەوەییەکان بە تەرازووی ئایین هەڵدەسەنگێنێ و دووهەمیان بە کیلە و ڕبەی داگیرکەری دەپێوێ. ئەمانە هەوڵیان دەدا شایەران و هونەرمەندان لە کۆمەڵگەکەی خۆیاندا بێنرخ و سووک بکەن، تانە و توانجیان لێ بدەن و خەڵک هان بدەن تا گاڵتەیان پێ بکەن. بەڵام شایەران کە لە ناخی کۆمەڵگەی خۆیانەوە هەڵدەقولان، لەگەڵ خەڵکی خۆیان بوون. تەنانەت لە کاتی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە نەتەوەییەکاندا، ئەوان لە کۆمەڵگەکەی خۆیان دانەدەبڕان. بە سەنگ و توانای خۆیان، بە جەستە یان لە ڕێی هونەرەکەیانەوە بەشدارییان لە شۆڕشدا دەکرد. هونەرمەندانی وەک عەلی خەندان، ڕەسووڵی نادری، برایمی قادری، عەینەدین مەریوانی و زۆر هونەرمەندی دیکە بەشێک لە دوا ئاڵقەی ئەو قافڵە دەوڵەمەندە بوون کە دەزانین لە سەرەتای بەرگریی خەڵکی کوردستان بە دژی جیهادی خومەینیدا، هونەرەکەیان نایە خزمەت ئەو خەبات و بەرخودانە نەتەوەییەوە. لەم نێوەدا کاک برایمی قادری ڕەنگە لە هەموویان زیاتری بەر کەوتبێ. ئەو بۆخۆی لە کۆڕی خەباتدا بەشدار و پێشمەرگە بوو، قارەمانێکی شەڕی داشکستان بوو، لەشەڕدا برینی قورسی هەڵگرت، کوڕێکی شەهید بوو، کوڕێکی پێشمەرگە و یەکیشی ئەندامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات بوو کە دوای ئاشکرابوون پەڕێوەی دەرەوەی وڵات بوو. وێڕای ئەوە کاک برایم بە هونەرەکەشی ڕازێنەرەوەی ڕەزمی خەبات و کۆڕی تێکۆشان بوو. لە نەخۆشخانەی حیزبدا ئێواران پێشمەرگە بریندار و کەمئەندامەکانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە، گۆرانیی بۆ دەگوتن، شایی دەخستە نێو دڵیانەوە و لەو ڕێگایەوە وورەی پێ دەدان.



سەرچاوە
Serchawe

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

کاک برایم ساڵی ٢٠١٠ بۆ جاری دووهەم سەردانی دەرەوەی وڵاتی کرد و تەشریفی هاتە فەنلاندیش. من بەهۆی کوڕەکانی کاک میرۆ و کاک ئەمیر کە هاوڕێی حیزبیمانن، بەختی ئەوەم هەبوو لە نیزیکەوە بە خزمەتی بگەم و دیمانەیەکیشم بۆ کوردکاناڵ لەگەڵیدا ئامادە کرد کە هیوادارم لە ئەرشیڤدا مابێ. پیاوێکی ڕێکوپێک، بەڕێز و خۆشمەشرەف بوو. کە خۆم پێ ناساند و گوتم خەڵکی ئاوایی "پیروەلی باغ"م، تاوێک ڕاوەستا، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە حەسرەتەوە گوتی؛ "ڕەنگە شێست ساڵ لەوە پێش لەو پیروەلیباغەی تۆوە دەستم پێ کرد، حاجی محێدین ڕەفیقم بوو و بۆ شاییەکەی لێی گێڕابوومەوە و چووم." زۆر بە تەسەلی ئەو بیرەوەرییەی لەبیر مابوو و بۆی گێڕاینەوە. کاک برایم کە دوای ساڵانێک پێشمەرگایەتی و برینداری گەڕایەوە بۆ مەهاباد، وەک چۆن بە هەڵسوکەوت و هونەرەکەی لە پاراستنی فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەیدا بەردەوام بوو، بە هزر و فکریش هەروا وەفاداری حیزبەکەی و ڕێبازی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی مابۆوە. شانازی بە ڕۆژانی پێشمەرگایەتی خۆی و کوڕەکانیەوە دەکرد. دەیگوت؛ "گەورەترین ئیمتیازی ژیانم کە سەوادی خوێندن و نووسینە لە ژێر سێبەری گەورەی حیزبی دێموکراتدا دەستەبەرم کردوە و ئەوە گەورەترین شانازییە بۆ من". دەیگوت؛ "سەرەڕای ئەو هەموو ساڵە، هەمیشە دڵم لەوێیە و لەکاتی گۆرانی گوتنیشدا کە ئەو ڕۆژانەم وەبیر دێتەوە و دەڵێم "ئاتەش"، مەبەستم هەیە و دەشزانم خەڵک لە مەبەستم دەگەن".

"**ئاتەش**" وشەی باوی سەر زاری کاک برایم بوو لەو کاتەدا کە کۆڕی مۆسیقا گەرم دەبوو یان وەک وشەی هاندان بۆ گەرمکردن و ڕێکخستنی کۆڕی موزیک بەکاری دەبرد. ئەم ڕەمز وشەیە هاوکات باری ڕەزمیی بە بەزم دەدا و لە زەین و بیری بیسەردا بیرهێنەرەوەی هێرش و پەلاماری پێشمەرگە بۆ سەر هێزی داگیرکەر بوو. ئەوەش هەوڵێک بوو لەلایەن هونەرمەندەوە بۆ ئەوەی لەژێر زەبروزەنگی دەسەڵاتی داگیرکەریشدا بە هونەرەکەی خەبات و بەرخۆدان وەبیر گەلەکەی بێنێتەوە .

کاک برایمی قادری سەرەنجام ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٤ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی دواتر لەنێو ئاپۆرای بەرینی خەڵکی کوردستان، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هونەردۆستان، لەحاڵێکدا کوڕان و کچانی نیشتمان بە جامانە و جلوبەرگی نەتەوەییەوە هاتبوون تا بەرەو مەنزڵگەی تاهەتایی بەڕێی بکەن، لە گۆڕستانی هونەرمەندانی شاری مەهاباد بەخاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

یاد و ناو و تێکۆشانی فەرهەنگی و سیاسیی کاک برایمی قادری بە دڵنیاییەوە بۆ هەتاهەتایە لە هزر و یادی گەلەکەیدا بە گەورەیی و نەمری دەمێنێتەوە.

**١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵبژاردنی مایک واڵتز، ڕەخنەگری توندی سازش لەگەڵ ئێران بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەلایەن ترامپەوە




**جوویش ئینسایدێر- مارک راد**

**و: کەماڵ حەسەنپوور**

سەرۆککۆماری هەڵبژێردراو دۆناڵد ترامپ، مایک واڵتز (کۆماریخواز لە ویلایەتی فلۆریدا) وەکوو ڕاوێژکاری داهاتووی ئاسایشی نەتەوەیی دەستنیشان دەکات و بەو شێوەیە لایەنگرێکی ئیسرائیل و ڕەخنەگری سازان لەگەڵ ئێران بە کابینەکەیەوە زیاد دەکات. واڵتز کە ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەیالەتی فلۆریدایە، بە قووڵی بەشداری سیاسەتی دەرەوە بووە و خوازیارە وڵاتە یەکگرتووەکان زەختی زۆرتر بخاتە سەر ئێران و بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی.

واڵتز بە چڕیی کاری لە سەر پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا کردووە و بەر لەوەی وەکوو نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرێ: کڵاو سەوز بووە ، کارمەندی پێشووی سیاسیی پێنتاگۆن و سەرۆکی

کۆمپانیایەکی کەرتی بەرگری بووە، هەروەها سەرۆکی کۆمیسیۆنی هێزە چەکدارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەندامی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوە و هەواڵگریی بووە، هاوکات لەگەڵ هەموو ئەوانە، ناوبراو پشتیوانێکی نەگۆڕی ئیسرائیلە.

مانگی ڕابردوو، کاتێک ئیسرائیل هێرشی تۆڵەئەستاندنەوەی دژی هێرشی هاژەکی بالیستیک لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوە برد، واڵتز پێشنیاری کرد ئیسرائیل دەبووا هێرش بکاتە سەر دوورگەی خارک، شوێنی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئێران، و بنکە ناوکییەکانی لە نەتەنز و پرسیاری کرد ئاخۆ بەڕێوەبەرایەتیی بایدن زەختی خستووەتە سەر ئیسرائیل هەتا "جارێکی دیکە کەمتر لەوە بکات کە لە توانای دایە".

ئەو لە سێپتەمبەردا بە جوویش ئینسایدێری گوت کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبوو زەخت بخاتە سەر حەماس و پشتیوانە ئێرانییەکانی و، بەڕێوەبەرایەتی بایدنی بە "زەختی یەکلایەنە بۆ سەر ئیسرائیل بە مەبەستی چوونە ژێر باری ڕێککەوتنی ئاگربڕ" لەگەڵ حەماس لە غەززە، تاوانبار کرد. واڵتز هەروەها گومانی خۆی لەمەڕ پێشنیاری ئاگربڕ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان دەربڕی. تەنانەت بەر لە شەڕی غەززە، واڵتز لە مانگی مای ٢٠٢٣ بە جوویش ئینسایدێری گوت کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بە ئاشکرا بڵێ پێش بە ئیسرائیل ناگری هەتا هێرش بکاتە سەر بەرنامەی ناوکی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان "لە ڕێگای ئامرازی جۆراجۆر دەبێ بە ئێران نیشان بدا کە تواناییە سەربازییەکانمان بە شێوەیەکن بە ڕاستی دەتوانین زەرەری جیددی بە بەرنامەکەیان بگەیەنین".

واڵتز لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بە جوویش ئیسنایدێری گوت وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە نیشاندانی چاوترسێنکردنی بەهێزتر دژی ئێران هەیە و دەبێ بە ئاشکرا کاردانەوەکانی هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی، بە هۆی بەکرێگیراوەکانیەوە ڕا بگەیەنێ و هەروەها پێش بە پشتگیریی دارایی بۆ ئەوان لە لایەن ئێرانەوە بگرێ. ئەو جەختی کردەوە کە کوشتنی قاسم سولەیمانی نموونەیەکی ئاشکرای چاوترسێنکردنە.

واڵتز ماوەیەکی دوور و درێژ سەرۆکی هەوڵە جووت حیزبییەکان بۆ زەخت خستنەسەر بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ دستنیشانکردنی دووبارەی حوسییەکان وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی بوو. لە سەرەتای ئەوساڵ ئەو هەروەها لەگەڵ تاقمێک کەوت کە نامەیەکیان بۆ قەتەر نووسی و هەڕەشەیان کرد سزا دژی ئەو وڵاتە پەسەند دەکەن، بێتوو ئازادکرانی شارۆمەندە ئەمریکاییەکانی بەبارمتەگیراو لە لایەن حەماسەوە مسۆگەر نەکات. ئەو بە جوویش ئینسایدێری گوت کە قەتەر پێویستە "کاری زۆرتر بۆ سەرکوتی چالاکییەکانی حەماس لە وڵاتی ئەواندا بکات".



سەرچاوە
Serchawe

ئەو نوێنەری کۆنگرە لە ویلایەتی فلۆریدا هەروەها تێکەڵی ئەو هەوڵانە بوو کە داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەکەن هەتا وەڵامی هەوڵەکانی ئێران بۆ پشتگیریی لە خۆپیشاندانە دژی ئیسرائیلییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بداتەوە و هەڵوێستێکی توندتر دژی دەوڵەتی عێراق، لەبەر پشتگیرییەکانی لە تاقمە میلیشیاییەکانی سەر بە ئێران، بنوێنێ.

والتز لە ساڵی ٢٠٢٢ گوتی ئەو دژی هەر هەوڵێک بۆ دانوستان لەگەڵ ئێراندا دەوەستێتەوە و ڕێبەریی پەسەندکرانی یاسایەکی لە کۆنگرەدا کرد کە یاساکانی سەپێنراو لە کاتی سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ترامپدا بهێڵێتەوە، بێ ئەوەی بایدن بتوانێ بە فەرمانی سەرکۆماری، هەڵیانوەشێنێ یان سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان بێنێتە دەرێ.

ئەو هەروەها پشتیوانی سەرەکیی یاسای "مەهسا ئەکت" بوو کە لە وەڵامی کوشتنی مەهسا ئەمینی ٢٢ ساڵە و سەرکوتی نارەزایەتییەکان، کە بووە هۆی سەپاندنی گەمارۆ بۆ سەر ڕێبەریی ئێران.

پێشتر، لە ساڵی ٢٠٢١، ئەو بەڕێوەبەری هەوڵە جووت حیزبییەکان، بە پشتگیریی ١٤٠ نوێنەری کۆنگرە، لەبارەی ئێران بوو کە لەودا داوا کرا کاردانەوە دژی سەرجەم چالاکییە خراپەکانی ئێران لە بوارەکانی ناوکی، هاژەکی بالیستیک، تیرۆریزم و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، بە شێوەی سیاسی و سەپاندنی گەمارۆ بکرێ.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ جوویش ئینسایدێر لە نیوەڕاستی ٢٠٢٣، والتز بە گشتی پشتیوانی مەرجەکانی عەرەبستانی سعودی بۆ ڕێککەوتنێکی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل، لە نێویاندا دانی گارانتی ئەمنییەتی و پشتگیریی لە بەرنامەی ناوکی عەرەبستانی سعودی کرد. پێشتر لەو ساڵیدا، ئەو داوای لە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن کرد خێرا باڵوێزێک بۆ ڕێککەوتنی ئیبراهیم دەستنیشان بکات.

جێگای سەرنجە کە والتز هەروەها بەڕێوەبەری هەوڵی جووت حیزبی بۆ داکۆکی لە پلەی ڕێکخەری ئاسایشی بۆ ئیسرائیل و بەڕیوەبەرایەتی فەلەستین لە کاتێکدا بوو کە بەڕێوەبەرایەتی بایدن بەتەمای دابەزاندنی پلەی کەسی بەرپرسی ئەو کارە بوو. یەکەم بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ کۆتایی بە پشتگیریی دارایی لە مەئموورییەتی ڕێکخەری ئاسایشی کردبوو. والتز هەروەها لایەنگری بەرنامەی هاوکاریی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بووە. ئەو بۆ ماوەی چەند ساڵ هەوڵی داوە یاسایەک پەسەند بکرێ بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی هاوبەش لەبارەی نەخۆشی پاش ڕووداوی ناخەهەژێن، بەڕێوەبەری پەسەندکرانی یاسا بۆ دابینکردنی بودجە بۆ ناوەندی توێژینەوەی هاوبەش لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەمەڕ ژێریی

دەستکرد و سەرۆکی هەوڵەکانی پشتگیریی لە بەرنامەکانی بەرگریی هاژەکی بووە.

ئەو هەروەها پشتیوانی سەرەکیی هەوڵەکان بۆ ڕەخنەگرتن لە فراکسیۆنی چەپی کۆنگرە بووە و ئەوانی بە پەرەپێدانی هێرشی دژی جوولەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و پشتیوانیی لە تیرۆریزم تاوانبار کردوە.

ئەو بەگشتی لایەنگری تەرخانکردنی بودجەی پێویست لە بواری بەرگریدا بووە و لە جانیوەری ٢٠٢١ بە جوویش ئینسایدێری گوت، وڵاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ بودجە بە شێوەیەک کەم بکاتەوە کە کاریگەریی لەسەر توانایی ئەو وڵاتە بۆ "چاوترسێن کردن و کێبڕکێ لەگەڵ چین، ڕوسیە، ئێران، کۆرەی باکوور و تیرۆریزمی جیهانی" هەبێ یان کاریگەریی نەرێنی لەسەر هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەبێ.

مایکڵ مەکۆڤسکی، سەرۆکی ئەنستیتۆی جوولەکە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، دەستنیشانکرانی واڵتزی وەک "دەستنیشان کردنێکی نایاب" وەسف کرد. ماکۆڤسکی گوتی، "ئەو فرە ژیر و جیددییە، پشتیوانێکی بەهێزی ئیسرائیلە، ناسازشکار لە بەرانبەر چین و ئێران، بە پەیوەندییەکی باشەوە لەگەڵ سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراو ترامپ. ئەو یارمەتی ترامپ دەکات تا توانایی چاوترسێنکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی پێشوو، کە بەتوندی لاواز کراوە، زەخت دەخاتە سەر ڕێژیمی تاران و، پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکات بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان گەشە پێ بدا".

جەیسۆن برادسکی، بەڕێوەبەری سیاسەتی ئەنجومەنی یەکگرتوو دژی بەرنامەی ناوکیی ئێران دەستنیشانکرانی واڵتز بە "هەڵبژاردنێکی نایاب وەسف دەکات و دەڵێ واڵتز لایەنگرێکی بەهێزی ئەوپەڕی زەخت دژی ئێران و هاوپشتیوانی سەرەکی بۆ پەسەندکرانی یاسای مەهسا بووە." سەرۆکی ئەنجومەنی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی، جێب بوش دەڵێ واڵتز "نیشتیمانپەروەر" و "بڕبڕێکی نایابە."

سەرەڕای ئەوە کە واڵتز بە گشتی ڕوانگەی کۆنباوی لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە هەیە، ئەو زۆرتر حەزی بەلای ئەو تاقمەی نێو حیزبەکەیدا هەیە کە خوازیاری سنووردارکردنی یارمەتییەکان بە ئۆکراینن. ئەو لە سێپتەمبەری ٢٠٢٣ لە وتارێکدا گوتی لەسەر ئەو بڕوایەیە بێتوو ئوکراین تووشی نسکۆ ببێ، ڕووسیە لە هەوڵی هێرش بۆ سەر وڵاتانی ناتۆ دەبێ و جەنگی جیهانیی سێهەم هەڵدایسێنێ. بەڵام ئەو بەڕێوبەرایەتیی بایدنی بەوە تاوانبار کرد کە لە دیاریکردنی ئامانجێک یان ستراتێژییەکی قابیلی دەستپێڕاگەیشتن بۆ ئوکراین شکستی هێناوە. ئەو هەروەها گوتی یارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ "لێرە بەدواوە بە دابەشکردنی بارگرانیی لەگەڵ ئورووپا و پشتگیریی یەکسان لە لایەن ئورووپاوە گرێ بدرێ." واڵتز لەو

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

دواییانەدا گوتوویەتی وڵاتە یەگرتووەکان دەبێ زەخت بێنێ تا ئۆکراین و ڕووسیە پێکەوە دانوستان بکەن، بەڵام بێتوو ڕووسیە خۆ لە دانوستان ببوێرێ، دەبێ چەکوچۆڵی زۆرتر بۆ ئوکراین دابین بکرێت، بە سنووردار کردنی کەمترەوە.

جێف بارتۆس، ئەندامێکی جوولەکەی کۆماریخواز کە بۆ هەڵبژێردران بۆ ئەنجومەنی پیران لە پێنسیلڤانیا خۆی بەربژێر کردبوو، بە جوویش ئینسایدێری گوت کە واڵتز "دەستنیشانکردنێکی فرە نایابە. ئێمە بە یەکەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار ترامپ لە پێنسیلڤانیا حەوتووی پێش هەڵبژاردن بەشدار بووین. لەهەر شوێنێک وێستابایِن، مایک کاتی بۆ قسەکردن لەگەڵ هەر کام لە دەنگدەران تەرخان دەکرد و سەرنجی تایبەتی دەدا بە جەماوەری خاوەن ئەزموون لە جەنگدا. مایک بۆخۆی کەسێکی خاوەن ئەزموون لە بەشداریی لە جەنگدایە، یەکەم کەسێک کە ئەندامی هێزە تایبەتییەکان بووە و پاشان بوەتە ئەندامی کۆنگرە و ستراتێژیستێکی فرە ژیرە. ئەو پشتێوانێکی نەگۆڕی پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیلە و لە ڕوانگەی بەربەرەکانی لەگەڵ دژبەرانی جوولەکە، بێوێنەیە".

**١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**

# ناکۆکییەکی نەبوو!



**ئاسۆ مینبەری**

هەموو ئامارەکان پێ دەڵێن کۆماری ئیسلامی لە زۆر بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، بەتایبەت فەرهەنگی و پەروەردەییدا تووشی شکست بووە، ئەم شکستە ئەگەرچی بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دەرەکیدا زۆر ئەتوانێ جێگای باس بێت بەڵام نابێ لە بیری بکەین شکستی ڕێژیم لە نێوخۆ و لەو خەڵکەی دەیان ساڵە بە خەڵکی خۆی ناویان دەبات، زۆر قوورستر و کاریگەرتر بووە، بە جۆرێک کە بەپێچەوانەی ڕابردوو، هیچ هەوڵێکی ئەم ڕێژیمە ناتوانێ خەڵک چاوترسێن و لە خواستەکانیان پاشگەزیان بکاتەوە.

یەکێک لەم پرسانە کە لە نێوخۆوە ڕێژیم پێی دۆشداماوە، پرسی حیجابی زۆرەملێیە. ڕێژیم لەم دواییانەدا جارێکی دیکە گەڵاڵەیاسای ناسراو بە "حیجاب و عیفاف"ی لە بەرەبەری دووهەمینساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکی بزووتنەوەی ژینادا لە ڕێگەی شورای نیگەهبانەوە پەسەند کرد و بڕیارە لە دەوڵەتی پزشکییاندا جێبەجێ بکرێت کە لە کۆتاییدا، لە ڕۆژی ١٠ی سەرماوەزی ئەمساڵدا لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە، دەقی گەڵاڵەکە بڵاو کرایەوە.

ئەم دەقە یاساییە، لە ٥ بەش پێک هاتووە کە ٧٠ بڕگە و ٣٨ تێبینیی لەخۆ گرتوە و بەم شێوەیە باس لە حیجابی دڵخوازی دەسەڵات، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم یاسایە و سزا دیاریکراوەکان کراوە.

لە بەشێک لەم یاسایەدا جیا لە دیاریکردنی چوارچێوەی حیجابی دڵخوازی ڕێژیم، باس لەوە کراوە کە ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ هەتا ١٦٥ میلیۆن تمەن سزای نەختیشی لەگەڵ دەبێت. باسکردن لەم بەشە لە یاساکە کە ئاماژە بە سزای نەختی دەکا، لە ڕاستیدا بە مەبەستی ترساندنی خەڵکە کە لەم دۆخە ئابوورییە نالەبارەدا ڕێژیم پێی وایە دەتوانێ وەکوو کارتێکی گوشار بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگە کەڵکی لێ وەربگرێت، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وردەکارییەکانی ئەم یاسایە، دەوڵەت باسی لەوە کرد کە بەرهەمهێنانی چارشێوی ڕەش و مەقنەعە ئەچێتە بواری چالاکییە فەرهەنگییەکانەوە و ئیمتیازیشی بۆ دیاری دەکرێ. ئەمە بەو مانایەیە کە ڕێژیم دەیەوێ بە تەماح وەبەرنان و لەلایەکی تریشەوە بە ترساندنی خەڵک بە سزادانی نەختی ئەم پرسە بە ئاکامی دڵخوازی خۆی بگەیێنێ کە بێگومان بۆی جێبەجێ نابێت.

بابەتێکی دیکە کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکار و بەناو دادوەری لەسەر ئەم بابەتە ناکۆکییان هەیە و هەرکامەیان بە جۆرێک باسی ئەم پرسە دەکەن.

پاش دیاریکردنی ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی یاسای حیجاب و عیفاف لەلایەن محەممەدباقر قالیباف سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم و ڕەزامەندیی ناوبراو و هەروەها پشتیوانییەکانی غولامحوسێن موحسێنی ئێژەیی سەرۆکی دەسەڵاتی بەناو دادوەریی ڕێژیم لەم یاسایە، مەسعوود پزشکییان باسی لە نائامادەبوونی دەوڵەتەکەی و لایەنەکانی ژێردەستی دەسەڵاتی جێبەجێکار بۆ بەڕێوەبردنی یاساکە کرد.

پزشکیان لە وتووێژێکی تەلەڤزیۆنیدا سەبارەت بە پەسەندکردن و واژۆی یاسای حیجاب گوتی: "بابەتەکە باسی زۆری لە سەرە کە هێشتا چارەسەر نەکراوە و لە بواری جێبەجێکردنەوە پرسیارگەلێکی زۆری بۆ دەوڵەت دروست کردوە. ئەو هەروەها ئاماژەی بە ئامادەنەبوونی سیستمی ئیداریی دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە کرد و گوتی ئەگەر یاسایەک بە باشی بەڕێوە نەچێت دۆخەکە خراپتر دەکات. موحسێنی ئێژەییش پێشتر لە دانیشتنی هاوبەشی دەسەڵاتی یاسادانان و مەجلیسی ڕێژیم جەختی لە سەر ئەوە کردبۆوە کە دۆخی ئێستای حیجاب لە کۆمەڵگە دڵخواز نییە و دەبێ چارەسەر بکرێت .قالیبافیش حیجابی ژنانی بە بابەتێکی شەرعی و یاسایی لە قەڵەم دا و جەختی لە سەر ئەوە کردوە کە هەر سێ دەسەڵاتی ڕێژیم دەبێت پشتیوانی لە یاساکە بکەن و گوتی بە هیچ شێوازێک ڕوانینی دەسەڵاتەکان و دامودەزگاکان نابێت لە بابەتی

سەرماوەزی ٢٧٢٤

حیجابدا جیاواز بێت و جەختیشی کردەوە کە ئەگەر کەسێک بیهەوێت لەم بابەتەدا دووجەمسەری دروست بکات بەو مانایە کە بەرژەوەندیی ئایینی و سیاسیی وڵاتی ناوێت!

لە ڕاستیدا ئەم ناکۆکییەی بەرپرسانی ڕێژیم لەسەر خودی پرسی حیجابەکە نییە، چونکە ئەوان لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا، گوێڕایەڵی بڕیاراتی گشتین و پرسی حیجابیش کە گرینگییەکەی لای کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژیی ئەم دەسەڵاتە ڕوون و ئاشکرایە و بێگومان هەموو دامودەزگاکان و بەرپرسانی ئەم ڕێژیمەش لەم پێناوەدا هەنگاو هەڵدەگرن. بۆیە ئەم ناکۆکییە ڕاست نییە. لەلایەکەوە هێزەکانی بەناو دادوەری و یاسادانان پێداگری لەسەر ڕەچاوکردنی ئەم یاسایە دەکەنەوە و لەلایەکی دیکەوە بەشی جێبەجێکار دەڵێ لەگەڵی نیم.

هەر لەو کاتەوە کە پزشکییان هاتە سەر کار زۆر کەس گوتیان کە ئەمە سەرۆککۆماری قەیرانەکانە و ڕێژیم دەیهەوێ بە دانانی پزشکییان هەندێ ڕوانگەی گشتی بگۆڕێ، وەک ئەوەی کە ئیدعای کوردبوون دەکات و ئەوە لە مێژووی ئێراندا دەگمەنە کە کوردێک ببێتە سەرۆککۆمار و ئەوە ئێستاش هەر ئەو سەرۆککۆمارە ڕێفۆرمخوازە، دەڵێ لەگەڵ یاسای حیجاب و عیفاف نیم و وای دەنوێنێ کە وەکوو سەرۆککۆمارێکی خەڵکی، بەرەی خەڵکی هەڵیبژاردوە!

لە لایەکی تریشەوە بە دیاریکردنی ئەو سزا نەختییەش خەڵک دژی خەڵک هان دەدرێن و دەسەڵاتیش لە سەرەوە لە جیاتی جێبەجێکاری یاساکە دەبێتە بینەری جێبەجێکرانی لەلایەن خودی خەڵکەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەبێ پرسی حیجاب، ئیتر کۆماری ئیسلامی نییە! کەوابوو هەموو هەوڵەکان لە کۆتاییدا بۆ ئەوەن کە پرسی حیجاب جێبەجێ بکرێ جا بە هەر نرخێک بێت.

ئەگەر پزشکیان ئێستا وای نیشان دەدات دژی ئەم یاسایەیە یان نایهەوێت جێبەجێی بکات، ئەوە بێگومان خوێندنەوەیەک بۆ ئەم بابەتە کراوە و لە کۆتاییدا ئەرکی هەموو دامودەزگاکانی ڕێژیم جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەبێت و ئەمەش بە مانای سەرکوتی زیاتر و هاوکاتیش بەرخودانی چالاکانەتری خەڵکانی ئێران دژی ئەم بڕیارەیە.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# ڕۆژی ئەرک و وەرزی ئەمەگ




**شەماڵ تەرغیبی**

لە مێژووی جووڵانەوە و خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەکەماندا بە گشتی و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی گەل و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی و دێموکراسی لە کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی کورد لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا لە شەڕ دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بەتوندی بریندار بوون و بەشێک لە جەستەیان پێشکەش بە ئازادیی گەل و نیشتمانەکەیان کردوە.

لە خەباتی بێوچانی حیزبی دێموکراتدا کەم نین ئەوانەی بەشێک لە جەستەیان لەدەست داوە، یا زامی قورسیان هەڵگرتوە کە وەک هێمای فیداکاری و گیانبازی دەناسرێن و دەتوانین بڵێین سەرباری زامە قووڵەکانیان هێشتا بە ئیمانەوە لە سەنگەری ئازادیخوازیدا ماونەتەوە و بە شانازییەوە باس لە ڕابردووی تێکۆشانیان دەکەن و نەک لە دانی نرخە قورسەکەی خەبات پەشیمان نین، بەڵکوو پتەوتر لە ڕابردوو لەو سەنگەرەدا ماونەتەوە و هیوا دەبەخشنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دەربڕینی ئەمەگناسی و ڕێزگرتن لە تێکۆشانی هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لە ڕەوتی

## سەرماوەزی ٢٧٢٤

خەبات و تێکۆشان لەپێناو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، چ بەشێوەی تێرۆر، پیلانی جۆراوجۆری جینایەتکارانی ڕێژیم، یا لە سەنگەری بەرگری بەرانبەر بە نەیارانی کورددا ئەندامێک یا چەند ئەندامی جەستەیان لەدەست داوە و لەگەڵ ژیانی کەمئەندامی بەرەوڕوو بوون، بەڵام کەمئەندامبوون نەیتوانیوە بەربەست بێ لە درێژەدان بە تێکۆشان و تەنانەت بیروباوەڕی ئازادیخوازانەیان پتەوتر و ئیرادەیان لێبڕاوانەتر بووە، ڕۆژێکی وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری کرد.

ڕۆژی ١٣ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیاری کرد. ڕۆژێک کە لەودا هاوڕێی تێکۆشەر و ماندوویی‌نەناس، پێشمەرگە و فەرماندەی ڕۆژانی سەختی خەبات کاک حەسەن شیوەسەڵی لە ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی و لە پیلانێکی داڕێژراوی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا تیرۆر کرا و هەر دوو دەست و هەر دوو چاویشی لەدەست دا.

دیاریکردنی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات، ڕێزلێنان و ئەمەگناسییە بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرە خۆنەویستانەی کە بەشێک لە جەستەیان لە پێناو مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لەدەست داوە. کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ڕیزی خۆشەویستترین ڕۆڵەکانی کوردستانن کە لە پێناو بە سەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێمۆکراتیک کەوتنە بەر تیغ و تیر و تێرۆری جینایەتکارانی ڕێژیم و بەشێک یان چەند ئەندامی جەستەیان لەدەست داوە.

ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز، هەروەها یادی ئەو هاوڕێیانەمانە کە لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە تاوانی حەقبێژی و حەقخوازی لە ژێر قورسترین ئازار و ئەشکەنجەی ڕێژیمی جینایەتکاری ئیسلامی ئێران تووشی کەمئەندامی بوون.

دوژمنانی حیزب و نەتەوەکەمان بە بریندارکردنی جەستەی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی کوردستان قەت نەیانتوانیوە و ناشتوانن ئیرادەی پۆڵایینی ئەوان بەچۆکدا بێنن، بێشک کەمئەندامانی حیزب چ ئەوانەی ئێستاش لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا ماون و چ ئەوانەی لە تاراوگە و لە نێوخۆی وڵاتدا دەژین، ئێستاش کۆڵەکەی ڕاپەراندنی کار و چالاکییەکانی حیزبەکەمانن.

هەر بۆیەش گەلی کورد و تێکۆشەرانی کوردستان هەمیشە وەکوو ئەرکێکی نیشتمانی بە چاوی ڕێز و ئەمەگناسییەوە دەڕواننە

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

ئەو کەسانە کە لە پێناو مافی نەتەوایەتی و دادپەروەری و ئازادیدا کەوتوونەتە بەر پەلاماری دڕندانەی داگیرکەرە تێرۆریستەکانی کوردستان و لەو پێناوەدا چەند ئەندامی جەستەیان بە بارەگای ئازادی و مافی نەتەوایەتی کورد بەخشیوە. کەمئەندامان ڕاستە لە ژیاندا ماون بەڵام لەگەڵ ژان و ئازار و نەهامەتییەک هەڵدەکەن کە ڕەنگە ڕۆژانە دەردی نزیک لە مەرگ و شەهیدبوون بچێژن و سەرلەنوێ بۆ ژیانی پڕ ژانی کەمئەندامەتی تێهەڵچنەوە؛ بۆیە لەم پێناوەدا پێڕاگەیشتن بە بنەماڵە و جگەرگۆشەکانی کەمئەندامان نەک هەر ئەرکێکی نیشتمانییە بەڵکوو ئەرکێکی ئینسانی و ئەخلاقی هاوسەنگەران و هاوبیران و هاوئامانج و تێکڕای خەڵکی کوردستانە، ڕاستە ئەو ئەرکانە لە پێشدا بەرەوڕووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێتەوە کە خاوەندارەتی شەهیدان و کەمئەندامانی دەکا؛ بەڵام مادام ئەرکەکە ئەرکێکی نیشتمانی- ئینسانی و ئەخلاقی و شۆڕشگێڕییە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. ئەوەش بەزەیی نییە چوونکە کەمئەندامان لەوە گەورەترن ئێمەمانان بەزەییمان پێیان دابێ بەڵکوو ئەوان فیداکار و جەستەبەخش و قارەمانانی نەتەوەکەمانن کە هەموو لایەکمان دەبێ دەرسی باوەڕمەندی و فیداکارییان لێ فێربین و لە هەمان کاتدا ئەرکە نیشتمانی – ئینسانی، ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانەمان بەجێ بێنین و ئەمەگناسیمان بەرانبەریان دەربڕین.

کاتی ئەوەیە سەرلەنوێ بەڵێنییەکانمان بەرانبەریان نوێ کەینەوە و پێیان بڵێین ئێوە بۆ ئێمە نموونەی فیداکارین، ورەی بەرز و باوەڕی پتەوتان هاندەری برینی ڕێگای دژوار و پڕ هەوراز و نشێوی گەیشتن بە ئامانجمانە و جێگاتان لە گۆڕەپانی خەبات، دیار و بیرتان ڕێنوێنی ڕێگامانە.

**١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# **فەریبا بەلووچ**: ڕەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات پێویستە ژیرانە لەهەمبەر ئەو ناکۆکییانەدا مامەڵە بکەن کە ڕێژیم دەیانێنێتەوە




**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

## ئاماژە:

**کورد و بەلووچ دوو نەتەوەی ستەملێکراو بە چارەنووسێکی هاوشێوەن. ئەم دوو نەتەوەیە خاکەکەیان لەنێو چەند وڵاتی ناوەندگەرادا بەشکراوە سیستماتیک ماف و ئازادییەکانیان لەلایەن ئەم حکوومەتانەوە پێشێل کراوە. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە چارەنووسی ئەم دوو میللەتە و کۆمەڵێک پرسی سیاسی ڕۆژەڤ وتووێژێکی لەگەڵ خاتوو فەریبا بەلووچ، چالاکی مافی مرۆڤ پێکهیناوە.**

**شەهرام سوبحانی: خاتوو فەریبا بۆچی ڕێژیم داخوازی ڕەوای خەڵکی بەلووچستان و کوردستان بە "جیاییخوازی" لە قەڵەم دەدات؟**

**فەریبا بەلووچ**: ئەم پرسە بۆ هەموو کەس ڕوونە کۆماری ئیسلامیی ڕێژیمێکی تۆتالیتێری ئیدۆلۆژییە کە دەیەوێ جۆغرافیای هەمەچەشنی ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک بۆ نەتەوەیەکی خاوەن شوناسێکی هاوبەش لەوانەش زمان و کولتوور بگۆڕێت. لەدژی ئەم بیرۆکە تۆتالیتێرییانە، هەرکەسێک لە هەرکام لەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین دژایەتی ئەم ئیدۆلۆژییە بکات و ئەگەر بیانهەوێت کولتوور و زمان و ناسنامەی مێژوویی و یەکسانی یاسایی خۆیان بپارێزن، بەرهەڵستیان دەبنەوە و هەوڵ دەدەن تۆمەتەکانی وەک "جیاییخواز" و "تیرۆریست"، بەتایبەتی بدەنە پاڵ گەلی کورد و بەلووچ، وا بنوێنن کە ئەم خەڵکە بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران مەترسیدارن و دەبێت کۆنترۆڵ و سەرکوت بکرێن. بابەتیەکی دیکەش ئەوەیە -بە تایبەتی لە بەلووچستاندا- ڕێژیم بەهۆی ئەم پرسە ئیدۆلۆژییەوە هەمیشە خەڵکی بەلووچیان لە دەستپێڕاگەیشتن بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان بێبەش کردوە و یەکێک لەو هۆکارانەی بۆ نموونە دەیەوێت پاساو بۆ ئەم پرسە بهێنێتەوە هەر ئەوەیە، بە واتایەکی دیکە بۆ پەردەپۆشکردنی ناکارامەیی خۆیان بەرانبەر بە هەڵاواردنی سیستماتیکی خەڵکی بەلووچستان لەم هەموو ساڵەدا، دەست بەم سەرکوتکردنە دەکەن و بە جوداییخواز و تێرۆریستیان دەزانن، بۆ ئەوەی پاساوێکیان بۆ بێبەشکردنی ئەو کەسانە کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئەنجام دەدرێت، هەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی هۆکاری چڕبوونەوەی سەرکوتی خەڵکی بەلووچستان بە تایبەت دوای بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" چییە؟

**فەریبا بەلووچ**: لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی سیاسەتی بێبەشکردن، سەرکوت و گوشاری بەسەر خەڵکی بەلووچستاندا سەپاندوە و بە بێدەنگییەکی تەواو جێبەجێی کردووە. واتە نەک هەر لە نێوخۆی ئێران بەڵکوو لە میدیاکانی دەرەوەی ئێرانیشدا ڕوومالێیان نەکراوە و هەمیشە لەسەر بنەمای هەمان پێناسە لە خەڵکی بەلووچستان، ڕای گشتییان سەرقاڵ کردوە، بۆ ئەوەی خۆیان لە نزیکبوونەوە لە بەلووچەکان بە دوور بگرن و بتوانن بەئاسانی لەم وڵاتەدا لە ستەمکارییەکانیان بەردەوام بن. واتە ئەو هەموو ساڵە هەوڵیان دابوو سەرکوتی خەڵکی بەلووچستان پەردەپۆش بکەن بۆ ئەوەی دەنگی ئەم نەتەوە ستەملێکراوە نەگاتە گوێی جیهان و لە ڕێگەی میدیا یان هەر ئامرازێکەوە دەستیان پێ گەیشتبێ هەوڵیان داوە وێنەیەکی ناڕاست لە خەڵکی بەلووچستان لە میدیاکان، فیلم و سینەمایەکاندا نیشان بدەن، گەلی بەلووچ بە شێوەیەکی تەواو هەڵبەستراو و فریودەر لەنێو خەڵکدا ڕیکلام و بانگەشەی بۆ دەکرا بۆ نموونە وەکوو تیرۆریست و قاچاخچی. بەڵام لە ڕاستیدا بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" گەورەترین گورزی لە دەسەڵات دا بۆ شکستپێهێنان بە سیاسەتی سانسۆری ئەم ڕێژیمە. بۆیە یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەم بزووتنەوەیە نزیکبوونەوەی نەتەوەکانی ئێران بوو، ئەو نەتەوانەی بە شێوەیەکی سیستماتیک لە هەموو ئەو ساڵانەدا پەراوێز خراون و بەتایبەت هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی خوێناویی زاهیدان وەکوو بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەر کچێکی بەلووچ لەلایەن

پارێزگاری پۆلیسی چابەهارەوە، لە هەمان کاتیشدا میدیاکان خەریکی ڕوومالْکردنی پرسەکانی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بوون. بابەتی هەینی خوێناویی زاهیدان کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەم بابەتە، نەتوانرا چاوپۆشی لێ بکرێت، لە سەرەتادا ئەوەی کە ڕێژیم ئەو تاوانانەی لە هەینی خوێناویی زاهیدان ئەنجام دا، پێمان وایە لەبەر ئەوە بووە کە ویستویەتی لەو ڕێگەوە شارەکانی دیکەی ئێران بترسێنێت.

**شەهرام سوبحانی**: مەبەستتان ئەوە بوو بە سەرکوتی خوێناویی بەلووچەکان پاشەکشە بە نارەزایەتییەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بکات؟

**فەریبا بەلووچ**: بەڵێ بۆ تۆقاندنی خەڵک بوو. ئەوان پێیان وابوو بۆ نموونە ئەگەر شارەکانی دیکە درێژە بە خەبات بدەن، ئەو جۆرە سەرکوتکردنە چاوەڕێیانە و بۆ ترساندنی خەڵکی دیکە کێ باشتر لە خەڵکی بەلووچستان، بە لام لە هیچ کوێیەک گوێیان نەدایە ئەو بابەتە ئەو پیلانە لەنێوچوون و کەس وەکوو جاران بڕوای بەم پیلانە نەکرد، بە تایبەتی بەرخۆدانی مەدەنیی خەڵکی بەلووچستان کە ڕێژیم لە دوای ئەو سەرکوت و چاوترساندنانە چاوەڕوانیی ئەوەی نەبوو بێنەوە سەر شەقام و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بە شێوەیەکی مەدەنییانە بەهۆی ئەو هەموو ساڵە چەوساندنەوە و بێبەشی و گوشارەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەریاندا هێنابوو سەرنجی نیوەی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانیی ئەوەی هەبوو هەندێک گرووپی چەکداری کە هەمیشە باسی دەکات و لێی دەترسێت، بێن و خەڵک بە بیانووی ئەوانەوە سەرکوت و ململانێکان زیاتر بکات و بڵێن ئەمانە گرووپی تێرۆریستین، بەڵام ئەمە لە بەلووچستان ڕووی نەدا، و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک خەڵک هەموو هەینییەک دەهاتنە دەرەوە و تەنیا بە هەمان دروشمیان دەوتەوە کە لە شوێنەکانی دیکەش دەوترایەوە، دادخوازیی بۆ خوێنی شەهیدان و بریندارەکان بوون، تەنانەت کاتێک کۆماری ئیسلامی دوای یەک مانگ کۆمەڵکوژییەکی خوێناوی لە خاش ئەنجامدا، هێشتا خەڵک درێژەیان بە خەباتی مەدەنی خۆیان دا و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی جیهان بۆ یەکەمجار چاو لە خەڵکی بەلووچستان بکەن و بزانن ڕێژیم لەوێ چ تاوانێکی خوڵقاندوە. ئەمەش ئەوە بوو کە ڕێژێم لێی دەترسا و نەیدەویست ڕووبدات، بەڵام لە کۆتاییدا ڕوویدا، و دواتر ڕێژێم بۆ تۆڵەکردنەوە دەستی کرد بە سەرکوت و لەسێدارەدان و کوشتنی ڕۆژانەی سووتەمەنبەرەکان و بەو شێوەیە وڵامی پرسی بەرخۆدانی مەدەنی لە بەلووچستان دایەوە دۆخی خەڵکی بێ ناسنامەی بەلووچستان لە پێشوو خراپتر بوو، تەنانەت دەرکردنی خەڵکی ڕەسەن لە بەلووچستان و چەندین ڕووداوی دیکە کە ڕۆژانە شاهیدی دەبین و ئەمەش تەنها بەهۆی بەرخۆدانی مەدەنی خەڵکی بەلووچستانەوە بوو.

**شەهرام سوبحانی**: بە بۆچوونی ئێوە نەتەوە چەوساوەکانی ئێران بە تایبەت کورد و بەلوچ لەم دۆخە هەستیار و

**قەیراناوییەی وڵاتدا چۆن دەتوانن هەنگاوێکی کاریگەر بەرەو مافەکانیان هەڵبێنن؟**

**فەریبا بەلووچ**: هەموو ئەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین چارەنووسیان بە یەکترەوە گرێ دراوە، واتە هیچ کام لەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین، تەنانەت نەتەوەی فارسیش، تا هاودەنگی و هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئەم وڵاتەدا نەبێت، ناتوانن لە بەدیهێنانی مافە ئینسانییەکانیاندا سەرکەوتوو بن. بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرامبەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتوودا پێکهاتەیەکی حکوومی دابمەزرێنن کە مافە مرۆیی و مێژووییەکانیان بە شێوەیەکی دروست و لەسەر بنەمای پێوەری نێودەوڵەتی، هاوسەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامەکان دابین بکەن. هەروەها هاوپشتی لە نێوان نەتەوە و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە دڵنیاییەوە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی سەرکەوتن بەسەر ئەم پێکهاتە تۆتالیتێرەیە، کە بەختەوەرانە دەتواندرێت بڵێین ئەمڕۆ نەتەوەکانی نێو ئەم جۆغرافیایە تێگەیشتن و دانپێدانانێکی دروستیان لەگەڵ ڕێژیم و سیاسەتی دووبەرەکی‌نانەوە پەیدا کردوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەگەر ئەم هاوپشتی و هاوکارییەی نێوان نەتەوە ستەملێکراوەکان دروست ببێت، ئەنجامەکەی دەتوانێ هەنگاوێکی کاریگەر بێت بۆ گەیشتن و نزیکبوونەوە لە داخوازییەکانی ئێمەی ئازادیخواز چونکە لە ڕاستیدا ئەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە و هەر ئەم دەسەڵاتدارانەن کە هۆکاری سەرەکی ناکۆکی نێوان خەڵک و نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانن، بۆ ئەوەیکە بە جۆرێک هاوپشتی و یەکگرتوویی نێوان نەتەوەکان پێک نەیەت تا دەسەڵات بەرەو لێواری داڕمان نزیک بکاتەوە و لەم ڕووەوە پرسی شتێکی تریش گرینگە ئەویش ئەوەیە کە ڕەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن بە یەکدەنگ ئەم هاودەنگییە دروست بکەن و ژیرانە بەرامبەر ئەو ناکۆکییانە مامەڵە بکەن کە ڕێژیم ڕۆڵێکی کاریگەر لە دروستکردنیان دەگێڕێت. بەجۆرێک کە سەرکردەکانی ڕەوتە سیاسییەکان دەبێ زۆر تیژ و دووربین بن و وزەی خۆیان لەسەر ئەو پرسە تایبەتانە چڕبکەنەوە، هەمان ئەو پرسە تایبەتانەی کە حکوومەتەکان و ئەم دەسەڵاتدارە تۆتالیتێرانە هەوڵی دروستکردنی جیاوازی لە نێوان گەلانی نیشتەجێی ئێران دەدەن، بۆیە دەتوانرێت بڵێین ئەم هاوپشتییە ڕێگەیەکی بنیاتنەر و کاریگەرە کە ڕەوتە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی جەوهەری بگێڕن لە بەدیهێنانیدا، کە دواجار ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشە، کە ئەویش ئازادییە و ئەوە بۆ خۆشکردنی ڕێگە بۆ دادپەروەری و مافی نەتەوە چەوساوەکان خۆش دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: شیکردنەوەتان بۆ دۆخی سیاسی وخەباتی ئێستای بەلووچستان، بەتایبەتی دوای "شۆڕشی ژینا" چییە؟

**فەریبا بەلووچ**: بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" یان شۆڕشی ژینا، کە بە بۆچوونی من شۆڕشێک بوو و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەموو خەڵکی ئێران هەبوو و کۆمەڵگەی بەلووچستانیش لەو کاریگەرییە بەدەر نەبوو، هەرچەندە دوای هەفتەیەک،

کۆبوونەوەی خوێناوی زاهیدان ڕووی دا و شێوەی خەباتەکەی هەموو خەڵکی زاهیدانی گۆڕی، بەڵام لەوە بێبەری نەبوو ئێمە لە شۆڕشی ژینادا شاهیدی ئەوە بووین کە ژنانی بەلووچ کە تەنانەت پێش کۆبوونەوەی خوێناویی زاهیدان هاتنە سەر شەقامەکان، بۆشایی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بە دروستکردنی ماڵپەڕ و دروشمنووسین لەسەر دیوارەکان تەنییەوە. و بە شێوازی جیاواز ویستی خۆیان دەربڕی، بەو شێوەیەش ئەو لێدوانانەی دەیاندا، پیاوانی ئایینیان ناچارکرد لە لێدوانەکانی خۆیاندا باس لە مافی ژنان بکەن و تەنانەت بابەتی گرینگی جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت، کە پێشتر نەمانبینیبوو، بەڵام پیاوانی ئایینیی کاریگەر لە بەلووچستان کە نەتەوەیەکی چووکەتر، نەریتخواز و مەزهەبیترە لەچاو نەتەوەکانی دیکەوە، کرا و ئەوەش بابەتێکی زۆر گرینک بوو کە بەرهەمی ئەم بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" یان شۆڕشی "ژینا" بوو. بۆیە پێموایە ئەم ژنانە و ئەم بزووتنەوەیە زۆر شتیان ڕوون کردۆتەوە کە من هەمیشە دەڵێم دەتوانین کۆمەڵگەی خۆمان یان تەواوی کۆمەڵگەی ئێران لە پێش شۆڕشی ژینا و دوای شۆڕشی ژیناوە دابەش بکەین، واتە بەلووچستان لە بواری بابەتە سیاسییەکاندا بێبەری نییە، خەڵک لە بەلووچستان ڕێک ساڵ و نیوێک خەباتی مەدەنییان لە شەقامەکاندا هەیە، ئەوان نیشانیان دا کە خەڵکی بەلووچستان هەندێک جار سیاسی و تەنانەت لە ڕووی سیاسیشەوە ئامادەن بۆ قبوڵکردنی ئەو پێشهاتە گشتیانەی کە بڕیارە لە ئێراندا ڕوو بدەن. لەو دوو ساڵەدا زۆرێک لە شەهیدان بەم شێوەیە کوژران و خوێنیان ڕژا، بەڵام جیهان چاوی بەڕووی کێشەکانی خەڵکی بەلووچستاندا کردەوە و ئەمەش وایکرد خەڵکی بەلووچستان لە دوای شۆڕشی ژینا پرسی دادخوازی و داواکارییەکانیان زۆر بە شێوەی ڕوونتر ببینرێت، بە بۆچوونی من ئەمە بابەتێکی زۆر بەنرخە و دەبێت بگوترێ ئەو پرسانەی لە هەموو ئێراندا وروژێنراون زۆر جیاوازن لە پرسەکانی بەلووچستان، چونکە خەڵک لە بەلووچستانی ئێمەدا خەبات دەکەن بۆ مانەوە. واتە بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان، کە تەنانەت دەکرێ بڵێین بارودۆخیان جیاوازە لە کوردستان، چونکە ئێمە خەبات بۆ مانەوە دەکەین، بەڵام ئەوەش دەبینین کە ڕۆشنبیران و ژنان و چالاکانی مەدەنیش داواکارییەکانی خۆیان بەرز دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمە وەکوو دژبەرانی ڕێژیم لە سەنگەرە جیاجیاکان و خاوەن ڕەوتی سیاسی و فیکریی بەربڵاو و جیاوازەوە، چۆن دەتوانین سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی و یەکیەتیی ئورووپا بەرەو پرسی نەتەوە چەوساوەکانی ئێران ئاراستە بکەین؟

**فەریبا بەلووچ**: بوونی ڕەوتی بەربڵاوی سیاسیی نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێران کە لە دەرەوەی وڵاتن و بەشێکیشیان لە وڵاتانی ئورووپادان بەتایبەتی دوای شۆڕشی ژینا بوونیان زۆر بەرچاو بوو و بوونی ڕەوتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی هەمەچەشنی ئێران زۆر گرنگ و بنچینەییە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو تاوانە و جینایەتانەی کە کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت نەتەوە چەوساوەکانی ئێرانەوە دەیکات، لە قاوی بدەن و دەنگی دادخوازی ئەوان بن، وە ئەمەش پەیوەستە بە ڕێکخراوە

سیاسییەکانی دەرەوەی ئێران و ئەو کەسایەتیانەی کە لە ڕاستیدا سەر بەم نەتەوە چەوساوانەی ئێرانن و نیشتەجێی وڵاتانی ئورووپاین. ڕێکخراوەکانی کورد، بەلووچ، تورک، عەرەب، تورکمان و هەموو ئەوانەی لێرەن، پێویستە جۆرێک لە هاودەنگی و هەماهەنگیی بە کردەوە پیشان بدەن، کە لەگەڵیدا بتوانن پەیامێک بن بۆ گەلی خۆیان بن و ئەو هاودەنگییە دروست بکەن. لە ڕاستیدا لێرەدا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی پێشەنگ و پێشکەوتنخواز، زۆر کاریگەر دەبێت و وەکوو لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێدا، چونکە ئێمە ئەو هاواهەنگییە لە نێوان خەڵکی نێوخۆی ئێراندا دەبینین زۆر گرینگە ئەو هاوئاهەنگییەش لە دەرەوەی ئێران ڕوویدات، واتە کاتێک خەڵکی سەر شەقام داوای دەکەن پێویستە بتوانین بۆ یەکەمجار ناکۆکییە سیاسییەکانمان وەلابنێین بۆ ئامانجێکی هاوبەش و گەورەتر، و سەرەڕای بوونی حیزب و ڕەوتی سیاسی جیاواز، لە ڕێکخستنێکی هەموو لایەنەکانی سەر بە بە نەتەوەکانی ئێران، پێکەوە کۆ ببنەوە تاکوو بتواندرێت ئەو یەکگرتوویی وهاودەنگی و هاوسەنگییە بە کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدەن. بەلام بەداخەوە ئەوەی هەمووکات لە ئۆپۆزیسیۆنەوەکانی دەرەوەی ئێران دەیبینین تەنیا جیاوازی بیروڕایە و بەداخەوە هەموویان لە هەوڵی دووبەرەکی و دابەشبووندان.

**شەهرام سوبحانی**: بەبۆچوونی ئێوە کێ یان کام لەو ڕەوتە سیاسییانە بەربەستن لە لە بەردەم بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ستەملێکراو لە ئێراندا؟ و چۆن گەلانی چەوساوە دەتوانن بەسەریدا زاڵ بن؟

**فەریبا بەلووچ**: ئەوانەی خاوەنی بیرکردنەوە و ئیدۆلۆژیی تۆتالیتێریین و دەیانەوێت هەموو ئێران بکەنە یەک نەتەوە، زمان، کولتوور و... لە ڕاستیدا ئەم بەشە توندڕەوە، چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوەی ئێران دەبنە بەربەستێک لەبەردەم هاودەنگی و یەکگرتوویی زیاتری نەتەوەکان لە ئێراندا. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا کردەوەیەکی هاوبەشی کردەیی لەلایەن هەڵسوڕاوانی سیاسی گەلانە زۆر گرینگ و کاریگەر دەبێت، چونکە لە لایەک ڕێگایەک بۆ نەهێشتنی ئەو بیرە تۆتالیتێرییانە و نزیککردنەوەی گەلانی ستەملێکراوی ئێرانی لێ دروست دەکات، و لە لایەکی ترەوە هەنگاوێک دەبێت بەرەو هەمان ئامانجی هاوبەش کە ئازادیی گەلانی چەوساوەیە.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو فەریبا سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا

**فەریبا بەلووچ**: سپاس بۆ ئێوە کە ئەو دەرفەتەتان بۆ من ڕەخساند لەگەڵ خوشک و برا کوردەکانم قسە بکەم

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# ڕێژیمی دۆڕاو و مایەپووچ



عەلی بداغی

چەند ڕۆژ پێش ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان میلیارد دۆلاری بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی خەرج کرد و زیاتر لە ٦ هەزار کەس لە هێزە چەکدارەکانی بۆ فیدا کرد، نەعیم قاسم، سکرتێری نوێی حیزبوڵڵای لوبنان ئێوارەی پێنجشەممە، ١٥ی سەرماوەز ڕایگەیاندبوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕی ١٢ هەتا ١٤ هەزار دۆلار (بە تمەن لەنێوان ٨٦٠ میلیۆن هەتا ١ میلیارد تمەن)ی وەک یارمەتی و قەرەبوو بۆ هەر بنەماڵەیەکی لوبنانیی زیانوێکەوتووی شەڕ تەرخان کردوە. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژە بەوە کردبوو کە زیاتر لە میلیۆنێک و ١٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی لوبنان ئاوارە بوون و ئێستا بەو یارمەتییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، واتە بە یارمەتیی ئەو ٢٠ میلیارد دۆلارەی کۆماری ئیسلامی بۆیانی دابین کردوە! بەوەش کە ڕۆژنامە و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بە بەربڵاوی قسەکانی نەعیم قاسمیان بڵاو کردەوە و هیچ بەرپرسێکی ڕێژیم لەدژی ئەو قسانە هەڵوێستی نەگرت، ئیدی لەلای خەڵکی ئێران تەواو ڕوونە ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگە نەک خەڵکی هەژار و برسی و بوومەلەرزەلێدراوی وڵات؛ بەڵکوو دابینکردنی تێچووی چەک و تەقەمەنیی میلیشیاکانی بۆ شەڕ لە ناوچە، ژیاندنی

چەند میلیۆن شوێنکەوتووی لە سووریە، لوبنان، فەلەستین و عێراق و، هەروەها نۆژەنکردنەوەی ناوچە کاولکراوەکان ئەویش بە پووڵ و سامانی خەڵکی ئێرانە!

بەڵگەی ئاشکرا و داننانی ڕاستەوخۆی حەسەن نەسروڵڵا، سکرتێری پێشوو، و کوژراوی حیزبولڵلای لوبنان باس لەوە دەکەن کە دوای شەڕی ٣٣ ڕۆژەی لوبنان و ئیسرائیل لە ساڵی ١٣٨٥، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٠٠ ڕۆژدا و بە پێدانی ٤٠٠ میلیۆن دۆلار بەشی زۆری ناوچە کاولکراوەکانی ئاوەدان کردەوە. تازە ئەو ٤٠٠ میلیۆن دۆلارە جیا لە یارمەتییە تایبەتییەکان و تێچووی چەک و تەقەمەنی و تەیارکردنەوەی سەربازیی حیزبوڵڵا بوو کە لەو کاتەوە هەتا ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوو چەندین میلیارد دۆلاری دیکەشی هاتە سەر و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هەمووی بوونەوە هیچ و پاکی تێداچوون.

لە سووریەش کە بە سەرەکیترین پێگەی ستراتیژیی ڕێژیم دادەنرا و ئێستا ڕووخاوە و کەوتووەتە بە دەستی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم وڵاتە، هەر بە داننانی بەرپرسانی ڕێژیم لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٣٠ میلیارد دۆلار لە سامانی خەڵکی ئێران بۆ ڕاگرتنی بەشار ئەسەد خەرج کرا! حسێبی پووڵ و یارمەتییەکانی ڕێژیم بە حوسییەکانی یەمەن و حەماسی فەلەستین و میلیشیانی دیکەی لە وڵاتانی دیکەش لە جێی خۆی و، بە دوای ئەوانداو تەرخانکردنی میلیارد میلیارد دۆلار بۆ پیشەسازیی مووشەکی و کڕینی قەڵغانی بەرگریی لە ڕووسیا کە بە دوو هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل تەنیا ئاگر و دووکەڵیان لێ بەجێ ما!

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا ئێستا لەسەر حسێبی پووڵ و سامانی خەڵکی ئێران بۆ هەر بنەماڵەیەکی شیعەی لوبنانی بڕی ٣٠٠ هەتا ٤٠٠ دۆلار مانگانە (بە تمەن ٢٢ میلیۆن هەتا ٢٩ میلیۆن تمەن) بڕیوەتەوە و جیا لەوە یەکجێ پارەیەک بە بڕی ١٠ ساڵ داهاتی کرێکارێکی ئێرانیی بە هەر لوبنانییەکی لایەنگری حیزبوڵڵا داوە کە خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ خۆیان نوقمی هەژاری و داماوین. خەڵک بۆ نانی شەوێیان داماون، پووڵی دابینکردنی دەواودەرمانی نەخۆشییەکانیان نییە، گۆشت و میوە لە سفرە و خواردنی بەشی زۆری هەژارەکانی کۆمەڵگە باری کردوە، دەیان هەزار منداڵ بەهۆی هەژاری لە خوێندن دابڕاون، بە هەزاران قوتابخانە و نەخۆشخانە لە کەلک کەوتوون، ڕێگاوبانە تەسک و پڕقوڵکەکان ڕۆژ نییە کارەساتی مرۆیی نەخوڵقێنن، سەرباقی هەموو ئەوانە لە ئاوسانی ئابووریی سەتا ١٥٠دا بڕیار دراوە بەنزین لەسەر خەڵکی ئێران گران و بەوپێیە هەموو تێچووەکانی ژیانیان لەسەر گرانتر بکرێ؛ بۆ ئەوەی ڕێژیم لە قووت و دەستبردنە نێو گیرفانی خەڵکەوە پارەی زیاتری بۆ گیرفانی خۆی و میلیشیا و پرۆژەکانی شەڕ و قەیرانخوڵێنی لە ناوچەدا دەست کەوێ!

سەرماوەزی ٢٧٢٤

لە تەنیشت تەخشانپەخشانکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران بۆ مەرامە ئایدۆلۆژییەکان و لە تەنیشت کەڵەکەکردنی گرانی و هەژاری و قەیرانە ئابوورییەکان لە سەر یەکتری بۆ گیانی خەڵکی ئێران؛ ڕێژیمی بێکیفایەت و گەندەڵ بەڵام سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بەڵام لە گوشار و سەرکوتی بزووتنەوە ئێعترازییەکان و ئێعدامی چالاکانی سیاسی بەردەوامە. بۆ نموونە دەزگای بەناو دادی ڕیژیم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردووی دوای بزووتنەوەی ژینادا لانیکەم ٥٧ دژبەر و زیندانیی سیاسیی ئێعدام کردوە. شکی و گومانیش لەوەدا نییە کە تاکە ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەپاندنی حوکمی ئێعدام و کوشتنی حکوومەتیی چالاکانی سیاسی، زاڵکردنی کەشی سەرکوت و تۆقاندنە لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی دۆمێنۆی ڕووخانەکان درەنگتر بیگرێتەوە' بەتایبەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە بەردەوامیی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و هەروەها بایکۆتی یەک لە دوای یەکی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی بۆ ڕێژیم نەهیشتووەتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکانی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا زەبری گورچوبڕیان وێ کەوتوە و لە کاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا تەریکتر دەکەوێتەوە، هەروەها لە کاتێکدا لە سۆنگەی بەردەوامیی سیاسەتی شەڕەنگێزیی خۆیدا گوشارەکانی ئورووپا و ئەمریکا بۆ سزادان لەسەر خۆی زیاتر و قوورستر دەکات، هەموو هەوڵ و پەلەقاژەی بۆ ئەوەیە بە کوشتوبڕ و جینایەتەکانیان لە نێوخۆی وڵات بەم و ئەو بڵێن هێشتا هیز و گوڕی پێویستیان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا هەیە. بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانش لێبڕاون کە لەوە زیاتر دەرەتان و دەرفەت بە دەسەڵاتە جەهەننەمیەکەی کۆماری ئیسلامی نەدەن و بۆ ئەوەش خەبات و خۆڕاگریی خۆیان پەرە پێدەدەن.

دیکتاتۆرەکان وەک یەک دەژین و دەمرن. ئەگەر دۆینێ کۆتەڵی سەدام کەوتە بەرپێی خەڵک و ئەمڕۆ پەیکەرەی شکاو و داگیراوی ئەسەد لە شەقامەکانی سووریە شەقشەقێنی پێ دەکرێ؛ چارەنووسی خامنەیی و دەسەڵاتدارانی دیکەی ڕێژیمی دۆڕاو و مایەپووچ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتیش لەوە بەدەر نابێت و ئەو ڕۆژەش هێندە دوور نییە.

١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# یاسای حیجاب و ئەگەرەکانی



هەردی سەلیمی

تا ئێستا کاردانەوەکان بە پەسەندکردنی یاسای ناسراو بە حیجابی زۆرەملێ زۆر بوون، لە نووسینی وتاری جۆراوجۆرەوە هەتا نامەی چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی ئێران و نامەی سەرئاوەڵا بۆ سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران. لێرەدا نامانەوێ ئەم ڕەخنە و کاردانەوانە شرۆڤە بکەین، بەڵکوو جەختێکی زیاتر دەخەینە سەر چەند لایەنێکی یاساکە و ئەگەری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی لەدژی ئەم یاسایە.

عەلی خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەم دواییانەدا وتی: "لابردنی حیجاب حەرامی سیاسی و شەرعییە" واتە هەم لە ڕووی شەرعەوە ڕێگەپێنەدراوە هەمیش لە ڕووی سیاسەت و یاساوە، ئەمە قسەی کۆتایی بوو بۆ بەرپرسان و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی. ڕاستە تا ئێستاش دەوڵەت بە قسەش بووبێ دەڵێ نەچووینەتە ژێر باری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و ناشمانەوێ جێبەجێی کەین، لە لایەکی تریشەوە چەند ئیمام جومعەیەک هێرشیان کردە سەر پزشکیان لە کاتی وتاری ڕۆژی هەینییاندا، بەڵام پێش لە هەر شتێک نابێ پەسندکردنی ئەم یاسایە لە شەڕێکی جناحیدا بچووک بکەینەوە، چون هەموو باڵەکانی ڕێژیم باوەڕی قووڵیان بە پاراستنی ئەو حیجابە هەیە، بەڵام ڕەنگە لە میکانیزمی سەپاندنەکەیدا بەتەواوی هاوڕا نەبن؛ بۆیە لێرەدا و تا هەڵوێستی ڕوونی دەوڵەت، ئێمە لەسەر ئەم قانوونە وەک بەڵگە و نەخشەڕێیەک

بۆ دژایەتیی حیجابی ئیختیاری قسە دەکەین.

هەندێک پێیان‌وابوو ئەم قانوونە نائەقڵانییە و تێچووی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ، بەڵام دەبێ بڵێین گەڵاڵەکردنی ئەم یاسایە ماوەیەکی زۆری خایاند و بیرێکی زۆری لێ کراوەتەوە، کەواتە ناتوانین بەئاسانی بڵێین بێ‌لێکدانەوە بووە؛ دەکرێ بڵێین ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ حیجابدا بۆ خۆی ناوەتەوە لە بنەڕەتەوە کارێکی نائەقڵانییە، بەڵام خودی ئەم یاسایە بۆ ڕێژیمێک کەوا پاراستنی حیجابی زۆرەملێی کردووەتە هێڵی سووری خۆی، دەتوانین بڵێین تەنانەت دژکردەوەیەکی سروشتی و ئەقڵانییشە.

ئەم دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ دژکردەوەیەکە بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، کە لەوێدا گشتییەتی ڕێژیم و بەتایبەتییش یەکێک لە سەرەکیترین ئێلێمانەکانی کۆماری ئیسلامی واتە حیجابی زۆرەملێ چووە ژێر پرسیار و ڕەد کراوە. وردەکاریی زۆری ئەم یاسایە نیشان لەوەیە کارێکی زۆری لەسەر کراوە و خوێندنەوەیەکی قووڵ کراوە بۆ ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بەتایبەت ناڕەزایەتیی ساڵی ١٤٠١. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی سزای داناوە بۆ شۆفیرتاکسی، دووکاندار، ڕۆژنامەنووس، سێلێبریتی، چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و... بۆمان دەردەخات خاڵ بە خاڵ و مەکۆ بە مەکۆی ناڕەزایەتییەکانی ناسیوە؛ بەڵام هەر ئەمەش دەریدەخات کە چەندە ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و نافەرمانانی مەدەنی بەربڵاوە و هەموو چین و توێژ و سێنفێکی گرتووەتەوە. کۆماری ئیسلامی لەم ڕێگەوە دەیهەوێ هەموو ڕۆچن و کەلێنەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەک کەوا لە ڕێگەی لابردنی حیجابەوە بکرێ، بئاخنێ؛ جا بەدوای ئەوەشدا ویست و ئامانجەکانی تریشی لە هەنگاوەکانی دواتریدا جێبەجێ بکات.

کەواتە تا ئێستا بۆمان ڕوون بووەوە کۆماری ئیسلامی نایهەوێ ئەم هێڵە سوورەی ببەزێ و هەموو ڕێکارێکیشی بۆ گرتووەتە بەر و جلی یاساشی بەسەردا کردووە، کە نیشاندەری ئەوەیە خۆی بۆ شەڕێکی تەواوعەیار لەگەڵ خەڵک ئامادە کردووە، لە قسەی کاربەدەستانی ڕێژیمیشدا دەردەکەوێ خۆیان بۆ کاردانەوە و تێچووەکانی ئەم بڕیارەیان ئامادە کردووە و بە هەڵسەنگاندنی خۆیان پێیانوایە دەتوانن بەسەر ناڕەزایەتییە ئیحتمالییەکاندا زاڵ بن، بەڵام ئەم خوێندنەوە قووڵەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا ناتەبایە. ئێمە دەزانین ئەو شێوازە ژیانەی کۆماری ئیسلامی لە دەنگوڕەنگی خۆیدا لە بنەماڵەکانی نێو ئێران بڵاوی دەکاتەوە و هەمووان بۆ ڕەچاوکردنی ئەو شێوازە لە ژیان بانگهێشت دەکات، لەگەڵ ڕاستییەکان نائێکن، هەر لەم دواییانەدا بڵاوبوونەوەی دوو فیلمی "دانەی انجیر معابد" و "کیک محبوب من" پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرنەوە ژیانی خەڵک لەگەڵ نۆرمەکانی کۆماری ئیسلامیدا نایەتەوە و وەک یەک نین؛ بە واتایەکی تر دەستوورەکان شتێکن و ڕاستییەکانی ژیانی خەڵکیش شتێکی تر. ئەم پارادۆکسەی کۆمەڵگەی ئێران



سەرچاوە
Serchawe


بەتایبەت کە ئێستا وەچەی نوێ وشیاریی هەیە، خۆڕاگریی خەڵکی لە بەرامبەر ئەو یاسایەدا لێدەکەوێتەوە.

یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم یاسایە ئەوەیە کە سزاتەوەرە، ئەمە بەو واتایە بۆیان دەرکەوتووە خەڵک بە ویستی خۆیان گوێڕایەڵیان نابن کەواتە سزایان بەسەردا دەسەپێنن، کۆماری ئیسلامی لەم بەشەشدا کۆمەڵێک دان پێدانانی هەیە کە بریتین لەوەی خۆی لە بەرامبەر خزمەتگوزاری بە خەڵک بە بەرپرسیار نازانێ، یان وڵاتی ئێران وەک زیندانێک دەبینێ و خۆی وەک دەرکەوانی ئەو زیندانە، چون یەکێک لە سزاکانی ئەوەیە پاسپۆرت نادا بەو کەسانەی لەم یاسایە پێڕەوی نەکەن! یا لە خزمەتە گشتییەکانی دیکەش بێبەشیان دەکات، واتە هەم خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و هەمیش دەیهەوێ بڵێ ئەوەی پێتان دەدرێ لوتفێکە و گەر لەگەڵم نەبن ئەو لوتفەتان لەگەڵ ناکەم!

ئەوەی کە خەڵکیشی لە بەرامبەر خەڵک داناوە، نیشان لەوەیە بەتەواوی ئاگاداری تێچووی ئەم یاسا و هەروەها بەدوای ئەویشدا کاردانەوەی خەڵکە، بەڵام ئەمە ڕیسکێکە و کۆماری ئیسلامی کردوویەتی، چون ئەم بڕیارانە دژکردەوەی لەدوا دەبێ، هەرچەند خۆی بە براوەی ئەو شەڕە دەزانێ بەڵام نیشانەکان وا نالێن. کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لاوازە و لەژێر زۆرترین گوشاری دەرەکی و نێوخۆییدایە، خۆڕاگری و بزووتنەوە مەدەنییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنن، قەیرانەکانی تریش کەڵەکە بوون و هەرکام لەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانە بزوێنەرێکن بۆ نارەزایەتیی تر و ئەزموونی نارەزایەتییەکانی پێشووش تۆێشوویەکن بۆ ئەم ڕێیە، وەچە گۆڕاوە و ڕۆحی سەردەم لەگەڵ ویستەکانی کۆماری ئیسلامیدا نایەتەوە و پێش بە شاڵاوی نارەزایەتیی ئەمجارە ناگیرێ، چون خەڵک بەئەزموونتر بوون و هەم دەزانن چییان ناوێ و هەمیش دەزانن چییان دەوێ.

١٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# فڕێدانی تۆپەکە ئەوەندەش ئاسان نییە



**دارسمە**

**ئەوەندەی خۆڵ لەسەر گۆڕی برایمۆکەیە، سەد ئەوەندە تەمەنی تۆی خوێنەر درێژ بێت. بەر لە دەستپێکردنی ئەم چەند دێڕەی خوارەوە، پێمخۆشە باسی هۆی داخوازیی تەمەنْدرێژیی جەنابت بکەم.**

**دەگەڵ تۆمە، تۆی ئەم دێڕانە دەخوێنییەوە. دیارە لەم دواییانەدا لەو کاتەوە ڕووبەری موبایلان پانتر بووەتەوە و ئەم ڕووبەرەش بەهۆی تۆڕی ئینترنێتەوە سەری مار و مێرووی تێدا دیارە، ژمارەی خوێنەر هەروا دێت و بچووکتر دەبێتەوە. لەبەر ئەمەیە پێمخۆشە تەمەنی تۆ، ئەو تۆیەی خۆت داوەتە بەر خوێندنەوەی وتار و کتێبانەوە، درێژ بێتەوە. ئاواتەخوازم تەمەنت وەک تەمەنی پێغەمبەر نووحی بەسەر بێت.**

**ئەرێ لەمەیان ئاگاداری، ئەوانەی بەرانبەر بە ڕووبەری ئەم موبایلۆکە پانەوە پەل دەبنەوە و پێدەکەن، بەشی هەرە زۆری ژیانیان دەگەڵ ژیانی بووکەڵە و مووکەڵان تێکەڵ دەبێت؟**

دیسان دەگەڵ تۆمە، ئەو تۆیەی کاتی پڕپایەخی خۆت بۆ خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕانە تەرخان دەکەی، بڕوا بکە نامهەوێت لە خۆم بفشم و بڵێم خوێندنەوەی ئەم دێڕانە لە چاولێکردنی ڕووبەری ئەم موبایلە پانکەڵانە چاترە. بەڵام لێرەوە هەوڵ دەدەم شتی خۆش خۆش بگێڕمەوە. خۆ خوای نەخواستە ناڵێم من لەم موبایل و شتە زاناترم، بەڵام هەندێک شت دەبینم ڕەنگە لەوێدا نەیبینی یان هەمووی لەوێدا نەبێت.

ئەم یەک دوو ڕۆژە لە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی هەر لەم موبایلۆکانەوە دیتم کوڕێژگەیەک تۆپێکی بە دەستەوەیە و دەمی دەگەڵ دەبزێوێت. کاتێک دەنگی موبایلەکەم زیاد کرد و گوێم دایە کوڕەی تەمەن هەشتنۆدەساڵی، چ ببینم؟ شتێکم دیت دوژمنی بابەکوشتەتان نەیبینێت. تەماشا دەکەم ئەوە نەوەی ئیبراهیم ڕەئیسیی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێرانە و دەیهەوێت ئەو تۆپەی بەدەستییەوەیە بیفرۆشێت، ئەوکاتە هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و لەبەرخۆمەوە گوتم بە مردنی ئەم برایمۆکە نەوەکەشی هەتیو بووەتەوە و خەریکە بۆ دابینکردنی پێداویستیی خۆی ئەم تۆپە دەفرۆشێت. بەڵام کاتێک لێی ورد بوومەوە، تەماشە دەکەم کوڕە بە فارسی قسە دەکات و دەڵێت ئەم تۆپە "جیبیانی ئینفانتینیۆ"ی سەرۆکی "فیفا" لە کاتی چاوپێکەوتن دەگەڵ بابەگەورەم لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە باوە گەورەمی داوە و ئێستا من دەمهەوێت بیفرۆشم و پارەکەی بە منداڵانی غەززە و لوبنان بگات. کوڕێژگەکە هەر لەم گرتە ڤیدیۆیەدا داوا لە هاووڵاتیانی ئێران دەکات لەم کارە خێرەدا بەشدار بن.

پیاو چی بڵێت؟ لێرە مەبەستم لە مرۆڤی نێرینە نیە و خوا بەو ڕۆژە نەکات خۆ لە سەردەمی بەرنگاربوونەوەی توندی وتیژی دژ بە ژناندا خوا غەزەبی لێم نەگرتووە، حیسابێک بۆ ژنان نەکەم. لێرەدا لە ئیدیۆمی "پیاو چی بڵێت"دا مەبەست مرۆڤە نەک پیاو. خۆ ژنان خۆشیان هەر ئەوا دەڵێن.

ئەم کەوانەیەی سەبارەت بە پێشێلکردنی جیاوازیی نێوان ژن و پیاو دادەخەم و دەچمەوە سەر بابەتی تۆپەکە.

لە کاتێکدا نەوەی برایم ڕەئیسی باس لە فرۆشتنی ئەم تۆپە دەکات، پیاو نازانێت چی بڵێت.

لەلایەک مەسعوود پزیشکیان ئەو پیاوەی سەرۆککۆمارە و جێگەی باپیرەی ئەم کوڕە تۆپفرۆشەی گرتووەتەوە، دەڵێت بارودۆخمان خراپە و کاک "ناسر هیممەتیی" وەزیری ئابووریش خەریکە نان و سووتەمەنی و کارەبا گران دەکات دەڵێت ڕەنگە چیدیکە پارەی یارانەمان پێ نەدرێت و دۆلاری ئەمریکاش نرخی لە ٧ تومەنەکەی سەردەمی شای گۆڕبەگۆڕەوە هەتا ئێستا بووەتە" حەفتاو یەک هەزار و چەند سەد تومەن" و نەوەی برایم ڕەئیسیش داوای هاوکاری دەکات، پیاو نازانێت چی

بڵێت. کاتێک بیر لە تۆپەکەش دەکەیەوە، دەکەویە بیری قووڵی پێوەندیی نێوان تۆپێن و سیاسەت و ئەم کابرایەی "یەکیەتیی تۆپی پێی نێونەتەوەیی" و دەڵێی تۆ بڵێی ئەم

جیبیانی ئینفاتینییە سەرۆکی "فیفا" واتە "یەکیەتیی تۆپی پێی نێونەتەوەیی"یە و ڕەنگە ئەم گومانە دروست بێت بۆچی ئەم کابرایەی نێو سیاسەت و وەرزشی تۆپی پێ ویستوویەتی بە هۆی برایم ڕەئیسییەوە تۆپەکە باوێتە نێو ئێران. ئەوکاتەش پیاو نازانێت چی بڵێت.

ئەم کوڕیژگە منداڵەی خەریکە تۆپەکە دەفرۆشێت، بۆ ئەمە دەبێت هەڵوێستەیەکی بۆ بکرێت. تۆ بڵێی ئەم کوڕە ئەوەندە هەژار بێت، نەتوانێت برە پارەیەکی بەرچاو بخاتە سندووقی یارمەتی بۆ منداڵانی غەززە و لوبنانەوە؟ تۆ بڵێی وەک کاکە ناسر هیمەتیی وەزیری ئابووری دەڵێت، سەرچاوەی داهاتی خەڵک ئەوەندە بێهێز بووبێت نەتوانن لە پێشاژۆی تۆپەکەدا بەشدار بین؟ ئەدی بڵێی تۆپە هینەکە لە لوبنان و سووریە و عێراق دابمێنێتەوە یان ئەویش بە تەواوی بخەنەوە نێو خاکی ئێران؟

بۆیە ناچارین لە بەزمی پێدانی ئەم تۆپە لە لایەن سەرۆکی فیفاوە بۆ ئیبراهیم ڕەئیسی دڕدۆنگ بین. ئێمەی دوور لە سیاسەت و میاسەت، هیچ سەر لەم بەزم و ڕەزمە دەرناکەین و نازانین ئەم تۆپە بۆ کەوتووەتە ئێران و لەوێش لە جیات ئەوەی لە نووسینگەی سەرۆککۆماری یان لەمووزەخانە ئێران ڕابگیرێت، کەوتووەتە دەست ئەو منداڵە و ئەویش گەمەی پێدەکات؟

دیارە ئەم منداڵەش ئاغازادەیە و ئاغازدان لە ئێران کەمتر بە سیاستەوە ماندوون و خەریکی هینی دیکە دەبن.

دیسانیش لە نێو سەرسوڕماندا تەنیا دەتوانین بڵێین "پیاو نازانێت چی بڵێت"

١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید خەلیل مەحموودی)




**برایم چووکەڵی**

"ناوی لە کۆسارێک دەچێ، فێری زمانی چۆم بێ
هەورێکە تا دەربەندی مانگ، دەست و دڵی بارانییە"

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە ناوی مەزنی ئەو مرۆڤە گەورانەی تاسەباری ئازادی بوون و ژیانیان بەبێ ئازادی نەویستوە. ئەو کەسانەی بە تێگەیشتن لەو ڕاستیەی "کە مرۆڤ شیاوی ژیانێکی ئازاد و سەربەستە و ژینی دیلێتی مەرگێکی بە جوڵەیە" ڕاپەڕیون لە پێناو وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا. دیارە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بۆ وەدیهێنانی ئازادی و خەونە سەوزەکانی مرۆڤ خەباتیان کردوە بیریان لەوە کردۆتەوە لە وانەیە خۆیان هیچ کات بەروبوومی ئەم دارە پیرۆزەیان بە قسمەت نەبێت کەچی دیسانیش بە تین وگوڕتر لە جاران ڕێگەی سەخت و پڕ لە کەندو لەندوو هەڵدێر و گەوەیان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە ڕانەپەڕیوون خۆیان وەک تاکە کەس ئازاد بکەن، بەڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازاد کردنی نیشتمان و نەتەوە بندەست و چەوساوەکەیان ڕێگەی خەبات و بەرخۆدانیان گرتۆتە پێش و ئیمانیان بەو ڕاستییە هێناوە کە ئەو ڕێچکەیەی شکاندوویانە کوێر نابێتەوە و دەبێتە ڕێبازێکی پیرۆز بۆ نەوەی داهاتوو. ئازادی لە فەلسەفە و ڕوانگەی ئەو

مەزنە مرۆڤانەوە، گەلێک وانەی هەیە کە خەبات خۆی بەشێکە لە ئازادی و وانایەکی قووڵە لە ژیان. یەک لەو مرۆڤە مەزنانە شەهید خەلیل مەحموودی بوو.

خەلیل مەحموودی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە ئاوایی قوڵدەرەی سەروو لە ناوچەی هەوشار لەدایک بوو. ژیانی منداڵی خەلیل جیا لە ژیانی منداڵانی نازلێ‌شێواوی ئەو سەردەمە نەبووە و بەهۆی هەلومەرجی ژیانی ئەو کات لە ئاواییەکەیان دەرگای خوێندنگا زوو بەسەریدا داخرا.

هەر لەتەمەنی منداڵییەوە دەستی کرد بە کار و کاسبی و کرێکاری، بۆ ئەوەی قوورسایی لەسەر ژیانی هەژاری بنەماڵەکەی هەڵبگرێ. هەرچی گەورەتر دەبوو ئەرکی سەرشانی قورستر دەبوو. شانی دا بە کاری وەرزێری و بە درێژایی ڕۆژ ئارەقەی دەڕشت. ئەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییە وای کرد خەلیل زیاتر هەست بە چەوسانەوە بکا و هەوڵی خۆ ڕزگار کردن لەم مەینەتییە بکەوێتە نێو مێشکییەوە. بەتایبەتی کاتێ زوڵم و زۆریی کاربەدەستانی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و ئەو جیاوازییەی نیسبەت بە گەلە بێبەشەکەی بە چاوی خۆی دەیدیت، ڕق و قینێکی پیرۆز دەروونی هەڵدەقرچاند.

خەلیل لە سەرەتاکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات و بوو بە پێشمەرگە. لەو ساڵانەدا هێرشی جینایەتکارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ کوشتن و قەڵاچۆی شار و گوندەکانی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو. ئەو جەنایەتکارانەی گڕی بە لرفەی قینوڕقیان تەنیا بە خوێنی کورد دادەمرکایەوە هەر ڕۆژە و هەر سەعاتەی لە ئاواییەک و لە شەقامی شارێک یا قوژبنی ماڵ و کۆڵانێک سینگی گەنج و پیرانی نەتەوەی کوردیان کونکون دەکرد، خەلیلی پێشمەرگە دژی ئەو ستەم وبێدادیانە ڕاپەڕیبوو. ئەو دەیزانی وەک مرۆڤێک ئەرکی سەر شانیەتی لە بەرانبەر دوژمنە داگیرکەر و جینایەتکارەکانی کوردستاندا نابێ بێدەنگ بێ و دەست لەسەر دەست دابنێ. بۆیە لە زۆر شەڕی ناوچەی هەوشار و تیکابدا بەشداریی چالاکانەی کرد و ئازایەتییەکەی بوو بە هۆی ئەوەی وەک سەرپەل و پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ.

شەهید خەلیل لە ماوەی تەمەنی خەباتگێڕی و تێکۆشانی خۆیدا گەلێک قارەمانەتی بۆ حیزب و نەتەوەکەی تۆمار کرد. لە زۆربەی شەڕە حەماسییەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی کردوە و داستانی حەماسە و بوێریی بۆ مێژوویی حیزب و نەتەوەکەی تۆمار کردوە. شەڕەکانی تیکاب، نێو شاری ساینقەڵا، کوچەتەڵا، شاهیدی ئازایەتیی ئەو شەهیدە سەر بەرزەن. لەهەر ناوچەیەکی هەوشار شەڕ بوایە و خەلیل مەحموودی حزووری بوایە، شکستی دوژمن حەتمی بوو و جێگا پەنجەی تا

سەرماوەزی ٢٧٢٤

کاتی شەهیدبوونی لە هەموو شەڕەکانی ئەو مەڵبەندەدا لە دڵ و بیری خەڵکی ناوچەدا ماوەتەوە. لە شەڕی کانیسپیی سەروو کە لە کاتژمێر پێنجی بەیانی تا چواری ئێوارە بەردەوام بوو، دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس ئاوایی دەکوتا و خەلیل یەکێک لەو کوڕانە بوو کە لە تێکشکاندنی دوژمن بەرەوڕووی ئاوایی کانیسپی بە تەواوی ڕۆڵی بەر چاوی هەبوو. هەروەها شەڕەکانی نێو شاری سایندقەڵا هەموو بەڵگەیەکی زیندوون بۆ ئازایەتیی ئەو تێکۆشەرە نەمرە.

حەوتەمین ڕۆژی بەهاری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بوو. تازە خۆر بە تینی خۆی بەرەبەرە بەفری شاخەکانی دەتواندەوە و سەوزەگیای بەهار و سروشتی جوانی کوردستان لە خەوی زستانە ڕاست ببوونەوە. شنەی شەماڵ بەئەسپایی مزگێنیی هاتنی بەهار و زیندووبوونەوەی دێنا، هەموو کەس خۆشحاڵ بوو لەوەی زستانی ساردیان سەرەڕای بێدەرەتانی ڕابرد و بەهاریان لێ داهاتەوە. وەرزێکی دیکەی تێکۆشان و چالاکیی خەڵک و هێزی پێشمەرگە دەستی پێ کردبوو. خەڵک لە نوێژی عەسر گەڕابوونەوە و پۆل‌پۆل لە بن گوێسوانەی هۆدەی ماڵان دانیشتبوون و خۆیان لەبەر تینی گەرمای خۆر هەڵخستبوو. سەعات ٥ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ -٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاوی- لە ئاوایی حەسەناوا چەند پێشمەرگە لەگەڵ خەلیل لە ماڵێکدا دەبن کە لە پڕ هەواڵی هاتنی هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامییان پێ دەدەن. کاتێک خاوەن ماڵ ویستی لە دەرگای ماڵ بچێتە دەرەوە، کەوتە بەر دەسرێژی جاش و پاسدارو کوژرا. پاشان شەڕێکی دەستەویەخە لە ئاوایی حەسەناوا دەستی پێ کرد. ئەگەرچی ژمارەی پێشمەرگەکان تەنیا ٨ کەس بوون، بەڵام وەک هەمیشە لەبەرانبەر هێزی کۆنەپەرەستیدا ڕاوەستان و ئامادە بوون بە خوێنی خۆیان لاپەڕەکانی سەروەریی هێزی پێشمەرگەی دیموکرات بنووسنەوە. خوێنبایی ئەو مێژووە پڕ سەروەرییەش گیانی پاکی خەلیلی مەحموودی بوو کە دوای دوو سەعات شەڕ و خۆڕاگری شەهید بوو.

١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# بەرگریی ڕەوا، ناسنامەی خەبات سیاسی لە ڕۆژهەڵات




**ڕەزا دانشجوو**

دەڵێن دوای دەستگیرکردنی "چێگوارا"، شۆڕشگێڕی بەناوبانگی چەپ، لە شوانێک کە شوێنی چێگوارای ئاشکرا کردبوو پرسیان: بۆچی حەشارگەی چێگوارات ئاشکرا کرد لەکاتێکدا ئەو خەباتی بۆ ئازادیی تۆ دەکرد! شوانەکە وەڵامی دایەوە: شەڕەکانی ئەو مەڕەکانمی دەترساند!

مێژوو پڕە لە چیرۆکی مرۆڤە کاڵفام و بێهەڵوێستەکان کە بە تێڕوانینە هەڵەکانیان هەمیشە گەورەترین بەربەست بوون لە ڕێگای ئازادی بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان. لە مێژووی خەباتی سیاسی لە کوردستانیشدا نموونەی زۆر لەم جۆرە بیرکردنەوە دەبینرێت، هەرچەندە جگە لە بێهەڵوێستی و کاڵفامی، بەداخەوە دەبێت دان بەوەشدا بنرێت کە خیانەت و کۆیلایەتیی دەرەکیش ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە نەگەیشتن بە ئامانجی سیاسیی ڕەوای کورد.

ڕێک لە ڕۆژانێکدا کە پێشەوای مەزن خەریکی وەدیهێنانی خەونی درێژخایەنی گەلی کورد و دانانی بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخواز و پێشکەوتوو لە کوردستان بوو، هەندێک کەسی بێهەڵوێست و خیانەتکار خەریکی داڕشتنی

پلانی دژ بە پێشەوا و کۆماری کوردستان بوون. ئەو جەماعەتەی لە کۆتاییدا لەوپەڕی سپڵەیی، ئەمەگنەناسی و پێنەزانیندا سوپاسنامەیان ئاراستەی هێزی داگیرکەر کرد و ڕاشکاوانە خوشحاڵیی خۆیان لە سێدارەدانی پێشەوا وهاوڕیانی دەربڕی! بەڵام ئەوانە کێ بوون کە ئەوەندە ترسنۆکانە خیانەتیان لە خواستی مێژوویی نەتەوەیەک کرد؟ دەستەی یەکەم هەر وەک پێشووتر ئاماژەی پێ کرا خەڵکانێک بوون بێهەڵوێست و کاڵفام کە بیرکردنەوەی بەرواڵەت ئاشتیخوازییان هەمیشە تێکەڵ بە جۆرێک لە خەیاڵ و وەهمێکی بێسنوورە، ئەو کەسانەی بەداخەوە لە زۆر ساتەوەختە مێژوویییە هەستیارەکاندا بوونە لەمپەر و ڕێگر لە بەرامبەر خواستی ڕەوای کۆمەڵگەدا. دەستەی دووهەم تاقمێک سەرۆکی هۆز و تایفە بوون کە سەقامگیربوونی کۆماری کوردستان بوو بە کۆتاییهێنان بە ڕاووڕووت و دزیکردنیان!

ساڵانێک دوای ئەم خیانەتە مێژووییە، لە ڕۆژانێکی هەستیاری تردا کە دەیتوانێ مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنووسێتەوە، هەندێک کەس لە بەرگی خیانەت یان بێهەڵوێستی و بیری تێکەڵاویی، بەبێ تێگەیشتن لە هەلومەرج و بارودوخی وڵات و جیهان بوونە گەورەترین بەربەست لە بەرامبەر خواستەکانی گەلەکەیان. لە پۆلێنکردنی ئەو کەسانە و گرووپانە دا دەتوانرێت ئاماژە بە سێ گروپی دیار و جیاواز بکرێت.

**گرووپی یەکەم**، ئەوانە بوون کە بە هۆی تەماحی سامان و ماڵی زیاتر بەئاشکرا بوون بە هاوبەش و هاوکاری داگیرکەران و ڕێگەی خوار و لاری بەکرێگیراویان هەڵبژارد، ڕەنگە وشەی "جاش" باشترین و تاکە وشە بێت بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی کە بە ئاگادارییەوە ڕێگای خیانەتیان هەڵبژاردوە.

**گرووپی دووەم**، کەسانی بێهەڵوێست و کاڵفام بوون،کە پێیان وابوو هەر شەڕێک دژی داگیرکەر مەحکوومە بە شکست و هیچ ڕێگەیەکی تر جگە لە تەسلیمبوون و کڕنۆشبردن نییە! ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە ژیانێکی ئارام بەڵام ژێرچەپۆک و بێدەسەڵاتیان لە بەرخۆدان و خەباتکردن پێ باشتر بوو! لایەنی سێیەم گروپێک بوون کە قیبلەی هیوا و ئاواتیان نە دڵی کۆمەڵانی خەڵکەکەیان بەڵکوو زۆر دوورتر بەرەو مۆسکۆ و دونیای سۆڤیەت بوو! گروپێکی وەهمی کە لە خواستی خۆیاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی جنۆکەی خەیاڵی ئیمپریالیزم، هەموو شتێکیان بە شەرعی دەزانی. سەرلێشێواوە دۆڕاوە سیاسییەکان کە بە هۆی بیرکردنەوەی هەڵەیان بوون بە هۆی بەلاڕێدابردنی ژیانی هەزاران گەنجی شۆڕشگێڕ و بەفیڕۆدانی ساڵیان خەباتی سیاسی لە کوردستان و لەژێر کاریگەریی حیزبی تودەدا بوون بە گەورەترین فاکتەری دابەشبوونی کۆمەڵگەی سیاسی لە کوردستاندا.

سەبارەت بە کەسانێک کە ئاشکرا چەکی خەیانەتیان هەڵگرت هەموو شتێک ڕوونە و پێویستی بە پێداچوونەوە و



سەرچاوە
Serchawe

ڕوونکردنەوە نییە، بەڵام هەندێک جار تاقمێک پرسیار و پڕوپاگەندە لە لایەن گروپی دووەم و سێیەم دێنە ئاراوە کە دەبێت بە ڕوونی وڵام بدرێنەوە. شیکردنەوە و لێکدانەوەی مێژوو و هەڵوێستەکانی ئەم گرووپانە دەتوانێت بەربەستێکی گرنگ بێت بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی هەڵە کارەساتبارەکانی ڕابردوو. ئەم کەسانە و گرووپانەی کە تەنانەت دوای دارمان و لەناوچوونیان، ێشتاش لە هەر دەرفەتێک بۆ شێواندنی ڕاستیەکان و تێکدانی بیروڕای گشتی کەلک وەردەگرن و بە ورووژاندنی تاقمێک بابەتی بێبنەما یان ساختەکاری مێژووهەوڵ دەدەن گومان بخەنە سەر هەندێک لە ڕاستییە قبوڵکراوەکانی کۆمەڵگای کوردستان. وەک نموونەیەک، زۆرجار لەم گرووپ و خەڵکە دەبیسترێت کە شەڕی چەکداری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵە بووە و بووە هۆی بەفیڕۆدانی سەرمایەی مرۆیی و ڕێگر بوو لە گەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی!

سەرەتا دەبێ بگوترێت ئەوەی لە کوردستان و لە بەرانبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕووی دا، شەڕ نەبوو بەڵکو بەرگرییەکی ڕەوا بوو. پێویستە نەوەی گەنج بزانێت کە سەرکردەکانی کورد بە تایبەت دوکتور قاسملوو زۆر هەوڵیان دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران لە ڕێگەی دیالۆگەوە! گرنگە بزانرێت ئەوە کورد نەبوو شەڕی دەست پێ کرد و خومەینی بوو لە مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨دا فەرمانی جیهادی دژ بە کورد دەرکرد و شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر گەلی کورددا سەپاند، و ئاشکرایە کە گەلی کورد مافی بەرگری دەپارێزێت و شەڕی دەستدرێژکار دەکات!

ئێستا با لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، ئێمەش وەک ئەم کەسانە گریمانە دەکەین شەڕی دژی داگیرکەر و دەستدرێژکارێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی هەڵەیەکی مێژوویی بووە و هەوڵ دەدەین بە پشتبەستن بە داتا مێژووییەکان و لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە، مەسەلەکە زیاتر شیبکەینەوە و بگەینە ئاکامێکی پەسەندکراو.

دوای دەستبەسەراگرتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ٥٧ و سەقامگیربوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەو هێزانەی کە لە دژی ڕژێمی شا شەڕیان دەکرد، بەسەر دوو گرووپدا دابەش بوون. هەندێک بوون بە هاوڕێ و هاوکاری خومەینی و هەندێکیشیان قبوڵیان نەکرد و درێژەیان بە خەبات دا. چەپەکان لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا گرنگترین گرووپی سیاسی بوون. لە نێو چەپەکاندا "توده" و"چریک های فدایی خلق" دوو گرووپی سەرەکی بوون. "چریک فدایی خلق" لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بوون بە دوو بەش، لایەنی کەمینە کە خەباتی چەکدارییان هەڵبژارد و لایەنی زۆرینە کە ڕێگەی دیالۆگ و گفتگۆیان گرتەبەر! حیزبی توودە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خومەینیدا بوو و خومەینیی بە بەربەست دژ بە ئیمپریالیزم دەزانی و بەردەوام بەشداری مشتومڕی سیاسی لە تلویزیۆنی ڕژێمدا بوون! "ملی مذهبی"کان یەکێک لە گرنگترین گرووپە سیاسییەکان بوون کە زۆر خومەینی نزیک بوون و لە پاریسەوە تا تاران هاوڕێ و هاوکاری



سەرچاوە
Serchawe

بوون! بەڵام وەڵامی خۆمەینی بۆ ئەم حیزب و لایەنە سیاسیانەی کە پێیان وا بوو لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن چی بوو؟

"ئیحسان تەبەری" کە بە یەکێک لە گەورەترین تیۆریستەکانی توودە و چەپەکان نەک لە ئێران بەڵکوو لە جیهاندا هەژمار دەکرا، لە زیندان و لەژێر لێپرسینەوەکانی حوسێن شەریعەتمەداریدا مەجبوور کرا کتێبی "کژراهە" وەک "تۆبەنامە" بنوسێت و دواتر بە شێوەیەکی سەیر مرد! کیانووری، سەرۆکی حیزبی توودە چارەنووسی لە تەبەری باشتر نەبوو و دوای چەندین ساڵ زیندانی بوون لە بێکەسیدا لە تاران کۆچی دوایی کرد! دەتوانرێت بگوترێت لەم کەسانە ئاشتیخواز و لایەنگری دیالۆگەوە! کەس لە دەست خومەینی ڕزگاری نەبوو! یان ئێعدام و زیندانی کران یان بە ناچار لە ئێران ڕایان کرد! کۆتایی چیرۆکی "ملی مذهبی" ەکانیش لە چەپەکان باشتر نەبوو، یان بە گشتی گۆشەگیر بوون یان لانیکەم بۆ ماوەیەک زیندانی کران و بە گشتی لە سیاسەت دوورخرانەوە!

بەڵام ئەم هەڵسوکەوتەی کۆماری ئیسلامی تەنیا دژی ئەو حیزب و لایەنانە نەبوو کە لە ڕووی فیکرییەوە لەگەڵ ڕێژیمدا ناکۆک بوون. سەدان پیاوی ئایینی ناسراوی شیعە بە هۆی دژایەتیکردنی بیرۆکەی حوکمڕانی ولایەت فەقیهـ یان زیندانی کران یان لە کار و چالاکییەکانیان دوورخرانەوە. ڕەنگە ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری ناوبانگترینی ئەو کەسانە بووبێت کە بەهۆی دژایەتیکردنی لەگەڵ خومەینی و بیرۆکەی وەلایەتی فەقیهـ لە کاردانەوەیەکی مێژوویی لە لایەن خومەینی و هاوبیرانی لە مەرجەعیەتی شیعە دوورخرایەوە و تەنانەت دوای مردنیشی ڕێژیم ڕێگەی نەدا بنەماڵەکەی ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی بەڕێوە ببەن!

بەڵام چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت. کۆماری ئیسلامی تەنانەت ڕەحمی بە بەرپرسەکانی خۆی نەکردوە و بەشێکی زۆریان سەرەڕای خزمەتکردنی ڕێژیم، یان خانەنشین یان زیندانی کراون و یان بە ناچار هەڵاتوون و هەڵوەدای وەلاتانی بیانی بوون! ئەبولحەسەن بەنی سەدر، یەکەم سەرۆک کۆماری مێژووی کۆماری ئیسلامییە کە بە گلۆپی سەوزی خومەینی و میلیۆنان دەنگ هاتە سەر دەسەڵات، بەڵام هەر زوو وادەی بەسەرچوونی تەواو بوو و بەشێوەیەکی زەلیلانە ناچار بوو ئێران بەجێ بێڵێت! لەکاردوورخسنەوەی مونتەزیری، جێگری خۆمەینی و خانەنشینکردنی لەلایەن خومەینییەوە؛ بەندکرانی مووسەوی و کەڕووبی لە لایەن خامنەیی لە ماڵە خۆیاندا، قەدەغەکردنی دەرکەوتنی خاتەمی سەرۆککۆماری هەشت ساڵەی ڕێژیم لە میدیای فەرمی ڕژیمدا، پەسەندنەکردنی سەلاحییەتی هاشمی ڕەفسەنجانی بۆ بەشداری لە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و پاشان خنکاندن و کوشتنی، چارەنووسی ئەحمەدی نژاد دەست پەروەردەی خامنەیی و...هتد نموونەی بێشوماری هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە جگە لە کۆیلایەتی و خزمەتکردن بەم دەسەڵاتە و

سەرماوەزی ٢٧٢٤

**بێگومان خیانەت لە میللەتەکەیان هیچی تریان لە کارنامەی ژیانی سیاسیاندا نییە!**

ئێستا پرسیار ئەوەیە، بەم پێشینە دووردرێژەی کۆماری ئیسلامی لە نەهێشتن و پەراوێزخستنی نەیارەکانی و تەنانەت لایەنگران و بەشێک لە دەسەڵاتدارانی خۆی، ئایا هیچ ڕێگەیەکی تر جگە لە خەبات و بەرخۆدان بۆ گەیشتن بە مافە زەوتکراوەکانی کورد دەمێنێتەوە!

ڕاستییەکە ئەوەیە کە گەورەکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتە بێبنەمایانە ئەگەر هەڵقوڵاوی مێشکی کەسانی بێهەڵوێست و کاڵفام نەبێت بێشک جگە لە خیانەت هیچی تر نییە! گومانی تێدا نییە کە ئامانجی هەندێک کەس لە وورووژاندنی ئەو جۆرە بابەتانە تەنها تێکوشانێکە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەڵە سیاسییەکانی ڕابردوویان و لە ڕاستیدا لە واقیع هەڵاتن!

خاڵی کۆتایی و گرنگ کە هەرگیز نابێت لەبیر بکرێت ئەوەیە کە ئەگەر ئەو بەرگرییە ڕەوا و قارەمانانەی پێشمەرگە نەبوایە، ئێستا هیچ شتێک لە ڕۆحی خۆڕاگری و بەرخۆدان لە کوردستان نەمابوو. ئەو خۆڕاگری ئازا و بوێرانەی ژنان و پیاوانی کورد لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەدا بوو کە خەونی کۆماری ئیسلامی بۆ بەچۆکداهێنانی ئیرادەی کوردستان شێواند. ئەوەی لە شۆڕشی ژینا لە کوردستان ڕوویدا، درێژەی هەر ئەو بەرگرییەکی ڕەوایە بوو، ئەمجارەیان لە شەقام و بە کەرەستەیەکی جیاواز! بزووتنەوەیەکی زەبەلاح کە نیشانی دا کە ڕەنگە کۆماری ئیسلامی خاکی کوردستانی داگیر کردبێت، بەڵام ڕۆحی خۆڕاگری و ئازادیی گەلی کورد زیندووە!

کوردستان لەسەر پێیە و لە هەموو کاتێک بەئاگاترە و ئەم بەئاگاهاتنەوەش بەرهەمی ئەو نەمامەیە کە پێشەوای گەورە لە کوردستان چاندی و ئێستا بە کەرامەتی خوێنی هەزاران شەهید لەم خەباتە درێژخایەنەدا بۆتە دارێکی پان و بڵیند، دارێکی پتەو کە ئێستا بە پانتایی ئەم جوغرافیایە زیندانیکراوە لە ئاگری هەتا داڵاهۆ ڕیشەی داکوتاوە و لق و شاخەکانی سێبەری سەری هەر شۆڕشگێڕێکی ئەم کوردستانەن. ئیتر نە تەور و بیوری دەستی داگیرکەر، نە بیرۆکەی هەڵە و ناڕاستی خەڵکانی بێهەڵوێست و کاڵفام، نە پەلەقاژەی تاقمێک سەرلێشێواو و دۆڕاوی سیاسی و نە خەنجەری دەستی بەکرێگیراو، ناتوانێت پێش بە گەورەبوون و بەرزبوونەوەی بگرێت.

١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# تیئۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان



ئەلبورز ڕوئینتەن

## دەستپێک

لە سیاسەتی دەروەی وڵاتاندا بەشێکی گرینگ  لە ئاستی ئاکادیمیادا لەژێر ناوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی نۆزدەوە لە چوارچێوەی تێئۆریی جیاوازەوە شرۆڤە دەکرێت و دەخوێندرێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە سیاسەتی وڵاتان لە سەردەمی زۆر کەونارەوە جێگای سەرنج بووە و هزرمەندان و سیاسەتوانان بە دوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاردا دەگەڕێن، وەک: بۆچی لە نێوان دو وڵات، یا دو دەسەڵات یا پاشایەتی، یا دو ئیمپراتۆری، شەڕ ڕوو دەدات؟ بۆ ئاشتی هەیە؟ بۆ ڕێککەوتن و هاوکاری دەبێ هەبێت؟ بۆچی پەیوەندیی بازرگانی هەیە؟ کاریگەری شەڕ و ئاشتی لە سەر بازرگانی یا بە پێچەوانە چیە؟ ڕۆڵی ئایین لە سەر جۆری پەیوەندییەکان چیە؟ کولتووری هاوبەش و دژ بە یەک چ کاریگەریەکی بە یەک هەیە؟ هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە چوارچێوەی تێئۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەوڵی تێگەیشتن و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەردێت. لێ ورد بوونەوە لەو تێئوریانە دەتوانێ باشتر هۆکاری بڕیاری سیاستوانان لە ئاستی سیاسەتی دەروەدا

دەربخات.

## تیۆری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان یا بابەتێکی تایبەت یا گشتی کەڵک لە تیئۆری وەردەگیرێ، واتە تیئۆری ئەو کۆمەڵە یا چوارچێوە یا پەرسپێکتیڤەیە کە لەگەڵ خۆی خەملێنراو یا هۆکار بۆ بابەتەکان دەهێنێ و هەوڵ دەدات بە دیاریکردنی چوارچێوەی دیاریکراو وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. لە زانستی کۆمەڵایەتیدا تیئۆری ڕوونکردنەوەیەکی سیستماتیکی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە. کۆمەڵێک بیرۆکە و گەلاڵەی بەیەکەوە گرێ دراون کە ئامانجیان ڕوونکردنەوەیە کە چۆن یان بۆچی بابەتەکان لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن. تیئۆرییەکان یارمەتیی زانایانی کۆمەڵایەتی دەدەن بۆ مانای ڕەفتار و کارلێک و پێکهاتە ئاڵۆزەکان لەنێو کۆمەڵگەکاندا. بە دابینکردنی چوارچێوەیەک، تیئۆرییەکان ڕێنمایی توێژینەوە دەکەن، گریمانەکان پێشنیار دەکەن و یارمەتیی لێکدانەوەی دۆزینەوەکان دەدەن. بۆ نموونە لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە وەڵامی پرسیاری بۆچی لە نێوان وڵاتاندا شەڕ ڕوودەدات یا بۆ کێبەڕکێ لە سەر هێز هەیە، لە چوارچێوەی تیئۆری بەو شێوەی وەڵام دەدرێتەوە کە سەرەتا پێناسەیەک بۆ دونیا و ڕۆڵی وڵاتەکان و سروشتی سیاسەتی دەرەوە دەکرێ، دواتر بە هۆی ئەو پێناسە یا خەملاندنانە هەوڵی وەڵامی هۆکاری ڕوودانی شەڕەکان دەکرێ و بە چەسپاندنی ئەو تیئۆریە لەسەر دۆخی نێودەوڵەتی لە ڕابردوو یا ئێستا هەوڵی تێگەیشتن و شیکردنەوەی چۆنیەتی بڕیارەکان دەدرێت. بۆ نموونە ئێمە لە دوای شەڕی جیهانیی دووەم و بە تایبەتی شەڕی سارد ئێمە نەماندیوە یا زۆر بە کەمی دیومانە کە وڵاتە دێموکراتیکەکان شەری یەکتر بکەن. بەڵام بۆ ئەوەی لەو دیاردەیە باشتر تێبگەین کەڵک لە تیئۆری Democratic Peace Theory وەردەگرین، ئەو تیئۆرییە شی دەکاتەوە بۆچی یا دەبینین وڵاتەکان شەڕ بکەن و نەکەن ساڵانە بودجەی تایبەتی شەڕ و بەهێزکردنی توانای نیزامییان هەیە. باشە وڵاتێک کە بەتەمای شەڕ نییە و نایکات، بۆچی دەبێ میلیارد میلیارد دۆلار لە بودجەی لەشکریدا خەرج بکات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕێگەی تیئۆریی ڕیئالیزمدا دەدریتەوە کە دەڵێت دونیا گۆڕەپانی کێبەرکێی وڵاتانە بۆ ئەوەی زیاتر بەهێز بن و لەو ڕێگەیە ئاسایشی خۆیان دەستەبەر بکەن.

لە بەشی تیئۆرییەکانی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانیش چەندین تیئۆری باو هەن کە چۆنیەتیی ڕووداو و بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان شی دەکەنەوە کە لە خوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕیئالیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان

یەکێک لە بە ناوبانگترین تیئۆری لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕیئالیزمە کە سەرچاوەکەی بۆ نووسینەکانی توسیدوسی خەڵکی ملینیا لە یونانی کەونار دەگەڕێننەوە و دواتر لە نووسینەکانی هابز، ماکیاولی و مورتینۆگۆ لە ئێستادا باسی لێوەکراوە. توسیدوس خەڵکی ملنیا بوو لە سەردەمی شەڕی پلوپێنزی کە لە نێوان سپارتا و ئاتن لە ئارادا بوو. ملنیا دەیهەویست بێلایەنی هەڵبژێرێ، بەڵام سپارتەکان لە ترسی ئەوەی ملنیا و ئاتن یەک نەگرن، ئەوانی بۆ نێو شەڕەکە ڕاکێشا و بیلایەنیی ملنیا ئەوانی لە شەڕ نەپارست و ئەوەش وای کرد توسیدوس ئەو ڕستە بە ناوبانگەکەی بە سەرچاوەی ڕیئالیزمیش دەزانرێ، بنووسێ. توسیدوس دەڵێ: "بەهێز مەحکوومە بە بەکارهێنانی هێز و لاوازیش ناچارە ئازار ببینێ و بچێژێ". بە وردبوونەوە لە ڕستەیە و بەراوردکردنی لەگەڵ زۆربەی ڕووداوەکانی ئێستای دونیای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە بۆچی ڕیئالیزم تا ئێستاش لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بەناوبانگە. بناغەی تیئۆریی ڕیئالیزم لەسەر چەند خەملێنراو دامەزراوە کە یەکەمینیان ئانارشیزم لە دونیادایە. واتە دونیا پێک هاتووە لە کۆمەڵێک یەکە یا ئەکتەر بە ناوی وڵات کە لە ڕووی هیرارشیەوە لە یەک ئاست و یەکسانن و نەبوونی ئەو هێرارشیە و یەکسانی یا وەک یەکییەی وڵاتەکان بە واتای ئانارشیزم دێت. ئەو ئانارشیزمە بە جورێکە هەر وڵاتێک بۆ ئەنجامی هەر کارێک پێویستی بە ئیزنی وڵاتێکی دیکە نییە، ئەوەش دونیایەکی مەترسیدار وێنا دەکات کە سەرچاوەی پاراستن تەنیا بە هێز دەبەستێتەوە. یا بە جورێکی دیکە ئەگەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بازار با، پارەی ئەو بازارە هێز دەبوو.

دووهەمین کۆڵەکەی بناغەی ڕیئالیزم دەڵێ ئەکتەری سەرەکی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وڵاتەکانن. ئەو شێوازە تێڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕیئاڵیزمدا ڕۆڵی دامەزراوە یا گرووپ یا ناوەندگەلی دیکە کەم ڕەنگ ببێتەوە و لەسەر ئەوە دەوەستێ کە وڵاتەکان بڕیاردەری سەرەکین. ئەو تێڕوانیە وا دەکات بڕیارەکانی وڵاتان جا بە ئەرێنی یا نەرێنی بە هەند وەربگیرێ و بە سەرچاوەی دیاریکردنی جۆری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دابندرێن. ئەو کۆڵەکە لە ڕیئاڵیزم وا دەکات هەڵسوکەوتی وڵاتەکان بە عەقڵانی بزانێت، واتە هەر بڕیارێکی کە وڵاتان دەیدەن لە ئاستێکدا و بە نیسبەت خۆیان بە عەقڵانی لێکدەدرێتەوە، تەنانەت بەجۆرێک شرۆڤەی ئەو بڕیارانە بە نیسبەت هەر وڵاتێک دەکرێ کە دەبا وا کرابا. بۆ نموونە لای ڕووسەکان هێرشکردنە سەر ئوکراین عەقڵانییە و بۆ ئوکراینیەکیش بەرگریکردن لە بەرانبەر ئەو هێرشە ڕەوا و عەقڵانییە و ئەگەر سبەی پێک بێن و ئاشتیش ببنەوە، هەر بەمجۆرەیە؛ چونکە ڕیئاڵیزم وڵاتەکان بە ئەکتەرێکی عەقڵانی دەزانێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەگوێرەی ڕیئالیزمەکانیش ئەمنییەت پرسی سەرەکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. واتە هەر بڕیارێکی وڵاتان بۆ دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی خۆیەتی کە لە ڕێگەی بەهێزییەوە دەستەبەر دەکرێ و هەر بۆیەش کێبەڕکێیەکی توند لە سەر بەهێزبوون هەیە و تاکە فاکتەری ئاسایش و پاراستن بۆ ئەو بەهێزییە دەگەڕێتەوە. هەر بۆیەش لە ڕیئالیزمدا گرینگییەکی زۆر بە فاکتەری هێز دەدرێت و هەروەها بە پێچەوانەکەی. هەر وەک توسیدوس دەڵێ لاواز ناچارە ڕەنج و ئازار بکێشێ و لە بەرانبەردا بەهێزەکان چونکی بەهێزن، ناچارن بە بەکارهێنانی هێز. دەتوانین کێبڕکێ لەسەر بەهێزی هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا بە ئەمڕۆ ببینین کە ئێستاش لەنێو وڵاتاندا بە میلیاردها دۆلار بۆ دابینکردنی چەک و چۆڵ یا کێبەڕکێی هەبوونی چەکی ئەتۆمی تەرخان دەکرێت.

دوایین لایەنی سەرەکیی بناغەی ڕیئالیزم ئەوەیە شەڕ و کێبەڕکێی نێوان وڵاتەکان بە سروشتی دادەنرێت. واتە ئەوەی کە شەڕ ڕوو دەدات یا ئاشتی و کێبەڕکێ لەسەر هێز هەیە و ئەم ململانێیانە لە ناخ و سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوانە هەموو سروشتین. هەر لە بەر ئەو سروشتەی دونیاشە کە بەو شێوەیە لەنێو مرۆڤایەتی یا بە وتەی ڕیئالێستەکان لەنێو وڵاتەکاندا شەڕ و ئاڵۆزی هەیە.

بەگوێرەی چوارچێوەی ڕیئالیزم لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بەردەوام کۆمەڵێک چەمک دەکەونە بەر باس و لێکۆلینەوە. یەکێک لەو چەمکانە بالانسی هێزە. ئەو دۆخە ڕۆژانە لەسەر دۆخی سیاسیی ناوچەکەی خۆمان -ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست- کە گۆڕەپانی کێبەڕکێی زلهێزانی دونیا و هێزە ناوچەییەکانە بەرچاو دەکەوێ و بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێت کە پێویستە بالانسێک لە نێوان هێزەکاندا هەبێ بۆ ئەوەی هەمووی هێز یا بەرژەوەندی بە لای یەک هێزدا نەشکێتەوە. یا باس لە هاوپەیمانی دەکرێ کە وڵاتەکان بۆ ئەوەی بتوانن بالانسی هێز بە سودی خۆیان بگۆڕنەوە کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەوەی لە شەڕی جیهانیی دووەمدا دیتمان نموونەی بەرچاوی ئەو هاوپەیمانیە بۆ پاراستن و سەرکەوتن بوو. لە دۆخێکی وەهادا چەمکی دووانەی ئەمنییەتی بەردەوام و سەقامگیر دەکەوێتە بەر باس. چونکە ئەمنییەت دوو ڕەهەندی هەیە و زۆر جار هەندێک وڵات بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتەکەی، ڕێک ئەمنییەتی خۆی دەخاتە مەترسی و ئەوەی لە شەڕی ڕووسیە و ئوکراییندا دەبینین نمونەی ئەو ڕاستییەیە کە بەردەوام لە نێوان وڵاتەکاندا ڕوو دەدات.

لە ڕیئالیزمدا سوودی ڕێژەی بۆ ئەوەی پێش بە سوودی ڕەها بگرێ چەمکێکی گرینگە بۆ ئەوەی لە نێوان هێزەکاندا ئاشتی دروست بێت. هەروەها ناسیونالیزم بە یەکێک لە دینامیزمە گرینگەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دادەنرێت. ئەو گرینگیدانەی ڕیئالیزم بە ناسیۆنالیزم بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی دەوڵەتەکان یا ئەکتەرە سەرەکییەکانی نێو پەیوەندییە نێونەتەوەییە لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمدان هەر بۆیە ناکرێ ئەو دینامیزمە گرینگە وەلا بنرێت.

ریئالیزم لە ئێستاشدا زۆر بەهێزە بۆ شرۆڤەی ڕووداوەکان. بۆ نموونە هۆکاری پشتیوانی‌نەکردنی ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکە لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بناغەی ڕیئالیزمە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا دەگەڕێنەوە کە وڵات بە ئەکتەری سەرەکی دەزانرێ و پاراستنی یەکیەتیی خاک و سنووری ئەو وڵاتانە بۆ پاراستنی ئەمنییەت بە گرینگ دادەنرێ؛ هەر بۆیەش تێکدانی ئەو سنوورانە ئەگەر زۆریش بەحەق و تەنانەت لە لایەن دۆستەکانیشەوە بێت، بەئاسانی قەبوڵ ناکرێ.لیبراڵیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان

یەکێک لە تایبەتمەندی کاری تیئورییەکان ڕەخنە یا دەرخستنی کەموکوڕیی تیئۆرییەکانی دیکەیە، بۆیە ئەو شیکردنەوەیە دەخاتە ڕوو تا زیاتر و باشتر وەڵامی پرسیاری جێگای لێکۆڵینەوە بداتە ئێمە، ئەو تایبەتمەندییە لە تیئۆریی لیبراڵیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەبینین کە وەک ڕەخنە یا وەڵامێکیش بۆ ڕیئالیزمیش دەبیندرێت. تیئۆریی لیبراڵیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا لەسەر تێڕوانینی ئایدۆلۆژی لیبراڵیزم بە گشتی دامەزراوە؛ ئەو تیئۆرییەش وەک ڕیالیزم دان بە ئانارشیزم لە دونیادا دادەنێ، بەڵام پێی وایە ئەو ئانارشیزمە نابێتە هۆی شەڕو ئاڵۆزی بەڵکوو، هەر ئەو ئانارشیزمەیە کە دونیا بەرەوهاوکاری زیاتر دەبات و یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕێککەوتن و تەنانەت دروستکردنی دامەزراوەی جیاواز بۆ هاوپەیمانی هەژمار دەکرێت. لیبراڵەکان بەپێچەوانەی ڕیئالیستەکان بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی وڵاتەکان دەگەڕێنەوە بۆ دۆخی نێوخۆ و کاراکتەری دەوڵەت لە ئاستی نێوخۆیی و بە گوێرەی شێوازی دەوڵەت لە نێوخۆ شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوە دەکەن.

جیاواز لە ڕیئالیستەکان کە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە ئانارشی کە بۆتە هۆی کێبرکێ بۆ بەهێز بوون دەبینن، لیبراڵەکان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە نێوەرۆکی کاراکتەری نێوخۆی دەوڵەتەکان بە تایبەتی دێموکراتیکبوون و بەدوای بەرژەوەندی بازاڕدا دەبینن. یەکێک لە کۆڵەکەکانی لیبراڵیزم لەسەر بنەمای مۆدێرنیزاسیۆن و پێشکەوتنی مرۆڤ لە ئاستی جیاوازدا دامەزراوە، واتە پێشکەوتنی ڕەهەندی جیاوازی مرۆڤایەتی کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی داناوەو وایکردوە پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی لەنێو وڵاتەکان پەرەبستێنێ. لە هەمان کاتدا ڕۆڵی مۆدێرنیزاسیۆن لە هەنگاونان بەرەو دێموکراسی بە گرینگ دەزانن کە دەبێتە هۆی ئەوەی پەرە بە دروستکردنی پەیوەندی بدرێت و ئەوەش لە کۆتاییدا خۆشبژێوی مرۆڤایەتی بە دوای خۆیدا دەهێنێ. ئەو گرینگیدانە بە مۆدێرنیزاسیۆن لە لایەن لیبراڵیستەکان بە ڕێژەیەکە کە خۆشبەختی مرۆڤایەتی لە گرەوەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە ئاستی جیاوازدا دەبینن.

هەر وەکوو ئایدۆلۆژی لیبراڵیزم لەسەر بنەمای تاکگەرایی دامەزراوە ڕۆڵی دەوڵەت بچووک دەکاتەوە، لە پەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکانیشدا گرینگی بە ڕۆڵی تاک و دواتر گرووپ و دامەزراوەی دیکە دەدەن وەک ڕیئالێستەکان دەوڵەت بە ئەکتەری سەرەکی دانانێن، بەڵکوو سەرچاوەی هەڵسوکەوتی وڵاتێک بە تاک یا توێژێکی دیاریکراو گرێ دەدەن. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی لیبرالیستەکان باوەڕیان بە ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگە وەک پاڵنەرێکی بەهێز بۆ گفتوگۆ و بازرگانی و ئاڵوگۆڕی جیاواز و لە کۆتاییدا گەڕان بە دوای بەرژەوەندیەکاندا هەیە.

ئەو کۆڵەکە سەرەکییانەی لیبرالیزم وایکردوە ئەوان زۆر بە گرینگی فوکوس بخەنە سەر بازرگانیی نێودەوڵەتی کە کاریگەری زۆر ئەرێنی لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دادەنێ و هەر وەکو لە ئایدۆلۆژی لیبرالیزمدا هەیە، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا بازاڕی ئازاد قسەی یەکەم لەو گرینگیدانە دەکات. لە هەمانکاتدا پەرەدان بە دەوڵەتانی دێموکراتیک و پەیوەندی ئەو وڵاتە دێموکراتیکانە کە لەگەڵ یەکتر زۆر بە دەگمەن شەڕ دەکەن ڕەهەندێکی گرینگی لیبرالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان هەژمار دەکرێت. لیبرالیستەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لە پەسیفیزەکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی یاسایی کە لە دەوڵەت بچێ غافڵ نابن هەرچەند نیئو لیبرالیزم لەسەر بنەمای فاکشینالیزم واتە کارامەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بەرەو بە دامەزراوەییکردن و گرینگیدان بە ڕۆڵی ئەوان هەنگاو هەڵدێنن.

لە چوارچێوەی لیبرالیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی چەمکەکانی وەک لیبرالیزمی بازرگانی بۆ ئەوەی پەرە بە پەیوەندی ئابووری بدرێت و بازاڕی ئازاد کاری خۆی بکات، هەروەها گرینگیی دێموکراتیکبوونی وڵاتەکان چونکە دێموکراسییەکان شەڕی یەکتر ناکەن و ئەو بابەتەش لە زۆر ڕووەوە جێگای سەرنجی هەموو لێکۆڵەرانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە، فاکشینالیزم بۆ ئەوەی بەربەستەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە چوارچێوەی هەندێ میکانیزمدا هەڵبگیرێ و هەروەها کۆزمۆپۆلیتنیزم بە واتای شارومەندی جیهان بوون و کاڵکردنەوەی سنوورەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوەدا دەدرێت و بەردەوام وەک ترێندی باو باسیان لێ دەکرێت. لیبرالیستەکان چۆن لە دونیای تاکگەراییەوە دەڕوانن هەموو بابەتێک، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا خزمەت بە تاک بکات دەڕوانە پەیوەندییەکان.

### مارکسیستەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان

مارکسیستەکان وەک ڕیئالیزم یا لیبرالیزم بە تایبەتی نەپرژاونەتە سەر بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، بەڵام لە چوارچێوەی تێڕوانین و دونیابینی خۆیان شرۆڤەی ئەو بوارەیان کردوە. بە گوێرەی مارکسیستەکان پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بۆ خزمەتکردنی سەرمایە و چینی سەرمایەدار ڕێک خراوە و کارایە و، لەوێشدا بەرژەوەندی چینی کرێکار

فەراموش کراوە، بەبێ گوێدان بە وڵات یا شوێنێکی تایبەت بۆیە بە جۆرێک داوای لابردنی سنورەکانیش دەکات چونکە کاتێک باس لە یەکگرتنی کرێکارەکانی جیهان دەکات لەبەر ئەوەی هاوچارەنووسن، ڕووبەڕووی ئەو سنوورانە و بوارە دینامیزمە لە ئاستی نێودەوڵەتی دەبێتەوە.

هەموو ئەوانەش هەر وەک لە ئایدۆلۆژی سۆسیالیزمدا هەیە بە شۆڕش و ڕووخاندنی ئەو سیستەمە و سەر لە نوێ دروستکردنەوەی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینی کرێکارو دژایەتی کردنی سەرمایە و سەرمایەدار دەزانێ و پێی وایە لە کۆتاییدا ئەوە ڕوودەدات کە دیتمان؛ ئەوە ڕووی نەدا وەکو زۆر بابەتی دیکە لەو پێشبینیەیان تووشی هەڵە بوون. تەنانەت هەڵسوکەوتی وڵاتە سۆسیالیستەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی دەبینین بە تەواوی دەچنە نێو چوارچێوەی ڕیئالیستی و تەنانەت لیبرالیستی، بە جۆرێک کە چین یەکێک لەو وڵاتانە بووە کە زۆرترین سودی لە بازاڕی ئازاد لە ئاستی نێودەوڵەتی بردوە و ئێستاش بە کۆڵەکەیەکی ئەو بازاڕە ئازادە کە بە گوێرەی تیئۆری لیبراڵیستی بۆ پەرەدان بە پەیوەندییەکان بە پێویست دەزانرێ دەبیندرێت.

## کۆنستراکتیڤیستەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان

زۆر جار کە باس لە تێڕوانینی کۆنستراکتیڤیستەکان بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەکرێ بە ئایدیالیستەکان دەیانناسن چونکە ئەوان بە تەواو جیاواز دەڕواننە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. کۆنستراکتیڤیستەکان پێیان وایە ئەوە ئایدیا و بیر وباوەڕ و ناسنامەیە کە پاڵنەری جۆری سیاسەتی دەرەوەو سەرچاوەی بڕیارەکان لە ئاستی نێونەتەوەییە نەک تاک یا دەوڵەت، ئەوان باس لە کولتووری دژ بە یەک و لە یەک نزیکی نەتەوەکان، یا ڕۆڵی ئایین یا هەر هزر و ئایدیایەکی دیکە ناسنامە دیاری بکات کاریگەری هەیە و لەو نێوەشدا ڕۆڵی ئێلیت بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش زۆر بە گرینگ دەزانن. تێڕوانینی کۆنستراکتیڤیستەکان نۆرم گەرایە و نرخی هاوبەش و گرینگی مرۆڤایەتی بە هەند وەردەگرێ هەر بۆیەش نزیک لە ئایدیالیستەکان هەژماریان دەکەن.

جیا لەوەش لایەنێکی دیکەی کۆنستراکتیڤیستەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باس لە گۆڕانکاری ناسنامە و ئایدیا لەژێر کاریگەری پەیوەندییەکان دەکەن. واتە بە هەمان شێوەی ناسنامە و ئایدیا ئاڕاستەی پەیوەندییەکان دیاری دەکەن پەیوەندیەکانیش دەتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن، ئەوان لە باوەڕەدان جیهان ئەو جیهانەیە کە لە باوەڕی تۆ دا مانا دەکرێت، هەروەها بەردەوام باس لە چەمکەکانی وەکو کۆمەڵگەی جیهانی و سیڤیل، گۆڕانکاری نۆرماتیڤ و ستراتیژی کلتووری وەک بەشێک لە کاری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبازی ئینگلیزەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا

لەو ڕێبازەدا کە لە هەر سێ تیئۆریەکانی ڕیئالیزم و لیبرالیزم و کۆنستراکتیڤیستەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەندێک بنەمای وەرگرتووە هەوڵ دەدات شی بکاتە ڕاستە کێبەڕکێ لەسەر هێز هەیە بەڵام ئەو کێبەڕکێیە بنەمای شەڕ و ئاڵۆزی نییە، بەڵکوو سەرچاوەی هاوکارییە. هەر ئەو پێداویستییە بۆ هاوکاریش بۆتە هۆی دروستکردنی دامەزراوەی نێودەوڵەتی و یاسایی بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەر بن و لە جیاتی شەڕ و ئاڵۆزی بناغەی ئاشتی و هاوکاری دابنێن. هەر لەو سۆنگەیەوە ئەوان باس لە سنووردارکردنی بەکارهێنانی هێز دەکەن واتە هەبوونی هێز بە واتای بەکارهێنانی هەمووی ناکات، لە هەمانکاتدا ئەوان وێڕای ڕێز لە مافی خاوەنداریێتی، هەوڵی پیرۆزکردنی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان دەدەن بۆ ئەوەی جەخت لە هاوکاری لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و گرینگیەکەی بکەن.

بیرکردنەوەی پلۆڕالیستی، هاوسۆزی و تۆلێرانس ئەو چەمکانەی ڕێبازی ئینگلسن کە وەک پێناسەی ئەو ڕێبازە بەردەوام جەختی لێوەدەکرێت، هۆکاری ئەوەی کە ئەوان گرینگی بەو چەمکانە دەدەن بۆ گرینگی دیپلۆماسی و دیالۆگ لە ئاستی نێونەتەوەیی دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئێمە ئامانجی ئەو ڕێبازە دەستنیشان بکەین پێویستە ئاماژە بە دیپلۆماسی و دیالۆگ بکەین، هەر بۆیەش لە جیاتی ڕەتکردنەوەی تیئۆریەک کە هەڵێنجراوی هەر سێ تیئۆرییەکەی دیکەیە خۆی دەبینێتەوە. شایانی ئاماژە پێدانە دیپلۆماسی و دیالۆگ وەک بەشێکی دانەبڕاوی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانن ئەگەر ئامانج ئاشتی و هاوکاری و کۆتایی هێنان بە شەڕ بێت، هەر بۆیەش ئەو ڕێبازە گرینگی خۆی هەیە.

## فمێنیستەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان

لەژێر چوارچێوەی تیئۆری ڕەخنە زۆر بیرۆکە هەن بابەتە جیاوازەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەکەونە بەر ڕەخنە، یەکێک لە دیارترینیان تێڕوانینی فمێنیستیەکان بۆ بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە. فمێنیستەکان بە تایبەتی بەڕەخنە گرتن لە ڕیئالیزم هەر توسیدوسەوە تا بە ئەمڕۆ باس لە تێڕوانینی خۆیان دەکەن. چونکە ئەوان زمانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وەک زمانی سیاسەت بە زمانی هێز و لە کۆتاییدا بە زمانی پیاو دەبینن، ئەو زمانە و تێڕوانینە بە سەرچاوەی نایەکسانی لەو بوارەدا دەبینن. فمێنیستەکان بە هێنانەوەی نمونەی وەک مارگرێت تاچر و هەروەها ئانگێلا مێرکل کە لە ئاستی سیاسەت و نێونەتەوەییدا زۆر سەرکەوتوو بوون نیشان دەدەن کە ئەو تێڕوانینە چەند هەڵەیە و دەبێ کار بکرێ بۆ نەهێشتنی ئەو زمانە پیاو و هێز تەوەرە و لەو ڕێگەیەشەوە یەکێک لە نایەکسانیەکان نەهێڵن و هەتا



سەرچاوە
Serchawe

سەرماوەزی ٢٧٢٤

**لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە هەبوونی ژنان کاریگەری ئەرێنی بنوێنێ.**

## کۆبەند

لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە کام تیئۆری دروستە یا هەڵەیە، یەک تیئۆری بەتەنیا ناتوانێ وەڵامدەری هەموو دۆخێک بێت. هەر هەموویان دەتوانن لە شوێنێک دروست یا هەڵە بن. تیئۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەیهەوێ هۆکاری بڕیارەکان لەو ئاستەدا بۆ ئێمە شی بکەنەوە. گرینگی زانیاری لەسەر تیئۆریەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بناغەی دارشتنی سیاسەت لەو بوارەدا تا ڕادەیەک ڕوون ببێتەوە و لە چوارچێوەیەکی زانستیانەتر بڕوانینە دۆخی سیاسەتی نێونەتەوەیی. هەروەها نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە زۆر بڕیار و سیاسەت هەن پەیڕەوی لە هیچ یەک لەو تیئۆریانە ناکەن یا بە پێچەوانەی باوەڕ و ئایدیای خۆیانیش دیاری دەکرێن کە ئەوانیش لە چوارچێوەی دیکە جێگای لێکۆڵینەوەن، بەڵام تێگەیشتنی سەرەتایی لەو تیئۆریانە دەتوانێ هۆکاری زۆر ڕووداویش دیاری بکات، هەر بۆیەش ئەگەر تیئۆری وەک لێنزێک هەژمار بکەین لەڕێگەی ئەو لێنزەوە سەیری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بکەین بە لێنزی ڕیئالیسم دەبینین کێبەرکێ لەسەر ئاسایش و هێز لە دونیایەکی ئانارشیست هەیە، باڵانسی پاور باسی لێ دەکرێ و دووانەی ئاسایش و ناسیۆنالیسم هەیە. ئەگەر بە لێنزی لیبرالیزم چاو لێبکەین دەبینین تاک و گرووپەکان لە هەموو شوێن کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵێک چالاکی هەیە و هاوکاری یەکتر دەکەن و دامەزراوەی نوێ دادەمەزرێنن و دەوڵەت بازرگانی ئازاد دروست دەکات تا دەوڵەتە دێموکراتیکەکان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بن. بە لێنزی مارکسیستەکان شەڕی چینایەتی باڵی بە سەر هەموو بوارێکدا کێشاوە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان لە خزمەتی سەرمایەداری و نایەکسانی دایە و لە کۆتاییدا پێویستە شۆڕش بکرێ بۆ نەهێشتنی سەرمایەداری و دواتر ڕێکخستنەوەی ئەو بوارە. بە لێنزی کۆنستراتیڤەکان ئەوە تاک و گرووپ و دەوڵەتەکان نین کە کاریگەریان لەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان هەیە بەڵکو ئایدیاکان و نۆڕمەکانن کە دەبنە هۆی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێک و هەروەها ئێلیت لە هەموو شوێنێک کاریگەریان هەیە. هەروەها فمینیستەکان ڕەخنە لە نایەکسانی و زمانی پیاوانە لەو بوارەشدا دەگرن و بەردەوام باس لە ڕۆڵی جێندەر دەکەن و هەبوونی ژن لە چوارچێوەی دەوڵەتەکان بۆ پەیوەندییەکان بە گرینگ و پێویست دەزانن.

١٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# شکا "ئەستۆندەکی تاوڵی مراد"ی کۆماری ئیسلامی!



سمایل شەرەفی

دوای سێزدە ساڵ لە دواخستنی کەوتنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە بە پشتیوانیی سەرەکیی ئێران و ڕووسیە، لە کۆتاییدا بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٨ی سەرماوەزی ١٤٠٣ی هەتاوی دژبەرانی ڕێژیمی بەعسی سووریە خۆیان گەیاندە پایتەختی وڵات و، بەشار ئەسەد بەرەو ڕووسیە ڕای کرد و بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد و حیزبی بەعس هات. بێگومان مانەوەی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات بۆ خەڵکی سووریە پڕتێچوو و کارەساتبار بوو. لە دوای بەهاری عەرەبی کە سووریەشی گرتەوە، زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەس گیانیان لەدەست دا و نزیک بە دە میلیۆن کەس لە حەشیمەتی بیست و چوار میلیۆنیی ئەم وڵاتە ئاوارەی هەندەران بوون و زیاتر لە سەتا شەسیت ژێرخان و بانخانی سووریە تێکرووخا.

وڵاتی سووریە لە گەلێک بارەوە جێی سەرنج و بایەخپێدانە و تەنیا ئاماژەدان بە حزووری سیاسی و مەیدانیی زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە لەم وڵاتە کە هەرکام بۆ مەرامێکی تایبەت لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیان لەوێن، دەیسەلمێنێ بۆچی سووریە گرینگە. بۆیە پەرژانە سەرگشت پرس و بابەتەکانی تایبەت و پێوەندیدار بە سووریە لە تاقەتی وەها

وتارێکدا نیە و لەم نووسینەدا تەنیا لە گۆشەنیگایەکەوە باس لە سووریە وەک بەشێک لە قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین.

چەند ساڵ پێش ئێستا و لە ڕەوتی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا کە وڵاتی سووریەشی گرتەوە و خەڵک دژ بە ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕاپەڕین، حەسەن نەسروڵڵا، ڕێبەری پێشووی حیزبوڵڵای لوبنان لە لێدوانێکدا لە زمان عەلی خامنەییەوە باس لە گرینگیی سووریە دەکات. ناوبراو دەڵێ: "خامنەیی پێی وتین کە سووریە بۆ مێحوەری مقاومەت و سەرکەوتنی ئیسلام لە ناوچەکە ڕۆڵی کۆڵەکەی خەیمەی هەیە". کۆماری ئیسلامی بە حزووری سەربازیی خۆی لە سووریە جیا لە کارکردن بۆ مانەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، لەم وڵاتە وەک پێگە و سەکۆیەک بۆ تەیارکردنی هێزە نیابەتییەکانی دیکەی لە لوبنان و فەلەستین کەڵکی وەردەگرت. بۆ پاراستنی ئەم پێگەیە چالاکییەکانی سپاسی قودسی بە فەرماندەیی قاسم سولەیمانی لە سووریە چڕ کردەوە. بەپێی ئەو بەڵگانەی لە ڕەوتی شەڕ و ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانی سووریە کەوتە دەست هێزەکانی سووریەی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە، قاسم سولەیمانی و هێزەکەی لە سووریە لە کوشتاری خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەم وڵاتە دژ بە بەشار ئەسەد چ کارەسات و جەنایەتگەلێک کە دەستیان لێ نەپاراست؛ تەنیا بۆ ئەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕابگرن و لەم وڵاتە بۆ مەرامەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا بە میلیاردها دۆلاری خەرجی سازکردنی گرووپی جۆراوجۆری وەک "فاتمیون" و "زەینەبیون" و .. بە ناوی "مدافعین حرم" و پڕچەکردنیان و شەڕ و ئاڵۆزینانەوە کرد کە سەروەت و سامانی وڵاتێک بوو کە نزیک بە شەست لەسەدی خەڵکەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە هەوڵی دەدا پێش بە کەوتن و ڕووخانی ئەم کۆڵەکەیە بگرێ کە دەوارە شڕی ئیدئۆلۆژییەکەی ڕاگرتبوو. ئیدئۆلۆژیی "ناردەنە دەرەوەی شۆڕش"، "پێکهێنانی بەرەی مقاومەت و لە کۆتاییدا بنیاتنانی دەسەڵاتی هیلالی شیعە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە مێحوەریەتی جەنابی وەلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە حوکمی جیهانی ئیسلام بکات!. بەڵام بە پێش چاوی هەموو دنیاوە ڕێژیمی بەشار ئەسەد دوای کەمتر لە دوو حەوتوو، بەو هەمووە بەرەی مقاومەتەوە، بەرگەی نەگرت و ڕووخا.

کۆماری ئیسلامی بە سیاسی و سەربازییەوە - وەک خۆیان دەڵێن - لەوەیکە بەشار ئەسەد بەرگەی چەند ڕۆژ "مقاومەت"ی نەگرت و ڕووخا، سەریان سووڕما. بەجۆرێک کە کەوتنە لۆمەی بەشار ئەسەد کە چۆن دەبێ ئەوەندە لاوازبێت و گوایە ئەوان قەت باوەڕیان نەدەکرد ئەوەندە بێدەسەڵات بێت کە نەتوانێ بەرانبەر بە تاقمێک "تێرۆریست" خۆی ڕابگرێت. لەم



سەرچاوە
Serchawe

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

بارەوە وەزیری دەرەوەی ڕێژیم، عێراقچی دەڵێ: "لاوازیی ئەرتەشی سووریە و خێرایی ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەکە سەرسووڕهێنەر بوو". ڕوو هەڵماڵا و بێشەرمانەتر لە هەموو ئەمانە قسەی قالیباف، سەرۆکی پارلمانی ڕێژیم بوو کە گووتی؛"ئێمە زۆر جار بە بەشار ئەسەدمان دەگووت کە پێویستە سەرنجی داخوازییەکانی خەڵک بدەی"!

کاربەدەستانی ڕێژیم بەو جۆرە دەربڕینانە لەگەڵ ئەوەی دەیانهەوێ لاوازیی و دەستەوەستانیی خۆیان لە سووریە و ناوچەکە بە گشتی بشارنەوە، دەیانهەوێ هەموو بەرپرسیارییەتییەکانیش بخەنە ئەستۆی بەشار ئەسەد. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەوەی سووریەی بەو دۆخە گەیاند و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی سووریەی سەرکوت کرد و شەڕی نێوخۆیی لەم وڵاتە سازکرد و لە کۆتاییدا خۆی بەشی سەرەکیی لەم شکست و دۆڕانەدا هەیە و تیایدا تاوانبار و ڕیسوایە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

بە ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و کۆتایی‌هاتن بە حزووری مەیدانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سووریە شکا "ئەستۆندەکی تاوڵی مراد"ی ئەم ڕێژیمە و تێک ڕووخا. باسکە نیابەتییەکانی وەک حەماس و حیزبوڵڵا کە لە ڕەوتی شەڕی یەک ساڵی ڕابردووی نێوان ئەم هێزانە لەگەڵ ئیسرائیل، نیوەگیان بوون، زیاتر تووشی قەیران دەبن و هەستانەوەیان بە بێ شاڕێی سووریە زۆر ئاستەمتر دەبێ. بەدەنەی هەرە توندڕەوی ڕێژیم کە لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە پێوەندییەکی ڕۆحیی بەهێزیان بە پیرۆزییەکانیان لە سووریەوە هەبوو و بە پێچەوانەی چاوەڕوانییان "مدافعینی حەرەم"یش نەیانتوانی هیچ دیفاعێک بۆ پاراستنیان بکەن، دوور نیە بەگژ "هەیمەنەی درۆیین"ی خامنەییدا بچنەوە و لە بیرکردنەوە و هەڵسووکەوتیاندا تووشی پارادۆکسی ڕەوانی و ڕەفتاری ببن. لە پێوەندی لەگەڵ دۆسییەی ناوکی کە بۆ جارێکی دیکە و دوای هاتنەسەرکاری پزیشکیان وتوێژەکان لەگەڵ لایەنی ڕۆژئاوایی دەستی پێ کردەوە، کۆماری ئیسلامی زۆر دەست بەتاڵتر لە جاران مەجبوور بە دانەواندن و ئیمتیازدانە.

بە گشتی کۆماری ئیسلامی کە جارێ لە سەرسوڕمانی کەوتنی بەشار ئەسەددا ماوەتەوە، لە گەرم برینیدا دەژێ و مانگەکانی داهاتوو کە لەلایەک دەبێ ڕووبەڕووی پرسیارە بێوڵامەکانی لایەنگرانی لە نێوخۆی وڵات و لێکەوتەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و کایە نێودەوڵەتییەکان بێتەوە جا ئەوجار لێی ڕوون دەبێتەوە لە کوێی دراوە و کوێی دێشێ.

**١٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا




(پێشینەی تۆڕە کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان)

فوئاد خاکیبەیگی

بۆ ئەوەی لە دیاردەیەک و کاریگەریی ئەو دیاردەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ تێبگەین پێویستمان بە زانینی پێشینەی ئەو دیاردەیە هەیە. گەشەسەندنی مێدیا بۆ سەر دوو سەردەمی جیاواز دابەش دەبێت. سەردەمی پەخشکردن و سەردەمی کارلێککردن. لە سەردەمی پەخشکردن مێدیا لە ناوەند و یەک لایەنە بوو وەک (ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم) کە پەیامەکانیان بەسەر زۆر کەسدا دابەش دەکردن کە پەیوەندی نێوان تاکەکان بە گشتی لە ئاستێکی بەرتەسکدا بوو.

بەڵام ئەمڕۆکە بە هۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێک لە دیارترین و باوترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردن دادەنرێن، کە خۆی لە نەوەی دووهەمی وێب یا سەردەمی کارلێککردن دەبینێتەوە، و تێیدا کارلێکی

دوولایەنەی نێوان هەردوو لایەن ڕوو دەدات. (وێب ٢.٠) چەمکێکە لە ساڵی (٢٠٠٤) بەولاوە هاتە ئاراوە و ئاماژەیە بۆ نەوەی دووهەمی وێبی جیهانی. نەوەی نوێی وێب تایبەتمەندی و کارایی نوێی لە خۆ دەگرێت کە لە ڕابردوو بەردەست نەبوون، و زنجیرەیەک پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لە خۆ دەگرێت، کە جەخت لە سەر توانای هاوکاری و هاوبەشی کردنی زانیارییەکان بە شێوەی ئۆنلاین دەکات بۆ بەکارهێنەران. بنەمای (وێب ٢) لە سەر بەشداری کردن، هاوکاری کردن و کارلێکی نێوان تاکەکان بە هۆی نەرمەکالاکان و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن دانراوە و بەردەوامە.

**تایبەتمەندیی وێب دوو، پەیوەندی کراوە لەخۆ دەگرێت بە جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵگەی بەکارهێنەرانی وێب و هاوبەشی کردنی زانیاریی کراوەتر. لە جۆرەکانی وێب دوو دەتوانین ئاماژە بە هێندێک نموونە بکەین وەک:**

ماڵپەڕ و وێبلاگەکان؛ کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات داهێنانەکان یا بیرکردنەوەکانی خۆیان سەبارەت بە ژیانی خۆیانی تێدا بڵاو بکەنەوە.

ویکیپیدیا و ماڵپەڕەکانی هاوشێوەی ویکیپیدیا؛ کە بەکارهێنەران لە سەرانسەری جیهان دەتوانن بابەتی ئۆنلاین زیاد بکەن یان نوێی بکەنەوە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ پەڕەکانی وەک فەیسبووک، تویتێر، ئینستاگرام و... ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن کە پرۆفایلی خۆیان بە پێی خواستی خۆیان دروست بکەن و پەیوەندی لە نێوان هاوڕێکانیان و بەکارهێنەرانی دیکە گرێ بدەن.

چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٥٤) لە لایەن ( جی. ئەی. بارنز) خرایە ڕوو، و لە چەند دەیەی ڕابردوو لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵناسیی مۆدێرن، ئەنترۆپۆلۆژی، جوگرافیا، دەروونزانیی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەی بواری دامەزراوەیی و زانستی کۆمپیوتەر گرینگی پێدراوە و پەرەی سەندوە. لە ساڵی (١٩٦٧) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە یەکێک لە بوارە گرینگەکانی توێژینەوەکان کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ پەرەسەندنی بوارە زانستییە جیاوازەکان. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زاراوەیەکە کە زۆر جار بە کار دێت بۆ ئاماژە کردن بە فۆرمە نوێیەکانی مێدیا کە بەشداریکردنی کارلێککاری لەخۆ دەگرێت، و ڕۆڵێکی گرینگ لە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان لە سەرانسەری جیهان دەگێڕن. بە جۆرێک بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی زۆرینەی خەڵک. ئەمە لە کاتێکدایە کە بنەمای سەرهەڵدان و دامەزراندنی ئەم تۆڕانە؛ ئاسانکاری و کورتکردنەوەی مەودای پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە. ئەمەش بۆتە هۆی پەیوەندی نێوان خەڵک لە گەڵ کەلتوور و زمانە جیاوازەکان لە گەڵ یەکتر هەر ئەمەش وایکردووە کە سەدەی (٢١) بە سەردەمی پەیوەندییەکان

ناوزەد بكرێت.

## تایبەتمەندییەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان

لە ئێستادا چەندین تۆڕی كۆمەڵایەتیی هەمەجۆر هەن كە هەر كامەیان ژمارەیەكی زۆر بەكارهێنەریان هەیە، بەڵام كۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، هەر ئەمەش وایكردوە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی بەكارهێنەرانیان بەرز ببێتەوە كە بە گشتی دەتوانین بەشێک لە تایبەتمەندییەكان لە چەند خاڵێكدا بخەینە ڕوو:

١- خاوەندارەتی: تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ئیزنی دانان و دروستكردنی پەڕەی كەسی و دروستكردنی تۆڕی پەیوەندی لە گەڵ هاوڕێیان و تاكەكانی دیكە دەدەن.
٢- هاوبەشیكردن: دەرفەت بە بەكارهێنەران دەدات لە بڵاو كردنەوەی وێنە، نووسین و ڤیدیۆ و بەرهەمەكانیان و لە گەڵ یەكتر هاوبەشییان پێ بكەن.
٣- گفتوگۆكردن: تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان پشت بە گفتوگۆ كردنی دوو لایەنە دەبەستن، ئەمەش پێچەوانەی مێدیای سەردەمی پەخشە، كە تەنها كار لە بواری بڵاو كردنەوە و پەخش كردنی زانیارییەكانی بە یەک ئاراستەدا دەكرد.
٤- كۆكردنەوە: تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان دەرفەت بە ژمارەیەكی زۆر لە بەشداربووان دەدەن لە گەڵ یەكتر كۆ ببنەوە و گفتوگۆ لە بارەی خاڵە هاوبەشەكانیان بكەن.
٥- كارلێكەر: بە هۆی ئەوەی نێرەر و وەرگر لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان دەتوانن بنووسن و وەڵامی یەكتر بدەنەوە، بۆیە بە ئاسانی كار لێک دەكەن و كاریگەری لە سەر یەكتر دروست دەكەن.
٦- جیهانی بوون: تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان چڕ نەكراونەتەوە لە ناوچەیەک یا وڵاتێكی دیاریكراو، بەڵكوو تۆڕێكی جیهانین و لە سەرانسەری وڵاتانی جیهان بەكارهێنەریان هەیە.

لە نیوەی دووهەمی دەیەی (١٩٩٠) بەولاوە، بە هۆی پەرەسەندنی تەكنۆلۆژیا و ئامرازەكانی پەیوەندی، زیاتر لە جاران بزووتنەوە كۆمەڵایەتییە نوێیەكان، دامەزراوە ناحكوومییەكان و گروپە كۆمەڵایەتی_ سیاسییەكان بە بەشدارییان لە فەزای مەجازی بە ڕێگای بەكارهێنانی سەتەلایت، ئینتەرنێت و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان هاووڵاتیانی ناڕازی لە كار و سیاسەتی ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانی كۆ كردۆتەوە و بەم شێوەیە بەرنگاربوونەوە و دژایەتی جیددی بۆ حكوومەتەكان و ناوەندە نێودەوڵەتییەكان دروست كردووە. هەروەها وەكو ئەكتەرێكی گرینگیی كۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی، توانیویانە ناڕەزایەتییەكانی خۆیان بەجیهانی بكەن و بوونەتە سەرچاوەیەكی گرینگ و بەرزكردنەوەی هۆشیاریی گشتی بۆ دێموكراسی

و بەشداری تاکەکان لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا. بۆیە لەم بەشەدا بۆ زانینی ئەو کاریگەرییە پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی تیئۆرییە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

## پێشینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

پێشینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە درێژای مێژووی کۆمەڵگەکان بوونی هەبووە. بە درێژایی مێژوو، شۆڕشەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە لایەن کۆیلەکان، کەمینە نەتەوەییەکان، لایەنگرانی ئایینەکان، جوتیاران و گروپە جیاوازەکان سەری هەڵداوە بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەم بەولاوە چەمکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەکار هات و گرینگی پێدرا. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تا دەیەی (١٩٦٠) لە چوارچێوەی بزووتنەوە کلاسیکییەکان بەکار دەهات. بەڵام لەو کاتە بە دواوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو یەکێک لە جۆرەکانی کۆ ڕەفتار و ناڕەزایەتی دەربڕین ( تۆڕێکی فراوان لە تاکەکان، گردبوونەوەکان و گرووپە فەرمی و نافەرمییەکان) وەکوو دیاردەیەکی تایبەت بە کۆمەڵگەی مۆدێرن سەیر دەکرا. مەبەست لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان ئەو بزووتنەوانەن کە لە دەیەی (١٩٦٠) بەولاوە زیاتر لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور سەریان هەڵدا، کە زۆر فراوان، بەربڵاو و جۆراوجۆر بوون و توێژێکی فراوانی لە هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ گرتبوو.

## جیاوازی لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کلاسیک و نوێیەکان

ئەگەرچی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کلاسیک و نوێیەکان بەپێی قۆناغ و سەردەمی خۆیان کاریگەریی بەرچاویان هەبووە، بەڵام هەر کامەیان تایبەتمەندیی خۆی هەبووە و جیاواز بوون لە یەکتر، کە گرینگترین جیاوازیی بزووتنەوە نوێیەکان لە کلاسیکەکان بریتین لە:

١- بزووتنەوە کلاسیکییەکان پەیوەست بوون بە چین یان گرووپێکی تایبەت، بەڵام بزووتنەوە نوێیەکان؛ گشتی بوون و پەیوەست نەبوون بە توێژێکی تایبەت و یەکگرتووی چەندین چین، توێژ و شوناس لەخۆ دەگرێت، وەکو بزووتنەوەکانی ژنان، ژینگە، مافی مرۆڤ.
٢- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بە پێچەوانەی بزووتنەوە کلاسیکەکان زیاتر ڕەهێندێکی جیهانییان هەیە تا ناوچەیی و نەتەوەیی و داواکاری و خواستە گشتییەکانی ئەوان زیاتر بۆ کۆی مرۆڤایەتییە وەکو تێرۆریزم و پیسبوونی ژینگە.

٣- بزووتنەوە نوێیەکان، گرێدراون بە مێدیا بە تایبەتی تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندییەکان و بەو ڕێگایەوە هەوڵی کۆکردنەوە، ڕێکخستن و بەشداریکردنی نارازییان لە ئاستی جیهانی دەدرێت؛ لە کاتێکدا بزووتنەوە کلاسیکەکان وابەستەبوون بە مێدیای گشتیی کلاسیک و پەیوەندیی ڕووبەڕوو.

٤- بە گشتی بزووتنەوە کلاسیکەکان سیمای توندوتیژییان پێوە دیار بوو، لە کاتێکدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان زیاتر ئاشتیخوازانە و کەمتر توندوتیژییان پێوە دیارە.

٥- بزووتنەوە نوێیەکان بە گشتی بە شێوەی (تۆڕی) بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و یەکگرتنی نێوان ئەکتەرەکانی گرووپەکان و ناوەندە نافەرمییەکان و بزووتنەوەکانی دیکە لە ئاستی جیهانی هەڵسوکەوت دەکەن و کەمتر پرۆسەی بیرۆکراسی و پلەداری پێوە دیارە و زۆرتر بونیادێکی کراوە و خۆگونجێنیان هەیە. لە کاتێکدا بزووتنەوە کلاسیکەکان زیاتر تایبەتمەندیی پەیوەندیی تۆڕی نێو گرووپی و نێو بزووتنەوەیی هەیە تا نێوان بزووتنەوەکان و نێوان گرووپەکان.

کرۆک و بنچینە سەرەتاییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە واتا ئەمڕۆییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهێنانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی لایەنگری کۆمەڵگەی دیموکراتیک) لە ساڵی (١٩٦٠) و هەر زوو بە شێوەی بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان لە توێژی چەپی نوێ و بە بەشداری خوێندکاران لە چوارچێوەی بزووتنەوەکانی مافی مەدەنی پەرەی سەند. یەکەمین و گرینگترین داواکاریی ئەوان دیموکراسی، بەشداری و ئازادیی ڕادەربڕین لە زانکۆکان بوو. بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە ئورووپا و ئەمریکا لە ساڵی (١٩٦٨) زیاتر پەرەی سەند و تەنانەت نێوەرۆکێکی جیهانییان وەرگرت، کە لە گرینگترین ئەو بزووتنەوانە، شۆڕشی مانگی مەی ساڵی (١٩٦٨) بوو. بەڵام قۆناغی جیددی و گرینگ لە ڕەوتی پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە دەیەی (١٩٧٠) و سەرەتای دەیەی (١٩٨٠) بەولاوە، لە چوارچێوەی بابەتەکانی وەک؛ مافی مرۆڤ، ژینگە و تیرۆریزم دەستی پێکرد و لە دەیەی (١٩٩٠) لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندی کردن، بە خێرایی گەشەی سەند.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چەندین بابەتدا جێگای سەرنجی کۆمەڵناسان بوون؛ لە لایەک بە هۆی ئەوەی کە زۆر جار دەبنە هۆی گۆڕان لە بەهاکان و کۆمەڵێک گۆڕانکاری دروست دەکەن، و هەندێ جاریش دەبنە هۆی گۆڕان لە دابەشکردنی هێز لە کۆمەڵگەدا. هەر بۆیە ئەو گۆڕانکارییانەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە دروستی دەکەن زۆر بنچینەییە و کاریگەریی بەرچاو لە پێکهاتەی فەرهەنگی و بونیادی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. هەر بۆیە ئەمەش سەرنجی توێژەران و بیرمەندانی ئەو بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و خوازیاری زانینی ئەوە بوون کە بۆ چی ئەو جۆرە بزووتنەوانە دروست دەبن و چ کاریگەرییەکیان لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، هەر بۆیە بە مەبەستی زانینی ئەو وڵامانە چەندین تیئۆری و ڕوانگەی تیئۆرییان خستۆتەڕوو.

سەرماوەزی ٢٧٢٤

چەنــدین تیێئــۆری ســەبارەت بە بــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکــان خــراونەتە ڕوو بە هــۆی زۆری ئەو ڕوانــگە تیێئۆرییــانە و تیێۆریڤانەکان، لەم تویژینەوەیە هەوڵ دەدریێت ڕوانگەی تیێئۆری سێ تیێئۆریڤان بخریێتە ڕوو ، بە تایبەتی تیێئۆری ( مانۆئل کاستلیس) کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتی ئەم تویژینەوەیە هەیە.

١٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# ڕاڤەی فتوا و، دەوری قورئان لە ستراتیژی کۆماری ئیسلامیدا بۆ لەنێوبردنی کورد و جوولەکە



**شاڕوخ حەسەنزادە**

چەند ساڵ پێش، هەواڵدەریی "دفاع مقدس" لە سەروبەندی ساڵیادی فتوای خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨) لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بە "حەدیس"ێک دەکا کە لە کتێبی "بحارالانوار، ج ٦٠، ص٢١٦" دا هاتوە و دەڵێ: ئیمامی کازم فەرموویەتی؛ "پیاوێک لە قومەوە ڕادەبێ و خەڵک بەرەو حەق هان دەدا، لە دەوروپشتی ئەو، قەومێک وەک پارچە پۆڵا کۆ دەبنەوە و لافاوی ڕووداوەکان وەلەرزینیان ناخات، لە شەڕ ماندوو نابن و ناترسێن، پشتیوانیان خوایە و، لە ئاکامدا خودا دەگەڵ بڕوادارانە". هەر ئەو جۆرە گێڕانەوە و ڕیوایەت سازکردنانە دەبنە هۆی ئەوەیکە ئایەتوڵڵا خومەینیش دوای ڕەوگیرکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە بەرامبەر دوو پرسی نێوخۆیی و دەرەکی هەڵوێستی ئایینی لەسەر بنەمای دەقی پیرۆزی ئیسلامی وەک نوێنەری خوا لەسەر زەوی، وەربگرێت؛ یەکەم، پرسی کورد و دووهەمیش، فەلستین.

لەهەمبەر پرسیی ئازادیخوازانی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی، بەوپەڕی تووڕەییەوە بەپێی ئایەتی ٢٩ی سووڕەتی فەتح (والذین معه اشداء علی الکفار رحماء بینهم)، فتوای قەتلوعامی کورد دەدا و لە کۆتاییشدا جەخت لەسەر ئەو باوەڕە



سەرچاوە
Serchawe

دەکاتەوە کە: "ئەو نێهزەتەی ئەوان قەت پاشەکشە ناکات و بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەگەریش خوای نەخواستە ئەو ڕەوتە پاشەکشە بکات، ئێوەش دەبنە قوربانیی هەڵەکانی خۆتان، کەواتە واباشە بگەڕێنەوە باوەشی ئوممەت (ئیسلام)."

بۆ ڕاڤە و تەتەڵەی ئەو بڕگەیە لە ئایەتی ٢٩ی سوورەتی فەتح دەبێ بۆ ئایەتی پێشتر (٢٨) بگەڕێینەوە کە دەڵێ: "هوالذی ارسل رسوله بالهدی و دین الحق لیظهر علی الدین کله و کفی باالله شهیدا" (هەر خودایە کە پێغەمبەری خۆی نارد و ڕێنوێنی و دینی ڕاستیشی ڕەگەڵ خست؛ هەتا بەسەر هەموو دینێکا زاڵی بکا. خواش بۆ ئاگالێبوون بەسە). دوای ئەمە لە سوورەتی ٢٩دا دیسان ناوی پێغەمبەر پاتە دەبێتەوە: "محمد رسول الله والذین معه اشداء علی الکفار رحماء بینهم"... (محەممەد نێردەی خودایە (لێرەدا خومەینی خۆی بە جێگای نێردەی خوا پێناسە دەکات و وەک دوامین نێردەی لەسەر زەوی دەشوبهێنێت)، ئەوانەش کە دەگەڵ ئەون، لە بەرانبەر دوژمنان توندوتیژ و لە نێوخۆدا دلۆڤانن) واتە ئەگە بۆ باوەشی ئوممەت-لێرەدا ئەو تێرمە بریتییە لە؛ گەڕانەوە، پێملبوون بە باوەڕ، ئایدۆلۆژی و چوارچێوەی دیاریکراوی خومەینی و حکوومەتەکەی کە لە چەمکی ئوممەت وەک گرنگترین دابەشکاریی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە نەرینی ئیسلام لەبەرامبەر میللەت و نەتەوەی وەک چەمکێکی نوێی سیاسی، نەگەڕێنەوە بەوپەڕی سزای خۆتان دەگەن.

بیرۆکەی "ئومولقەرای"(ام القرای)، تیۆرییەکە بۆ باسکردن لە ئامانجەکان و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی و تەتەڵەی سنوورەکانی هێز لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە قورسایی ئەو ڕێژیمە لەسەر ئاستی جیهان بە تایبەت دنیای ئیسلام زیاتر دەکات. بەپێی ئەو بیرۆکەیە جیهانی ئیسلام یەک ئوممەتە و بنەمای یەکگرتوویی ئوممەت، سەرکردایەتییەکەیەتی، ئەگەر وڵاتێک بتوانێت بە دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامی ئاستی ڕێبەرایەتی خۆی بۆ سەرووی سنوورەکانی بپەڕێنیتەوە، دەتوانێ وەک ئومولقورای جیهانی ئیسلامی پێناسە بکرێ. بە باوەڕی داڕێژەرانی ئەو بیرۆکەیە، ئێرانی دوای شۆڕش ڕێک دەتوانێ ئەو ڕۆڵەی هەبێ و بە دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی بە پێوانەی ویلایەتی فەقیهـ. خومەینی، هەم ڕێبەری ئەو ڕێژیمەیە و هەم لە ئاستی ئوممەتی ئیسلامدا ڕێبەرە (واتە دووجار ڕێبەرە)، کەواتە بەم شێوەیە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران جیا لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبێ بیر لە بەرژەوەندی و سەرکەوتنی جیهانی ئیسلامیش بکاتەوە، لە بەرامبەریشدا دەبێ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بەرگری لێ بکەن. هەر بۆیە خومەینی لە سەرەتاوە دوژمنایەتی و دژایەتی خۆی بە درووشم، بە کردەوە و ئاشکرا بەپێی بنەما، ڕێسا و دەقە ئایینییەکانی ئۆلی ئیسلام دەربڕیوە.

سەرکوتی گەلی کورد وەک نوێنەری سەرجەم ئازادیخوازانی ئێران و دژبەری ئەو ئایدۆلۆژییە کۆنەپەرستانەیە لە نێوخۆ بەپێی فەرمانی جیهاد و ئایەتی باسکراوی سەرەوە لە ئەرکە هەرە خێراکانی ئامانجی ڕێژیم سەیر کراوە، هەروەها دروشمی "ئازادیی قودس (فەلستین) لە کەربەلاوە تێدەپەڕێت" و زایۆنیزم وەک هەوێنی نەتەوەیی جوولەکەی ئیسرائیلی



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ لەنێو بچێ، بوون بە بناغەی دۆکتورینی کۆماری ئیسلامی و هەردووک ڕێبەری ئەو ڕێژیمە بە شێوازی جۆراوجۆر و هاوتاکردنی خۆیان دەگەڵ خوا و پێغەمبەر بەستێنی هێرش بۆسەر ئەم دوو نەتەوەیەیان خۆش کرد کە دیاربوو لە بەرامبەر گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانیان وەستابوونەوە یان ڕێگر بوون.

سەپاندنی شەڕی بەردەوام بە نەتەوەی کورد وەک تاکە هێزی دژبەری ڕاستەقینە لە بەرامبەر پەرەسەندنی ئەم تیۆرییە، شەڕی ئێران و عێراق، کەلکوەرگرتن لە دەرفەتی ڕووخانی ڕێژیمی سەدام لە عێراق و بزووتنەوەکانی بەهاری عەرەبی، دامەزرانی هێزگەلێکی جێگرەوە لە وڵاتانی سووریە، عێراق، لوبنان، یەمەن بە ئایدۆلۆژی تایبەت (بە شیعە و سوننەوە)، بەربەرەکانی دەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچە بەتایبەت دوای هێرشی تیرۆریستیانەی حەماس بۆسەر ئیسرائیل، ستراتیژی ئەو ڕێژیمە خۆیاتر دەکات.

خامنەیی لە گوتارێکدا لە کۆڕێک (٢٦ خەرمانانی ١٣٩٤) ڕێک لەسەر قسەکانی خومەینی مکوڕ بوون لەهەمبەر "والذین معه اشداء علی الکفار رحماء بینهم..." چەندپاتەی کردەوە کە؛ "دەبێ ئەم خاڵە وەک دەرسێکی گرنگ وەربگرین و بە دڵنیاییەوە بەدوایدا بچین، هەر بەو پێیەش دەبێ پشتیوانی لە شوناس و هەوێتی ئوممەتی ئیسلامی و مەزڵوومەکان بکەینەوە بە بێ جیاوازی لە شیعە یان سوننە بوون، ئەوە ڕێگا و ڕێبازی ئێمەیە."

بە قسەی ئاخوندێکی نزیک لە خامنەیی -محەممەد سەعیدی، نوێنەری ناوبراو لە قوم- کاتێک خامنەیی لەدایک بووە ناوی ئیمامی یەکەمی شیعەکانی هاوار کردووە: یا علی"! دواتریش بۆ ئەوەیکە بۆنی خومەینی بگرێ و ببێتە مەرجەع دەچێتە قوم. ناوبراو لە ١٠ی بەفرانباری ١٤٠٢، لە ماڵە قاسم سولەیمانی بانگەشەی خوایی کرد! قۆناغێکی سەرووتر لە ڕاگەیاندنی "نەبووەت" هەر وەک ئەو پێغەمبەرانەی دەیانوت قسەی خوا بە بە زمانی خۆیان دەڵێنەوە، یان ئەو "مەداح"انەی بەرەوڕووی ئەو دادەنیشن و پێی هەڵدێن و وەک ئیمامی عەلی و جێگرەوەی ئیمامی زەمان شاباشی لێ وەردەگرن، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ٣٤ ساڵ بەرلە ئێستا لە ئەنجوومەنی خوبرەگان گوتبووی: "دەبێ بۆ حاڵی ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو ڕێبەری بێت، بە خوێن بگری"، حوجەتولئیسلامێک کە خێرا دوای ڕۆنیشتن لەسەر کورسی ڕێبەری بوو بە "ئایەتوڵڵای عوزما."

ڕێبەری ئێستای شۆڕشی ئیسلامی ئێران چەند ساڵ پێش، کاتێک دەگەڵ سکرتێری بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی فەلستین دانیشت، ئاماژەی بە شکانی حکوومەتی ئیسرائیل (ڕێژیمی زایۆنیستی) کرد و ڕایگەیاند ئەگەرچی وڵاتانی عەرەبی نەیانتوانیوە تێکی بشکێنن بەڵام بەهۆی خەڵکی فەلستین و گرووپە بەرگریکارەکانەوە بەچۆک دادێت و ئەو ئاواتەمان دێتە دی، تەنانەت پێشبینیی ئەوەشی کردبوو هەتا ٢٥ ساڵی دیکە "ڕێژیمی زایۆنیستی" بەیەکجاری لەنێو دەچێت. ئەم

بۆچوونەش هەر وەرگیراو لە نەریتی ڕاڤەی دەقەکانی پیرۆزی ئیسلامە کە بۆ سەرکەوتنی حەق بەسەر ناحەقدا دەگەڕێتەوە، ئەمەش بنەمای سەرەکی و هەرەگرنگی نیزامی خوڵقێنەرە ڕێک وەک ئەو ئایەتەی کە دەڵێ: ولیمحص الله الذین آمنوا و یمحق الکافرین.. ئەو (سەرکەوتن و ژێرکەوتنانەش) بۆ ئەوەیە کە، ئەو کەسانەی -لەڕووی ڕاستەقینە- ئیمانیان هێناوە پاقژ ببنەوە و کافرەکانیش لەنێو بەرێت... . دوارۆژی مێژوو بە تێپەڕینی زەمەن بە ئاراستەی هاوێرکردن بڕوادارن لە کافران دەچێتە پێش، جا هەر بە پێی دەقەکانی قورئان لەنێوچوونی ئیسرائیل نزیکە و دێتە دی. ئەوان پێیان وایە بەپێی ئایەتەکانی ٧٦ و ٧٧ی سوورەتی "ئەسرا" کە بەردەنگەکەی پێغەمبەرە؛ هاتووە: و ان کادو لیستفزونک من الارض لیخرجوک منها و اذا لا یلبثون خلافک الا قلیلا. سنه من قد ارسلنا قبلک من رسلنا و لا تجد لسنتنا تحویلا.. نزیک بوو -کافرەکان- تۆ لەم نیشتمانە وەدەر بنێن و دوای تۆش ماوەیەک هەدایان نەدەدا -تووشی سزای خوا دەبوون- (نەبوونی دەرفەتی دوژمنان دوای ماوەیەکی کورت) شێوازێکە کە بەردەوام لەسەر ئوممەتی پێغەمبەرەکان کە بەرلە تۆش ناردوومانن بەردەوام بووە و بۆ شێوازی ئێمە ئاڵوگۆڕێک پێکنایەت.

بەپێی ئەم دوو ئایەتانە یەکێک لە نەریتەکانی بەردەوامی خودا، لەنێوبردنی ئەو گەلانە بووە کە نێردەی خوایان لە نێشتمانەکەیان وەدەر ناوە، تێرمی "لا یلبثون"-هیندەی پێ‌ناچێت، ئاماژەیە بەو سزایەی لە ماوەیەکی نزیکدا ڕوو دەدات. ئەم نەریتەی بەهیلاکچوونی زاڵمان لەبەر وەدەرنانی نێردراوانی خودا لە ئایەتی ١٣ی سوورەتی ئیبراهیم پاتە دەبێتەوە. یان بە ڕوانینێکی دیکە ئەوان پێیانوایە گەندەڵی و بەدفەڕی تۆرەمەی ئیسرائیل سنوورەکانی تێپەڕاندوە و خەڵکانێکیان بۆ دەنێرن کە لە ماڵەکانی خۆیان بەدوایاندا بگەڕێن و بیانکوژن و ماڵیان بەتاڵان ببن. لە ئایەتی ٤ی سوورەتی ئەسرادا هاتوە؛ وقصینا الی بنی اسرائیل فی الکتاب لتفسدن فی الارض مرتین ولتعلن علوا کبیرا؛ لە کتێبە ئاسمانیەکەشیان هەواڵمان بە کوڕانی تۆرەمەی ئیسرائیل داوە، بەدڵنیاییەوە دووجاران لە نیشتمانەکەیان گەندەڵی و بەدفەڕی دەکەن و ئەمەش دەبێتە سەرکێشییەکی مەزن. هەروەها لە ئایەتی ٥ دا هاتووە؛ فاذا جاء وعد اولاهما بعثنا علیکم عبادا لنا اولی باس شدید فجاسوا خلال الدیار وکان وعدا مفعولا. هەرکات ئێکەم لەم دوو هەلانە هاتەبەر، چەند عەبدێکی هەرە ئازای خۆمان ناردنە سەر ماڵ و حاڵتان (بۆ کوشتن و تاڵان و بڕۆ)، گشت وڵاتیان لێ ئاژنین. ئەم بڕیارەش جێبەجێ دەکرێ.

ئەوان بەپێی کۆمەڵێک خوێندنەوە و تەفسیر، پێیانوایە ئەمە ڕێک ئاماژەیە بە لەنێوچوونی ئیسرائیل کە هەمەن تێکشکانی ڕێژیمی زایۆنیستییە و دەبێ بەدەستی ئەوانەوە ڕوو بدات.

هەمیسان بە شێوەیەکی گشتی، ئەو بیانووە ئایینییە بۆ کوردەکانیش چەند پاتە دەبێتەوە و جارێک لەژێر ناوی "ئەنفال" وەک ناوی یەکێک لە سوورەتەکانی قورئان، جارێک بەناوی کافر و جارێکیش وەک نەتەوەیەک کە ئازا و شەڕکارن و دەبێ

دەستیان بەسەردا بگیرێت دەبێتە بەڵگە و بیانوو بۆ لەنێوبردن و سڕینەوەیان لەسەر گۆی زەوی. لە ئایەتی ١٦ی سوورەتی "فەتح" دا هاتووە: قل للمخلفین من الاعراب ستدعون الی قوم اولی بأس شدید تقاتلونهم او یسلمون. بەوانەی کە (لە بەشداریی حودەیبیە)، دواکەوتن، بڵێ؛ لە داهاتوویەکی نزیکدا، بانگ دەکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکێکی خاوەن زەبری توند (واتە ئازاو جەنگاوەر) یان شەڕیان لەگەڵ دەکەن یان ئەوان مسوڵمان دەبن، جا ئەگە گوێڕایەڵیی بکەن، خودا پاداشتێکی جوانتان دەداتێ، ئەگەریش نا ئەوا خوا سزایەکی پڕئێشتان دەدات. وەک لە تەفسیری "در المنثور"دا هاتووە و "ابن أبی حاتم" لە زار "أبو هریرە"وە دەگێڕێتەوە: مەبەست لەوانە، کوردەکانن. "ابن کثیر"یش دەڵێت: أبو هریرە وتوویەتی: پێغەمبەر فەرمووی: (تقاتلون قوما نعالهم الشعر): شەڕ لەگەڵ نەتەوەیەک دەکەن، پێڵاوەکانیان لە تووکە، ئەوانە کوردەکانن.

ئەگەرچی هەموو ئەو دەقە پیرۆزانە لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژی تەسکی ئەو ڕێبەرانەی دژە کورد و جوولەکەن، وەک دژبەرایەتی دەگەڵ ئەمانە بۆ سڕینەوەیان بە مەرازی تایبەت شرۆڤە دەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرجەم ئەو ڕاڤانە تەنیا لە چوارچێوەی بەرتەنگیی هزر و ئاوەزیان دا شەقڵی گرتوە و هیچ ئاوەڕۆی بەسەر ڕاستییەوە نییە و کەڵکاژۆوەرگرتنێکە لەم ئایەت و گێڕانەوانە بە قازانجی مەرام و ئامانجی خۆیان کە بتوانن بەم شێوەیە خەڵکی ساویلکە و ئاسایی کۆمەڵگە بگەوجێنن بە قازانجی ستراتێژی خۆیان بەکاریان بێنن و دە گژ نەتەوەی کورد و جوولەکەیان ڕۆبکەن. هەرچەند لە چەند دەیەی ڕابردووە سەرجەم ئەم شرۆڤە و ڕاڤانە جێگای سەرنجن بەڵام ئەوەی ئێستا هەستی پێ دەکرێ و شیمانە دەکرێ، گوشارەکانی سەر ئەم دوو نەتەوەیە گەیشتووتە ئاستێک خۆیان پێکەوە هاوتەریب بکەن و هەربینا پێچەوانەی هەموو ئەو باسانە، بە ئامانجی خۆیان بگەن.

١٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# خۆکوژی چییەتی و هۆکار؟



شاهۆ مەتین

یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی دەروونناسی کە لێکەوتەی گرنگی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسیی تاکەکان هەیە، بابەتی خۆکوژییە.

خۆکوژی کردارێکە دەرئەنجامەکەی مردنە، بە مەبەست و لە لایەن خودەوە دەکرێت، لەکاتێکدا کەسەکە دڵنیایە دەرئەنجامەکەی کوشندەیە، واتە کۆتایی‌هێنانی تاک بە ژیانی خۆی.

خۆکوژی چەند ئاست و پێکهاتەیەکی هەیە ئەوانیش بریتین لە: بیرۆکە و بیرکردنەوە لە خۆکوژی، ویستی خۆکوژی، بوونی پلان بۆ خۆکوژی، هەوڵی خۆکوژی و لە کۆتاییدا خۆکوشتن.

دەتوانین بڵێین ئەوانە قۆناغەکانی خۆکوژین کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت، و بەبیری خۆکوژی دەست پێ دەکات و بە



سەرچاوە
Serchawe

خۆکوشتن تەواو دەبێت.

بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) ساڵانە ١٣٦ کەد لە ١٠٠ هەزار کەس لە پیاوان و ١٨٦ کەس لە ١٠٠ هەزار کەس لە ژنان هەوڵی خۆکوژی دەدەن. ئەوانەش بە هۆی هەوڵی خۆکوژییەوە دەمرن ساڵانە ٨٠٠ هەزار کەسن. خۆکوژی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی مردن و لە گەوراندا پلەی دەیەمی هەیە و لەنێو هەرزەکارانیش سێیەم هۆکارە بۆ مردن!

## هۆکارەکانی خۆکوژی:

بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەوانەی بە خۆکوژی دەمرن نەخۆشیی دەروونییان هەیە و بە تایبەت لەو وڵاتانەی سیستمێکی نابەرپرسیار بە نیسبەت تاک و ماف و ویستەکانی لە هەموو سێکتەرەکاندا زاڵە، تاک تووشی کێشەگەلی جۆراوجۆر لە ئاستە جیاوازەکان دەبێت و بێهیوایی گشت لایەنەکانی ژیانی تاک داگیر دەکات. لە ئێراندا و بە تایبەت لە کوردستاندا کە مامەڵەی خەڵک و دەسەڵاتی ناوەندی، مامەڵەیەکی داگیرکراو و داگیرکەرانەیە، هیچ چەشنە بەرپرسیارەتییەکی حکوومی بە نیسبەت تاکەکان نییە، تاک لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کراوە، دۆخێکی تەواو میلیتاریستی بە سەر کوردستاندا سەپاوە، ژیانێکی پڕ ئاسوودەیی و تەناهیی بۆ کومەڵگە بە گشتی و لاوان بە تایبەتی بۆتە خۆزگە و حەسرەت، ئیتر دیاردەکانی وەک خۆکوژی، کۆچکردن، دزی، تەڵاق، گیرۆدەبوون بە مادده سڕکەرەکان دەبنە سیمای زاڵی ئەم جڤاکە.

**بە گشتی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ تووشی خۆکوژی ببێت و پێویستە بیانناسینەوە ئەمانەن:**

### بوونی نەخۆشیی دەرونی و جەستەیی

- لە سەدا پەنجای خۆکوشتنەکاندا، تاک نەخۆشی خەمۆکیی هەیە، لە سەدا پێنجی نەخۆشانی شیزۆفرینیا بە خۆکوژی دەمرن، نەخۆشییەکانی تریش وەکو شڵەژانی کەسیەتی، فشاری دوای زەبر، تێکچوونەکانی خواردن، یەکێکن لە هۆکارەکان.
- بەکارهێنانی مەی و ماددەی هۆشبەر کە ئەویش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانە و بەشێک لەوانەی کە هەوڵی خۆکوژی دەدەن لەژێر کاریگەری مادە هۆشبەرەکاندان.
- نەخۆشی جەستەیی بەئازار بۆ نموونە بوونی نەخۆشیی شێرپەنجە کە ئەگەری ڕوودانی خۆکوژی دوو هێندە دەکات.

سەرماوەزی ٢٧٢٤

## کێشەی کۆمەڵایەتی

هەندێک جار تاک وەکوو هۆکارێک بۆ خۆ ڕزگارکردن لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێکی زۆریان خوڵقاوی نیزامی سیاسی و دەسەڵاتن، سەیری خۆکوژی دەکات و بەهەڵە پەنای بۆ دەبات. لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش کە لە ئاکامی سیاسەتی سیستم بە تایبەت گیرۆدەی تاکەکان دەبیت، دابڕانی تاکە لە کۆمەڵگە و گۆشەگیربوون، لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست، بوونی کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی کۆمەڵایەتی و خراپی باری ئابووری.

## هۆکارە دەرونییەکان

بێهیوایی لە سیستمێکی وەک ڕێژیمی ئاخوندی لە ترۆپکدایە، گەر چاو لە ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بکەین، بێهوایی لە پلەی یەکەمدا جێ دەگرێت، هۆکاری بێهیواییش لە ئەساسدا بۆ سیستمی زاڵ دەگەڕێتەوە کە ئاسایشی ژیانی لە مرۆڤەکان ئەستاندوە. دەرەنجام بێهیوایی هۆکارێکی گەورەی خۆکوژییە، بوونی ڕەوشتی هەڵەشەیی، بێتوانایی تاک لە ئەنجامدانی پرۆسەی چارەسەری کێشە، لاوازی بیرکردنەوە، لە هۆکارە دروونییەکان بە ئەژمار دێن.

## هۆکاری ئابووری

ژیان لەژێر سایەی سیستمێکی داڕووخاو و تێکشاوی وەک ڕێژیمی ئاخوندی کە ئابووریی تاک باری سەلبی (منفی) بە خۆی گرتوە و گرانی، بێکاری و هەڵاوسان تەنگی بە ژیانی تاکەکان هەڵچنیوە و هەژاری ڕۆژ بە ڕۆژ لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە پاوانخوازەدا زۆرتر دەبێت و لەلایەکی ترەوە بە هۆی تێکنۆلۆژیا کە تاکەکان ڕۆژانە ژیانی مرۆڤی ژێر دەسەڵاتی سیستمە دێموکرات و سێکۆلارەکان دەبینن؛ لێکدژیی ئەم دوو جیهانە بۆ لاوان بۆتە گرێیەکی هزری و دەروونی، دەرەنجام لاوان بۆ ڕزگاربوون لەو چەقبەستوویی‌یە، یەکێک لە ڕێگاکانی خۆ ڕزگارکردن بە خۆکوژی دەبینن.

## هۆکارەکانی تر

**چەندین هۆکاری تر هەن کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین**

- **ڕەگەز:** ڕەگەزی نێر زیاتر بە خۆکوژی دەمرن، بەڵام هەوڵی خۆکوژی لە ڕەگەزی مێدا زۆرترە.



سەرچاوە Serchawe

**– تەمەن:** لە قۆناغی هەرزەکاری و بەتەمەنەکاندا زۆرترە.

**– ئایین:** زۆربەی ئایینەکان ڕێگری لە خۆکوژی دەکەن.

**– باری خێزانی:** خۆکوژی زیاتر لە ناو ئەوانەی کە ڕەبەنن یان جیابوونەتەوە لە هاوسەرەکانیان ڕوو دەدات.

**– جۆری پیشە:** خۆکوژی لە هەندێک پیشەدا کە فشاری جەستەیی و دەروونی زۆر لەسەر تاک دروست دەکەن زۆرترە وەک لەوانی تر.

**– کێشەی نێوان نەریتی بوون و مۆدێرن بوون:** لاوان کە ئێستا زۆرترین حاڵەتی خۆکوژییان تێدایە، بە هۆی پەروەردە بوون لە ناو جیهانی دەسکرد/مەجازی. بە پێی ئامارەکان لاوان ڕۆژانە نێزیک بە حەوت کاتژمێر سەروکاریان لەگەڵ ئینتێرنێت و ئەپەکانی دیکەدا هەیە و بنەماڵەکانیان لە قۆناغی نەریتیبوون دەرباز نەبوون. بەرکەوتنی نێوان بنەماڵە زۆر بووە، کە لەم کێشەیەدا هەر دوو توێژ هەوڵی سەپاندن و جێگیرکردنی بەها و پرنسیبەکانی خۆیان دەدەن.

خۆکوشتن یەکێک لەو پرسانەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا وەک پرسێکی گرینگ دەپەرژێنە سەری و لێکدانەوەی جیاوازی لە ڕوانگە جیاوازە کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونناسی، دەروونشیکاری، ئابووری بۆ ئەم دیاردەیە دەکرێت.

خۆکوشتن دیاردەیەک نییە تایبەت بە جوغرافیا و شوێنێکی دیاریکراو، بەڵام بەپێی ئامارەکان لەو وڵاتانەی کە سیستمێکی دیکتاتۆر (ئێران) تێیاندا زاڵە و ژیان بۆ تاکەکان بۆتە گۆڕستانێک ڕێژەکە زۆرترە بە نیسبەت وڵاتە پێشکەوتووەکان کە کەرامەتی تاک تێیدا پارێزراوە. تەنانەت تایبەت نییە بە سەردەمێکی دیاریکراویش، بەڵام لە قۆناغی گوزەر لە سەردەمەکان کە وەبەریەککەوتنی بەها و بایەخەکان تێیدا دێتە ئاراوە ڕێژەکە بەرزی و نزمی تێیدا ڕوو دەدات.

هۆکاری خۆکوژی ئینسان یان ئاژەڵەکانیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە و دەکرێت و ڕەنگە یەکێک لەو پرسانە بێت کە مشت و مڕی زۆری لەسەرە.

## پەروەردەی درووست

هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخی ئابووری و ڕۆشنبیرکردنەوەی کۆمەڵگە و خێزان دەتوانن یارمەتی دەر بن بۆ کەمبوونەوەی ئەم



سەرچاوە
Serchawe

دیاردەیە. خۆکوژی وەک دیاردەیەک هیچکات بنەبڕ ناکرێت، بەڵام دەکرێت کارێک بکرێت خەڵک هیوایان بە ژیان زۆرتر بێت و گەشبینانە بۆ ژیان بڕوانن.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ڕێژەی خەمۆکی تێیدا زۆر لە سەرەوەیە و هیوا بە ژیان کەمە. هەموو ئەمانەش هاندەرن بۆ چوونە سەرەوەی ڕێژەی خۆکوژی. سەرەنجام دەسەڵات بە هەموو جومگەکانییەوە بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم دۆخە و دۆخە هاوشێوەکانی.

پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی بناغەی ئابووری وڵات و کوردستان باشتر بێت و لەگەڵ ئەمەش گرینگی بە لایەنە پەروەردەیی و خێزانیەکان بدرێت و یاسا پارێزەری تاک بێت لە دژوارترین دۆخەکاندا.

## ئامارێک وەک دەرەنجام:

نموونەیەک لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠٣، کە هەواڵی خۆکوشتنی ١٩٦ منداڵی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بڵاو کردووەتەوە. لەم ڕاپۆرتەدا ناکۆکی نێوان خێزانەکان، هاوسەرگیری زۆرەملێ، منداڵ هاوسەری، منداڵی دایک، دۆخی گرانی ئابووری، کێشەی نێوان قۆناغی نەریتی ومۆدێرن بوون و،،، هتد، زۆرترین هۆکاری ئەم خۆکوشتنانە بوون. بەڵام توێژەرانی چالاک لە بواری تەندروستی و خۆپاراستن لە خۆکوژی، جارجارە کەڵک لە ئاماری نافەرمی سەبارەت بە خۆکوژی وەردەگرن.

مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ حەمید یەعقووبی، پسپۆڕی دەروونناسی و مامۆستای یاریدەدەری دەروونناسی لە زانکۆی شاهد ڕایگەیاند کە لە ساڵی ١٤٠٢دا نزیکەی حەوت هەزار کەس خۆیان کوشتوە، واتە ئەمساڵ، بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەس هەشت کەس خۆیان کوشتوە. بە وتەی ناوبراو ئەمانە ئەو حاڵەتانەن کە پزیشکی یاسایی تۆماری کردوە و بە پشتبەستن بەو ئامارانە، بۆ هەر خۆکوشتنێک ٢٠ هێندەی هەوڵی خۆکوشتن هەبووە؛ واتە بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەس ١٣٣ کەس.

هەرچەندە ئامارێکی فەرمی لەبارەی ژمارەی خۆکوشتنی منداڵان و خوێندکاران لە ئێراندا نییە، بەڵام لە ساڵی ١٣٩٩ کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بڵاوکردەوە کە بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکانی ئەم کۆمەڵەیە، زیاتر لە ٢٥٠ منداڵ لە نێوان ساڵانی ٩٠ تاکوو ٩٩ خۆیان کوشتوە. ئەم کۆمەڵەیە لەو کاتەدا ڕایگەیاند، کە ئەم ئامارە تەنها ژمارەی ئەو خۆکوشتنانەیە کە لە میدیاکانەوە باس دەکرێن و ژمارەی ڕاستەقینە زۆر لەوە زیاترە.



سەرچاوە
Serchawe

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

**بەپێی وردەکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە: ٤٨٪ی ئەو خۆکوشتنانەی لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا لە میدیاکانەوە باس کراون، پەیوەندییان بە کوڕانەوە هەبووە و ٥٢٪یان پەیوەندییان بە کچانەوە هەبووە". ٤٠٪یان هەڵواسین و ٣٨٪ خۆفڕێدان لە بەرزاییەوە، ١٢٪یان خواردنی حەب و ١٠٪یان شێوازە نەناسراوەکانی تری خۆکوشتن تۆمار کراون. ٤٥٪ی خۆکوشتنەکان پەیوەندییان بە مەودای تەمەنی ٩ بۆ ١٤ ساڵەوە هەبووە و ٥٥٪ی دیکەش پەیوەندییان بە مەودای تەمەنی ١٥ بۆ ١٨ ساڵەوە هەبووە.**

**هەروەها هۆکارەکانی ئەم خۆکوشتنانەش بەرچاون. سەتا ٨ هەژاری، سەتا ٢٦ کێشەی پەروەردەیی، سەتا ٢٨ ململانێ لەگەڵ خێزان، سەتا ٥ پەیوەندی سۆزداری، سەتا ٨ دەستدرێژیی سێکسی، سەتا ٥ کاریگەریی فیلم و گرتە ڤیدیۆییەکان، و سەتا ٢٠ی خۆکوشتنەکانیش بەهۆی هاوسەرگیریی زۆرەملێ بووە.**

**٢١ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**

# پرسیاری بێوەڵام!



**شەماڵ تەرغیبی**

بە هەڵاتنی بەشار ئەسەد لە سووریە بەرەو ڕووسیا و نەمانی دەسەڵاتی ٥٠ ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد، ڕەنگە یەکێک لەو پرسیارە جەوهەرییانەی کە لە مێشکی مرۆڤدا زەق دەبێتەوە ئەوە بێ کە ئەو تێچووە ماڵییە زەبەلاحانەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ هێشتنەوە و بەردەوامیی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە گیرفانی خەڵکانی ئێران سەرف کرا چی لێ بەسەر هات؟ و کێ بەرامبەر بەم سەدان میلیارد دۆلار پارە کە تاران لە سووریەدا خەرجی کردووە وڵامدەرە؟

پێش لەوەیکە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە دەبێ بزانین ئاستی ئەم سەرمایەدانانە چەندە بووە و تاران لە چ ڕێگەگەلێکەوە پشتیوانی ماڵی لە ئەسەد و بنەماڵەکەی کردووە!

ئەگەرچی ئامارێکی ڕاست و درووست لەمەڕ ڕێژەی هاوکارییە ماڵییەکانی کۆماری ئیسلامی بە سووریە لە بەردەستدا نییە بەڵام ئەگەر قسە و لێدوانی پرشوبڵاوی بەرپرسانی ڕێژیمی تاران بە هەند وەربگرین ئەم ڕێژە سەروو 50 میلیارد دۆلار

بووە. نووسینگەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری سووریە چەند ساڵ لەمەوپێش ڕایگەیاند کە تاران ساڵانە بەشێوەی نێونجی بڕی 6 میلیارد دۆلار پارەی لە سووریەدا سەرف کردووە؛

هەروەها دامەزراوەی واشینگتۆن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نیزیک لە ڕاپۆرتێکیدا لە ساڵی ٢٠١٩ ڕایگەیاند کە تەنیا ئۆرگانی سپا بۆ هەر کەسێک کە لە شارێکی وەک دەیرەزووردا شەڕ دەکات مانگانە ١٠٠ دۆلار و ئەو کەسانەش کە لە هێڵی پێشەوەی شەڕدان مانگانە ١٥٠ دۆلار پارەی داوە. هەر لەم ڕاستایەدا حیشمەتوڵا فەلاحەتپیشە، سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی مەجلیس لە بانەمەڕی ئەمساڵدا ڕایگەیاندبوو کە سووریە بڕی ٣٠ میلیارد دۆلار قەرزداری ئێرانە.

ئەمە وەک ئاماژەی پێ کرا تەنیا ئامارێکی نافەرمییە کە مرۆڤ لە ئەنجامی لێدوانی هەندێک لە بەرپرسانی حکومەتی و هەندێ ناوەندی لێکۆڵینەوەیی وەدەستی دەهێنێ بەڵام ئەوەیکە ڕوونە، ئاست و ڕێژەی ئەم یارمەتییە ماڵییانە زۆر لەوە زیاترە و تەنیا لە کاناڵێکی ڕەسمیدا ڕادەستی ئەسەد و بنەماڵەکەی نەکراوە بەڵکوو زۆرێک لەو بەناو هاوکارییانە بەشێوەی نافەرمی و ژێربەژێر بۆ پێکانی ئامنجەکانی تاران ئەنجام دراوە.

بەگشتی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان یارمەتییە ڕەسمییەکانی ئێران بە سووریە، دەکرێ بگەڕێندرێتەوە و لە ئەگەری ڕووخانی حکومەتێک، حکومەتی دواتر دەبێ ئەو بڕە پارەیە بۆ وڵاتی یەکەم بگەڕێنێتەوە. ئەگەریش حکومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو ملکەچی ئەم یاسایە نەبێ ئەوا ئەو حکومەتەی کە پارەی داوە، دەتوانێ بە پێی مادەی 34ی کۆنوانسیۆنی ١٩٨٣ی ڤییەن لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا داواکارییەکانی خۆی بخاتە ڕوو و پارەکەی وەربگرێتەوە. نموونەی مێژوویی لەو چەشنەش کەم نین؛ بۆ نموونە پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت، قەرزەکانی مۆسکۆ بە کۆمارە تازەلەدایکبووەکان درایەوە؛ یان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران تەواوی قەرزەکان کە ڕێژیمی شا بە وڵاتانی دیکەی دابوو خرانەوە ئێختیاری نیزامی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوو.

ئەوەیکە لەم نێوانەدا گرینگە بیزانین ئەو ڕاستییەیە کە دەوڵەتی تازەی سووریە تەنیا لە بەرامبەر ئەو بڕە پارەیە بەرپرسیارە کە بەشێوە قەرز و بۆ ئاوەدانی ئەو وڵاتە پێی دراوە نەک پارەیەک کە لەڕاستای هێشتنەوەی حکومەتێکی خوێنڕێژ پێی دراوە. بە دیوێکی تریدا نیزامی نوێی سووریە دەتوانی پارە سەرفکراوەکانی تاران لە سووریە کە بۆ ئامانجی لەنێوبردنی بەرەی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە لەلایەن بەشار ئەسەدەوە سەرف کراوە بە ئێران نەداتەوە.

سەرماوەزی ٢٧٢٤

به لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە نوێیەش کە هەنووکە ئێمە لە ئاستی ناوچەییدا دەیبینین، واتە لاوازبوونی زیاتری کۆماری ئیسلامی هەم لەڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابووری و شکستی سیاسەتە شەڕانگێزانەکانی تاران لە ناوچەدا و بە جۆرێک پشتتێکردنی ڕووسیە لە هەر دوو ڕێژیمی دیمەشق و تاران، دەتوانین بڵێین کە کۆماری ئیسلامی ئەساسەن بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە ناکات چوونکە ئەو پارەیەی کە تاران لە سووریەدا سەرفی کردووە نەتەنیا بۆ ئاوەدانی سووریە و بەشێوەی قەرز نەبووە بەڵکوو بووەتە هۆکارێکی بنەڕەتی لەمەڕ مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات و بەردەوامیی ئەم حکومەتە و هەروەها ئاوارەیی زیاتر لە ١٣ میلیۆن کەس لە خەڵکی سووریە و لێئەستاندنی گیانی هەزاران کەسی دیکە و کاولکارییەکی کەموێنەی مێژوویی لەم وڵاتەدا.

کەواتە بەم بەرچاوڕوونییەوە دەتوانین بڵێین ئەگەرچی یاسا نێونەتەوەییەکان پشتیوانی لە پرسی دانەوەی پارە بە وڵاتێکی وەک ئێران دەکەن بەڵام لەمپەڕە سیاسی و ئابوورییەکان ئەگەری گەڕانەوەی ئەم پارە زەبەلاحانە بەڕێژەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە و وەڵامی پرسیاری "پارەی خەڵکی ئێران چی لێ هات؟" تەنیا لای عەلی خامنەیی و باندەکەیەتی و جیا لەوە ئەم پرسیارەش بێوڵام دەمێنێتەوە.

٢١ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## ڕوانگەی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لەبارەی ڕووداوەکانی سووریە




لە درێژەی کۆبوونەوەکانی پێوەندیدار بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی وڵاتی سووریە، ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی سەرماوەزی ١٤٠٣ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٠٢٤/١٢/١٠ی زایینی، لە کۆبوونەوەیەکی دیکەیدا بارودۆخی سووریەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و پێشهاتە سیاسییەکان لەم وڵاتەی تاوتوێکرد.

دوای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و ڕووداوەکانی سووریە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مێژوو و ڕابردووی ئەم پێشهات و ڕووداوانە،

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەم چەند خاڵانەی خوارەودا بەشێک لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەکانی دەخاتە ڕوو:**

- مێژوو نیشانی داوە کە دیکتاتۆرەکان هەرچەند ملهوڕ و داپڵۆسێنەر بن و بە گرتنەپێشی سیاسەتی زۆر و سەرکوت تەمەنیان درێژ بکەنەوە، لە کۆتاییدا بەرانبەر بە ئیرادەی خەڵک و هاوکێشە سیاسییەکان و نەیارانیان بەچۆکدادێن و



سەرچاوە
Serchawe

چارەنووسیان ڕووخان و هەڵاتنە. "بنەماڵەی ئەسەد"یش دوای ٥٤ ساڵ لە دەسەڵاتدارێتیی زاڵمانەیان بەسەر خەڵکی سووریەدا بەدەر نەبوون لە چارەنووسی هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە مێژوودا خەڵکەکەیان سەرکوت و چەوساندۆتەوە. بۆیە سروشتی بوو کە ئەو شێوە دەسەڵاتدارییە ڕۆژێک کۆتایی پێدێت و ئیرادەی گەل بەسەر زوڵم و زۆریی دیکتاتۆردا سەردەکەوێ.

- شێوازی دەسەڵاتداریی بەشار ئەسەد، پشتگوێخستنی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی سووریە و سەرکوتی بێبەزییانەیان و تەنانەت ڕێگەدان بە ڕێژیمێکی لەخۆ دیکتاتۆرتری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی و سەرکوتی ئازادیخوازانی وڵات، ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی کە بەشار ئەسەد و ڕێژیمەکەی تووشی هاتن. کۆماری ئیسلامیی ئێران وێڕای بەفیڕۆدانی دەیان میلیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران و حزووری سەرکوتکەرانەی لە سووریە لەسەر داوای بەشار ئەسەد، زیاتر لە ١٢ ساڵ بوو وێڕای سەرکوتی خەڵکی دژبەری ئەسەد، بە دەستئاوەڵاییەوە تەڕاتێن و دەستێوەردانی لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتەدا دەکرد و کردبوویە پێگە و ناوەندێک بۆ دامەزراندن و پەروەردەکردنی دەستە و تاقمی جۆراوجۆری چەکداری تێرۆریستی. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاشکاوانە وڵاتی سووریەیان بە قووڵایی ستراتیژی خۆیان و سەکۆیەک بۆ بەرەوپێشچوونی بەرنامە سەربازییەکانی بەرەی بە ناو "مقاومەت" دەزانی. بۆیە دەکرێ ڕووخانی بەشار ئەسەد و ڕێژیمەکەی بە بەشێک لە ئاکامی زێدەخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرەوپێشبردنی سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی لە سووریە کە تێکەڵ بە سەرکوتی گەلانی ئەم وڵاتە بوو، بزانین.

- لەگەڵ ئەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان لە سووریە ئاڵۆزیی خۆیان هەیە و تا ئیستاش تێڕوانین و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی شوێندانەر لەسەر ڕەوتەکە زۆر ڕوون نیە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە گەلانی سووریە ئەزموون لە مێژوو وەربگرن و واقیعبینانە و بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە زاتییەکانی وڵاتەکە، پێکهاتەی وڵات کە لە گەلان و ئایینزای جیاواز پێک هاتووە، هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بەرپرسانە هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆخەکە بکەن و بیر لە دروستکردنەوەی سووریەی داهاتوو بکەنەوە. بۆ ئەوەش دەبێ خەڵکی ئەم وڵاتە بە لەبەرچاوگرتنی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆیان کار لە چارەنووس و داڕۆژی وڵاتەکەیان بکەن. کار بۆ پێکهێنانی نیزامێکی سیاسی – دێموکراتیک کە مافی هەموو پێکهاتەکان تێیدا پارێزراو بێ و دەسەڵاتێکی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خەڵک دامەزرێنن و، وەک دەرفەتێکی مێژوویی سەیری گۆڕانکارییەکان، بەتایبەت کۆتاییهاتن بە حزووری نیزامی و دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتەکەیان بکەن و بە دەستی خۆیان چارەنووسی گەل و وڵاتی سووریە دابڕێژنەوە.

- مافی خەڵکی سووریەیە کە داوای لێپێچینەوە و دادگاییکردنی بنەماڵەی شەخسی "بەشار ئەسەد" بکەن و بە خستنەڕووی

بەڵگەی ئەو هەمووە جینایەتەی دەرحەق بە خەڵکی سووریە، ئازادیخوازانی وڵات و زیندانیانی سیاسی و جیابیران کردوویەتی، ڕاپێچی بەردەم دادگا بکرێت و بە سزای خۆی بگەیەندرێ. لە هەمان کاتدا بە مافی خەڵکی سووریەی دەزانین بەرانبەر بەو هەمووە سەرکوت و خیانەتانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شان بەشانی هێزی سەرکوتکەری بەشار ئەسەد بەوان و وڵاتەکەیان کردوویەتی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سکاڵا تۆمار بکەن.

- گەلی کورد لە سووریە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای فیداکاری و قوربانیدانێکی زۆر ئەزموونێکیان لە "دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری" بەدەستهێناوە، پێویستە بە خوێندنەوە و لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەت بە ڕۆژاوای کوردستان پارێزگاری لە دەسکەوتەکانیان بکەن. هێزە سیاسییەکان ڕۆژاوای کوردستان لەم بارودۆخەدا لەسەریانە وێڕای کارکردن بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی و یەکڕیزی لە نێو خۆیاندا، بە وریاییەوە لەگەڵ دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەمیان مامەڵە بکەن.

– حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیروزبایی لە گەلانی سووریە و مەحکوومکردنی سەرکوت و جینایەتەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و ئاواتی سەقامگیربوونی ئاشتی و ئازادی لە سووریە، سەرجەم گەلانی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران دڵنیا دەکاتەوە کە چارەنووسی دیکتاتۆری لە ئێرانیش وەک چارەنووسی هەموو ئەو دیکتاتۆرانە دەبێ کە ڕووخان و بۆ هەمیشە ڕیسوا بوون. بۆ هێنانە دیی ئەم ئاواتە لەمێژینەی خەڵکی ئێران پێویستە هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم بەرپرسیارانە لێککۆببنەوە و بە گرێدانی هێز و قورسایی خۆیان لەگەڵ هێز و ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی گەلانی وڵات، ئەرک و ڕەساڵەتی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی ئیداری

٢١ی سەرماوەزی ١٤٠٣

١١ی دێسامبری ٢٠٢٤

٢١ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# مۆسیقای کوردی ناخ دەهەژێنێ



**نووسەر: کاری سالمینێن(Kari Salminen)**

**وەرگێڕی بۆ سەر زمانی کوردی: مەجید حەقی**

**ڕۆژنامەی فینلاندیی Turun Sanomat**

هۆڵی ساین سالی (Sign Sali)، ئێوارە کۆنسێرتێکی سەرنجڕاکێشی بەڕێوەبرد کە بۆ مۆسیقای کوردی تەرخان کرابوو. ئەو بەرنامەیە لە ناوجەرگەی جیهانێکدا کە ئەمڕۆ هیچ هەواڵێک لە ئاشتی تێیدا بەدی ناکرێ، تەنیا لە پێناوی ساتێک بۆ هاوپێوەندیی کولتووری و دڵخۆشیی مرۆڤەکان ئامادە کرابوو. بەشداریی ئامادەبووان بۆ وتنەوەی گۆرانییەکان سەرقاڵکردن نەبوو، بەڵکوو بەشێکی جیانەکراوە لە کۆنسێرتەکە بوو.

کۆنسێرتەکە وەرچەخانێک بوو بۆ  دیاسپۆرای نەتەوەیەک کە لە چەندین لاوە لە ژێر هێرشدایە. بە ڕوونی، موسیقا بۆ



سەرچاوە
Serchawe

کوردەکان زۆر گرینگە و لەوانەیە لە ناو هونەرەکاندا گرینگترینیان بێت. مۆسیقا و گۆرانیی کوردی جگە لە ئاهەنگ و گۆرانی و چیرۆکی ڕابردوو، زیندووکردنەوەی جەستەیە.

"دەنگبێژ"، گۆرانیبێژێکی نەریتی و ڕەسەنە. لە ڕاستیدا ئەو کەسێکی ئەوتۆیە کە چیرۆکێک بە گۆرانی دەگێڕێتەوە. بابەتی مەقام و بەستەکان بریتین لە چیرۆکی خۆشەویستی، گێڕانەوەی شەڕی قارەمانان و وەرچەرخانە مێژووییەکان کە بەسەرهاتی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کوردن.

دەنگبێژ میراتی زارەکی لەگەڵ کولتوور، بیرەوەری و بایەخەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزێتەوە. گۆرانییەکان پڕ لە سحر و ئاگری سۆزداری مرۆڤە خۆنەویستەکانن.

من لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دانیشتبووم. خانمێک لە لادەستی چەپمەوە بە جلی کوردی و چۆپی بەدەست سەمای دەکرد. لە لای ڕاستمەوە پیاوێک لە بەر خۆیەوە بەبێ وشە، گۆرانییەکانی بە مێلۆدیی ڕۆژهەڵاتی دووپات دەکردەوە. ئەم دیاردە جوانە تێی گەیاندم کە کوردەکان بەو شێوەیە لەگەڵ مۆسیقادا دەژین. لە ڕاستیدا ئەوان لە نێو مۆسیقاکەدا تاوانەتەوە.

دەنگبێژ داب و نەریت و گەلێک سەربردەی سەدەکانی ڕابردوو بە شێوەی زارەکی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. بیسەر ڕاپەڕینەکان، خەباتی ڕزگاریخوازانە و ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکانی ئەو گەلە لە دووتوێی ئاواز و مێلۆدییەکاندا دەبیستێ. تەنانەت گۆڕانکاری و پچڕان و نووچدانەکان لە وردەکاریی گۆرانییەکاندا بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێن.

مۆسیقای کۆنسێرتەکە بە شێوەیەکی زیاتر ستاتیک و خۆماڵیانە ئامادە کرابوو. ئامێری سێتار، کەمانچە، نایە و دەف بنەمایەکی ئەوتۆیان خوڵقاندبوو کە ئاوازی گۆرانییەکانیان لەگەڵ بگونجێ.

نشتیمانی کوردەکان کە کوردستانە وەک بەشێکە لە وڵاتانی عێراق، ئێران، سووریە و تورکیە. ئەو شێوە دابەشکردنە سەبارەت بەو وڵات و کولتوورە، هەستێکی پڕ لە خەم و حەسرەتی لای من دروست کردووە.

مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی کەشوهەوایەکی هەستبزوێنی هەیە. لە پەیژەی نزمەوە بۆ ناوەڕاست تا دەگاتە چڵەپۆپە، سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لە نێو شەپۆلەکانی مۆسیقا و لە ساتەوەختێکی ئارامدا لە ناکاو مێلۆدییەکە بەرز دەبێتەوە و دووبارە دەگەڕێتەوە. جووڵە لە مۆسیقای کوردیدا شەپۆل دەدا.



سەرچاوە
Serchawe

قادر ئەڵیاسی، پیاوە بەتەمەنەکە بە شێوەی گۆرانی و ئاواز، چیرۆکەکانی دەگێرایەوە. شادی فەتحی، پوویا خۆشڕەوش و مانی خۆشڕەوش یارمەتیی ئەویان دەدا. کەمانچە بنەمای مووزیکی گرووپەکەی دادەنا، سێتار و کەمانچە بەسۆزترین تەکنەوازییان پێشکەش دەکرد. دەفیش ئەو کاتەی کە پێویست بە جووڵە بوو، هەموو هەستەکانی دەبزواند.

بۆم زەحمەتە بێژم ئاوازەکان چەندە عیرفانی بوون، بەڵام هەست دەکەم بەهۆی ئەوەی کە ناوەرۆکیان سەبارەت بە ئەڤین، خۆشەویستی و مێژوو بوون، زۆرتر سروشتی دەکەوتنە بەر گوێ. بە واتایەکی تر بەرهەمگەلێکی نزیک بە هەستی ئەهوورایی بوون. بەرهەمگەلێک کە لە بەر ئەوەی لە ناخی مرۆڤەکاندا ڕۆ دەچوون و ڕۆحیان دەبزواند، ئاراستەی هەوا و میلۆدییەکانیان ڕۆژهەڵاتیتر بە گوێچکەدا دەچرپاند.

ماوەتەوە بێژم: ئەو ئێوارە کۆنسێرتە کە هەواگەلێکی ستایش ئامێزی لە خۆ گرتبوو، خۆشی و گەشاوەیی بە ژیان دەبەخشی و بوونی شتگەلێکی گەورەتر لە ژیانی ڕۆژانەی بۆ ئێمە لەگەڵ خۆی هێنابوو.

***

نووسەر: کاری سالمینێن(Kari Salminen)

وەرگێڕی بۆ سەر زمانی کوردی: مەجید حەقی

تێبینی:

ئەم کۆنسێرتە ڕۆژی شەممە، ٢٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤ی کوردی بەرامبەر بە ١٩ - ١٠ - ٢٠٢٤ی زایینی لە لایەن کۆمەڵەی کولتووریی ئاڤای شاری تۆرکۆ لە وڵاتی فینلاندەوە ڕێک خرابوو.

٢٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# سووریە و هاوسەنگی جیهانی، چی لە دوای ئەوە دێت؟



حەسەن قارەمانی

لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا سووریە بە تۆڕێکی ئاڵۆزی ململانێ و بەرژەوەندییەکاندا تێپەڕ بووە، کە چەندین ئەکتەری ناوچەیی و جیهانی ڕۆڵی سەرەکی تێیدا دەگێڕن. ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو جارێکی دیکە ڕۆشنایی خستە سەر داهاتووی نادیار و ئەگەری دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێز.

سووریە لە ساڵی ٢٠١١ەوە تووشی قەیرانێکی درێژخایەن بووە، کە نارەزایەتییەکان بە خێرایی پەرەی سەند و شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە. ئەم ململانێیە گەشەی کرد و بوو بە یارییەکی شەترەنجی ژێئۆپۆلەتیکی بۆ زلهێزەکان و ئەکتەرە ناوچەییەکان. هەرچەندە ڕێژیمی ئەسەد توانیویەتی کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری وڵات بە دەستەوە بگرێ، بەڵام تا ئێستا دۆخەکە ناجێگیرە. دارمانی ئابووری و شکستی سەربازی و نائارامی کۆمەڵایەتی ڕێژیمی لاواز کردووە و ئێستا دەرگای گۆڕانکاری نوێ دەکاتەوە.

## هۆکاری گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە:

بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە دەتوانین لایەنی ناوەندیی دۆخەکە شی بکەینەوە:

## پێگەی لاوازی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان:

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم پێشهاتەی ئەم دواییە تێکچوونی پێگەی ئێران لە سوورییە. لە ساڵانی ڕابردوودا ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ سەر ئامانجە ئێرانییەکان لە سووریە چڕتر کردووەتەوە و زیانێکی بەرچاوی بە سپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان گەیاندووە. لاوازبوونی نفوزی ئێران بۆشایی دەسەڵاتی دروست کردووە کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەوڵی ئیستغلالکردنی دەدەن.

جگە لەوەش، کێشە ناوخۆییەکانی ئێران و پەرەسەندنی دژایەتیی بوونی ئێران لە ناوچەکەدا، توانای دەسەڵاتی لە سووریە زیاتر لاواز کردووە.

## تەماحە ستراتیژیەکانی تورکیە:

تورکیە ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە ململانێکاندا گێڕاوە، بەتایبەتی لەڕێگەی بوونی سەربازییەوە لە باکووری سووریە و پاڵپشتیکردن لە هەندێک گرووپی ئۆپۆزسیۆن. تورکیە پرسی کورد وەک ئەولەویەتی ئاسایشی نەتەوەیی چاو لێ دەکات و چەندین جار دەستێوەردانی کردووە بۆ ئەوەی هێزە کوردییەکان نەتوانن هەرێمێکی ئۆتۆنۆم بەدرێژایی سنوورەکە دابمەزرێنن. گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە وایکردووە تورکیە هەوڵەکانی بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا چڕتر بکاتەوە. هەروەها تەماحەکانی تورکیە بەهۆی ئەو ترسانەوەیە کە لاوازبوونی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان ببێتە هۆی زیادبوونی نفوزی کورد، ئەمەش شتێکە کە ئەنقەرە بە هەر نرخێک بێت دەیەوێت ڕێگری لێبکات.

## ستراتیژی ئیسرائیل بۆ ئاسایشی هەرێم:

ئیسرائیل ستراتیژیەکی ڕوونی لە سووریە هەیە، ئەویش ڕێگریکردنە لە ئامادەبوونی سەربازی ئێران و دروستکردنی



سەرچاوە Serchawe

ناوچەیەکی پارێزراو بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەکانی حیزبوڵڵای لوبنان و گرووپەکانی دیکەی سەر بە ڕێژیمی ئێران. ئیسرائیل بە پەلاماردانی سیستماتیکی ئامانجەکانی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان هەوڵی داوە کە ڕێگری بکات لە دروستکردنی "ڕێڕەوی وشکانی" لە ڕێگەی عێراق و سووریە بۆ لوبنان.

ئەم ستراتیژە ڕەهەندی سیاسیشی هەیە. ئیسرائیل تیشکی خستۆتە سەر ڕۆڵی پۆتانسێلی کورد وەک هاوپەیمانێک لە ناوچەکەدا، ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان تورکیە، سووریە و ئێرانی زیاتر ئاڵۆزتر کردووە.

## کەمبوونەوەی توانای ڕووسیە:

تێوەگلانی سەربازی و ئابووریی ڕووسیە لە سووریەدا ڕۆڵی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ڕێژیمی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. بەڵام تێوەگلانی ڕووسیە لە شەڕی ئۆکرایندا، توانای درێژەدان بە پشتیوانییەکانی بە هەمان ڕادە کەم کردووەتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ڕووسیە لە ڕێگەی دەستپێشخەرییە دیپلۆماسییەکان و سەربازیی هەڵبژێردراوە و هەوڵ دەدات هاوسەنگیەکە بپارێزێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە دارمانی تەواوەتی ڕێژیمەکە بکات.

## خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمی سووریە:

### ڕێژیمی ئەسەد ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری دەبێتەوە کە زیاتر دەستی بەسەر دەسەڵاتدا لاواز دەکات:

دارمانی ئابوری: ئابووری سووریە لە دارمان دایە، بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و کەمیی کاڵای سەرەتایی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاریی.

ماندوێتی سەربازی: سپای سووریە دوای چەندین ساڵ شەڕ زۆر لاواز بووە و بەدەست کەمی مۆراڵ و کەمیی سەرچاوەکانەوە دەناڵێنێت.

ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکان: ناڕازیبوون لەناو ڕیزەکانی ڕێژیم پەرەی سەندووە و مەترسیی ڕاستەقینەی دووبەرەکی و یاخیبوون لە ئارادایە.

## سەرکەوتنە نوێیەکانی ئۆپۆزسیۆن:

ئۆپۆزسیۆنی سووریە کە پێشتر پەرش و بڵاو و ناڕێکخراو بوو، ئێستا توانای هێزەکانی خۆی نیشان دەدات. ئەمەش وایکردووە کە لە بەرەکانی شەڕدا لێوارێکیان هەبێت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە بوونی ڕژێم و ئێران تیایدا لاوازن. کورد لە سووریە ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە دینامیکی ئێستادا دەگێڕێت. کورد لە باکووری سووریە خۆبەڕێوەبەریی دیفاکتۆی دامەزراندووە، بەڵام ئایندەی نادیارە و وابەستەی چۆنیەتی پەرەسەندنی هاوسەنگی هێزە.

## پشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا:

بوونی ئەمریکا لە باکووری سووریە بۆ پاراستنی کورد لە هێرشەکانی تورکیە و سووریە زۆر پێویستە. واشنتۆن کورد وەک هاوپەیمانێکی گرنگ لە شەڕی دژی داعش بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی ئێران دەبینێت.

## ئاڵنگاری و دەرفەتەکان:

کورد لەبەردەم هاوسەنگییەکی ناسکدایە لەنێوان پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و پێشگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیە. شوێنی ستراتیژییان وایان لێدەکات ببێتە یاریزانێکی پۆتانسێل لە دانوستانەکانی ئاشتی داهاتوودا، بەڵام دەمێنێتەوە ئایا دەتوانن گەرەنتی درێژخایەن بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەستەبەر بکەن یان نا؟

## سیناریۆیەکانی داهاتوو و پێشهاتە ئەگەرییەکان:

**پێشبینیکردنی پێشهاتەکانی داهاتوو لە سووریە ئەستەمە، بەڵام هەندێک سیناریۆ زیاتر ئەگەری دەرکەوتنیان هەیە:**

## سیناریۆی یەکەم: بەردەوامی پارچە پارچە بوون:

ئەگەر هیچ ئەکتەرێک لە چەسپاندنی دەسەڵاتدا سەرکەوتوو نەبێت، ڕەنگە سووریە وەک وڵاتێکی پارچەپارچە کراو بمێنێتەوە کە ناوچەی جیاواز لەژێر کۆنترۆڵی ئەکتەرە جیاوازەکاندا بێت.



سەرچاوە
Serchawe

## سیناریۆی دووەم: داڕمانی ڕێژیم:

ئەگەر ڕێژیمی ئەسەد ڕووخا، ڕەنگە ببێتە هۆی بۆشایی دەسەڵات و قۆناغێکی نوێی ململانێ لە نێوان و گرووپەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی.

## سیناریۆی سێیەم: یەکلاییکردنەوەیەکی دانوستاندن:

ڕەنگە ڕێککەوتنی ئاشتی بەهاوکاری نێودەوڵەتی ئەگەرێک بێت، بەڵام ئەمە پێویستی بەوەیە هەموو لایەنەکان ئامادەبن سازش بکەن، کە تا ئێستا قورس بووە.

## ئەنجام:

سووریە لە قۆناغێکی چارەنووسسازدایە و ئایندەی وڵات نەک تەنها لە لایەن هێزە ناوخۆییەکانەوە، بەڵکو لە لایەن کۆمەڵێک ئەکتەری بیانی کە بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە ئاڵۆزو نادیارە. دەرئەنجامەکە تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بەوەوە کە ئەکتەرە جیاوازەکان - چ ناوخۆیی و چ نێودەوڵەتی - دەتوانن خۆیان لەگەڵ واقیعی سیاسی و سەربازی نوێدا بگونجێنن.

ئەم قۆناغە بۆ کورد زۆر گرینگە. داهاتوویان پەیوەستە بەوەی کە تا چەندە دەتوانن بە سەرکەوتوویی لە دیمەنی ژێئۆپۆلەتیکیدا بڕۆن و هاوپەیمانییە ستراتیژییەکان مسۆگەر بکەن. هەوڵی کورد بۆ خۆبەڕێوەبەری و دانپێدانان، لە مێژە بەشێک بووە لەو ململانێیە، بەڵام ئێستا دەرفەتەکانی کاریگەری خستنە سەر بارودۆخەکەی گەورەتر بووە. لە هەمان کاتدا مەترسییەکان زۆر بەرچاون، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی دژایەتیی ئەکتەرە ناوچەییەکان بۆ ئۆتۆنۆمی کورد.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا هەیە. لە ڕێگەی دەستپێشخەری دیپلۆماسی و پشتیوانی مرۆیی و فشاری سیاسییەوە دەتوانێت بەشداری بکات لە دروستکردنی زەمینە بۆ ئاشتییەکی بەردەوام .

٢٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# جەژنی خاوەنکار و هەنار، لە هەورامانەوە تا بۆتان




**ئیسماعیل شەمس**

**و: ڕەسووڵ سوڵتانی**

ئەم کورتە یادداشتە تەنیا هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی پێگەی هەنار لە جەژنی خاوەنکار و کولتووری کوردیدا.
لە تیۆرییە هێماناسی و ئوستوورەناسییەکاندا، هەنار لەبەر ئەو گشتە دەنکەی هەیەتی، لە هەموو شتێک پتر هێمای بەرداری و وەچەخستنەوە و پیت و بەرەکەتە.

هەنار لە ئایینی زەردەشتیدا پیرۆز بوو و زەردەشتییەکان لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیاندا بەکاریان دێنا. ئێستاش کوردی یارسان لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیاندا بەکاری دێنن. بە گوێرەی گێڕانەوایەک، لە بێستوونی کرماشان دار هەنارێ ڕووابوو کە پێیان دەگوت هەنارەکەی فەرهاد.

لە ئەفسانانەدا هاتوە، وەختێ فەرهاد گوێی لە هەواڵی مەرگی شیرین دەبێ، قوڵنگەکەی لە تۆقی سەری خۆی دەدا و

سەرماوەزی ٢٧٢٤

دەسکی قوڵینگەکە لە دار هەنار دەبێ، کە دەکەوێتە سەر زەوی لە خوێنەکەی فەرهاد هەڵدەمژێ و شین دەبێتەوە و ڕەگ دادەکوتێ. میوەی ئەو دارەیان کە لەت دەکرد، ناوی سووتابوو و ببووە کۆی زووخاڵ.

یەکێک لە گرینگترین ئوستوورەکان لەسەر هەنار لە فەرهەنگی هەورامان و بە گشتی کوردستاندا کە لە دەقە یارسانییەکاندا بەدی دەکرێت ئوستوورەی باوە یادگار، یەکێک لە پیرانی یارسانە. بەگوێرەی ئەم ئوستوورەیە کە تێکەڵەیەکە لە شێوەی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا و بێوەی هاتنەدەری حەزرەتی ئیبراهیم لە ئاگر، باوە یادگار لە دایکێک بەناوی دادە سارا و لە ئاکامی خواردای دەنکێ هەنار کە لە ڕێوڕەسمی جەمدا سوڵتان سەحاک متفەڕکی کردبوو، هاتە دنیا و داوێنپاکیی دایکیشی بەوە سەلمێنرا کە بە فەرمانی سوڵتان منداڵەکەیان خستە سەر کڵی تەندوور بەڵام بێوەی هاتە دەرێ. لە شاناماشدا ئیسەفەندیار بە هۆی خواردنی هەنارێکی پیرۆز کە زەردەشت پێی دابوو، لەشی دەبێتە قورقوشمین.

لە گێڕانەوەیەکی سەر زارانیشدا کە گرینگترین ئەفسانەی فەرهەنگی کوردییە واتە چیرۆکی مەم و زین، دەوری هەنار بەدی دەکرێ کە لەوێشدا هەنار وەکوو هێمای نەمری نیشان دراوە. پاش ئەوەی مەم لە زیندانێ نەخۆش دەکەوێ، بەکرە شۆفار هەنارێکی بە زیندا بۆ دەنێرێ کە بە دەرزی ژەهری تێ کردوە و پێی دەڵێ ئەگەر مەم بیخوا، نەخۆشییەکەی دەپەڕێ و چاک دەبێتەوە. زین هەناری گۆڕینی بۆ دەبا. مەم خەون دەبینێ ئەوە لە یەمەنێ لەلای دایک و باوکیەتی و ئەوان پێی دەڵێن هەنارێکی ژەهراویت بۆ دێنن، تۆ دەبێ بیخۆی بۆ ئەوەی بە ڕواڵەت بمری. پاش حەوت ڕۆژان زینیش دەمرێ و دێتە لات. کە زین هەنارەکەی داێ، مەم خەونەکەی بۆ گێڕاوە. زین تکای لێ کرد هەنارەکە نەخوا بەڵام مەم گوێی نەدایێ و پاش خواردنی هەنارەکە بە ڕواڵەت لە بەرچاوی خەڵکەکە مرد، بەڵام لە ڕاستیدا لە چنگیان ڕزگار بوو و چۆوە لای دایک و بابی.

لە ئەدەبیاتی زارەکیی هەورامانیشدا ئەفسانەیەک هەیە بە ناوی دەنکە هەنار کە باسی ژیانی کەنیشکێکە بەو ناوە، لەویشدا هێمای وەچەخستنەوە و نەمری بەدی دەکرێ.

ڕەگمان وا لە ناخی ئاودا
لکوپۆپشمان لە نێو ئامێزی هەتاوا
ئێمە دیسان دەڕوێینەوە

٢٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# ڕووخانی دەسەڵاتە تیرۆریست و دیکتاتۆرەکان



**شەماڵ تەرغیبی**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و جینایەتکاری ئەسەد و هەڵاتنی ناوبراو لە وڵاتی سوریا بووە جێگای خۆشحاڵی خەڵکی ناوخۆی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات.

خەڵکی وەزاڵەهاتووی ناوخۆی ئێران و وەڕەز لە دەسەڵاتی خۆسەپێنی تاران، دیکتاتۆری بەشار ئەسەد بە درێژکراوە و شەریکی حکومەتی زاڵ لە تاران دەبینن و پێیان وایە شکستهێنان و ڕووخانی هێز و دەسەڵاتە تیرۆریست و دیکتاتۆرەکان لە فەلەستینەوە هەتا تاران لە بەرژەوەندی ژیانی ئازادانەی خەڵکی ناوخۆی ئێران و کوردستاندایە.

کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە باری هزری نەتەوەیی و سایکۆلۆژی گشتییەوە خاوەنی سۆزێکی دایکانەیە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، بە حەساسییەت و خۆشحاڵییەکی زۆر زیاترەوە شەنوکەوی ڕووداوەکان دەکات و بە هێزگرتنی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کەیفخۆش و شوکرانەبژێرە.

خەباتی خوێناوی و کۆڵنەدەرانەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان فاکتەرێکی گرینگ بووە کە زلهێزەکان و بە تایبەت ئەو وڵاتانە کە نەزمی ناوچەکە دادەڕێژنەوە کوردستان و کورد لە پێش چاو بگرن. خواستی نەتەوەی کورد بۆ ژیانێکی شارستانیانە لە سەر خاکی خۆی، خواستێکی ڕەوایە و بێگومان پاک و خاوێنی هزری خەباتکاری کورد لە هەموو بارێکەوە دەتوانێ نەخشی کاریگەری ببێ لەوەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەک سەد ساڵی ڕابردوو سەرنجی پرسی کورد نەدەن.

بێهێزکردن و ڕووخانی یەک لە دوای یەکی مۆرە تیرۆریستییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران لە دوای کارەساتی تیرۆریستی حەوتی ئۆکتۆبر هیوایەکی مەزنی لە ناوچەکەدا دروست کردووە کە لە ئاکامدا ڕێژیمی ئاخوندیش وەک گەورە تیرۆریست و گەورە پاڵپشتی تیرۆریزم لە جیهاندا، بڕووخێ.

پەرەگرتنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە فۆڕمی سوننەتیەوە بۆ تیرۆریزمێکی پڕچەک بە تێکنۆلۆژی سەردەم، بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆ ڕۆژئاواییەکان و بە شێوەی کردەییش لە پرسی ناوکی ڕێژیم و لە شەڕی ئۆکراین و حەوتی ئۆکتۆبری ئیسرائیلدا خۆی پیشان داوە.

ئەزموونی ناسەرکەوتووی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریستەکانی کارەساتی یازدەی سێپتامبر لە ئامریکا ، وایکرد کە ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت ئامریکا بە شێوەیەکی دیکە لەگەڵ تێرۆریزمی ئیسلامی توندئاژۆ بجوڵێنەوە.
بەم پێیە پرسی سەقامگرتوویی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان چەند قات زیاتر گرینگی خۆی دەنوێنێ؛ سەقامگیری ڕۆژئاوای کوردستان دەتوانێ شوێندانەری باش و پۆزەتیڤ لە سەر هەر چوار پارچەی کوردستان و سوریا و ناوچەکە بە گشتی دابنێ . نەزمی نوێی ناوچەکە لە قازانجی ئاسایش و ئارامی وڵاتی ئیسرائیل و ڕێڕەوی بازرگانی ئازاد و هەناردەکردنی وزە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا دادەڕێژرێتەوە . بۆیە زۆر گرینگە کە ژینگەی کوردستان لە ئیدئۆلۆژی چەقبەستووی فیکری و دینی خۆی بە دوور بگرێ.

کۆتاییهاتنی دیکتاتۆری ئەسەد شوێندانەری گرینگی لە سەر ناوچەکە و ئێران دەبێ . لە شرۆڤەی لەناوبردنی هێزە تیرۆریستییەکانی ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە بەپێچەوانەی خۆهەڵکێشانەکان و قسە بێ بنەماکانی کاربەدەستانی ڕێژیم هیچ تیرۆریستێک پارێزراو نابێ . ڕابردوو پیشانی دا کە حیزبوڵا کە خاک و هاژەک و هێزی ئینسانی زۆر زیاتری لە حەماس بەدەستەوە بوو لە زەمەنێکی زۆر کەمتردا لە چاو حەماس زەلیل و بێ دەست کرا. بەشار ئەسەدیش کە بە نیسبەت تیرۆریستەکانی حیزبوڵای لوبنان خاوەنی پلەیێکی بەرزتر لە دەسەڵاتداری دەوڵەتی و خاک و هاژەک و تەنانەت هێزێکی هەوایی سەقەتیش بوو زۆر زووتر لە حیزبوڵا ، گۆڕەپانەکەی بەجێهێشت و شکستی خوارد.

سەرماوەزی ٢٧٢٤

ئەم ئەزموونانە پیشان دەدات کە دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران بەرەو ڕووخان دەڕوات و هیچ فێڵ و ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر ناتوانێ ئەم ڕێژیمە تیرۆریست و جینایەتکارە بپارێزێ . حکومەتی ئێران لەگەڵ دەیان قەیرانی کەڵەکەبووی چارەسەرنەکراودا ڕووبەڕووە کە بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی بە کردەوە خەڵکی وڵات بە دژی حاکمییەتی ئاخوندی بوەستنەوە . ئەگەرچی شۆڕشی نەرم و پڕمانای ژن ، ژیان ، ئازادی نەیتوانی بناخەکانی ڕێژیمی تاران هەڵتەکێنێ بەڵام ئاڵاهەڵگران و شۆڕشگێڕانی ئەو شۆڕشە مەزنە هەر بە ئیمانەوە لە گۆڕەپانەکەدا ماون . ئەزمونی سوریا پیشانی دا خەڵک چیدی بۆ ئاڵتێرناتیوێکی بەرفراوان و گشتگیر ناگەڕێن و هەر هەلێکی مومکین دەتوانێ لە زەمەنێکی زۆر کەمتر لە شۆڕشەکەی سوریا، دەسەڵاتی ئاخوندی لە تاراندا ژێرەوژوور بکات.


لە کۆتاییدا دەبێ باس لە دوو فاکتەری گرینگی دیکە بۆ کۆتاییهاتن بە ڕێژیمی ئاخوندی لە ئێراندا بکەین کە ئەویش هاتنە سەر کاری دۆناڵد تراپ سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکایە کە وەک بەڵێنی داوە کۆتایی بە شەڕی ئۆکراین دێنێ . لەوانەیە ڕێککەوتنێک کە کۆتایی بە شەڕی ئۆکراین بێنێ هاوکات کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاخوندە تیرۆریستەکانی تارانیش بێنێ . دووهەم فاکتەریش ، مەرگی خامنەییە ، کە دەتوانێ خاڵی وەرچەرخان بێ بۆ ڕووخانی ڕێژیم لەم کاتە هەستیارانەدا و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش زۆر بەوردی ئەم بابەتانە تاوتوێ دەکات و لە سەر خواستێکی نەتەوەیی شارستانیانە و ئازادیخوازانە، خۆی بۆ پێشهاتە مەزنەکە ئامادە دەکات.

٢٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# قسەکانی خامنەیی؛ درۆ، دروشم، ترس و هەڕەشە



هەردی سەلیمی

حەوتووی ڕابردوو ڕێژیمی بنەماڵەی ئەسەد پاش پتر لە نیو سەدە دیکتاتۆری لە وڵاتی سووریە، ڕووخا و بۆ هەمیشە چووە زبڵدانی مێژووەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی زۆری دا ئەو ڕێژیمە بپارێزێ، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی لە ئاکامدا دەسەڵاتی ئەسەد کۆتایی پێهات.

زۆر بەکورتی بڵێین کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی ئەو بەرەیەی وا پێی دەڵێ "مقاومت" پێویستییەکی زۆری بە وڵاتی سووریە بوو. ئەو وڵاتە کۆریدۆرێکی ستراتێژیکی گرینگ بوو بۆ کۆماری ئیسلامی و پێوەندییان لەگەڵ حیزبوڵڵا و نزیکبوونەوەیان لە سنوورەکانی ئیسرائیل، بۆیە دەتوانین بڵێین وڵاتی سووریە یەکێک لە ستادە گرینگەکانی فەرماندەییی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بوو. ئەم شکستە گەورەیە، زۆر گران بۆیان تەواو بوو و تەنانەت لەلایەن لایەنگرانی خۆشیانەوە کەوتنە بەر ڕەخنەی توند، کە هەوڵ و تێچووی ئەم چەندین ساڵە چۆن دەبێ ئاوا بەئاسانی بەفیڕۆ بچێ؟!



سەرچاوە
Serchawe

سەرەتا "عێراقچی"، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە لێدوانێکدا هەڵوێستی بەشێک لە کۆماری ئیسلامیی لەمەڕ ڕووخانی ڕێژیمی سووریە ڕوون کردەوە، بەڵام دواتر و لە ڕۆژی چوارشەممەدا "عەلی خامنەیی" لەو پێوەندییەدا بۆ یەکەمجار قسەی کرد؛ لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین باسێک لەو دوو لێدوانە فەرمییە بەتایبەت ئەوەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بکەین.

پێش لە هەر شتێک ئەوەی جێی پرسیار بوو، ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار وتاری خامنەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بڵاو نەبۆوە کە دەنگۆ و ئەگەری زۆری لێ دروست بوو و هۆکارە سەرەکییەکەشی ڕوون نەبۆوە، لەگەڵ ئەوەش لە ڕووی دەروونییەوە زۆر تووڕە دیار بوو و هەوڵی زۆری دەدا ئەو تووڕەبییەی بشارێتەوە؛ بەدەر لەوانەش قسەکانی ئەو گیراییەی نەبوو و ئاڵۆزتر لە هەمیشە دەهاتە پێش چاو.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتادا وتی نایهەوێ لێکدانەوەی دۆخی سووریە بکات، بەڵکوو ڕوونکردنەوە و نواندنێکی لەو دۆخە دەبێ، بەڵام لە درێژەدا بە پێچەوانەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی هەبوو و تەنانەت ناڕاستەوخۆ جەختیشی کردەوە کە بەدەر لەو گێڕانەوەیەی ئەو، هیچ شرۆڤەیەکی تر نابێ قەبووڵ بکرێ.

خامنەیی چون لە خەیاڵی خۆیدا بەردەوام دۆخی سووریە و ڕێژیمەکەی لەگەڵ ئێران و ڕێژیمەکەی بەراورد کردبوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ئەو وێنای پێکگرتنە کە لەلای خەڵکیش درووست بووە، بسڕێتەوە. یەکێک لەو هەوڵانەی لەم پێناوەدا دای، ئەوە بوو ئیلێمان و فاکتۆری گرینگ و چارەنووسسازی خەڵکیی لەم هاوکێشەیەی سووریەدا بەتەواوی لابردبوو، بەو واتایە کە هیچ ڕۆڵێکی لەم گۆڕانی ڕێژیمەدا بە خەڵک نەدابوو و هەمووی بە نەخشە و "پیلان"ـی ئامریکا و ئیسرائیل دەزانی. لە کاتێکدا عێراقچی باسی لەوە کرد کە پێشتر بە دەوڵەتی سووریەیان وتووە لەگەڵ خەڵکدا کێشەکانیان چارەسەر بکەن، کە ئەمە دەرخەری ئەوە بوو عێراقچی ڕۆڵی خەڵکی لەم ڕووخانەی ڕێژیمی ئەسەددا لەبەرچاو گرتبوو.

خامنەیی هەر بەدوای ئەوەدا چون خەیاڵی لای ئەگەری هاوشێوەبوونی چارەنووسی ئێران و سووریە بوو، بە دروشمێکی پووچەڵ وتی ئێران بەهێزە و بەهێزتریش دەبێ، ئەم قسەیەی لەگەڵ ئەوەی دەرخەری ترسە دەروونییەکەی بوو، لای خۆی پێیوابوو مادام فاکتۆری خەڵکی لەو ڕووخانەی ئەسەددا لابردووە، بەڵام خۆ ئامریکا و ئیسرائیل مادام ئەوە دەتوانن بکەن لەگەڵ سووریە، بۆ لەگەڵ ئێران نەتوانن ئەوە بکەن، لە کاتێکدا ئێران هەمیشە هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیلی کردووە؟ بۆیە ویستی بەو دروشمە درگای ئەو ئەگەرەش گاڵە بدات.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بێلێکدانەوە و بێلەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکان، کۆمەڵێک دروشمی دڵخۆشکەری بۆ لایەنگرەکانی



سەرچاوە
Serchawe

هەڵرشت، ئەویش بریتی بوو لە بەهێزتربوونی بەرەی بەناو موقاوەمەت لە داهاتوودا. هەمووان ئاگادارن لەدوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە ئەو بەرەیە گەورەترین خەسارەکانی وێکەوتووە، کە ڕووخانی ڕێژیمی سووریە تا ئێستا چڵەپۆپەکەی بووە، بەڵام خامنەیی ئەم ڕاستییانە نابینێ و پێیوایە بەهێزتریش بوون. جیاوازیی نێوان دێموکراسی و دیکتاتۆری لەوەدایە؛ لە دێموکراسیدا چون دەسەڵات وڵامدەرە بە خەڵک ناتوانێ شکستەکانی بشارێتەوە، بەڵام لە دیکتاتۆریدا پێداگر دەبن لەسەر شکستەکانیان و تەنانەت بەناوی سەرکەوتنیشەوە دەرخواردی خەڵکی دەدەن؛ لەم پێناوەدا ڕاستییەکانیش لە پێش چاوان چەواشە دەکەن، هەروەک خامنەیی لەم بارەوە کردی و وتی حیزبوڵڵا بە خۆڕاگریی خۆی، ناچاری کردن پێشنیاری ئاگربەست بدەن! ئەمە لە کاتێکدا بوو حیزبوڵڵا لەبەر ئەوەی پشتی ڕاست نەدەبۆوە مەرجی وەستاندنی شەڕ لە غەززەی پشتگوێ خست و دەسپێشخەریش بوو بۆ داواکردنی ئاگربەست.

لە بەشێکی تر لە قسەکانیدا ئاوڕ لەوە دەداتەوە کە بۆچی لە سووریە و شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا بەشدارییان کردوە؟ لە وڵامدا دیسان ڕاستییەکان بەراوەژوو دەکاتەوە و سێ هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو حزوورە نیزامییەیان دێنێتەوە، یەکەم: قەرزدانەوە. دووەم: شەڕی داعش کە درۆیە و کۆماری ئیسلامی سێ ساڵ زووتر لە سەرهەڵدانی داعش لە سووریە بوو. سێیەم: بۆ پاراستنی مەزارگە، کە ئەمەشیان جێ هێشت و ئاماژەی پێناکات. لەسەر چۆنیەتیی حوزوورە نیزامییەکەشیان دەڵێ لە ئاستی ڕاوێژکاری و ڕاوێژداندا بووە، کە ئەم ئیدیعایەشی ڕاست نییە. هەر لەم بەشەشدا حەدیسێک لە ئیمامی یەکەمی شیعەیان دادەتاشێ بۆ ئەوەی پاساوێک بۆ ئەو حزوورەیان بێنێتەوە. سەرەڕای ئەمانە هیوا بە لایەنگرانی دەبەخشێ و دەڵێ ئەم دۆخە وا نامێنێ و ئەمجار فاکتۆری خەڵک دێنێتەوە و بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەڵێ لاوانی سووری، لێیان ڕاست دەبنەوە و دۆخی ئەو وڵاتە وەک خۆی لێ دەکەنەوە! ئەمەش بۆ ئەوە دەڵێ نیشان بدات کە خەڵکی سووریە لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا نەبوون و زلهێزان کردوویانە. لەگەڵ ئەوەی عێراقچی لە لێدوانەکەیدا باسی لە بڕیارنامەی ٢٢٥٤ و بووژاندنەوەی ئەو بڕیارنامەیە کرد کە کاتی خۆی هەر ئەم کۆماری ئیسلامییە نەیهێشت جێبەجێ بێت، بەڵام ئەویش بە شێوەی خامنەیی هەڕەشەی لە داهاتووی ناسەقامگیری سووریە کرد و وتی شەڕ و نائارامییەکان ناوچەی زیاتریش لە خۆ دەگرن؛ ئەم دوو قسەی خامنەیی و عێراقچی وا نیشان دەدا پیلانیان بۆ ئاژاوەگێڕیی نوێ بۆ ناوچەکە و ناسەقامگیریی سووریە بەدەستەوەیە.

سەرەڕای ئەوەی لە کۆتاییی قسەکانیدا دەڵێ دەبێ لەم ڕووداوانە دەرس وەربگرین و لە دوژمن خافڵ نەبین و سەرکەوتنەکان لووتبەرزمان نەکات و شکستەکانیش نائومێدمان نەکات و پاسیڤیش نەبین، بەڵام وەک بە قسەکانیدا دیارە نە دەرسی وەرگرتوە و توانیویەتی بەسەر بێهیواییی ئەم شکستانەدا زاڵ بێت، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی ئیدیعای سەرەتای قسەکانی لێکدانەوەی تایبەتی خۆی لەسەر دۆخەکە هەبوو و تەنانەت لە کۆتاییی قسەکانیشیدا



سەرچاوە
Serchawe

سەرماوەزی ٢٧٢٤

هەڕەشەی لە هەموو خەڵکی ئێران کرد و بەتایبەت و شرۆڤەکاران و ڕۆژنامەنووسان کرد کە گەر بێت و وەکوو ئەو ڕەوتی ڕووداوەکان نەبینن، تووشی تاوان بوون و دەبێ لێپرسینەوەیان لێ بکرێت! "مەحموودی سادقی" لە نامەیەکدا ڕۆژێک پێش لە قسەکانی خامنەیی باسی لەوە کردبوو کە ئیدارەی ئیتلاعات دەنگیان داوە و وتوویانە نابێ لە هیچ لێکدانەوەیەکدا دۆخی سووریە و ئێران هاوشێوە ببینی و زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسیی نێوخۆیان لەم بارەوە دەنگ داوە.

خامنەیی لەو چارەنووسە ترساوە و زۆریش بە نزیکی دەبینێ، بۆیە نایهەوێ کەس باس لەو مۆتەکەیەی ژیانی سیاسیی ئەم ڕۆژانەی ئەو بکات.

٢٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

## پەیامی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگە




**خەڵکی وشیار و مافخوازی کوردستان!**
**پێشمەرگە خەباتکارەکانی کوردستان!**

**٢٦ی سەماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو پێشمەرگەکانی سەنگەری خەبات و سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان، بە تایبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەکان و زیندانیانی سیاسی پیرۆز بێت.**

**لە ڕۆژژمێری هەتاویدا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ناوی دوو هێمای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد؛ ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کراوە کە هەردووکیان لە دەسکەوتە بەرز و سەمبولیکەکانی کۆمارە مەزنەکەی کوردستانن. دیاریکردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە خەباتی پڕ لە سەروەریی هێزی پێشمەرگە بووە، بۆ بڕیارێکی دووهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای کۆنگرەی ٦ی حیزب دەگەڕێتەوە کە بناغە و یادەوەرییەکەی پێوەندیی بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ەوە هەیە. بە جۆرێک کە یادەوەریی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بۆ یەکەمجار لە مەهاباد کرایە پێناسە و ڕێزگرتن لە ڕۆڵی**

خەباتگێڕانە و پارێزەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بۆ جارێکی دیکە و تا ئێستا پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان وەک دوانەی لێکدانەبڕاوی بزووتنەوەی کوردستان پێکەوە و لە ڕۆژێکدا ڕێزی تایبەتیان لێ دەگیردرێ. هەر لەم پێوەندییەدا دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، پارلمانی هەرێمی کوردستانیش لە سەر هەمان بناغەی ئاماژەپێکراو، ٢٦ی سەرماوەزی وەک "ڕۆژی ئاڵای کوردستان" پەسند کرد.

پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، شوێنەواری قووڵیان لەسەر کەسایەتیی ئینسانی کورد و بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی خاوەن شوناسی نەتەوەیی داناوە. ئەگەر بوون و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان وەک پێناسەیەک بۆ خۆناندنی خەڵکی کوردستان وەک نەتەوە، هەستی باوەڕبەخۆبوونێکی گشتیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چێکردوە و بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی پڕ لە هەوراز و نشێوی بەڕێوە بردوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر ئەساسی هەوڵدان بۆ پارێزگاری لە خاک و خەڵکی ئەم نیشتمانە، بە دەیان و سەدان حەماسەی قارەمانانەی تۆمار کردوە و بە هەزاران پێشمەرگەی لێ شەهید و بریندار بووە. بۆیە پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان تەنیا ناو و نیشانێکی ئاسایی و سادە نین، بەڵکوو مانا و هێمای تایبەتی خەباتگێڕانەی نەتەوەیەکن کە لەسەر ئەساسی ڕەوتێکی دێموکراتیکی مافخوازانە بنیات نراون.

پێشمەرگە، ناسێنەری ڕەوتێکی بەردەوام لە تێکۆشان لەپێناو ئازادی، سەربەستی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەکە، کە بە درێژایی مێژوو، نکۆڵی لە "بوون"ی کراوە. هێزێک کە بە ڕوانگەیەکی کوردستانی، لە خزمەت بەرژەوەندیی نەتەوەکەیدایە و وەک هێزێکی مەیدانی، تا ئێستاش ئامادەی بەرگری و خۆڕاگرییە.

ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ ڕاگرتنی ئاڵای تێکۆشان و خەباتی مافخوازانەی نەتەوەییمان، ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی کەسانێک دەگرین کە بێبەرانبەر و گیانلەسەردەست، بۆ مانەوە و پارێزگاری لە خاک و خەڵکی کوردستان، ئامادەبوون گەورەترین سەرمایەی ژیانیان، واتە "گیان"یان بەختی نیشتمان بکەن کە بۆ گەلەکەیان جێی فەخر و شانازین.

خەبات و خزمەتی ئەم هێزە بە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران، لە هەموو قۆناغەکانی؛ سەردەمی کۆماری کوردستان، قۆناغی زێڕینی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦، سەردەمی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و تا ئێستا شوێندانەر و لەبیر نەکراون. بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ناولێنان، دروستکردن، بنیاتنان و چەسپاندنی هەرکام لە دەسکەوت و هێما سەرەکییە نەتەوایەتییەکانی وەک؛ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، دامەزرانی کۆماری کوردستان، پێکهێنانی سپای میللیی کوردستان و ناولێنانی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دانانی سروودی نەتەوایەتی و ڕەسمییەتدان بە زمانی کوردی و زۆر دەسکەوتی دیکەی نەتەوەییدا ڕۆڵی یەکەمی هەبووە و



سەرچاوە
Serchawe

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

پشکی سەرەکیی پێ دەبڕێ، ئاوڕدانەوە لەم ڕۆژ و یادەوەری و پێناسانە شانازی و سەربەرزییە. بۆیە بۆ جارێکی دیکە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠٣ی هەتاوی، ڕۆژی ئالا و پێشمەرگەی کوردستان، وێڕای شانازیکردن بە مێژووی پڕ لە دەسکەوت و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات، بڕیاردانی لەسەر دیاریکردنی ئەم ڕۆژ و یادەوەرییانە بەرز و پیرۆز دەنرخێنین.

هەر لەم پێوەندییەدا جێی خۆیەتی وێڕای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە گشت پارچەکانی کوردستان کە هەرکام بە پێی سروشتی خەبات و تێکۆشانی هەر بەشێک لە نیشتمان، ڕۆڵیان لە بەرگریکردن و پاراستنی دەسکەوتەکاندا هەبووە، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە پیرۆزبایی ڕۆژی ئالا و پێشمەرگەی کوردستانیان لێ بکەین.

**ڕۆژی ئالا و پێشمەرگەی کوردستان لە گشت خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە پیرۆز بێت.**

**ناوەندی هێزی پێشمەگەی کوردستان**

**سەرماوەزی ١٤٠٣ (دێسامبری ٢٠٢٤)**

**٢٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو گێژاوی قەیرانەکاندا



**فەتاح ڕەسووڵی**

هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان و دامەزراندنی سیستەمی ئێدئۆلۆژی مەزهەبیی ویلایەتی فەقیهـ نەهامەتییەکانی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد، سیاسەتی هەڵاواردن و نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان گەلان و سەرکوتی سیستیماتیک، بەشێک بوون لە پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران بوون بە خەون وخەیاڵ و وەیشوومەی جەهل و تاریکی باڵی بەسەر وڵاتی ئێراندا کێشا.

ڕێژیم دوور لە هەموو بەها ئەخلاقییەکان و بەبێ گوێدان بە پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و نێودەوڵەتی بۆ کپکردنی دەنگی جیابیران و نارازییان، شمشێری لە ڕوو بەست و کەوتە سەنگەری دژایەتیی گەلانی ئێران. بە هەموو شێوەیەک و ئامرازێک و لە هیچ جینایەتەک دژ بە خەڵکی بێ دیفاع دەستی نەپاراست و کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، قەتڵە زنجیرەییەکان، تیرۆری کەسایەتی و ڕۆشنبیر و ئاکادیمی دیاری نێو کۆمەڵگە، جیاوازیی ڕەگەزی و سەپاندنی ڕووپۆشی زۆرەملێ بە سەر ژناندا، گوشار، تۆقاندن، کوشتن، گرتنی خوێندکارانی زانکۆ، سەرکوتی چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی،

ژینگەیی، مافی مرۆڤی و...هتد بەشێکن لە کارنامەی ئەم ڕێژیمەوە. ڕێژیم بەگشتی هەرچەشنە نارەزایەتییەکی خەڵکی بە چاوی ئەمنیەتی لێی ڕوانیوە و بە درندانەترین شێوە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە سەرکوت کراون.

لە درێژەی سیاسەتی هێژمونخوازی و سەرەڕۆییەکانیدا، کە مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە ئاڵۆزی و ناسەقامگیردا دەبینێت، شەڕی بە سەر گەلی کورد دا سەپاند و دوای ئەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ چارەسەری پرسی سیاسی چەند جار سەردانی " خومەینییان " کرد و بێئەنجام بوو -لە ڕاستیدا باوەڕیشی بە مافی گەلان نەبوو- ڕاستەوخۆ بە فەرمانی خومەینی وەک ڕێبەری نیزام لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی فتوای جیهاد بە دژی گەلی بێ دیفاع و مافخوازی کورد ڕاگەیاندرا و کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی لەشکریانی" ئیسلامی " ویلایەتی فەقییە؛ لە ئاسمان و زەوی ئاگر و ئاسنیان بە سەردا باراندن و کەوتنە قەلاچۆ و کوشتاری بە کۆمەڵی شار و گوندەکانی کوردستان و "مەغوول" ئاسا دەستیان لە هیچ جنایەتیک نەپاراست و تاوانی شەڕیان ئەنجام دا. پاوانخوازی و سەرەڕۆیی و بێ ئەخلاقی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و بێ هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی موماشات و ساتوسەودا و بەرژەوەندخوازیی زلهێزەکان، ڕێژیمی تارانی دەست ئاوڵاتر کردوە؛ بۆ درێژەدان بە سیاسەتی شەڕەنگێزی لە نێوخۆ و دەرەوەی سنورەکان، و بۆ لە نێوبردنی دژبەرانی دەستی دایە تێرور و ڕفاندن. لە باشووری کوردستان و وڵاتانی ئورووپا سەدان کەس لە ڕێبەران و چالاکانی سیاسی "ئۆپۆزیسیۆن"ی ئێرانی کە زۆربەیان لە هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بوون و لە ناویاندا دوو کەسایەتی ناسراو و دیاری گۆڕەپانی خەباتی سیاسی کورد شەهیدان "د. قاسملوو و د.شەرەفکەندی" بوونە قوربانی سیاستە دژی مرۆڤی و کۆنەپەرستانەی ڕێژیمی ئاخوندی.

پێوەندیدار بە سیاسەتی دەرەکییش بەرزکردنەوەی درووشمی مردن و نەمان بۆ ئەمریکا و سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر ڕووی زەوی، درێژەدانی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ وڵاتی عێراق، کوژران و بریندار بوون و ئاوارە بوونی بە میلیۆنان کەس، وێران بوونی بەشێکی زۆر لە شار و گوندەکان بەرهەمێکی دیکەی سیاسەتەکانی ڕێژیم بوون. لە ماوەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا خەڵکی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ باری ئابووریان خراپتر بووە. نەداری، بێدەرەتانی، بێکاری، گرانی و هەڵاوسان بڕستی لە ژیانی خەڵک بڕیوە و دزی و گەندەڵی سەرتاپای ئەم ڕێژیمەی تەنیوە. بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات لە پێناو پەرەپێدانی سیاسەتی فراوانکردنی دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانی هەمە لایەنە لە گرووپە نیابەتییەکانی سەر بە ڕێژیم واتە " بەرەی مقاومەت " لە لوبنان، سووریە، عێراق، حووسیەکانی یەمەن، غەززە...و بەرنامەی ناوکی و سپاندنی سزاکان لە لایەن وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپا، ژیانی خەڵکی زیاتر توشی ڕۆژڕەشی کردووە. بەڵام سەرەڕای بە ئەمنیەتیکردنی ژیانی خەڵک و ئەو نەهامەتییانەی کە ڕێژیم بە سەر گەلانی ئێرانی هێنا، نارەزایەتی و بێزاریی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەسەر شەقامەکان بەردەوامە و بێهیوایی خەڵک لە گۆڕانکاری و نەبوونی متمانە بە دەسەڵات بە تەواوی سێبەری بە سەر وڵاتدا کێشاوە.

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمساڵدا کە بە کەمترین ڕێژەی بەشداری خەڵک بەڕێوە چوو، بە پشتگیری خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم پزیشکیان بوو بە سەرۆککۆماری ئێران. لێرەدا مەبەستی ڕێبەری نیزام لەسەرخستنی پزیشکیان ئەوە بوو، کە بەڵکوو بتوانێ سەرۆککۆماری نوێ هەندێک لە قەیرانەکانی نێوخۆ و دەرەوە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیزام کەم بکاتەوە. بەڵام جەنابی دوکتور پزیشکیانیش دەستەوەستانە لە بەرانبەر چارەسەری ئەو هەمووە قەیرانەی سەرتاپای جەستەی ڕێژیمی داگرتوە. لە بەردەوامیی سیاسەتی دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕیی ناوچەکە و بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی و دنەدانی گرووپە چەکدارە شیعەکان بۆ ئامانجەکانی و خەرجکردنی بە میلیاردها دۆلار لە سەرمایەیی گشتی وڵات بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە لەسەر سەقامگیری و ئەمنییەتی جیهانی. ئێستا بۆ هەموو کۆمەڵگەی جیهان ڕوون بۆتەوە تەنانەت ئەو لایەن و وڵاتانەی پێشتر باوەڕیان کردبوو کە ڕێژیمی ئێران یاوەر و فریادڕەسیانە و فرمێسکی تیمساحی بۆ دەڕشتن پێی لە هەر وڵاتێک نابێت، شەڕ و کوشتار و وێرانی و ئاوارەیی لە دوای خۆی جێ هێشتووە و بۆتە مۆتەکەی سەر ئاسایشی ناوچەکە.

عەلی خامنەیی و ڕێژیمەکەی کە بە نیگەرانییەوە چاوەدێری ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان دەکرد بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ڕێژیم کۆمارییەکان سەرکەوتن کە ئەمە دڵخوازی ڕێژیم نەبوو. چوون ڕێژیم پێیوابوو مەجالی گفتوگۆ و مماشات لەگەڵ دێموکراتەکان بۆ کەمکردنەوی گوشار و گەمارۆکان و بەرنامەی ناوکی زیاترە. ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا کە وەک سەرچاوەی تێرۆر و شەڕ و ئاڵۆزی و فیتنە ناوبانگی دەرکردوە و دەناسرێتەوە، لەنێو کۆمەڵگەی جیهانیدا تەریک کەوتووەتەوە و زیاتر بێ ئیعتیبار بووە و کەوتووەتە لێواری هەڵدێر. ستراتیژی ڕێژیم لەمەڕ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی وڵات و ڕاکێشانی هیلالی شیعی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە تێوەگلان و پەلکێشکردن و بەگژیەکداکردنی گرووپە چەکدارەکان و بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە، ئۆباڵی هەموو ئەو شەڕو ئاڵۆزی وماڵوێرانی و ڕشتنی خوێنی هەزاران کەسی بێ دیفاع دەکەوێتە گەردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ڕێژیم بەردەوام نەوتی کردوە بە ئاگر بۆفراوانکردنی شەڕ لە ناوچەدا، بەڵام ئاگری ئەو شەڕ و ئاڵۆزییە داوێنی خۆشی گرتەوە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل بەرەوڕووی یەکتر بوونەوە و بە مووشەکی دوورهاوێژ و درۆن هێرشیان کردە سەر یەکتر و شەڕەکەیان بردە قۆناغێکی تر، هەر چەند لە لایەن ڕێژیمەوە چاوەڕوان نەکراو بوو. ئێستا کە بەرەی موقاوەمەت لە غەززە و لوبنان گورزێکی کوشندەیان لەلایەن ئیسرائیلەوە بەرکەوتووە و زۆربەی ڕێبەران و فەرماندە پلەباڵاکانی نیزامی و سیاسی و بەشێکی بەرچاو لە سەربازانیان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی هێژموونخوازی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەستکەوتی ئەو شەڕە تێچووی گیانیی قورس، برسیکردن و ئاوارەکردنی خەڵک و ماڵ و وڵاتی خاپورکراو بووە کە دیاریی ڕێبەری " مۆستەعزەفانی " جیهان عەلی خامنەییە. ئێستا دوای چەندین ساڵ ئاگری شەڕی دامرکاوی سووریە بۆ

**سەرماوەزی ٢٧٢٤**

جارێکی دیکە تەشەنەی سەندەوە و گرووپە چەکدارەکان و خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەست ڕێژیمی دیکتاتوری بەعس و بنەماڵەی ئەسەد، لە ماوەی چەند ڕۆژدا ڕایان ماڵیون و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم نەچوونە ژێر فەرمانی ئەسەد و لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک خۆیان بوارد و بەناچاری و سەرشۆڕانە ڕای کرد و کۆتایی بە دەسەڵاتی پەنجاو سێ ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد و عەلەوییەکان هات و بوون بە "عیبرەتی مێژوو." بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زۆر تەنگەتاو ببوو، بۆ نەکەوتنی ڕێژیمی ئەسەد کەوتە پەلەقاژە و ڕایەڵکەی وڵاتانی ناوچەکە و لە هەموو دەرگایەکی دا، تا بەڵکوو بتوانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕێژیمەکەی ئەسەد لە ڕووخان ڕزگار بکات، بەڵام ڕیسەکەی بۆوە بە خوری و هەموو هەوڵەکانی مایەپووچ بونەوە. ئێستاش هیچ دوور نییە پریشکی ئەم ئاگرە کە بە دەستی ڕێژیمی ئێران هەڵایساوە بە گشتی هەموو ناوچەکە بگرێتەوە و کارەساتی گەورەتر بەدوای خۆیدا بهێنیت.

ئێستا کە کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە بەرەی دژ بە گەلانی ئێران و توشی قەیرانی بێ مەشروعیەتی بۆتەوە و کەوتووەتە بەر نەفرەتی خەڵک و سەدان قەیرانی وەک، کارەبا، گاز، بەنزین، ئاو، نان، شوێنی نیشتەجێبوون و لە هەمووان گرینگتر بەتاڵبونی سندوقی پاشەکەوتی دەوڵەت و کێشەی بەرنامەی "ناوکی" و لاوازبوونی بەرەی موقاوەمەت لە لوبنان وغەززە و سارد و سڕی وڵاتانی هاوپەیمانی و تێوەگلانی لە شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا و سەدان کێشە و ئاستەنگ و کۆسپ و کەڵەکە بووی، دەرئەنجامی ناکارامەی و هەڵەی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ولایەتی فەقییە و سپای پاسداران و لە سەرەوەی هەمووان عەلی خامنەیی بڕیار بەدەست و کەسی یەکەم، و ڕۆچوونی ڕێژیم لە ناو قەیرانەکاندا کە خۆی خوڵقێنەری بووە.

شارەزایان و چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو پرۆژە ستراتیژییەکانیدا لە نێوخۆ و دەرەوە تووشی بێهیوایی و شکست بۆتەوە. ئەوەی ئێستا ڕێژیم لەم دۆخە ئاڵۆزە و تەنگژاویەدا پشتی پێ بەستووە و وەک کارتی گوشار بە کاریان دێنێ، تەنیا دوو بژاردەیە، یەکیان بەرنامەی ناوکی و دووهەمیان گرووپە چەکدارەکانی ژێر ڕکێفی خۆی لە عێراق و حوسییەکانی یەمەن. ئێستا کە قۆناغەکە گۆڕانکاری بە سەر داهاتووە و پێشتر سەرکێشانە شەڕی هێژمونخوازی دەکرد، بەڵام هەنووکە بە هەندێک پاشەکشە هەوڵی مانەوەی لە دەسەڵاتدا دەدات، هەنوکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتووتە نێو گێژاوی قەیرانەکان، ئاخۆ فریادڕەسێک بۆ جارێکی دیکە لە مردن ڕزگاری دەکا! یا ئەم جارەیان نۆبەی عەلی خامنەیە بۆ فڕکردنی جامی "ژەهر" و تەسلیم بوونی بە کۆمەڵگەی جیهانی و ئیرادەی خەڵکی ئێران، و یا سەرئەنجام تووشی چارەنوسی ڕێژیمە دیکتاتورەکان دەبێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە و دەیان سێناریۆی ناڕوونی دیکە لە داهاتوودا وەردەگرینەوە.

**٢٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**

# پشتوپەنای سەنگەر



**ئاسۆ مینبەری**

چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی پڕ لە سەرەوەریی نەتەوەی کورد و ئەو خەبات و تێکۆشانەی ئەم نەتەوەیە بە هەموو چین و توێژەکانەوە بۆ گەیشتن بە ڕزگاری کردوویانە، دنیایەک لەخۆبوردوویی و قارەمانەتی و گرینگتر لە هەمووی خۆنەویستیمان پێ پیشان دەدات.

خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان، خەباتێکی فرە ڕەهەند بووە و تاکی کورد هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەئامانجگەیاندنی ئەم خەباتە خستووەتە گەڕ و هەر ئەمەش وای کردوە کە نەوە لە دوای نەوە خۆیان بە ئاڵاهەڵگری ئەم خەباتە بزانن.

ژنان سەرباری هەموو هەڵاواردنەکان، هەموو پەراوێزخستنەکان و هەموو نەهامەتییەکان کە بە هۆی ژنبوونەوە بەرۆکی گرتوون لەم خەباتەدا هەمیشە پشکیان هەبووە و بەپێی دەرفەت و هەلومەرج و توانا ئەرکیان لە ئەستۆ گرتووە و ئەگەر بڵێین ئەوە ژنان بوون کە بەرەکانی دواتریان بە بیری نەتەوەیی پەروەردە کرد، تاکوو خۆنەویستانە بێنە مەیدانی خەبات،

بە هەڵەدا نەڕۆیشتووین.

ژیانی ژن لە کوردستان هەمیشە لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی حاکمدا بووە، ئەگەر دەسەڵات چەوساندنەوەی بۆ ژن بە ڕەوا زانیبێت ئەوە کۆمەڵگەش لەژێر کاریگەریی دەیان ناوەندی بەهێزی دەسەڵاتدا، گوشاری چەند قاتی خستووەتە سەر ژنان و ئەمەش ڕۆڵی ژنی کەمڕەنگتر دەرخستوە. بەپێچەوانەی خواستی دەسەڵاتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا کە هەوڵیان داوە بە گوشارخستنە سەر تاکەکان و بەتایبەت ژنان لە خەبات و تێکۆشان دایانبڕێن، تاکی کورد بە گشتی لە دژکردەوەدا زیاتر خۆی بەم خەباتەوە ماندوو کردوە و لە مەیداندا بووە.

ڕۆڵی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیدا و سەرەڕای هەموو لەمپەرە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و پەروەردەییەکان، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ژن هیچکات گوێڕایەڵ و ملکەچی بڕیار و یاسا دژەمرۆییەکانی دەسەڵات نەبووە و لە هەر دەرفەتێک بۆ بەگژداچوونەوەی بیری ناڕاست کەڵکی وەرگرتووە.

ئەگەرچی هەبوونی ژنان لە ڕیزەکانی خەباتدا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو گۆڕانی زۆردا بەسەر هاتووە و ئێستا ڕێژەی ژنانی بەشدار لە شۆڕش و خەبات زۆر زیاتر لە ڕابردوویە، بەڵام قەت نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین کە ئەم ڕێگایە بۆ ژنانی ئێستا، بە ئیرادە و خۆنەویستیی ژنانی نەسڵەکانی ڕابردوو خۆش کرا، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ژنانی نەسڵی نوێ لەسەر هەمان ڕێچکە بەڵام تەیار بە زانست و زانیاری و جیهانبینیی نوێ لەم ڕێبازەدا هەنگاو هەڵدەگرن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەبات ئەوەیە کە لەگەڵ کات و زەمەن نوێبوونەوە بە خۆیەوە ببینێ و بەپێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێت و ئەمە یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە ئاکار و کردەوەی ژناندا دەبینرێت، ئەگەر ژنان لە ڕابردوودا زیاتر پشت و پەنای خەبات بوون و ئەرکیان لە ئەستۆ دەگرت، ئێستا بە پشتبەستن بە زانست و بە پێداگری لەسەر توانا و لێهاتوویی خۆیان، پێگەیەکی قایمتریان دەوێ و هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان دەدەن. کەواتە کاتێ باس لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی دەکرێ، دەبێ بە وردی ئاوڕ لە خەباتی ژنانی پێشمەرگەی ڕیزەکانی خەبات بدرێتەوە کە بە لە ئەستۆگرتنی چەندین ئەرکی هاوکات، پشت و پەنای سەنگەر و زۆر جار پێشەنگی خەبات بوون و بەبێ بوونی ئەوان بێگومان ئەو خەباتە کەلێنێکی گەورەی تێدا دەبێ کە بە هیچ پڕ ناکرێتەوە.

بۆیە جێگای خۆیەتی کە لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا، هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە خەبات و فیداکاریی ژنانی تێکۆشەری کوردستان لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا، ڕێز لە خەبات و قوربانیدانی ژنانی نەسلەکانی ڕابردوو بگرین کە بە

سەرماوەزی ٢٧٢٤

قوربانیدانی بێوێنەی خۆیان و تێپەڕین بەسەر زۆر قۆناغی سەخت و دژوار و لە هەمان کات تێپەڕین لە کۆمەڵگەی نەریتی، ئێمەیان فێری خۆڕاگری کرد تاکوو بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ڕەگەزیی خۆمان، لەمپەرەکان تێک بشکێنین و لە هیچ خزمەتێک سڵ نەکەینەوە.

خەباتی پێشمەرگانەی ژنان، بەبایەخە چونکە ژنی تێکۆشەر و مافخوازە کە دەتوانێ کۆمەڵگە وە جووڵە بخات و باشترین مامۆستا بۆ نەسڵی دوای خۆی بێت و فێری کۆڵنەدانی بکات.

ئەگەر کوردستان ئەمڕۆ خاوەنی هەزاران ڕۆڵەی خاوەن ئیرادە و بوێر و چاونەترسە کە سینگیان کردووەتە قەڵغان، ئەوە بێگومان دایکێکی تێکۆشەر بووە کە فێری خۆڕاگری و تێکۆشانی کردوون و پێشمەرگەئاسا تەمەن و ژیان و داهاتووی خۆی بۆ کردوون بە قوربانی.

٢٦ی سەرماوەز ئەگەر ڕۆژی ڕێزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستانە، دەبێ ڕۆژێکی گرینگ بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیدانی دایکانی کوردستانیش بێ کە خۆنەویستانە منداڵەکانی خۆیان پێشکەش بە کوردستان و بارەگای ئازادی کردوە.

خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی ئێمە، بەبێ بوون و بەشداریی ژنان سەر ناکەوێ و ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە لە شۆڕشی ژینادا بە ڕوونی بینیمان. دایکی وشیار بوو کە ڕۆڵەی چاونەترسی نارده مەیدانی خەبات و فێری کرد پێشمەرگانە بەرەنگاری دوژمن ببێتەوە. بۆیە ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز دەبێ ڕۆژی ڕێزگرتن لەو کەسانە بێت کە ئازایانە و پێشمەرگەئاسا سینگیان دەکەن بە قەڵغان و بۆ ڕزگاریی نیشتمان تێدەکۆشن.

٢٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# خالید عەزیزی لە پاڕلمانی سویس: چاوەڕوانیی ئەوەمان هەیە پشتیوان و داکۆکیکەری مافە ڕەواکانی کورد لە ئێران بن



**ئاماژە:**

**ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی سەرماوەز کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شاندی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە سویس و چەند نوێنەری پارلەمانی سویس، لە شاری بێڕن، بەڕێوە چوو. کاک خالید عەزیزی لە قسەکانی لەم کۆبوونەوەیەدا تیشکی خستە سەر ڕوانگە و سیاسەتی حیزبی دێموکرات و خوێندنەوەی ئەم حیزبە بۆ پرس و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. "کوردستان‌میدیا" دەقی قسەکانی بەڕێزیانی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە. شایانی باسە هەر لەم ڕۆژەدا و پاش ئەم کۆبوونەوەیە، کاک خالید عەزیزی سەردانێکی وەزارەتی دەرەوەی سویسی کرد و کۆبوونەوەیەکیشی لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بەڕێوە برد.**

**بەڕێزان!**
**ئەندامانی پارلمان!**

زۆر خۆشحاڵم جێگەی شانازییە کە لە پارلمانی وڵاتەکەی ئێوەی، سویسی دێموکراتیک و فیدرالدا ئەو دەرفەتەم بۆ هەڵکەوتوە باس لە ئێران و کوردستانی ئێران بکەم.

ئێران هەروەکوو سویس، وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەچەشنە، بەو جیاوازییە سیستمی سیاسیی ئێران دێموکراتیک نییە و دامەزراوە و بنیاتە دێموکراتیکەکان لە وڵاتی ئێمەدا شکڵیان نەگرتوە. یاسای بنەڕەتیی ئێران نەک مافی نەتەوە و ئایینە جیاواز و جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەی بەڕەسمی نەناسیوە، بەڵکوو هەر بەپێی یاسا ئەو نەتەوە و جۆراوجۆرییانەی لە مافەکانیان و لە هاوبەشیی سیاسیدا بێبەش کردوە.

ئەگەر لە وڵاتەکەی ئێوەدا فدرالیزم لەسەر بنەمای دانان و بەڕەسمیناسینی نەتەوەکان و مافەکانیان شکڵی گرتوە، کەچی لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا کوردەکان کە حەشیمەتیان سەروو ١٠ میلیۆن کەسە مافی خوێندن بە زمانی خۆیان نییە و منداڵی کورد ناچارە بە زمانێکی دیکە و داسەپاو بخوێنێ و هەر لە سەرەتاوە تامی تاڵی هەڵاواردن و پەراوێزخران بچێژێ. ئەم جۆرە ستەم و هەڵاواردنە لە زۆربەی ڕەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی ژیانی کورد و نەتەوە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدا بۆ نموونە لە وڵاتەکەی ئێوە -سویس- بە چوار زمانی ئاڵمانی، فەڕانسەوی، ئیتالیایی و ڕۆمانش دەخوێندرێ و بەفەرمی ناسراون.

**بەشدارانی بەڕێز!**

فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دەستی قازی محەممەد کە ٧٩ ساڵ لەوە پێش دامەزرا و چەند مانگ دوای دامەزرانی توانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان پێکبێنێ، بۆ ئەوە بوو ئەو عەقڵییەت و کولتوورە لە ئێرانی ئەوکاتدا جێ بخات کە هەموو نەتەوەکانی ئەم وڵاتە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بەشدار بن و دان بە مافەکانیان دابنرێ.

بەڵام بەداخەوە حکوومەتی پێشووی ئێران -نیزامی پاشایەتیی پەهلەوی- بە پێداگرتن لە سیاسەتی ناوەندگەرایی و هەوڵدان بۆ سڕینەی جیاوازی و جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینییەکان سوپای هێنایە سەر حکوومەتی دێموکراتیکی کوردستان و ڕێبەرانی کۆماری کوردستانی لە سێدارە دا و هەتا ڕووخانی لە ساڵی ١٩٧٩ لەو سیاسەتەی بەردەوام بوو.

دوای شۆڕشی ١٩٧٩ دەرفەتێکی دیکە بۆ کورد هەڵکەوتەوە کە بە شێوەیەکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە پرسی ماف و داوا

دێموکراتیکەکانی خۆی بێنێتەوە گۆڕێ، بەڵام ئەمجارەش کۆماری ئیسلامیی ئێران لە جیاتی دانان بە مافەکانی کورد و وەڵامدانەوە بە نیازپاکیی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی هێرشی سەربازیی کردە سەر کوردستان و شەڕێکی قورس و خوێناوی و درێژخایەنی بەسەر کورد و حیزبی دێموکراتدا سەپاند.

لە ئاکامدا هیچ ڕێگەچارەیەک جگە لە بەرگری بۆ خەڵکی کوردستان نەمایەوە. دواتر و بە درێژایی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، پشکی خەڵکی کوردستان و هەروەها گەلانی دیکەی ئێرانیش هەڵاواردنی نەتەوەیی، بێمافی، هەژاری، گرتن و ئێعدام و بەشی ژنانیش سەرکوتی سیستماتیک، بۆ نموونە سەپاندنی حیجابی زۆرەملی بووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروەک ئاگادارن لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش بە درێژایی تەمەنی هۆکاری سەرەکیی تێرۆر، قەیران و ناسەقامگیرییە سیاسی و ئەمنیەتییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە.

بەڕێزان!

خەڵکی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی خۆی لەپێناو جێخستنی کولتووری دێموکراسی و هێنانەسەرکاری سیستمێکی سیاسیی فیدڕاڵ بەردەوام بووە و لەو پێناوەدا قوربانی و تێچوویەکی زۆری داوە. کۆماری ئیسلامی بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو کوردستانی وەک زۆنێکی میلیتاری و ئەمنییەتی لێکردوە و بە چاوی ئەمنییەتییەوە سەیری هەرچەشنە جموجۆڵ و چالاکییەکی مەدەنی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و تەنانەت ژینگەپارێزی دەکا.

چالاکانی کوردی ئەم بوارانە دەگیرێن، ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە دژیان پەروەندەی ئەمنییەتی دەکەنەوە و بە ئاسانی قورسترین سزای زیندانی درێژخایەن و تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێندرێت. تەنانەت لە ساڵانی ڕابردوودا سپای پاسداران چەندین جار بنکەی کوردە ئاوارەکانی کوردستانی ئێران لە تەنیشت ڕێکخراوە و کەمپە مەدەنییەکانی حیزبی دێموکرات لە خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقی مووشەکباران کردوە.

جووڵانەوەی کوردستانی ئێران و خەباتی حیزبی ئێمە جەماوەری و مافخوازانەیە و بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لەئارادا بووە کە تازەترینیان بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لە دوو ساڵی ڕابردوودا بوو کە هەموو کوردستانی گرتەوە و تەنانەت پەلی بۆ هەندێک شار و ناوچەی دیکەی ئێرانیش هاویشت.



سەرچاوە
Serchawe

**ئامادەبووانی هێژا!**

ئێمە هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووین پرسی سیاسیی نەتەوەیەک کە بۆ مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی تێدەکۆشێ، چارەسەری نیزامیی نییە و حیزبی ئێمە لەو پێناوەدا باجی قووڕسی داوە. ساڵی ١٩٨٩ د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان بە مەبەستی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران لەگەڵ شاندێکی ئێرانی لە شاری ڤییەن کەوتە وتووێژ، بەڵام دەرکەوت ئەو بەناو دیپلۆماتانە لەڕاستیدا تێرۆریست بوون و د. قاسملوویان تێرۆر کرد.

سێ ساڵ دواتر د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری دواتری حیزبەکەمان کە مەبەستی وتووێژ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک لە هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان لە بێرلینی ئاڵمان کۆ ببۆوە، لەگەڵ هاوڕێیانی کەوتنە بەر دەستڕێژی تیمێکی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی.

بێگومان ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی ئورووپایی بەتایبەت، لە ڤییەن بەسەر تێرۆری د. قاسملوودا تێنەپەڕیبان و هەڵوێستی شیاویان هەبا، لەوانەبوو نە تێرۆری مێکۆنووس لە ئاڵمان ڕووی دابا و نە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بەمجۆرە لە ئورووپادا بڵاو ببا کە دەیان کەس لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە نێودڵی ئورووپای دێموکراتدا بکرێنە ئامانج.
بەڵام بێدەنگی و بێهەڵوێستیی کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی و یەکیەتیی ئورووپا بەتایبەتی لەسەر دۆسییەی تێرۆری ڤییەن دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بۆ بەردەوامیی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە جیهان و ئاژاوەگێڕی و قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاوەڵا کرد.

**بەڕێزان!**

فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئایدۆلۆژییەکەی هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی و بە واتایەکی دی ناسەقامگیرکردنی سیاسیی وڵاتانی دیکەیە. ئەم ڕێژیمە هەتا ئێستاش بە کەیسی ئەتومیی و کۆمەڵگەی جیهانییشی بەبارمتە گرتوە. بۆیە باشترین بژاردە بۆ ئەوەی مەترسیی کۆماری ئیسلامی بەو ئایدۆلۆژییەوە لەسەر ناوچەکە و تەنانەت جیهان نەمێنێ، ئەوەیە ئەم نیزامە سیاسییە نادێموکراتیکە نەمێنێ.

بێتوو کۆماری ئیسلامی نەمێنێ و نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و وەڵامدەر لەجێی ئەو بێتە سەر کار، ئارامی و سەقامگیرییش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جێگیر دەبێت. بۆیە داوا لە پاڕلمانی سویس دەکەین هەموو زەرفییەتەکانی

سەرماوەزی ٢٧٢٤

خۆی بەکار بێنێ بۆ ئەوەی سەرنجی وڵاتی سویس، یەکیەتیی ئورووپا و تەنانەت کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ئەوە ڕابکێشرێ کە پرسی ئێران تەنیا بە کێشە ئەتومییەکەی نەبەستریتەوە. بەڵکوو بە گوشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامی، سنووردارکردنی ئەم ڕێژیمە و پشتیوانی لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پشتیوانی گۆڕانکارییە دێموکراتیکەکان لە ئێران بن.

**بەشدارانی بەڕێز!**

ئێمە باوەڕمان وایە باشترین ڕێگەچارە بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو ئاڵۆزی و بشێوییەی لە ناوچەکە و هەموو جیهاندا ناویەتەوە ئەوەیە کە، لە سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێراندا هەموو نەتەوە جیاواز و تاکەکان بەشدار ببن . هەر بە هەمان شێوە لە یاسای بنەڕەتیدا دان بە فرە چەشنییەکان دابنرێت و پارێزگاری لە مافە یاساییەکانی نەتەوە جیاوازەکان بکرێت و شێوەی دێموکراسیی لامەرکەزیی فێدراڵ و بەهاکانی دێمۆکراتیکی تێدا پارێزراو بێت.
ئێمە داواکارین پارلەمانی وڵاتی سویس لە ئامرازەکانی بەردەستی کەڵک وەربگرێت بۆ گەیاندنی دەنگی ئێمە بە دەوڵەت و یەکیەتیی ئورووپا و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ قوناعەتپێهێنان بەو بابەتە کە کێشەی ئێران تەنیا بەرنامەی ئەتومیی ئەم ڕێژیمە نییە و بە گوشارخستنەسەر ڕێژیم بخەنە زیاتر پراوێز بخرێت، هاوکات داکۆکی و پشتگیری لە خۆپێشاندەران بکرێت بە دژی ئەم دەسەڵاتە. کورد لە ئێران قوربانیی سەرەکیی تێرۆریزم و سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە، بەڵام لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەی خۆیدا هەموو کات باوەڕی بە پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بووە.

حیزبی ئێمە لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا پێوەندیی زۆر نیزیکی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد و دێموکراتیکی جیهان دروست کردوە و بەشێکی زۆر لە بایەخە جیهانییەکان لەنێو حیزبی ئێمەدا نەهادینە بوون. کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵات نێوەراست و و بە تایبەت لە ئێران دەرفەت و فاکتۆرێکی باشن بۆ دێموکراسی سەقامگیری لەو ناوچەیدا. بۆیە چاوەڕوانیی ئەوەمان هەیە پشتیوان و داکۆکیکەری مافە ڕەواکانی کورد بن لە ئێراندا.

بۆ جارێکی دیکە سپاستان دەکەم ئەو دەرفەتەتان بۆ من ڕەخساند لە پارلمانی وڵاتەکەتاندا ئەو بەرچاوڕوونییە لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران و پرسی کورد بۆ ئێوە بەڕێزان بخەمە ڕوو.

٣٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٤




سەرچاوە
Serchawe

سەرماوەزی ٢٧٢٤

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٤ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

